گەلاوێژی نوێ

گۆڤاریکی ئەدەبی و روناکبیریی مانگانەیە

ژمارە (۷)

ساڵی دووەم

حوزەیران/ ۱۹۹۸

خاوەنی ئیمتیاز: محمد دلێر امین

سەرنووسەر: حسین عارف

سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی

دەستەی نووسەران

عبدالله طاهر بەرزنجی

لطیف هەڵمەت

قوبادی جەلی زادە

پسپۆڕی هونەری: اسماعیل خەیات

نەخشەساز: عبدالحسین عبدالله

بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ دەریدەکات

لەم ژمارەیەدا

لەم ژمارەیەدا

* زریوەی گەلاوێژی نوێ ..... سەرنووسەر ٤



* هەڵبژێردراوەکان:

* لەگەڵ دکتۆر جەمال نەبەزدا .....
سازدانی: ئاشنا کەمال ٥

* لێکۆڵینەوە:

* رۆمانی کوردی بەدیالێکتی کرمانجی‌سەروو ..... مەجید دڵنیا ١٧
* دەق: هێماو تۆناوتونەکانی واتا ..... کۆزاد ٢٢
* ململانێی ژیان- مەرگ لە (خاچ‌و مارو رۆژژمێری شاعیرێك)دا ..... بەختیار عەلی ٣٠

* وەرگێڕان:

* راستکردنەوەی هەڵەیەکی وتاری (کەرکوك لەسەردەمی عوسمانیدا) ٥٥



* شیعر:


* زێوان ..... ڕەفیق سابیر ٦٢
* پەنجەرەی زام‌و گەردەلوول ..... جەوهەر کرمانج ٦٥
* وێردەکانی عەشق ..... شیرین . ك .....



* زنجیرەی بابەتەکان پەیوەستە بەدەرهێنانی هونەریی گۆڤارەکەوە.
* نووسینەکان دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانن.

* حەزەکانی بەفرو چەند دڵۆپێك لەنەفرەت ..... رۆژ هەڵەبجەیی ٧٣
* ئەو جەنگەی کۆچی مەلەکانی دواخست ..... سامی هادی . ٧٦
* ئەو پەڕی مەستی ..... محەمەد رەنجاو .. ٨٠






چیرۆك:

* ئەم گۆڕکەنە ئەزەلیانە بۆ دەگرین؟ .. عەلی دەسمالّی ٨٢
* دیداری منداڵەکانی ئاشوب ..... هەورامان وریا قانع ٨٤
* جەخاری راسپێڕی ..... محەمەد سالّح سەعید ٨٨
* قاوەڵتی ..... و: جیهان عومەر ٩٣



مێژوو:

* کوردەکانی پشت قەفقاس .....
..... و: شوان باراوی ٩٦



بەڵگەنامە:

* لەیلو مەجنون ..... ئەحمەد محەمەد سەعید ١٠٨

شانۆ:



* لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکار (کاوە ئەحمەد میرزا)دا.... ... گ. نوێ ١١٣
* ئەم نمایشە بۆ قەدەغەیە ..... شەفیق محەمەد ١١٦
* ئەو پیاوەی گوڵێکی لەدەمدابوو ..... پیراندێللۆ ..... و: ئەبوبەکر خۆشناو..... ١٢٨

گەشتی ڕووناکبیری:

* ..... سەرپەرشتی: عەبدوڵڵا تامیر بەرزنجی..... ١٣٤

زریوەی گەلاوێژی نوێ

داگیرساندنی مۆمی دووەمی تەمەن

بەدەرچوونی ئەم ژمارەیە، (گەلاوێژی نوێ)مان پێدەنێتە ساڵی دووەمی تەمەنییەوە. ئێمە لە ژمارە (١) کاتی لەدایکبوونیدا، وتمان کە گۆڤارەکە:

*** دەستەبەری بێقەیدی ئازادیی داهێنانی دوور لەگۆشەی حیزبی و گوشاری ئایدۆلۆژی دەکاو دەربەستی بۆچوونی عەقڵانی دەبێ.**

*** ئەلتەرناتیڤی هیچ گۆڤارێك نابێ و دژایەتی هیچ کامیش ناکا.**

*** لەرووی کینە هەڵرشتن، تەشەر وەشاندن، ناوزڕاندن و ئاژاوەنانەوەدا دەرگای داخراو دەبێ.**

*** ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، چیرۆك، شیعر، دراماو هونەرو زانستە مرۆییەکان، مایەی بایەخپێدان و پەرۆشیی گۆڤارەکە دەبێ.**

٤

ئەوانە بەڵێنەکا نمان بوون و فەرموون بەسەر پاکی ئەو هەزارودووسەد لاپەڕەیەی شەش ژمارەکەی ساڵی یەکەممان و سەدو پە نجا لاپەڕەکەی ئەم ژمارە حەوتەی ساڵی دووەمیشماندا بچنەوەو نیتر خۆتان سەرپشکبن و حوکمبدەن.

وتمان: سەدو پە نجا لاپەڕەی ئەم ژمارە حەوتە: بۆچی دوو سەدەکانی ژمارەکانی پێشوو، بووە بەم سەدو پە نجایە؟!. چونکە مۆڵەتوەرگرتنمان لەبنەڕەتەوە ئەگەرچی بۆ مانگانە بوو، نیازیشمان دەرکردنی بەمانگانە بوو، بەڵام گرفتی چاپکردن بەر لەهەر هۆیەکیتر، بواری جێبەجێکردنی ئەو بڕیارو نیازەی نەداین و ئەوەبوو بەناچاری، ڕەوتی دەرکردنیمان بە هەر دوومانگ جارێك گرتە بەر.

لەکاتێکدا ئێستا دوای رزگاربوون لەو گرفتە و بەبۆنەی داگیرساندنی مۆمی دووەمی تەمەنیشیەوە خۆشحاڵین رابگەیەنین کە تەقەلا دەدەین لەم ژمارەیەوە، لەبریتی دوومانگ جارێك بە(٢٠٠) لاپەڕە، هەر مانگەو بە (١٥٠) لاپەڕە بەبەردەوامی بیگەیەنینە دەستی خوێنەرانی ئازیزمان.

دواجار بەهەمان دەستووری زریوەکەی ژمارە (١)ی ساڵی (١) دەڵێین: (لە ئێمە هیمەتو لەنووسەران بەرەکەتو لە خوێنەران ڕەزامەندی).

سەرنووسەر



دواوێنەی د. جەمال نەبەز - ئاشنا کەمال - تایبەت بەگەلاوێژی نوێ

دیدارێک لەگەڵ

دکتۆر جەمال نەبەزدا

ئامادەکردنی : ئاشنا کەمال

سوید - ئەڵمانیا

گ. نوێ: دکتۆر جەمال نەبەز، بۆچوونتان لەبارەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێوە چیە و چۆنە؟! کە لە کوردستان لە شاری سلێمانی دەردەچێ و سەرنووسەرەکەی مامۆستا (حسێن عارف)ە.

د. نەبەز: وەک خۆتان دەیزانن ئەو نێزیکەی چوار ڕۆژە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ کەوتووەتە دەستم بێگومان کاتێکی ئەوتۆم نەبوو کە بتوانم گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بەباشی بخوێنمەوە، بەڵام چاوێکم پێدا خشاند. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ گۆڤارێکی وێژەییە، ئەو باسانەی کە تێیدایە زۆربەی هەرە زۆریان لەبارەی وێژەوە دەدوون، یەکێک لەو شتانەی کەوا ئەز بە کەمایەسی دەبینم لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا ئەوەیە کە باسی رامیاری (سیاسەت) کەم تێدایە.

بێگومان گۆڤاری گەلاوێژی نوێ نێوەکەی لەوەوە هاتووە کە گەلاوێژێکی کۆن هەبووە، ئەوجا ئێستا گەلاوێژێکی دیکە هاتووەتە دەرەوە بەنێوی گەلاوێژی نوێەوە. بەبیروڕای من گەلاوێژی کۆن هێشتا کۆن نەبووە، چونکە ئەو باسانەی کە لە گەلاوێژی کۆندا نووسراون بۆ ئەوڕۆش هەر کاریگەرن و ئەگەر یەکێ بێت گەلاوێژی کۆن بخوێنێتەوە، تێدەگات کە هێندێ شتی تێدایە کەوا تا ئەوڕۆش ئێمە پێویستمان پێیانە.

گ. نوێ: دکتۆر جەمال.. تۆ بڵێی خرابی هێندێ لە حیزبە چەوتەکانی کوردستان، کارێکی وایان نەکردبێ کە باس لە سیاسەت کەم بکرێ، لە گۆڤارێکی ئەدەبی وەک گەلاوێژی نوێدا؟!

د. نەبەز:

کورد هەن سەرەڕای ئەوەی کوردستان سەربەخۆیە، کەچی دەچن داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن!

د. نەبەز: بەبیرو ڕای من ئێمەی کورد وەك هەر گەلێکی دیکە ناتوانین واز لە سیاسەت بێنین‌و دەست لە سیاسەت هەڵگرین، چونکە سیاسەت پێوەندی بەژیانەوە هەیە، ئەگەر کەسێك لەوباوەڕەدا بێ کە ئێمە نابێ خەریکی سیاسەت بین ئەوا دەبێ مالئاوایی لەژیان بکا، لەوانەیە ئەوە وابێ کە هێندێ لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان یان هێندێ لەو کۆمەڵە سیاسیانەی کوردستان کاری وایان کردبێ کە بۆ هێندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد، باس کردنی سیاسەت بووبێتە شتێکی خراپ، واتە نێوی سیاسەت خراپ بووبێ بەڵام بەبیروڕای من سیاسەت وەك ئاوو هەوا وایە، کە یەکێك هاتوو هەوای شوێنێکی پیس کرد، دەبێ هەوڵ بدەیت هەواکە پاك بکەیتەوە یان لە شوێنێکی دیکە کە هەوای پاك هەیە هەوا هەڵمژی چونکە تۆ بێ هەوا ناژیت، سیاسەت پێوەندی بەژیانەوە هەیە، راستە حیزبایەتی کردن مانای سیاسەت کردنە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە هەر حیزب مافی ئەوەی هەیە خەریکی سیاسەت بێ، راستە حیزب بەگشتی نەك هەر حیزبەکانی کوردستان‌و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، جاری وا هەیە، سیاسەت وا لێ دەکەن کە خەڵك سیاسەتی لەبەرچاو دەکەوێت، ئێستا نەك هەر لە ڕۆژهەڵات، تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، زۆر ئەڵمان هەن لێی بپرسی تۆ لە چ حیزبێکی یان بیروڕات چییە بەرامبەر بەو مەسەلەیە دەبێژێ، ئەها.. ها.. ها.. هەقم نییە بەسەر سیاسەتەوە، سیاسەت شتێکی پیسە.

خۆ ئەگەر تۆ لەگەڵی هورد بکەیتەوە بزانیت بۆچی سیاسەت پیسە، دەڵێ سیاسەتکاران بەڵێن دەدەن وادەکەن‌و وادەکەن، پاش ئەوەی کە هاتنە سەر کار واتە پاش هەڵبژاردن، بەڵێنی خۆیان بەجێناهێنن، ئەم هەڵوێستەش ئەنجامێکی خراپی هەیە، ئەنجامە خراپەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو کەسە باشانە، ئەو کەسە دڵسۆزانە، ئەو کەسانەی بەراستی دەیانەوێ سیاسەت بەباشی بکەن نەیەنە پێشەوەو خەریکی سیاسەت نەبن، مانای ئەوەیە مرۆڤی خراپ خەریکی سیاسەت دەبێ‌و ئەمەش مانای ڕێچۆڵ کردنە بۆ ئەو کەسانەی کەوا سیاسەت بەخراپی دەکەن. ئەمەش دیسانەوە گوناهێکە ئەو کەسانە دەیکەن کە خۆیان لە سیاسەت دوور دەخەنەوە، پێویستە هەموو گۆڤارێکی کوردی، هەموو ڕۆژنامەیەکی کوردی، هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد خەریکی سیاسەت بن.

ئەمە مانای ئەوە نییە بچن حیزبایەتی بکەن، یان حیزب حیزبێنە بکەن.. نا.. مرۆڤ دەتوانێ خەریکی سیاسەت بێ‌و لە هیچ حیزبێکیشدا نەبێ، ئەو کەسەی کەوا لەدوورەوە تەماشای حیزبێك دەکا، لەوانەیە ڕەخنەی بەرانبەر بەو حیزبە ڕێك‌و پێك ترو باشتر بێ لە کەسێکی کە لە نێو حیزبەکەدایە، ئەمەش هەم بۆ حیزبەکانی کورستان باشترە، هەم بۆ کۆمەڵگای کورد باشترە، کە خەڵك خەریکی سیاسەت بن.

بەڵام سیاسەت بەمانای لایەنگیری بابەتانە، نەك لایەنگیریەکی شێت گیرانەو کوێرانە.

هەر ئەز ڕاستم...و... تۆ ناڕاستی، ئەز ئاش وەستام‌و تۆ هیچ نازانی، ئەز پێش ڕەوم.. تۆ پاشڕەوی، بەم شێوە نابابەتانەیە.

گ. نوێ: دکتۆر جەمال نەبەز، لەکەیداو چۆن هیشیاریی سیاسی فۆرمەلە بوو لاتان؟؟

د. نەبەز: دەتوانم بێژم لەمندالّیەوە، دوو هۆ هەبوو کەوایان لەمن کرد هیشیاریی سیاسیم ببزوێ:

یەکەم:

لەتەمەنێکی زۆر مندالّیەوە چ لەلای باوکم‌و چ لەلای زاناکانی دیکەی کوردستان دەستم کردووە بەخوێندن، خوێندنی ئێزدناسیی ئیسلام، واتە ئیلاهیات، زمانی بێگانە وەکو

ئەدەبیاتی عەرەبی، فارسی، ژیربێژی واتە (منطق)و ئەو شتانەی کەوا پێوەندیان بە بەرنامەی خوێندنی ئەو زانستگە کۆنانەوە هەیە کە لە کوردستاندا هەبوون، وەئێستاش هێندێ لەو زانستانە لە کوردستاندا دەخوێندرێن، ئەگەر ئەو جۆرە زانستگانە مابن.

دووەم:- کە چوومە قوتابخانەی سەرەتایی و نێوەندی، ئەو سەردەمە سەردەمێك بوو، سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم بوو، هەتا جەنگەکە لە ساڵی ١٩٤٦دا تەواو بوو، باس باسی کوردایەتی بوو، بێجگە لەوەش لە ساڵی ١٩٤٦دا دەوڵەتی کوردستان دروست بوو، کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد، خەڵکم دەدی لەسەر شەقامەکان لەو باڕێڕەی کە من تێیدا دەژیام، سلێمانی، خۆپیشاندانیان ساز دەکرد لەدژی حکومەتی عێراق، پاش ئەوەی کە چوار ئەفسەرە کوردەکە بەناڕەوا ملیان کرا بەسێدارەدا، جەماوەر کەوتە جووڵە، بەکورتی گەلێ شت ڕوویاندا کە هیشیاریی سیاسیی منیان والێکرد لەسەرەتایەکی زۆر منداڵیمەوە چلوورە ببەستێ.

بێگومان هیشیاریی سیاسی لەهەر دەورێکی ژیاندا وەك هیشیاری سیاسی نییە لە دەورێکی دیکەدا، بەڵام خۆم هەر لە کۆنەوە هەستم بەوە کردووە کەوا مرۆڤ نابێ لاتەریك بوەستێ، بێ لایەن بوەستێ، مرۆڤ نابێ هیچ بیرو بۆچوون و هەڵوێستێکی نەبێ، هەر لە سەرەتاشەوە کە دەستم کرد بەخوێندنی زانست هەستم بەوە کرد کە وەك باسم کرد شتێك هەیە پێی دەڵێن زانست، وەشتێکیش هەیە پێی دەڵێن باوەڕ، زانست شتێکەو باوەڕ شتێکی دیکەیە، باوەڕ وەك خۆشەویستی وایە لەپێوان نایەو وتوویژ ناکرێ لەسەری. زانست لەبابەتەوە دەست پێ دەکاو هەر لە بابەتیشەوە دێتە دەرەوە.. هیچ زانستکارێك بێ لایەنگری ناتوانێ ببێتە زانستکار.. بۆچی؟؟ چونکە زانست واپێویست دەکات کە لایەنی شتێ بگرێ جا ئەو شتە بابەتەکەیە، نەك ئەو کەسانەی کە پێوەندیان بەبابەتەکەوە هەیە، ئەگەر هاتوو لایەنگیری ئەو کەسانەی کرد کە پێوەندیان بەباتەکەوە هەیە، ئەوە لە بابەتەکەوە چووەتە دەرەوە. بنچینە بەلای زانستکارەوە بابەتە، نەك خەڵك، نەك حیزب، نەك گەلێك، نەك تاکە کەسێك، نەك بنەماڵەیەك، نەك هۆزێك. مرۆڤی زانستکار لایەنگرە، بەڵام لایەنگیرییەکەی بۆ بابەتێکە، نەك بۆ تاقمێ، بۆ چینێ، بۆ کۆمەڵێ.. ئێستا ئەگەر بڵێن کابرایەکی زانستکار دێ لە مافی کورد دەکۆڵێتەوەو لایەنی کورد دەگرێ، ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە کورد هەژارو بەستەزمانن و دەیەوێ یارمەتیان بدا.. نا.. ئەمە نییە، تەماشا دەکا کورد هەیە، عەرەب هەیە، فارس هەیە، تورك هەیە.. ئەمانە هاتوون لەو نێوچەیە دەژین و مافی ژیانیشیان هەیە، بەڵام ئەمانە ڕێ نادەن کە کورد لە وڵاتی خۆیدا بژی، دیارە ئەمە دژی ئەو سەرەتا زانسانەیە کە پێی دەڵێن سەرەتای یەکسانیی

یەکێك لەو شتانەی کەوا ئەز بەکەمایەسی دەبینم لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا، ئەوەیە کە باسی ڕامیاری (سیاسەت) کەم تێدایە.

مرۆڤ، لەبەر ئەوەیە کە زانست پشتی کورد دەگرێ نەک لەبەر خاتری کورد یان لەدژایەتیی داگیرکەرانی وڵاتەکەی. کە زانست تەماشای ئەم بابەتە دەکاو بەتەرازوو پێوانەی ئازادیی مرۆڤو بابەتەکە دەپێوێو دەبینێ کورد ئازادنینو ئەوانی دیکە ئازادنو ئەوانیش هیچیان لە کورد زیاتر نییە چونکە ئەوانیش مرۆڤن وەک کورد، ئەوان لە وڵاتێکدا دەژین کە بەشێکی وڵاتی کوردە کە چەند هەزار ساڵێکە لەسەری ژیاوەو دەژیو بەپێی دەستوری ماف، کوردیش دەبێ وەک ئەوان بژی، جا لەبەر ئەوەیە کە زانست لایەنگری کورد دەکات، نەک لەبەر ئەوەی کورد هەژارو بەسەزمانە، لەبەر ئەوەی پرنسیپێک هەیە کە زانستکار لەسەری دەڕواو لەبابەتەکەوە دێتە دەرەوە، بابەتەکە لێرە بابەتی ئازادی مرۆڤە، بابەتی یەکسانی مرۆڤە. ئەمەش تەنانەت لە دەستورە نێودەوڵەتیەکانیشدا هەیە، ئەگەر هاتو دوو وڵات لە تەنیشت یەکەوە بوون، و زەریایەک کەوتە بەینیانەوە ئەوەندە میل ئەو دەوڵەتە حەقی هەیە بچێتە پێشەوە لەو زەریایەو بەنێوچەی خۆی بزانێ، دەوڵەتەکەی دیکەش هەر هێندە، جا ئەگەر شەڕێکو ناخۆشییەک هاتە بەینەوە، چوار مرۆڤی قانون ناسی گەورەی زانستکار دێنە پێشەوەو تەماشای ئەو دەستورە دەکەن، و لایەنگری بابەتەکە دەکەن نەک لایەنگری ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەت، ئەگەر زانستکارێک لایەنگریەکەی نابابەتانە بکا، ئیتر لە زانستکاری دەکەوێت، جا لەبەر ئەوە ئەز لە سەرەتای ژیانیشمەوە، هەستم بەوە کردووە کە هەموو مرۆڤێکی زانستکار پێویستە لایەنگیر بێ، بەڵام لایەنگرێکی بابەتانە ئەوجا سیاسەت کردنی زانستیانە مانای لایەنگریە بۆ شتێک، واتە بابەتێک. مرۆڤی زانستکار کە سیاسەتی کرد لایەنگری بابەتێک دەکا.

ئەز بۆ خۆم کە لایەنگری کورد دەکەم لەبەر ئەوە نییە کە خۆم کوردم، لەبەر خاتری ئەوە نییە کە کورد دەبینم هەژارو لێقەوماوەو دەمەوێ خێرێکیان پێ بکەم، نا لەبەر ئەوە نییە، ئەز تەماشای ئەو پرنسیپە دەکەم، کە کورد گەلن، عەرەب گەلن، فارس گەلن، خەڵکی دیکەش هەن گەلن، گەلانی دنیاش پێویستە مافی وەک یەکیان ببێ، ئەم پرنسیپە هەیەو ئەم بنچینەیەش هەیە، لەو بنچینەیەوە دەڕۆمە دەرێ کە کوردیش دەبێ مافیان هەبێ، تەماشای کولتوری کورد دەکەم دەبینم لە کولتوری کورددا گەلێک شتی هێژاو بەنرخ هەیە، کە خەڵکی دیکەی سەر بەدەوڵەتانی داگیرکەر بەناڕەوا دەیانەوێ ئەم کولتووره نەهێڵن، هەر لەبەر ئەوەی کولتوری کورده . نەک لەبەر ئەوەی خراپە، ئەگەر ئەوان لایەنێکی خراپە بدۆزنەوە لە کولتوری کورددا کە لەگەڵ مرۆڤایەتیو مافی مرۆڤایەتی ڕێک نەکەوێ، من ماف دەدەم بەوان کە ئەو شتە نەهێڵن.. بەڵام ئەوان دژی کولتووری کوردن هەر لەبەر ئەوەی کولتووری کوردە، هەزار شتی باشیشی تێدا ببینن دژایەتی دەکەن چونکە هی کوردە. جا لەبەر ئەوە زانستکار ناتوانێ پشتی کورد نەگرێ لەمەدا، ئەوجا ئەو زانستکارە کوردە کورد نییە، خۆییە، بێگانەیە، ئەوە وەک یەکەو بەلای منەوە هیچ جیاوازییەکی نییە.

گ. نوێ: ئایا بزافی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی ناوەوەی وڵات دەکەیت؟؟

د. نەبەز: ڕۆژی ئەوڕۆ وەک جاران نییە، جاران ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی کە دەردەچوون بەپەنجەی دەست دەژمێردران، یان هێندە بوون کە مرۆڤ دەیتوانی هەموویان بکڕێ، یان بەشداری بکا تیایانداو ببێ بەئابوونەو، بیان خوێنێتەوە، بەڵام ئێستا جۆرێکی دیکەیە،

ئێستا سەدان گۆڤارو رۆژنامە دەردەچن، چ لە کوردستانو چ لە دەرەوەی کوردستان.

هەڵبەتە رۆژنامەو گۆڤار لە رۆژهەڵاتی کوردستانو لە باکووری کوردستاندا زۆر کەم دەردەچن، بەڵام لە باشووری کوردستان، لەو نێوچەیەی ئێستا پێی دەڵێن هەرێمی ئاسایش، زۆرن، جارو بار خەڵکانێك دێن بۆ ئەڵمانیا رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك لەگەڵ دەست خۆیان دەهێنن بۆم، دیارە گەلێك گۆڤاری کوردیو رۆژنامەی کوردی لەنێوچەی هەرێمی ئاسایش دەردەچێ، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کوردستان واتە حیزبەکانو ئەو دوو حکومەتەی کە هەن لە هەرێمی ئاسایشدا، لە پێش ئەوەشدا حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو ونیە کە پۆستەیەك رێك بخەن، ئەمەش ناتەواویەکی گەورەیە، پێویستە پۆستەیەك هەبێت لەنێوان کوردستانو دەرەوەی کوردستاندا، تاکو ئەو چاپەمەنیانەی لە هەرێمی ئاسایشدا دەردەچن، بگەنە دەرەوەی کوردستان، زۆر شتێکی ناخۆشە کە ئێمە شەش ساڵە لەو نێوچەیەدا، کاروبار بەدەست خۆمانەوەیە، کەچی نەمانتوانیوە هەتا ئێستا فڕگەیەك دروست بکەین، ئەوەتا فەلەستینیەکان خەریکن چەند فڕگەیەك دروست دەکەن لە وڵاتەکەی خۆیاندا..... ئەوان ئۆتۆنۆمیان هەیە بەڵام کورد لەونێوچەیەدا خۆی هەموو شتێکی بەدەستە ، ئەگەرچی کورد هەن، سەرەڕای ئەو سەربەخۆییە دەچن داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، پێویست بوو فڕگەیەك لە کوردستاندا ببێ، تا پێوەندی کوردستان بەدەرەوەی کوردستانەوە، ساز بکرێ، زۆر شتێکی ناخۆشە کە لەوڵاتێکدا شەش ساڵ کورد دەسەڵاتی بەدەست خۆیەوە ناتوانێ پۆستەخانەیەك دروست بکا، تاکو پێوەندی دەرەوەو نێوەوە، لە رێگەی پۆستەوە بگەیەنێتە یەك، بەڵام تەلەفۆن هەیە، ئەمەش خۆش بەختیە کە گەلێ دەستگای تەلەفون هەیە لە هەرێمی ئاسایشدا، بەڵام لە هەرێمی ئاسایشدا خەڵکەکە هێندە هەژارو بێپارەو بێ نانن ئەگەر بیانەوێ تەلەفۆن بکەن بۆ دەرەوەی وڵات ئەوا ناتوانن. چونکە دەبێ پارەیەکی زۆر بدەن بەتەلەفۆن. ئەوەش شتێکە زۆر جێی خەفەتە.

گ. نوێ: بروات چۆنە بەرامبەر ئەدەبی بەرگری بەرخۆدان بەتایبەت شیعرو چیرۆك دژ بەدوژمنی کورد، ئایە کارێکی مەزنی کردووە، یا نەیکردووە؟؟

د. نەبەز: باشە ! بەرخۆدان مانای ئەوەی گەلێك یان نەتەوەیەك بیەوێ بەرامبەر داگیرکەرانی وولاتەکەی و دوژمنانی وولاتەکەی بوەستێ. بەڵام دوژمنانی نەتەوەی کوردو داگیرکەرانی کوردستان، بەشیعر پەلاماری کورد نادەن، بۆ وێنە هیچ کاتێ چەند شاعیرێکی زلی عەرەب، تورك، فارس، نانێرن بۆ کوردستانو بڵێن ئێمە بەشیعر دژی ئێوە قسە دەکەین، فەرموو وەرنە مەیدان تا ئێمەش کەسانێکی وەك شێرکۆ بێ کەسێ، عەبدوللە پەشێوێ، حەمە سەعید حەسەنێ، حەمەمین پێنجوێنیە، تا کەسێکی وەك ئەوانە بنێرین کە بەشیعر دەست بکەن بەپەلاماردانی ئەوانو بزانین کێ لە شیعرا زاڵ سەرکەوتووە، ئەگەر وابوایە زۆر زۆر خۆش بوو، ئەوەش بزانە ئەز بۆ خۆم کە تەماشای شیعر دەکەم، لەیەك لایەنەوە تەماشای دەکەم، تەنێ لە باری مۆسیقاکەیەوە تەماشای دەکەم.. واتە ئەگەر شیعرێك بخوێنمەوە، تەماشای مۆسیقاکەی دەکەم، چونکە مۆسیقام بەلاوە شتێکی زۆر خۆشەو، بەراستی ژیانم لەگەڵ مۆسیقەیە. بەڵام ئەگەر تۆ لە شیعر مۆسیقەکەی دەربهێنیت چەند قسەیەك دەمێنێتەوە،

هێندێ جار بەداخەوە، ئەو قسانە یاقسەی زلن یافیشاڵن یان دەستپەڕی خەیاڵن، یان هەر قسەی ئاساین کە ئەوانە بەشتێکی راستیان نازانم، ئەگەر تۆ مۆسیقەکەی لێ دەربهێنیت دەبێ ئاو بهێنیتو دەست بشۆیت.. ئێستا وێنەیەک دەهێنمەوە..

شاعیری هەرە گەورەی کورد گۆران، بەراستی گۆران نەک شاعیرێکی گەورەی کوردە، بەڵکو شاعیرێکی گەورەی جیهانییە. لەیەکێ لە هۆنراوەکانیدا دەفەرموێ:

نەورۆز ئەکەم نەورۆز ئەکەم
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم
ئاهەنگی نەورۆز قۆز ئەکەم
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم

دەتۆ وەرە بزانە ئەم ووشانەی سەرەوە چەند خۆشن ئەگەر تۆ گوێت لێ بێ بەمۆسیقاکەیەوە، ئەوجا وەرە مۆسیقاکەی لێ دەربهێنەو بیکە بەقسە.

جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکەمو وەکو کوردێکی دڵسۆز ئاهەنگی نەورۆز بەشێوەیەکی قۆز دەبەم بەڕێوەو.. تەواو.. کە مۆسیقەکەی لێ فڕێ دەیت، هەر ئەو قسانە دەمێننەوە، قسەکانیش ئاسایین. هونەری شاعیریش هەر لەوەدایە گیان بە ووشەی ووشکو برنگدا بکا بەئاوازی مۆسیقە، ئەز بۆ خۆم چێژ لە مۆسیقەکە دەبینم نەک لە خەیاڵ. نامەوێ لەگەڵ خەیاڵدا بژیم. مۆسیقەم پێ خۆشە، مۆسیقە دەمخاتە دنیایەکی دیکەوە، چونکە کە گوێم لە مۆسیقە دەبێ، درۆو فیشاڵو ئەو جۆرە شتانەم نایە بەخەیاڵدا.

پێویستە هەموو رۆشنبیرێکی کورد خەریکی سیاسەت بێت

گ. نوێ: جا دکتۆر جەمال نەبەز، حەز دەکەم هەر لەسەر ئەوە، کە تۆ شیعری مامۆستا گۆرانت پێ وابوو؟ ئەی بە شیعرەکانی ئەحمەد شوکری کە بە دکتۆر شۆ بەناوبانگە، دەڵێی چی...؟؟

د. نەبەز: کە تۆ شیعرەکەی دکتۆر شۆ دەخوێنیتەوە، دیسانەوە جۆرە مۆسیقەیەکی تێدایە، دەتوانی لەزەت لەمۆسیقاکەی ببینی، دکتۆر شۆ قسەکانی وانییە کە درۆو فیشاڵو خۆ هەڵکێشانی تێدابێ، بۆ نموونە کە تۆ دەچوویت بۆ لای پیاوێکی وەک مامۆستا بەشیر موشیر و گوێت لە قسەکانی دەبوو خۆشی دەکەوتە گیانت. بەڵام ئەگەر تۆ ئەو قسانەت لە یەکێکی دیکە ببیستایە، بەو شێوەیە خۆش نەدەبوو کەمامۆستا بەشیر موشیر دەیگووت، هێندە خۆشیت لێ نەدەبینی، ئەز خۆم دکتۆر شۆم لە سلێمانی دیوەو هاتووەتە ماڵەوە بۆ لامو شیعری گوتووەو دەیگوت: (من کە کوردم کوردایەتیم خۆش ئەوێ)، شیعرەکانیم پێ خۆش بوو نەک لەبەر ئەوەی شیعرە، بەقسەش ئەوەی بوتا بۆ من هەر خۆش بوو، خۆشەویستی من بەرامبەر دکتۆر شۆ لەبەر شیعرەکانی نەبوو.

گ. نوێ: دکتۆر جەمال نەبەز، وەک دەزانین لەمێژە فەرهەنگێکی ئەڵمانی- کوردیتان، بەدەستەوەیە، دەکرێ بەووردی باس لە ناوەرۆکی ئەو فەرهەنگەمان بۆ بکەیت؟؟

د. نەبەز: ئەو فەرهەنگەی کە من نووسیومەتەوە، لەوکاتەوە دەستم پێ کردووە کە فێری زمانی ئەڵمانی بووم، دەتوانم بڵێم چارەکە چەرخێک زێترە کە من پێوەی خەریکم، ئەو فەرهەنگە ئەڵمانی - کوردییە، هەر لەسەر بنچینەی یەک شێوە نەنووسراوەتەوە، لەسەر بنچینەی شێوەکانی کوردی نووسراوەتەوە، بەتایبەتی کرمانجی باکوورو کرمانجی ناڤین(سلێمانی، سۆرانی، ئەردەڵانی و سنەیی و موکریانی) هەروەها لە هەندێ شوێندا کە زانیبێتم ووشەیەکی

زازاکی‌و هەورامی‌و کەڵۆڕی‌و لوڕی‌و ئەوانە ووشەی کوردی ڕەسەنن، دیسانەوە ئەوانەشم تێخستووە، وەلەم ماوە دوورو درێژەدا چەند ووشەی ڕێک‌و پێکی باشم، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دیبێ کە تازە بەکار هێنرابن‌و پێم جوان‌و ڕاست بووبن یان کەوتبنە سەر زمان‌و کەوتبنە نێو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبەوە، درێخیم نەکردووە لە تۆمارکردنیان، بەڵام گرانی چاپ کردنی فەرهەنگەکە لەوەدایە، کە ئەم فەرهەنگە بەسێ جۆرە تیپ نووسراوەتەوە:

١- بەتیپی ڕۆژهەڵاتی، ئەو کوردیەی لەڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێ..

٢- بەتیپی کوردیی لاتینی کە لەچەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێ.

٣- جۆرە نوسینێکی دیکەش هەیە. کە لەنێو ڕۆژهەڵاتناسەکانی جیهاندا باوە، ئەو جۆرە نوسینە پێی دەگوترێ ترانسکرپسیۆن، واتە زمانێك لە نوسینێکەوە بیکەی بەنووسینێکی دیکە، لەجۆرە ڕێنوسێکەوە بیکەی بە ڕێنوسێکی دیکە، ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کەوا خەریکی ڕۆژهەڵات ناسین، ئەوجا ئەو فەرهەنگە هەر ووشە نییە بەرامبەر ووشە، بەڵکو وشەکان لەرستەدا بەکار هێنراون، چونکە هێندێ ووشە هەن، هەر یەك ماناو دوو ماناو سێ مانایان نییە، لەبەر ئەوە دەبێ بەڕستەیەك نیشان بدرێ کە بزانرێ ماناکەی چۆنەو لە ڕستەکەی دیکەدا مانای چۆنەو لە ڕستەی سێیەمدا مانای چۆنەو ئەمەش جێیەکی فراوان‌و پارەیەکی زۆری تێ دەچێ، جا لەبەر ئەوەی لەباری تەکنیکیەوە شتێکی زۆر زەحمەتە، ئەگەر یارمەتییەکی زۆر خەست نەبێ، کە کەسانێ، کە کاروباری کۆمپیوتەر بتوانن ببەن بەڕێوەو چەند پڕۆگرامێکبان هەبێ لە کۆمپیوتەردا بیکەن، ئەگەنا ئەز ناتوانم ئەو فەرهەنگە بەو شێوەیە چاپ بکەم، و چاپیش ناکرێ، خۆم زۆر حەز دەکەم ئەو فەرهەنگە بەزووترین کات چاپ ببێ، بەڵام بەرلەوەی کە بکەومە ئەو زەحمەت‌و گرانی هەڵگرتن‌و دەست بەو کارە بکەم‌و خەڵك بدۆزمەوە بۆ ئەوە لێکسیکۆنێکم هەیە ئەویش جۆرە فەرهەنگێکە، لێکسیکۆنی میتۆلۆژیای کورد، کە باسی هەموو ئایین‌و ڕێبازی ئایینی‌و پاڵەوانانی ئەفسانەیی تێدایە بەکورتی، کولتووری کورد بەشێوەیەکی گشتی‌و کولتوری ئایینی بەتایبەتی، هەموی لەو فەرهەنگەدا کۆبووەتەوە، ئەوە بە ئەڵمانی نووسراوەتەوە، هەرچەندە هێندێ ووشەی تێدا هەیە کە بەزمانی کوردی یان بەزمانێکی دیکە نوسراون، بەڵام چاپی ئەمە زۆر گران نییە، چونکە کۆمپیوتەر هەیەو پڕۆگرامی ئەڵمانی تێدایەو دەتوانین ئەوە بخەینە سەر دیسکێت، جا ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێك هەستاو ئەوەی کرد بەزمانی کوردی یان بەزمانێکی دیکە، ئەوە شتێکی زۆر باشەو جێی سوپاسە، ئەم لێکسیکۆنە پێویستە چاپ بکرێ چونکە بەڕاستی لایەنێ لە کولتوری کورد نیشان دەدات، **هەتا ئێستا خەڵك لە ئێزیدیەکان، لە کاکەییەکان، لە عەلەوییەکان، لە هەقەکان، لە سارەییەکان، لە شەبەکەکان، لەمانە بەڕاستی تێنەگەیشتوون، وە گەلێك دژوو دەلەسەو قسەی قۆڕ بڵاوکراونەتەوە بەنێویانەوە، کەدەمەوێ ئەو شتانە پیشان بدەم، کە ئەوانە زانست نین.** جا لەبەر ئەوە پێم خۆشە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو فەرهەنگە بکەوێتە بەردەست خەڵك. هەر لەبەر ئەوە هەوڵو تەقەلای من لە پلەی یەکەمدا بۆ چاپکردنی ئەو (لیکسیکۆنی میتۆلۆژیای کورد)ەیە.. پاش ئەوە بەیارمەتی ئاهورامەزدا و ئەگەر کەسانێك هەبن پشتم بگرن، واتە بەکۆمپیوتەر یارمەتیم بدەن، ئەوا دێمە سەر فەرهەنگی

ئەڵمانی – کوردی.

گ. نوێ: کەواتە تا ئێستا ئەو دەستی یارمەتییە بۆ تۆ درێژ نەکراوە؟؟

د. نەبەز: تا ئێستا دەستی یارمەتی درێژ نەکراوە بۆم.. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بەتایبەتیان بەمن داوەو فەرموویانە.. کە ئێمە ئامادەین و بەسەر چاوو ئەم قسانە.. دووای ئەوە کە بۆم دەرکەوتووە یان لە دەستیان نایە کارەکە بکەن یان پێیان وایە کارەکە هەروا ئاسانە کەوا بچنە ژێریو شت بنووسن، پاشان کە دیویانە کارەکە زەحمەتە و نەیان توانیوە بیکەن، یان راستیان نەگوتووەو ویستویانە یەک دوو قسە بکەنو هیچی دی خۆ قسە گومرگی لەسەر نییە، ئەوا کارەکە نەچووەتە پێشەوە.

گ. نوێ: ئەو خوێندەرەی نوسراوەکانی جەنابتی دیوە.. لەوە دەگات کە دایکێك چەند ساواکەی خۆی خۆش دوێت، تۆش بەو خۆشەویستییەوە سەیری نیشتمانەکەت، کوردستان دەکەیت. ئەگەر وایە ئەمە بۆ؟؟؟

د. نەبەز: کە تۆ ئەو نووسینانەی من بەو شێوەیە تێ دەگەی، ئەوە زۆر سوپاس بۆ ئەو هەستە بەرزە دۆستانەیە، ئەوجا ئەگەر ئەو شتانەی کەوا من نووسیومنو خستومنەتە سەر کاغەز بەو شێوەیەبن، ئەوە پێم وایە لەبەر ئەوەیە کە ئەز لە هەموو ژیانمدا باوەڕم بەچی بووبێت، قەد رۆژێ لە رۆژان دژی بیرو باوەڕی خۆم قسەم نەکردووە. جا خەڵك دڵی پێ خۆش بووبێ، دڵی ئێشابێت، حەزی لە چارەم کردبێ... نەکردبێ، دوژمنایەتی منی کردبێ، یان دۆستایەتی ئەوە بەلامەوە هەروەك یەك بووە، لەبەر خاتری دۆستایەتیو دوژمنایەتی هیچم نەنووسیوە. لە رکی فلآن یان خۆشەویستی فیسار شتم نەنووسیوە، باوەڕم بەشتێ بووبێ شتێکم بەراست زانیبێ خستومەتە سەر کاغەزو نوسیومن. خۆشەویستی من بەرامبەر بەنەتەوەی کورد، کە زۆر جار باسم کردووە، لەوەوە نەهاتووە کە ئەز خۆم کوردم.. نەء. پێم وایە کە کورد بەشێوەیەکی گشتی، مافیان خوراوەو لەسەر هەقن، خۆشم لایەنگری مرۆڤی بەش خوراوم، جا ئەو بەش خوراوە، تاکە زەلامێك بێت کە لە ئەفەریقا زۆلمی لێبکەن، وەکو کاتی خۆی لە (ماندێلا)یان دەکرد، ماندێلا ئەوە بوو کاتی خۆی دەوڵەتی تورك ویستی خەلآتی ئەتاتورکی بداتێ، گووتی: نەء سوپاستان دەکەم خەلآتی ئێوەم ناوێ، چونکە ئێوە دژی کوردن، ئەز ناتوانم خەلآتی کابرایەك بخەمە گرفانم کە گەلی کوردی ژێر دەستە کردووە، بەر لەوەی ماندێلا ئەو قسەیە بکا ئەز خۆشم دەویست، وەپشت گیریم دەکرد، کە پشت گیری گەلی باسکو کرواتو گەلانی ژێر دەستەم کردووە، راستی هەڵوێستم دەردەخات. کە پشت گیری کوردیش دەکەم لەبەر ئەوە نییە کە خۆم کوردم، پێم وایە کورد بەشخوراون، بەشخوراو جارێك زاڕۆیەکی بێ باوکو داکەو جارێکی دیکە ژنە. کە لەسەر ژن دەکەمەوەو پشت گیری ژن دەکەمو لەگەڵ ژنم دژی زوڵمو زۆرو دەست درێژی پیاو، لەبەر ئەوەیە کە ژنان تاقمێکی بەشخوراون، جا ئێستا کە لەسەر کورد دەکەمەوە ئەوا جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە لەبەر ئەوە نییە کە خۆم کوردم، نا لەبەر ئەوە نییە، خۆ ئەگەر کوردیش نەبوومایەو بمزانیایە کورد ئاوا ژێر دەستەو ماف خوراون، بەشخوراون، دیسانەوە لەسەر کوردم دەکردەوە، **لەم رۆژانەدا، نامەیەکم بۆ هات لە پرۆفیسۆر (گۆت شتاین)ەوە ئەوە ژنایەکی زۆر گەورەو بەنێوبانگە لە هەموو ئەوروپادا وەکو دوکتۆر، ئەوە یەکێکە لەوانەی کە دژی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم و چەکی کیمیایین،**

یەکێکە لەدۆستە هەرە گەورەکانی کوردو هەژاران و لێقەوماوانی ئەم جیهانە.

هۆی ئەم نامەیەی (گۆت شتاین) ئەوە بوو کە لەم ماوەی دوایەدا نامیلکەیەکی من بەزمانی ئەڵمانی دەرچوو، لە بارەی مێژوو و کولتووری کوردەوە، دانەیەکم لەو کتێبە ناردبوو بۆ (گۆت شتاین) لەسەر کتێبەکە نووسیبوم پێش کێش بێت بەتۆ، لە قەدرزانی ئەوەدا، کە تۆ هەموو ژیانی خۆت بەخت کردووە لە پێناوی ئەوەدا، کە خزمەتی مرۆڤ بکەیت، ئەویش وەرامێکی زۆر جوان و دۆستانەی بۆ نوسیبووم، زۆر سوپاس بۆ کتێبەکە کە زانیاری منی لەبارەی کوردەوە زۆر کرد، هەروەها نووسیبووی: پشت گیری من هەر بۆ کورد نییە، بەڵکو بۆ گەلانی ژێر دەستەی جیهانە، ئەز هەموو کاتێك خەمی کوردو خەڵکی ژێردەستەی ئەم جیهانە دەخۆم.

ئەگەر ئەم خەڵکە لەم دنیایەدا هێندە خۆپەرست و بەرچاو تەنگ نەبوونایە، چ.. لەباری ناسیۆنالەوە، چ.. لەباری ئایینەوە، چ.. لەباری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە، ئێمە دنیایەکی کەمان دەدی، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نابێ کۆڵ بدەین و هەر دەبێ هیوامان بەهێز بێ کە ئەو رۆژە دەبینین، زۆرم پێ خۆشە کە پیاوێکی ئاوا زانا کۆڵ نادا، دەزانێ ئەو کارەی خستوویەتیە سەر شانی زۆر زەحمەتە،، دەزانێ چەسپاندنی مافی مرۆڤ، بەرامبەر ئەو هەموو دێوو درنج و مرۆڤ خۆرانەی کە لە جیهاندا هەن بەڕاستی شتێکی هاسان نییەو زەحمەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە کۆڵ نادا دڵی منی رەحەت کردووە. ئێمە دەبێ کاریکەین ئەو شتەی بڕوامان پێیەتی بیخەینە سەر کاغەزو بەدەم بیڵێین، بەزمان بیڵێین، وبەکردەوەش بیکەین، پێویستە بیرو قسەو کردەوەمان وەکو یەك بێ، وەك پەیامبەری کۆنمان حەزرەتی زەردەشت فەرموویەتی: بیری باش، ووتەی باش، کردەوەی باش.

زۆر جێی داخو خەفەتە، کە لەنێو گەلێکی وەك تورکدا، پیاوی وەکو ئیسماعیل بێشکچی زۆر زۆر کەمن

ئەوجا ئەگەر توانیمان بگەین بەئەنجام ئەوا شتێکی باشەو خۆشە، خۆ ئەگەر نەشمان توانی بگەینە ئامانج، ئەوا ئێمە پێویستی سەرشانی خۆمان بەجێ هێناوەو دڵمان ئاسوودە بووە.

گ. نوێ: دکتۆر جەمال نەبەز: لێرەدا شتێکم وەبیر هاتەوە نووسەری بەناوبانگی تورك و دۆستی گەورەی کورد (ئیسماعیل بەشکچی). چۆن هەڵدەسەنگێنی؟؟

د. نەبەز: ئیسماعیل بەشکچی نەك نووسەرێکی بەنێوبانگە بەڵکو مرۆڤ دۆستێکی گەورەیە، ئەم پیاوە لەسەرەتای ژیانیدا جۆرە بیرو رایەکی بووە بەرامبەر بەکورد، لەدوای ئەوەی چووەتە کوردستان و کوردی بەو جۆرە دیوە، زوو لە مەسەلەی کورد گەیشتووە، و ژیانی خۆشی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی لەسەر مافی کورد هەڵبداتێ، بەڵام زۆر جێی داخو خەفەتە، کە لە نێو گەلێکی وەك تورکدا، پیاوی وەکو (ئیسماعیل بەشکچی) زۆر زۆر کەمن، یان هەر نین. زۆر زۆر خۆشە کە

مرۆڤێکی ئاوەها، لەنێو تاقمێ تۆرانی‌و لەنێو تاقمێ کەساندا کە هیچ باوەڕیان بەمافی کورد نی‌یە، بتوانێ بەو شێوەیەو بەو سەرە بەرزەوە دژی هەموویان قسە بکاو، ولەنێو گەلی تورکدا کارێکی وابکات کە وەک مۆمێک دابگیرسێ لەنێو جیهانێکی تاریکدا، چونکە بەڕاستی تۆرانێتی بیرێکی تاریکی‌یەو ئەو پیاوە رۆناك بیرە.. هیوام وایە تەندروستی ئەو پیاوە بەجۆرێ بێت، کە لە نێو ئەو تۆرانیانەدا، سەرەڕای ئەشکەنجەو ئێشو ئازار، ماوەیەکی دوور درێژ بژی، وبەزوویەکی زوو تیشکی ئازادی لێ هەڵبێتو بەرەڵلا بکرێ، پێم وایە نەك هەرکورد پێویستە لەسەریان پشتی ئەو مرۆڤە مەزنە بگرن، بەڵکو خەڵکی ئازادی خوازی ئەم دنیایەش پێویستە لەسەریان پشتی ئیسماعیل بەشکچی بگرن چونکە ئەو پیاوە مرۆڤەو مرۆڤ دۆستە. مەبەست لەوە نی‌یە تەنێ لەسەر کورد دەکاتەوە، وباسی مافی کورد دەکات، هەستی مرۆڤ دۆستی وای لێکردووە بەرگری لەمافی کورد بکا.

بەشکچی لەسەر بەرەی بەشخوراو هەڵدەداتێ، جا یەکێ ئاوا بەو شێوەیە لایەنگری بەشخوراوان بکا، پێویستە نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی ژێر دەستە، توند پشتی ئیسماعیل بەشکچی بگرێ، و هەوڵ بدا لە سنوورێکی جیهانیدا، کەسانێك پەیدا ببن، بۆ رزگار کردنی ئەو مرۆڤە مەزنە لە کۆت‌و زنجیری تۆرانی‌یەکان.

گ. نوێ: دکتۆر جەماڵ نەبەز: یەیامتان چی‌یە بۆ نووسەران‌و هونەرمەندان‌و رۆشنبیرانی کورد، لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان؟؟

د. نەبەز: **نووسەران‌و هونەرمەندان‌و رۆشنبیرانی کورد، چ لە کوردستان‌و چ لە دەرەوەی کوردستان، پێویستە لە سەریان لایەنگری‌یەکی بابەتانە بکەن بەو شێوەیەی لەمەوبەر باسی لایەن گریمان کرد، پێویستە لەسەریان‌و دەبێ بەهیچ جۆرێ خۆیان لە سیاسەت دوور نەخەنەوە لەبەر ئەوەی کەوا حیزبێك، یان کۆمەڵێك، کردەوەیەکی وای کردووە کە بەدڵی ئەوان نی‌یە، پێویستە هەوڵ بدەن، لە نێوەوەی کوردستان، جەماوەری خەڵکەکە رۆشن بکەنەوە، ئەگەر لە دەریشەوەبن، هەوڵ بدەن، دۆست‌و لایەنگری راستەقینە بۆ کورد بدۆزنەوە، حەز دەکەم لێرەدا تۆزێ لەسەر ووشەی رۆشنبیر بدووم، چونکە رۆشنبیر لە رۆشنایی‌و بیرەوە هاتووە، رۆناك بیریش هەر لە رۆناکی‌و یان رۆناهی‌و بیرەوە هاتووە، رۆشنایی یان رۆناکی یان رۆناهی لەنێو کورددا مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، وپێوەندی بە کولتوری نەتەوەی کوردەوە هەیە، چونکە کورد لە سەردەمی کۆندا، خۆر (رۆژ) پەرست (میترایست) بوون، ئایینی خۆر لەناو کورددا زۆر باوی بووەو خەڵك خۆریان بەسەرچاوەی ژیان زانیوە، ئەم بیرە هوردە هوردە، تەشەنەی کردووەو بۆ گەلێك شوێنانی جیهان‌و گەلێك وولاتانی ئەم دنیایە، لەسەر ئایینی خۆرپەرستی (میترایست) بوون.

رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە شتێکی خرا پی دی، کە کارێکی ناڕەوای دی، بێ دەنگ نەبێ،

رۆناکی لەنێو کورددا دەورێکی زۆر گرنگی دیوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی میترایزم گەیشتە وولاتانی دیکەی جیهان، ئێستا پاشماوەی ئەو ئایینە هەر ماوە، بۆ نموونە دەبینی لەهەموو جیهاندا کە ئەگەر یەکێك شتێك لە ئێزدان داوا بکاو لە خودێ بپارێتەوە، دەست

دەبا بۆ ئاسمان، بۆچی؟ چونکە، رۆژ (خۆر) لە ئاسماندایە، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات دەستێ بەرز دەکاتەوەو سەرێ هەڵدەبڕێ بۆ ئاسمان، ئەوجا پاشماوەی ئەو ئایینە، لەنێو ئێزیدیەکاندا هەیە، لەنێو کاکەییەکاندا، لەنێو ئەلەوییەکاندا، بۆ نموونە کە ئێزیدیەکان نوێژ دەکەن روو دەکەنە خۆر، ئەوجا نامەوێ بەدوورو درێژی لەسەر ئەوە بڕۆم، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە زەردەشتیش ئایینەکەی هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دانا، هەرچەندە باسی رۆناکی و تاریکی نەکرد، بەڵکو باسی خێرو شەڕی کرد. بەڵام خێرو شەڕەکەش هەر شتێکە وەک رۆناکی و تاریکی، ئەوجا مانی دەرکەوت کە یەکێك بوو لە پەیامبەران، مانی لە هەمەدان لە دایك بوو لە بابل گەورە بوو، ئەویش ئایینەکەی لەسەر بناغەی ئاییني (زەردەشتی)و (میترایزم) دامەزراوە، بەڵام لەباتی خێر دەڵێ رۆناکی و لەباتی شەڕ دەڵێ تاریکی جا کەواتە مەسەلەی رۆناکی لەنێو کورددا ژێرخانێکی میژوویی و فەرهەنگی هەیە، ئەو کەسەی کەوا پێی دەڵێن رۆشنبیر، دەبێ کەسێك بێ کە گیانی پاك بێت، ئامانجی خێرخوازی بێ بۆ مرۆڤایەتی. ئەگەنا زۆر کەس هەن لەنێوان رۆشنبیرو زانستکاردا، هیچ جیاوازییەك نابینین، کەسانێك هەن زۆر شت دەزانن بۆ وێنە: زانان لە کیمیادا، لە فیزیکدا، لەماتماتیکدا بەڵام مرۆڤی رۆشنبیر نین، رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە شتێکی خراپی دی، کە کارێکی ناڕەوای دی، بێ دەنگ نەبێ، چونکە رۆشنبیر خێرخوازە خراپە پەسەند ناکا، کەواتە رۆشنبیرو زانا یەك شت نین، بەڵام کەسانێك هەن زانانو لەهەمان کاتیشدا رۆشنبیرن، مەرج نییە مرۆڤی رۆشنبیر خوێندەوار بێ یان لە زانستگە خوێندبێتی، نەء. زۆر کەس هەن رۆشنبیرن بەڵام هیچیان نەخوێندووە، یان خوێندنێکی زۆر کەمیان خوێندووە، زۆر کەسیش هەن زۆریان خوێندووە، بەڵام لەهەمان کاتدا رۆشنبیر نین تاریکبینن، لەبەر ئەوە پێویستی سەرشانی رۆشنبیران ئەوەیە پشتی مرۆڤی چەوساوەو مرۆڤی لێقەوماوو مرۆڤی بەشخوراو بگرن، و لەسەری بکەنەوە، جا کە رۆشنبیرانی کورد، دەبینن نەتەوەکەیان ژێر دەستەیە، نەتەوەکەیان بن دەستە، نەتەوەکەیان بەشخوراوە چەوساوەیە، پێویستی سەرشانی ئەوان ئەوەیە کە لەسەر نەتەوەی کورد بکەنەوە، ئەوجا ئەو رۆشنبیرانە لە کوردستاندا بن، یان لە دەرەوەی کوردستان بن، لێرەدا دەبێ ئەوەش بێژم کە لە نێو (رۆشنبیرانی) کورددا، تاقمێکی زۆر هەن کە هەل پەرسن، حەز ناکەم درۆ لەگەڵ خەڵك بکەم، بەراستی هەلپەرستی لەنێو (رۆشنبیرانی) کورددا زۆر زۆر زیاترە، وەك هەلپەرستێتی لەنێو رۆشنبیرانی گەلانی دراوسێو گەلانی دیکەدا. لەبەر ئەوە ئەو تاقمەی وان پێیان ناگوترێ رۆشنبیر، پێیان دەگوترێ مرۆڤی خوێندەوار، یان مرۆڤی زانستکار، چونکە رۆشنبیر بەمانا کوردییەکەی مانای مرۆڤی خێرخوازە، مرۆڤێ کەوا لایەنی خێر بگرێ، لایەنی رۆناکی بگرێ، لە دژی تاریکیو شەڕخوازی، ئەو کەسەی هەر رۆژە لەسەر پەتێ هەڵپەڕێ، رۆژێ لەگەڵ ئەم حیزبو رۆژێ لەگەڵ ئەو حیزب، رۆژێ دژی ئەم حیزب،و رۆژێ دژی ئەو حیزب، هەر لەبەر خاتری بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، یا لەبەر خاتری کاروباری هەلپەرستانەی خۆی، تۆ ناتوانی پێی بڵێی رۆشنبیر، جا لەبەر ئەوە رۆشنبیرانی کورد پێویستە رایەخی ژێر خۆیان، لەرایەخی ئەو جۆرە کەسانە دوور بخەنەوە، وبەهیچ جۆرێ رێ نەدەن کابرایەك کەوا رۆژێك سڵاواتی داوە لە رژێمێکی دیکتاتۆری وەك رژێمی سۆڤێت،

دەبێ ئەوەش بێژم کە لە نێو (رۆشنبیرانی) کورددا، تاقمێکی زۆر هەن کە هەل پەرسن، حەز ناکەم درۆ لەگەڵ خەڵک بکەم، بەراستی هەڵپەرستی لەنێو (رۆشنبیرانی) کورددا زۆر زۆر زیاترە، وەک هەڵپەرستێتی لەنێو رۆشنبیرانی گەلانی دراوسێ و گەلانی دیکەدا.

رۆژێکی دی شتی وەرگێڕاوە بۆ دیکاتۆرێکی وەک سەدام، رۆژێک لەگەڵ ئەم حیزب بوە دژی ئەو، لەگەڵ ئەو حیزب بووە دژی ئەم، جارێکی دی بێتە پێشەوەو لەم حیزب بخواو لەوحیزب بخواو، لەهەموو دیزەیەکیشدا ئەسکوێ بێ. ئەوانە هەزار ماستاو سارد بکەنەوە، نابێ گوێیان بدرێتێ. مرۆڤی بەشەرەف ئەوەیە، بەلایەوە هیچ گرنگ نەبێ تۆ پەسن (مدح)ی دەدەیت، یان سەرشکێنەی دەکەی، ئەوە گرنگ بێت بەلایەوە ئەو شتەی کە تۆ دەیڵێیت راستە یان راست نیە، نابێ ڕێ بدرێ بەمرۆڤی هەل پەرست و کوڕی رۆژ، وماستاو ساردکەرەوە، سوود لەم بارە نالەبارەی کوردستان وەربگرن، بەڵێ شتی زۆر خراپ هەیە لەنێو کورددا، شتی زۆر قۆڕ هەیە، هەڵە زۆر کراوە، تاوان باری رووی‌داوە، کاری گوناهباری کراوە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەم شتانە بەشێوەیەکی رەخنە گرانە تەماشا بکەین، بەشێوەیەکی راست کەرەوانە تەماشا بکەین، نەک رەخنە بگرین لەهەستی دوژمنایەتی یان پەسن (مدح) لە دۆستایەتی، نەء بەڵکو هەوڵ بدەین، ئەو دۆخەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا هەیە، بەسەنگو تەرازوویەکی مرۆڤ دۆستانە بپێوین، سەنگو تەرازووی مرۆڤ دۆستانەش ئازادی‌و یەکسانی مرۆڤە، چ سەنگو تەرازوویەکی دیکە نیە کە لە سەنگو تەرازووی ئازادی‌و یەکسانی راست تر بێت، هەر سەنگو تەرازوویەکی دیکە بهێنیت، چ.. چینایەتی، چ.. ئایین، چ.. نیشتمان پەروەری، هەر شتێك ببینی لەم جیهانە، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ سەنگو تەرازووی ئازادی‌و یەکسانی.

گ. نوێ: دکتۆر جەمال نەبەز: من ئاشنا وەک پەیامنێرێکی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، لەدەرەوەی وڵات لە ئەوروپا، سوپاست دەکەین عەزیزتمان دایت، ئەرکت کێشا، بۆ ئەم چاوپێکەوتن و دەمەتەقێو دانیشتنە، پەیامەکەشت دەگەیەنمە شوێنی خۆی (بنکەی رۆشنبیری گەلاوێژی نوێ) و خوێنەرانی کورد. هەر شتێکیشت هەیە، فەرموو بەخۆشحاڵیەوە ئەگەر هەر شتێکە لە گۆتایی‌دا وەک دووا پەیامتان؟

دوا وەرام/ د. نەبەز: زۆر زۆر سوپاست دەکەم، ئەوەتە تۆش هاتوویت بۆ ئێرە زەحمەتت کێشاوە، کاتت بەخت کردووە لەم پێناوەدا.. بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندی‌یەکی تایبەتی خۆتی تێدا بێت بۆ گۆڤارێکی کوردی کار دەکەی، کە هیوام وایە ئەو گۆڤارە دەورێکی باش ببینێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، سڵاوی من بگەیەنە هەموو ئەوانەی کە لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا کار دەکەن، هەروەها بۆ هەموو ئەو دۆست‌و هاوبیرانەی کەوا دەیان بینیت، چ.. لەوڵات، چ.. لە دەرەوەی وڵات، هیوام خۆش بەختی هەموو لایەکتانەو هەر بژین.


عارەبی شەمۆ

رۆمانی کوردی

بەدیالێکتی کرمانجی سەروو

١٩٣٥ - ١٩٨٧

نوسینی: ئامەد

مەجید دڵنیا

بەدەستکاریبەوە لە لاتینییەوە گواستوویەتیەوەو کردوویە بە سۆرانی

رۆمانی کوردی لە چاو ژانرەکانی تری ئەدەبدا زۆر دواکەوتووە، چونکە کاریگەری ژێر دەستەیی لەسەر گەلی کورد بەزەبرە. زۆر لە ئەدیبو نووسەرانی کورد خزمەتی ئەدەبی گەلی سەردەستیان کردووە. بۆیە ئەتوانین بڵێین رەوشی ئەدەبی کوردی وەکو رەوشی گەلی کورد وایە لە بوارەکانی جوگرافیو زمانناسیو سیاسیداو.. هتد.

ئینجا لەگەڵ ئەو هەموو مەرجەی لەسەر کوردان هەبووە.. وێژەی کوردی هەندێ جار هەنگاوی پێشکەوتنی ناوە، لە ساڵی ١٩٢٠دا کوردی کوردستانی باشور هەندێ مافی (خوێندنو نووسین)ی بە زمانی کوردی دەست کەوتووە، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا رژێمی عێراق بێ چارە ماوەتەوەو ئۆتۆنۆمی بەکوردستانی باشور دا (نووسەر چۆنیەتی ئەو ئۆتۆنۆمیەی روون نەکردۆتەوە تاچەندێ پیادە کراوە) م.د.

چەند ساڵێك دوای دامەزراندنی دەوڵەتی بۆلشەفیك لە روسیا، کوردەکانی شوورەوی کە لە گورجستانو ئەرمەنستانو ئازەربایجان دادەنیشتن، بەهەندێك مافی رۆشنبیری گەیشتن. لە ساڵی ١٩٣٠و لەسەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا، کوردەکان بۆ کۆمارەکانی پشت قەفقازو ئاسیای ناوەڕاست کۆچیان پێ کرا.

رۆمانی کوردی بۆ یەکەمجار لەناو کوردەکانی رووسیا بەدیارکەوت، هەرچەند ژمارەی ئەو رۆمانانە بەتەواوی نازانین، دوای کۆچپێکردنی کوردان لە ١٩٣٠دا ئەمڕۆ زمانو رۆشنبیری ئەوان کەوتووەتە بەر مەترسی نەمان.

نوێنەری گروپی کوردان (مامیدۆف) چووە کۆنگرەی نوێنەری گەل، تاوەکو بتوانن لە رووی پۆشینی بەرگو عادەتی نەتەوەییەوە مافیان پێبدرێ.

کورد لە باکورو باشوری رۆژئاوا لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێ بەشکران. تەنها لە رۆژگاری داگیرکاری فەرەنسا لە باشووری رۆژئاوای کوردستان (سوریا) ١٩٢٠–١٩٤٦ لە ساڵی ١٩٣٠–١٩٤٠ دوو گۆڤار دەرچووە، هاوار ١٩٣٢–١٩٤٣و روناهی ١٩٤٣–١٩٤٥ (لە راستیدا بەپێی تێگەیشتنی راستیەکەی د. کمال مظهر رۆناهی لە ١٩٤٢ دەرچووە نەك ١٩٤٣) (م.د) لەگەڵ چەند کتێبێکی کوردی کە لە شام چاپ کراون، لە کوردستانی باکور (تورکیا) هەمیشە رەوش خراپ بووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەم ساڵانەی دوایی بەکوردی (سرۆێ) لە ورمێ (رەزائیە)، (پێ دەچێ مەبەستی گۆڤاری سروە بێ –وەرگێڕ–)

گۆڤارێك دەرچووە بەڵام دیسان مرۆڤ ناتوانێ بڵێ رۆشنبیری کوردی لەوێش سەربەستە.

ئینجا ئەم رەوشە ئەنجامێکی خراپی بەپاشەڕۆژی وێژەی کوردی گەیاندووە. بەتایبەتی لە بواری رۆمانی کوردیا، بۆیە ئەمانەوێ لەم وتارەدا هەندێ لەسەر رۆمانی کوردی بوەستین (نووسەر لێرەدا قسەکەی شمولی دەکاتەوە، گەرچی ئەو مەبەستی رۆمانی شێوە زاری کرمانجی ژوورووە —وەرگێڕ).

یەکەم رۆمانی کوردی بەشێوە زاری کرمانجی سەروو لە ناو کوردەکانی ئەرمەنستان نووسراوە، کە لە ناوەڕاستی سالّی ١٩٣٠ بلاّوبۆتەوە.

نووسەری ئەو رۆمانە عەرەبی شەمۆیە. عەرەب شامیلۆڤ، نووسەرێکی کوردی بۆلشەویکەو بەباوکی رۆمان نوسی کوردی ناسراوە، لەبنەماڵەی شێخی عەزدیەو لە هۆزی (هەسەنی)یە لە ناوچەی سورمالی لە (رەوان) دادەنیشێت. عەرەبی شەمۆ لە سالّی ١٨٩٨دا لەدایك بووە، یەکەم رۆمانی بەناوی (شڤانی کورد)ە، ئەم رۆمانە چەندین جار بۆ زمانەکانی روسی و ئەرمەنی و ئازەری و تورکی و فەرەنسی وەرگێڕراوەو چاپو بلاّوکراوەتەوە، ئەم چاپەی لەبەر دەستی ئێمەدایە لە سالّی ١٩٣٥ لەلایەن دەولّەتەوە لە رەوان چاپ کراوە، نووسەر دەربارەی ژیاننامەی خۆیی و ئەزموونی تێکۆشانی لە پارتی بۆلشەفیکدا دژی دەسەلاّتداری دەرەبەگی کوردو پارتی تاشناقی ئەرمەنی و حکومەتی قەیسەری دەدوێ، رۆمانی دووەمی بەناوی (کوردێن ئەلەگەز) ئەم رۆمانەی لە ژێر ناوی (مستۆ) لەجیاتی ناوی عەرەبی شەمۆ بلاّو کردۆتەوە. نووسەر لەم رۆمانەدا، رۆڵی خۆیی و ژیانی خۆی لە مەترسیدا نیشان دەدات، رژێمی ستالین لەدوای سالّی ١٩٣٠دا، رەوانەی مەنفای کردووە بۆ سیبریاو لەوێ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە. دوای گەڕانەوەی دیسان دەستی داوەتەوە پێنووسەکەی و دەستی بەنووسینی رۆمان کردۆتەوە. لە سالّی ١٩٥٨دا رۆمانی سێیەمی نووسیوە بەناوی (بەربانگ) دیسان باسی ژیانی خۆی تیا کردووە. چوارەمین رۆمانی بەناوی (ژینا بەختەوەر) لە سالّی ١٩٥٩ دا چاپ کردووە، ئەم رۆمانە زۆر درێژە، لەسەر خێڵێکی کورد دەدوێ، خێڵ لە ئالیەیەکی ژێر دەسەلاّتی عوسمانی بووەو بەهاوکاری دەرەبەگە کوردەکانەوە چەوسێنراوەتەوە. خێڵ بەناچاری دوای جەنگی جیهانی یەکەم بار دەکاو روو لەئەرمەنستانو گورجستان دەنێت، نووسەر لەسەر ژیانو رۆیشتنی ئەو خێڵە کوردە قسە دەکات، بەواتایەکی تر عەرەبی شەمۆ خوازیارە نموونەیەکمان لەو کوردانەی کەلە ئالیەی عوسمانیانو کەمالیستان هەلاّتوون بەرەو رووسیا پێ نیشان بدات.

رۆمانێکی تری عەرەبی شەمۆ رۆمانی (دمدم)ە، کە باشترین رۆمانێتی لە سالّی ١٩٦٦دا چاپ کراوە. ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە لە داستانی قارەمانی قەلاّی دمدم وەرگیراوە. ئەم داستانە کە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا لە نێوان لەشکری شا عەباسی سەفەوی و بەرگری میرانی کورداندا روویداوە، لە ژێر سەرکردەیی (خانۆی چنگ زێڕین). رۆمانی دمدم پارچە کردنی کوردستان کە لە پەیمانی ١٦٣٩ لە نێوان شای ئێرانو سولّتانەکانی عوسمانیدا روویداوە باس دەکات. (نووسەری ئەم وتارە کەوتووەتە هەلّەیەکی مێژوویی‌یەوە، داستانی قەلاّی دمدم لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا واتە لە سالّی ١٦٠٨دا روویداوە کە رۆداوەکە لەناوخۆی ولاّتی ئێراندا بووە. ئەم داستانە و ئەم رۆمانی قەلاّی دمدمە هیچ پەیوەندییەکی بەرێککەوتنامەی زەهاوی ١٦٣٩ەوە نیە، وەك نووسەر باسی کردووە —وەرگێڕ)..

وەکی تر نووسەر رەخنە لە دەرەبەگە کوردەکان دەگرێت کە لەناو لەپی شاکانی ئێرانو عوسمانیدان.

بێجگە لە عەرەبی شەمۆ لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت هەندێك رۆمان نووسی تر هەبوون وەکو (حاجی جندی و عەلی عەڤدل رەحمانو سەعێدێ یئبۆو میرۆیێ ئەسەد) جگە لە پەڕتووکی بیبلۆگرافیای ژوورو هیچ سەرچاوەیەکی تر لەبەر دەستماندا نی‌یە، کەرەنگە ئەو رۆمان نوسانە رۆمانی تریان هەبن و لەم بیبلۆگرافیایەدا باس نەکرابێت.

عەلی عەڤدل رەحمان دووەم رۆمان نووسە، دوای عەرەبی شەمۆ دێت و لە ١٩٢٠ هاتۆتە


دونیاوە. یەکەمین رۆمانی بەناوی (گوندێ مێرخاسان) لە ساڵی ١٩٦٨ چاپ کراوە، نووسەر ویستوویەتی بۆیەری راپەڕینەکەی (سەریهەلدانا) شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دیار بکات، قەتڵو عامەکەی مستەفا کەمال پاشا لە دژی کوردانی ئازادیخواز نیشان بدات، لەبەر ئەم ستەمە زۆر لە خێڵە کوردەکان خۆیان دەرباس کردو بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات کۆچیان کرد. عەلی عەفدل رەحمان رۆمانێکی تری نوسیوە، مخابن دەستی ئێمە نەکەوتووە.

رۆمان نووسێکی تر سەعیدی ئیبۆیە. سەعیدی ئیبۆ پزیشکی منالآنەو لە رەوانێ لە گوندی قارخونی خوارو (نهاجرارات) لە ساڵی ١٩٢٤ لەدایك بووە. یەکەمین رۆمانی بەناوی (کوردێ رێوی) لە ساڵی ١٩٧٩ چاپ کردووە. ئەم رۆمانە باسی ژیانیو بەلەنگازیو دەست بەخوێندن کردنی دەکات، ئەتوانین بڵێین سەعیدی ئیبۆ شوێنێکی بڵندی لە ئەنجومەنی سۆڤیەتدا گرتووە.

میرۆیێ ئەسەد، رۆمان نوسێکی تر، لە ساڵی ١٩١٩ لە دایك بووە. سەرنووسەری گۆڤاری (رێیا تازە) بووە. رۆمانێکی بەناوی (سیسێ) لە ساڵی ١٩٦١ باڵوکردۆتەوە. میرۆیێ ئەسەد لەو رۆمانەدا، سەردەمی منالێتی خۆیو ملمالانێی چینایەتی (Classe - Tebeqe) باس دەکات. باسی خەڵکی دێهاتەکانو کرێکارەکانو کانە خەڵوزەکانو دەرەبەگەکان دەکات.

حاجیێ جندی، گەورەترین فۆلکلۆریستی کوردی سۆڤیەتە، لە گوندی ئەرمەنچایری قارس لە باکوری کوردستان لەساڵی ١٩٠٨ لە دایك بووە. رۆمانێکی نووسیوە بەناوی (هەواری)و ساڵی ١٩٦٧ باڵاوی کردۆتەوە، ئەم رۆمانە باسی جێگیربوونی کوردان لە شارەکان دەکا. رۆمان نووس باس لەو کوردانەی قارس دەکات، لە ئالیەتی ئیمپراتۆریەتی قەیسەریدا بوونو پاشان لە رۆژگاری جەنگی جیهانی یەکەم بەرەو تورکیا چوون.

شایانی باسە جەلیلێ جەلیل، لە کتێبەکەیدا بەناوی (کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت) بیبلیۆگرافیایەکە (١٩٢٠ - ١٩٨٠) ناوی هەڵبەستەوان (نوری هیزانی) تێدایە، لە ئەرمەنستان رۆمانێکی بچوکی بەناوی (شەوقا سبێ) لەساڵی ١٩٣٤ باڵاو کردۆتەوە، ئەم رۆمانە ٦٣ لاپەڕەیەو بە بۆچوونی ئێمە ئەم بەرهەمە چیرۆکە نەك رۆمان. هەروەك دەزانین کە نوری هیزانی کاری خۆی لە هەڵبەستا درێژە پێدا نەك لەواری رۆماندا.



دەبینین ئەم ژمارە کەمەی کوردەکانی سۆڤیەت، لە کۆی (٢٠-٢٥) ملیۆن کورد لە کوردستاندا، رۆڵێکی پڕ بایەخیان لە پێشخستنی وێژەی کوردیدا بینیوە، ئەتوانین بڵێین کە رۆڵی ئەوان لە هەر پارچەیەکی تری کوردستاندا لەواری وێژەدا دیارترە، ئەمەوێت چەند وتەیەك دەربارەی زمانی نووسینی ئەوان بڵێم، بەڵام باشترە پێش ئەوە لەسەر ئەلفبای ئەوان هەڵوەستەیەك بکەین. ساڵی ١٩٢١ (هاگۆپ گازاریان) ئەندامی پارتی هنجاقی ئەرمەنی، ئەلفبایەکی بەپێتی ئەرمەنی لەسەر ناوی (شەمس) لە ئەرمەنستان باڵاوکردەوە. زۆری پێ نەچوو ئەلفبایەکی تر بەپێتی لاتینی کە لە ٣٧ پیت پێك دێت کە عەرەبی شەمۆو ئۆ. ئی. مارۆگولوف پێکەوە دایان ناوەو لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠ چاپ کراوە، دوای ئەوە ئەلفبایەکی

تر له شوێنی ئەو بەپیتی (کیرلی) بڵاو بووەوەو تائێستاش بەکار دێت. دەبێ راستیەکی تر نیشان بدەین کە زمانی کوردی ئەمڕۆ لە سۆڤیەتستانێ بەکار دێ، سەرانسەر گۆڕانێکی تایبەتی تیا بووە، لە رووی رێزمانیەوە کەم و کوڕی هەیە و لە ژێر تەئسیری زمانی بێگانەدا ماوە، ئەوانە زۆر ئەنجامی خراپیان بووە. کوردەکان لە ناوچەکانی لاچین و کەلباژاری و نەخچەوان زۆربەیان نەخوێندەوار مانەوە. کوردەکان لەسەردەمی ستالیندا بەسەر کۆمارەکانی سۆڤیەتدا بڵاوکرانەوە. بەتایبەتی لە تورکمانستان و کرگیزیاو کازاغستان جێ نشین کران. ئەوان بەهیچ مافێکی رۆشنبیری نەگەیشتن، وایان لێ هات زمانەکەیان فێر نەبن. تەنها ئەوانە نەبێ کە زمان زان بوون. کورد ناتوانێ لە رەوشی واخراپدا ئامانجەکانی وێژەیی گەشەپێبدات. چەوساندنەوەو زۆرداری رژێمی داگیرکەر لە کوردستاندا لە دژی کوردانی ئازادیخواز کە داوای کێشەی نەتەوەیی و رۆشنبیری دەکەن کوردەکان ناچار دەکەن کە وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن و ببنە پەنابەر لە ئەوروپاو رۆژئاوا. لەناو ئەمانەدا رۆشنبیری وریا هەیە رۆمان بنوسێت. پێش ئەوەی لەسەر ئەم رۆمان نووسانە قسە بکەین، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو رۆمان نووسە لاوانەی کە تەمەنی نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ (١٠–١٥) ساڵێك، نەیان توانیوە خۆیان بگەیەننە پلەی پێشکەوتنی هونەری کوردەکانی سۆڤیەتستان. بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونی خۆمان روونتر شرۆڤە بکەین، ئەم چەند خاڵە دیاری دەکەین:–

١– ئەم رۆمان نووسانە بنکەیەکی ئەدەبی کوردییان نیە. ئەو کوردیەی دەیزانن ئەوە لە دەرەوەی وڵات خۆیان فێری نووسینی کردووە.

٢– ئەوانە لە رۆشنبیری نەتەوەیی پاك هاتوونەتە دەرەوە.

٣– کرمانجی خواروو بە ئەلفبای عەرەبی دەنووسن و گیروگرفتی (problem)یان زۆر هەیە. ئەوانە کەم کەسیان دەتوانن بەپیتی عەرەبی و بەو شێوە زارە بخوێننەوە. ئەم شێوە زارە تائێستا رۆڵێکی گرنگی لەواری رۆشنبیری کوردی بینیوە.

٤– لە وڵات دورکەوتنەوەو کەم بوونی بڵاوکراوەو گرانبەهابوونی چاپ و نەبوونی بازاڕێك بۆ کڕین و فرۆشتنی... هتد.

لەگەڵ ئەو دیاسپۆرەی لە دوای ساڵی (١٩٧٠)ەوە لە ئەوروپا دروست بووە تەنها چەند رۆمانووسێك دەرکەوتونە، ژمارەی ئەوان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ. ناوەڕۆکی ئەو رۆمانانە ئەزمونی ئەوان دیاری دەکات.

لەو رۆمان نوسانە: محمود باکسی وش. بەکری سۆرەکلی و محمد ئوزون و بریندارە، بریندار خەڵکی کوردستانی باکورەو لە ئەڵمانیا دەژی، ئێمە شتێکی وا لەسەر ژیانی نازانین، یەکەمین رۆمانی بەناوی (کەچا کورد خانێ) لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوە، ئەم رۆمانە باسی شەڕی کچە ئاغایەك دەکا کە بۆ رزگاری تێدەکۆشێ و دەڕواتە سەر چیاو تەقلی شەڕی پێشمەرگە دەبێت، دووەم رۆمانی بەناوی (سۆرۆ)یەو ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە باسی خەلیل و خەزاڵ ناوێك دەکا، کە هەردووکیان خەڵکی لادێن و کوڕێکیان هەیە، ناوی (سۆرۆ)یە. دۆستێکیان هەیە ناوی چەتۆیەو کچێکی هەیەو ناوی (لەیلا)یە.

سۆرۆ لەیلا بەیەکەوە دەچنە خوێندنگە، مامۆستاکەی ئەوان ناوی (جەمیل)ە کە تورکێکی پێشکەوتووخوازە، لەلایەك مێژووی ئەوان و لەلایەکی تر مارکسیزم – لینینیزمیان فێر دەکات، سۆرۆ دەبێتە شۆڕشگێڕو ژیانی خۆی بۆ رزگارکردنی گەلەکەی تەرخان دەکات، حەز کردنێکی گەرم لە نێوان سۆرۆو لەیلادا دروست دەبێت.

محمود باکسی، رۆمان نووسێکی تڕەو بەزمانی کوردی و تورکی و سوێدی دەنووسێت، یەکەم رۆمانی بەناوی (هێلین)ەوەیە، بە سویدی لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوبۆتەوە کوردیەکەشی لە ١٩٨٤ چاپ کردووە. کوردیەکەشی لە ساڵی ١٩٨٤ چاپ کردووە. ئەم رۆمانە ژیاننامەی نوسەرە لە منداڵیەوە دەست پێ دەکا تا ساڵی ١٩٧٠، تا ئەو کاتەی ناچار دەبێ و خۆی دەرباز دەکاو بەرەو رۆژئاوای باشووری کوردستان دەچێت و لەوێوە بەرەو لوبنان و دواتر مافی پەنابەری لە سوید وەردەگرێت. دووەم رۆمانیشی چاپ کردووە،

بەڵام دەستی ئێمە نەکەوتووە. لەسەر هەردوو نووسەرەکەی تر محمد ئۆزۆن وش. بەکر سۆرەکلی، سەرچاوەیەکمان لەبەر دەست دایە، لەسەر ژیاننامەی ئەوانە.

محمد ئۆزۆن لە سوێرەك لە باکوری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣ هاتۆتە دونیاوە، لەئامەد خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٧٢ زیندانی کراوەو (٨) ساڵ حوکم دراوەو دوای دوو ساڵ بەلێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٧٤ ئازاد کراوە. لەگەڵ هاوڕێکانیدا گۆڤاری (رزگاری) دەردەکەن، ئەمەش بوەتە هۆی گرتنی و دیسان هەشت مانگ بەند کراوە، پاش ئەوە پەنابەری لە سوێد وەردەگرێ و لەم گۆڤارانە (بەربانگ و رزگاری کوردستان و هێڤی) ناو بەناو کاری کردووە، یەکەم رۆمانی بەناوی (تو) ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکردۆتەوە، ئەم بەرهەمەی چیرۆکێکی درێژە. نوسەر کەسی خەیاڵی لەم رۆمانەدا بەکارهێناوە.

دووەم رۆمانی بەناوی (مرنا کالەکی رند) ساڵی ١٩٨٧ بڵاو بۆتەوە. نووسەر دەیەوێت جیاوازی چینایەتی نیشان بدات.

بەکر سۆرەکلیش، خەڵکی رۆژئاوای باشووری کوردستانە، ساڵی ١٩٤٦ هاتۆتە دونیاوە، بەکالۆریای لە حەڵەب وەرگرتووە، پاشان لە وڵات دەردەچێت و چەند ساڵێك لە زانکۆی ڤیەننا دەخوێنێت. لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئوستراليا دەژێت. یەکەمین رۆمانی ساڵی ١٩٨٧ بەناوی (وەندابوون) بڵاوکردۆتەوە. نووسەر هەوڵی داوە رەوشی گەلەکەی باس بکات و کەلەپووری نەتەوەکانی تری تێکەڵ بەو رۆمانە کردووە، بەکورتی ئەم رۆمانە کوردانی پەنابەر نیشان دەدات کە بیری وڵاتی خۆیان دەکەن. بۆیە دەبینین جیاوازیەکی زۆر لەناو روناکبیرانی دەرەوەو ناوەوەی وڵات دروست بووە، روناکبیرانی دەرەوەی وڵات، بیانەوێ و نەیانەوێ لە میللەتەوە دورن و ناتوانن نزیك بارودۆخی گەلی خۆیان بکەون.

ئەم قسانە لەسەر ئەو زمانە دێت، کە نووسەرەکانی دەرەوەی وڵات پێی دەنووسن و خەباتی بۆ دەکەن. ئەم نووسەرانە نەیانتوانیوە خۆیان لە زاراوەی ناوچەیی رزگار بکەن، بۆیە زمانی ئێمە تا ئێستا زمانێکی ستاندارد نیە. چونکە ئەوانە لە منالی و گەورەبوون نەبوونەتە هەڵگری رۆشنبیری کوردی، هەموویان لە رۆمانەکانیاندا، پارچە پارچە بیان پێوە دیارە، بە واتایەکی تر، نووسەر رۆڵی سەرەکی لە رۆمانەکەدا دەگێڕێ و کەسێکی گرنگە، سەبارەت بەرێزمانی کوردیش، بیروڕای جیاوازمان هەیە و نامانەوێ بیروڕای خۆمان بدەین چونکە وەکو وتمان، زمانەکەمان زمانێکی ستاندارد نیە.

تێبینی:

ئەم بابەتە کرۆنۆلۆژیایەکی[1] رۆمانەکانی لەگەڵدا بوو، بەڵام لە باسەکەدا بەزنجیرە باسکرا بوو، بۆیە ئەو کرۆنۆلۆژیای رۆمانە کوردیەم بەپێویست نەزانی بیگوێزمەوە و بیکەمەوە سۆرانی.



ژێدەر: گۆڤاری (رەوشەن) بڵاوکراوەی ناوەندی رۆشنبیری میزوبوتامیا. ساڵی ١٩٩٢ ژمارە (٧) ل٣٥-٣٨.

[1] کرۆنۆلۆژیا: واتە شتێك بەزنجیرەو یەك لەدوای یەك بنوسرێ یا باس بکرێت.

دەق:

هێماو تووناو تووونەکانی واتا

کۆزاد - سنە

هێما چیە؟

بەدرێژایی دوو سەد ساڵی رابووردوو وشەی (هێما، symbol) لەهەزاران دەقی بایەخداری زانستیو فەلسەفیو زمان ناسیو هەروەها لەرەخنەکاری وتاری جوانی ناسیدا (ستاتیکی) بەدەیان واتای جیاوازو تەنانەت هێندێ جاریش دژاو دژ بەکار هێنراوە، لێکۆڵینەوەی ئەم واتا جۆر بەجۆرانە هەڵئەگرێ بۆ خۆی بابەتی کتێبێکی سەربەخۆ بێت. بۆ پارێزکردن لە پێك هێنانی نامۆییو نائاشکرایی لەکاتی بەکارهێنانی ئەم واژەیەدا نەریت وایە هەر نووسەرێك لە بابەت ئەو واتایەی بۆ هێما لە زەینیدایە دوور لە نامۆییو بەتێرو تەسەلی لەسەری بدوێ.

لە زمان ناسیدا بەگشتی هێمایان بە نیشانەیێك داناوە کە لە رێگەی رێکەوتن یان یاساو شێوەیێکی پتەوو هەروەها لە رێگەی پەیوەندی لەگەڵ ئیدە گەلێکی گشتیەوە بەبابەتەوە ببەسترێتەوە، شیکردنەوەی هێما لە رێگەی گەڕانەوەو وردبوونەوە لەو رێکەوتنو یاسایانە یان ئەو ئیدە گشتیانەوە دەکرێت، خاچ لە رێگەی پەیوەندی رووداوێکی مێژوویی و بڕواگەلێکی ئاینییەوە بەبایەخی گەردوون ناسانەی ئەو رووداوەوە، کە کۆمەڵێ لە گرینگترین باوەڕگەلی مەسیحیو تەنانەت ئیدەی گشتی مەسیحایەتی ساز ئەکات، واتایێکی تاقانەی دەستەبەر کردووەو ئیدی دەلالەتێکی ناوەکی نیە، ئەگەر خاچێك بەسەر دیوارێکەوە، یاخۆ لە شێوەی ملوانکەیێکدا ببینرێ، ئەوە بەو ئیدە گشتییەوە گرێ ئەدرێت نەك بەشتی دیکەوە.

پێویستە لەبەرا بیرو بۆچوونی فەیلەسوفانی مێژینەو پێناسە گرینگەکانیان سەبارەت بەهێندێ لەو شێوە هێماییانە - یاخۆ هونەر بەگشتی- بخەینەڕوو، بۆ چوونە ناو باسەکە پێویستە لە ئیدەکانی ئەفلاتوونەوە دەست پێ بکەین.

لە دیدی سوقراتی ئەفلاتوونەوە ئیدەکان شێوەی سەرەتاو کۆتایی و راستەقینەی شتەکانن. ئەم ئیدەگەلە (نیسبی) نین، بەڵکوو بەتەواوەتی رەهان، شتێکی سەربەخۆنو وەکوو خۆیان دەمێننەوەو هیچ گۆڕانێکیان بەسەر نایێت، هەموو شتێك لە نموونە تاقانەکەی خۆی بەشێکی زۆر کەمی پێ بڕاوەو ئەم بەشەش تەنیا لێکچوونێکی کاڵو کرچەو هیچ شتێکی تر. ئەفلاتوون ئەڵێ: مرۆڤ ئەگەر لەبەرا ئیدەکانی لە شوێنێکی دیکەی جگە لەم دنیایەو بەر لە لەدایك بوونی تاقی نەکردبێتەوە قەت ناتوانێ ئاوا

بەئاسانی شتەکانی ئەم جیهانە بناسێتەوە، ئەم ناسینە تەنیا بیرهێنانەوەیێکی نموونە سەرەتاییەکەیە، بەپێی نموونەکانی ئەشکەوت، تەنیا تارماییەك لەو سەرچاوەو ئیدە سەرەتایە بە شتەکانی دنیای هەست پێکراوی ئێمە دراوە کە کاتی بەراورد کردنو وێك گرتنیان لەگەڵ نموونە سەرەتاییەکەدا، ئەم تارماییانە زۆر بێ بایەخ ئەبن، نێوانی ئیدەکانو شتە هەست پێکراوەکان، وەکوو نێوانی شتێكو سێبەری ئەو شتە وایە، بەم چەشنە ئەفلاتوون دنیای واقیع بەم تارماییەو بەلاسایی کردنەوەی ئیدەی دادەنێو لەبابەت کاری هونەریشەوە هونەر بەلاسایی کردنەوی واقیع، هونەر دوو جار لە حەقیقەت دوور ئەکەوێتەوە، چونکە لە دیدی ئەفلاتوونەوە هونەر لاسایی کردنەوەی واقیعو واقیع لاسایی کردنەوەی ئیدەیە. بەم بۆچوونەشدا تاڕادەیەك بۆمان دەرئەکەوێ کە بایەخی هونەر لەلای ئەفلاتوون چەندە. بیروڕای ئەفلاتوون سەبارەت بەشێوە جۆراو جۆرەکانی هونەر لەهەر کام لە نووسراوەکانیا لەباری تووندو تیژیو هێمنییەوە جیاوازە، لە شوێنێکدا سەبارەت بە شاعیر ئەڵێ: شاعیر لە دۆخی جەزمەو بێ هۆشیدا لەگەڵ خواوەندی شیعر پەیوەندی دائەمەزرێنێو وەکوو ئالقەیێکی ئاسنین کە لەگەڵ موقناتیسدا وێك ئەکەون، هێزی موقناتیسەکە بەئاسنەکە ئەدرێتو ئالقەکانی تریش کە بریتی بن لە شیکارەکانی شیعرو گوێ گرەکانیان هەرکام لەبەر خۆیەوە بەهۆی ئەو وێك کەوتنو پەیوەندیەوە کەمێك لەم هێزو تەوژمەیان پێ ئەبڕێت، بەم پێیە لەبەر فراوان بوونی ئەم مەیدانەو بێ سنور بوونی مەودای ئەم هێزو تەوژمەو ون بوونی حەقیقەتی ئیدەکان بواریێکی زۆر هەیە بۆ دروست بوونی شێوەی هێماین، لە دیدی ئەفلاتوونەوە شاعیرانو هونەر مەندان چەشنێك شێتێتیە لە جۆری سێهەمیان پێشکەش کراوە کە بەبێ ئەو شێتیە بەرهەمی هونەریان پێ ناخولقێ، ئەو لەم بۆچوونەدا مەبەستی ئێمە ئەپێکێ، ئەو شێتیەتیەیە کە شێوەی هێماینی پێ ئەخولقێ. هەر لێرەدا پێویستە لەسەر بیرو بۆچوونێکی (نیتشە)ش هەڵوێستەیەك بکەین، نیتشە لە کتێبی (ئەمەی گوت زەردەشت) دا ئەڵێ: شاعیر بەهۆی بەکاربردنی مەجازی شیعرییەوە لە حەقیقەت دور ئەکەوێتەوە، بەڵام چونکە زمان بەشێوەیێکی ناچار لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ ئەم چەشنە کاربردەدا تەبایە، کەواتە کاری شاعیر هەڵاوردە نیە، بەڵکو لەوەش گرینگتر، شاعیران بۆ خۆیان ئەزانن درۆزنن و هەر ئەمەش مەزنایەتی ئەوان دەرئەخات.

هەر سەبارەت بە شێوەی هێماینی شیعر عەینوولقوزاتی هەمەدانی چەند سەدە لەمەوبەر گوتوویەتی: (هەر شیعرێ وەکوو ئاوێنەیێك وایە، هەر کەسێك تێی بڕوانێت روخساری خۆی تیا ئەبینێ) ئەگەر کەسێك بێژێ کەواتای شیعر هەر ئەو واتایەیە کە شاعیرەکەی مەبەستی بووە، وەك ئەوە وایە بڵێ ئاوێنە تەنیا سیمای ئەو کەسە نیشان ئەدات کە ئاوێنەکەی داڕشتووەو سازی کردووە، واتە سیمای ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار تێی روانیوە، کاکڵی ئەم رستەیەی عەینولقوزات لە راستیدا یەکێ لە باسە گرینگەکانی رەخنەی ئەدەبی – هونەری سەدەی بیستەم بووەو چەندان رەخنەگرو فەیلەسووفی مەزن مشتو مڕو دەمەقاڵەیان لەسەر کردووە.

(ئەرەستوو) کە یەکەمین رەخنەگری ئەفلاتوونو ئیدەکانە، پێی وایە هونەر لاسایی کردنەوەی واقیع نیە، بەڵکو تێگەیینێکی زەینی واقیعە. یەکێك لە بەڵگە بەهێزەکانیشی ئەمەیە، ئەگەر کەسێك رەخنە لە شاعیر یاخۆ هونەرمەندێك بگرێتو پێی وابێت کە بەرهەمە خولقاوەکەی دوورە لە راستیو پێچەوانەی واقیعە، ئێمە لە وەڵامیدا ئەڵێین: (شاعیران بەو

جۆرەی کە شتەکان دەبێ وابن لاساییان دەکەنەوەو پیشانیان ئەدەن) نەك بەو شێوەیەی کە لە راستیدا هەن بەڵکو بەو چەشنەی کە دەبێ هەبن، هەر لەم رووەوە هێندێ جار هونەر لە روانگەی ئەرەستۆوە لەچاو سروشتدا پلەی بەرزتری پێ دەدرێو هێندێ جاریش پلەی نزمتر.

ئێستاش بەرە بەرە بۆناو ئەو باسانە شۆڕ ئەبینەوە کە راستەوخۆ سەبارەت بەهێماو چۆنیەتی سازبوونی واتا ئەدوێن. تیۆرییەك کە لە باسەکانیدا بایەخی دەدا بە هێماو لەبەرامبەر تیۆری دەربڕی هونەردا وێستا ئەو تیۆرییە بوو کە بایەخی دەدا بەشێوەی بەرهەمی هونەری. هەڵبەت لەناوەندی باسەکانیدا لەپاڵ چەمکی شێوەدا بایەخێکی زۆریشی بەهێما ئەدا، یەکێك لە گوتاربێژانی ئەم روانگەیە فەیلەسوفێکی ئەمریکایی بوو بەناوی سۆزان لانگێر، بائەوەشمان لەبیر نەچێت لانگێر هێمای لە بواری هونەردا مەبەست بوو. لە پێشدا تیۆرێکی لە بابەت هێماوە پێشکەش کردو پاشان لە هونەرە جۆر بەجۆرەکاندا ئەم تیۆرەی تاقی کردەوە. لانگێر پێی وایە لەبەرهەمی هونەری (و لەهەر کۆمەڵێك)دا شێوە کۆهەستەکان (هێمایین) ئەکات، چونکە ژیانی کۆهەستەکان دەرئەبڕێت، ئەمەش لە رێگەیێکەوەیە کە هیچ پەیوەندییێکی بەواتای زمانناسانەوە نیە، واتە لە رێگەیێکەوە کە واتاگەلی ناوەکی دێنێتە ئاراوە، هەرچەشنە شێوە سازکردنێك خولقانی واتاگەلی ناوەکی یان هێماییەە، لانگێر لەیەکێك لە دوایین بەرهەمەکانیدا. –زەین: گوتارێك سەبارەت بەتێگەیینی هەستی مرۆڤ– کە لە ژێر کارتێکردنی دەروون ناسانی گێشتالت دایە، نووسیویەتی: (هەموو ئەزموونە ئاگاییەکان، ئەزموون گەلێکن کە بە شێوەی هێمایین خۆیان دەرئەخەن) دیسانەوە ئەڵێ گۆڕانی هێماییەنی ئەزموونەکان لەپێشدا پرۆسەیەکی زەینییە کە لە مێشکی مرۆڤدا روو ئەدات، هونەرو ئاخاوتنو ئایین باسی پێویستیەکی ژین ناسانە ئەکەنو وەکوو گۆڕانی هێماییەنی ئەزموونەکان وان لەرووبەرێکی بەرچاوو راستەقینەدا، هەروەکو هێما پەیوەندی هەیە بەواتاو ئیدەکانو لە رێگەی ئەمانەوە لەگەڵ شتەکانی جیهان پەیوەندی دائەمەزرێنێ. لە زەینیشدا بۆ ئەوەی ئیدەکان ببنە خاوەنی شێوەو فۆرم، هێماکان یارمەتیان ئەدەن، ئەمەش هەر لە رێگەی (هێما خوازی شێوەگوتار)ەوە دەشێ، بەڵام ئێمە لە هونەردا هێماخوازییێکی بێ زمان ئەبینین، هونەر بەپێچەوانەی بیروڕای (کرۆچە) وەکو زمان نیە، بەڵکوو بەتەنیا پەیوەندی لەگەڵ بەیانی ئیحساسی شێوەی هێمایین دا هەیە، بەپێی ئەم چەشنە تێگەیینە لە هونەر ئەگەینە چەشنە هەست کردنێك، بەبێ ئەوەی بەدوای واتاییکەوەبین، لانگێر لە کتێبی هەستو شێوەدا ئەڵێ: بەرهەمی هونەری هێماییێکی تاقانەیەو لەگەڵ گوتارو زماندا کە پێکهاتووە لە هێماگەلی زۆرو زەبەند، جیاوازی هەیە. هەروەکو هەموو چەشنە ناسینێکی شێوە پێویستی بەنموونەیێك هەیە، لەبابەت ناسینی هەستیشەوە مۆدێل، یانموونەیێکی واپێویستەو لانگێر ناوی لێ ئەنێ، (شێوەی هێمایین) پاشان ئەڵێ: زمان شێوەیێکی هێماینەو بنەمای وتار دەربڕی شێوەگەلی ناسینی ئەقڵانی بەئەژمار دێت. بەڵام بەنموونەی قسەکەری زمانەوە ناکرێ شێوەگەلی هەست یان لانگێر گوتەنی (ژیانی هەست) یان (ژیانی زەینی دوور لە مەنتیق) بناسینەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەبێ دەستەو دامێنی شێوەیێکی هێماییەنی دیکە ببینو ئەو شێوەیەش هونەرە.

(ئەرنێست کاسیرێر) لێکۆڵینەوەیێکی زۆر گرنگی سەبارەت پەیوەندی نێوان شێوەو هێما کردووە، ئەم لێکۆڵینەوە بەزۆری لەو کتێبەدا دەبینرێتەوە کە ناوی لێنابوو فەلسەفەی

(شێوەگەلی هێمایین) قسەکردن سەبارەت بەواتای هێما لەسەرەتادا ئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام هەرچەندە بەرەو پێش ئەچین، لەم باسەدا ئاڵۆزییکی تیۆری زۆر سەرهەڵدەدات. کاسیرێر لەمەڕ کێشەی هێما تیۆرییکی نوێی پێشکەش کرد. لەسەرەتادا بۆ ئەم باسە رووی کردە بۆچونی (کانت خوازەکان)و پێناسەی (کلاسیك)ی هێمای دووپات کردەوە: هەرکاتێ واتایێك -بەهەر چەشنێك- لە پشت پەردەی شێوە یان شتێکی هەست پێکراودا خۆی حەشار بدات، فۆرمێکی هێمایین ساز ئەکات.

ئەم چەشنە تێگەیینو درك کردنی هێما، لە نووسراوەی کانت خوازەکانداو لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرەوی هەبوو. تەنانەت فەیلەسوفێکی دیارده ناسی وەك (ماکس شیلەر)و بیرمەندێکی وەکوو (نیکۆڵای هارتمەن)یش لەمەڕ هێماو هونەرەوە لەباسەکانیاندا ئاوڕیان لەم پێناسەیە دابووەوە، کاسیرێریش گوتی: هەر کاتێك شتێکی هەست پێکراو ببێتە خاوەنی تۆژە تووناو تووندەکانی واتا، ئەبێتە هێما. کارکردی هێما بەرۆڵی واتا ناسانەی خۆیەوە ئەناسرێتەوە. بەبیروڕای کاسیرێر هەرچەشنە پرۆسەیەکی ناسین بۆ مرۆڤ، کارکردو سروشتی هێماییەتی هەیە. ئەبژەی ناسین بەتێگەیینی سووژە لە هێما، یان بەهەڵوێستی هێمایین، یاخود بەواتای کاسیرێر بە(شێوەی هێمایین)ەوە پەیوەندی هەیە. بایەخو گرینگی زمان ئاڵەمەدایە. چونکا زمان نەك هەر واتای شێوەگەلی هێمایین رائەگوێزێ، بەڵکوو ئەشیخولقێنێ، پرۆسەی ناسین بەهۆی زمانەوە (سروشتی هێمایین) بەخۆوە ئەگرێ، بەهای زمان گرینگی کارکردی شێوەیێکی هێماییەتی دیکەی وەك هونەرمان پیشان ئەدات. بەپێی ئەم بۆچوونە: کە جیهانی رۆشنبیری سیستەمێکە لە شێوەگەلی هێمایین، بواری ئەوەمان ئەداتێ کە یەکیەتی راستەقینەی شێوە رۆشنبیرییەکانو بوونی ئەم شێوە کولتوریانە وەکوو گشتێکی خاوەن جەستە پیشان بدەینو شوێنگەی هەر کام لەم شێوانە -بۆ نموونە هونەر- بەوردی بدۆزینەوە، پەیوەندی ئەم شێوانە لەگەڵ یەکتردا -بۆ نموونە پەیوەندی زمان لەگەڵ هونەردا- لەکارکردەکانیان پێك دێت.

(کاسیرێر) کاتێ ئەڵێ هونەر شتێکی هێماییەنە، هەر خۆیشی بواری ئەوەمان پێ ئەدات رێگەو راستایی واتا ناسیەکەی بناسین، هونەر وەکوو هەموو شێوەیێکی هێماییەنی دیکە خاوەنی دوو مەیانە:

مەیانی سروشتی یان بەرهەست، و مەیانی واتایی یان دەروونی کە ئەمەیان لەوی تریاندا وەن بووە، ئەم پەیوەندییەی نێوان هەستپێکراوو واتا، سێ شێوەی مەنتیقی بەخۆوە ئەگرێت: (۱) دەربڕین Expression (۲) نواندن Representation (۳) واتای بێ خەوش، هونەرو ئوستووەرە لەرادەی دەربڕیندان، زمان لە رادەی نواندندایە، و زانست لەرادەی واتای بێ خەوش دایە، لەهونەردا کە پەیوەندی لەگەڵ دەربڕیندا هەیە، مەودایێك ئەکەوێتە نێوان هەست پێکراوو واتا. ئەم مەودایە لە زماندا نیە، هەر بەم هۆیەوە روانگەیێکی وەك هی (کرۆچە) کە جیاوازییەکی لەنێوان هونەرو زماندا بەدی نەئەکرد، روانگەیێکی راست نیە.

لەهەموو لێکۆڵینەوەیێکدا بۆناسینی هونەرو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی، واتە ناسینی مەودای نێوان هەست پێکراوو واتا، وادەرئەکەوێ رێگەیێکی دیکەمان نەبێ جگە لەوەی پووختەبوونو کامڵ بوونی شێوە گەلی واتایی‌و فیکری لەناو شێوەو ژیانی هێماییەنی خۆیاندا لێیان بکۆڵینەوە، توێژینەوەی شێوە یان بنەمای بەرهەمی هونەری دەبێ (لەدەروونی ژیانی بەرهەمەکەدا) بکرێت، بۆ دۆزینەوەی هۆی سەرەکی پوختەبونی کولتورو هونەر ئەبێ لەناو

خۆیاندا بۆیان بگەڕێین، واتە لەناو ئەو پرۆسەگەلی فیکریو ئەو شێوە هێماییناندا کە لەم پرۆسانە جیا نەکراونەتەوە.

بەبۆچوونی کاسیرێر هونەرمەند یاساگەلێکی تایبەت نادۆزێتەوە، بەڵکو شێوە ئەدۆزێتەوە، ئەم شێوەیە بەبێ هونەرەکە بێ واتایە، هونەر نەك هەر دۆزەرەوەی فۆرمە بەڵکو پێکهێنەریشیەتی، کارکردی سەرەکی هونەر –وەکوو هەموو شێوە هێماییەکان– هێزو دەسەڵاتی ساز بکەری شێوەکانە. راستە ئێمە لە رێگەی تێگەیینی هەستەوە پەیوەندی لەگەڵ هونەردا ئەکەین، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتای کارەکەیە، هێڵەکانو تەرحەکانو قەوارەکانو.... شێوەکان هەر نابن بەتێگەیینی هەستی ئێمە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی (ساز ئەبن) تۆخەکانی واتاش لەگەڵ خۆیاندا ئەهێنن‌و لەگەڵیاندا دەبنە یەکێك.

(پۆڵ ریکۆر)یش بەش بەحاڵی خۆی لە باسە هێرمینوتیکیەکانیدا شوێن پێی هێماکانو پەیوەندی هێماکانی بەواتاوە هەڵگرتووە. پۆل ریکۆر لە گوتارێکیدا بەناوی (هێرمینوتیك: بووژاندنەوەی واتا، یان کەم کردنەوەی گومان) ئەڵێ، هیچ چەشنە هێرمینوتیکێکی گشتی یان یاساو پرۆگرامێکی گشتی بۆ شیکاریی لە گۆڕێدا نیە، جگە لە تیۆریگەلێکی جیا جیاو دژ بەیەك سەبارەت یاساو بەرنامەی شیکاریی. هەروەکو لەناو ئەم هەموو تیۆریانەدا ئاماژە بە دوو تەوەرەی دژ بەیەك ئەکات کە گەورەترین کێشەو ململانێی شیکاریی لەنێوان ئەم جووتەدایە. لەلایێك تیۆرێکە کە هیرمینوتیك، بەواتای ئاشکرا کردن‌و بووژاندنەوەی واتایێك دائەنێ کە بەشێوەی پەیام‌و راگەیاندن، یان بەواتەی هێندێکیان بەشێوەی رەمزێکی ئیلاهی Kerygma بۆ ئێمە دێت، لەلایێکی دیکەش تیۆرێکە کە هیرمینوتیك بەلابردنی نهێنی‌و کەم کردنەوەی گومان دائەنێت. ریکۆر لەمیانەی باسێکدا لەسەر تیۆری یەکەم ئەڵێ، ئاخۆ چاوەڕوانی کردنی لایەنی گفتوگۆبوون، هاندەری سەرنجدانی بابەت نیە؟ ئەوەی لەم چاوەڕوانیەدا بەدی ئەکرێت متمانە کردنە بەزمان: بڕوا کردن بەوەیە، ئەو زمانەی کەهەڵگری هێمایە، پتر کەرەسەی گفتوگۆیە لەگەڵ مرۆڤ، نەك کەرەسەی گفتوگۆی مرۆڤ. ئەم چاوەڕوانیەو ئەم متمانەو بڕوایەیە کە بایەخێکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی هێماکان دەدات، بەڵام ئەمە هەر ئەو شتەیە کە رەوتێك بەگشتی لەهێرمینوتیکدا دژایەتی ئەکات، ریکۆر ئەو رەوتەش ناو ئەنێت هێرمینوتیکی گومان. ئەم تیۆرییەی شیکاریش بەگومانەوە دەست پێ ئەکات، ئەم هێرمینوتیکە بابەتەکە دەرنابڕێ بەڵکوو دەمامکەکان لائەبات‌و ئەو شیکارییەیە کە پەردەکان کەم ئەکاتەوە، جارێکی ئاوڕێك لەم باسە ئەدەینەوەو ئەڵێین، ئەگەر یەکەمین نیشانەی هێرمینۆتیکی بووژاندنەوەو چاوەدێری کردنی بابەت‌و هۆگربوونی بابەت بێت، ئاخۆ ئەوە ناگەینێ کە دڵنیاین بابەتیش بەجۆرێك لە تەکماندا ئەدوێ؟ ئەی ئاخۆ چاوەڕوانی کردنی بابەت متمانە کردن بەزمان ناگەیێنێ؟ ئەو زمانەی هەڵگری هێمایەو رووی دەمی لە ئێمەیە کەواتە بەبۆچوونی ریکۆر زمان کە بەرهەمی هێمایە، گوتارێکەو رووی دەمی لە مرۆڤەو مرۆڤ لەنێویدا لەدایك ئەبێ، ریکۆریش وەکوو (هایدگەر) بڕوای وایە کە گوتار (ئاخافتن) بوونەو لەگەڵ مرۆڤدا ئەدوێ‌و مرۆڤ لەناویدا ئەپشکوێ‌و لەدایك ئەبێت، ئەو رەوت‌و شەپۆلەی ریکۆر ناوی ئەنێ هێرمینۆتیکی گومان بەتوندی لەگەڵ مرۆڤدا بەکەرەسەدانانی زمان یان هێما، کە لەگەڵ مرۆڤدا ئەدوێ، دژایەتی ئەکات.

(ریکۆر) هەر لە درێژەی ئەم باسەدا لەڕوانگەی (هوسرێل)ەوە لەنێوان سەرنجدانی زارەکی (signitive)و وێنەیی (pictorical)و تێگەیینی (perceptual)دا جیاوازی دائەنێ. جیاوازی

سەرەکی لەوەدایە، ئاخۆ واتای بابەتێك لەرووی گوتارەوە سەرنجی بدەینێ کەسەرنجێکی بەتاڵە (Empty) یان لەرووی وێنەوە، یاخۆ لە ئاڕاستەی ئامادەبوون (حضور)ی بابەتەکەوە. بەبۆچوونی ریکۆر سەرنجدانی هێما بەتاڵ نیە، بەڵکو سەرنجدانێکە لەسەر بناخەی لێکچواندنو بەنموونە کردن (تمثیل) پڕ کراوە، ریکۆر لەرووی پێشنیارەوە، ئەڵێ: ئەبێ ئەم مەسەلەیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە واتای یەکەمو زارەکی بەستراوەتەوە بەواتای دووەم، چارەسەر بکرێت. هەروەکو نیشانەو زناك (sign) لەهێما جیاکاتەوە. ئەبێ ئەوەش بزانین کە لەروانگەی ریکۆرەوە هێما نیشانەشە، بەڵام نیشانە هێما نییە. نیشانە یەك ئاڕاستەی هەیەو رووەو یەك واتاو ئامانجی یەك سەرنجدانیشە، بەپێچەوانەی نیشانەوە هێما خاوەنی دوو ئاراستەیەو ئامانجی دوو سەرنجدانە، ئەو شتەی هێمای لێ ساز بووە هەم خاوەنی واتای سەر زارەکییەو واتای هێمایین. واتای سەرزارەکی سەرچاوەی واتای هێماییە، بۆ نموونە لەدیاردە ناسی ئاییندا واتای هێمای ئاسمانو خواکانی ئاسمانو هێمای هەڵگشان (عروج)و ئەم جۆرە شتانە، بەپێی ئەو لێکچواندنانەی پەیوەندییان هەیە بەتایبەتمەندییەکانی ئاسمانەوە، هەڵگۆزتەی ئەکەین. تایبەتمەندیگەلی وەك بەرزبوونەوەو بێ سنووربوونو ئەبەدی بوون بەبۆچوونی ریکۆر مرۆڤ بەر لەوەی بەزانستی قسە (کلام)و هەرچەشنە ئەندێشەیێكو تەنانەت بەر لەوەی بکەوێتە بیری ئوستووەرەش، ئەبێ لەگەڵ هێمادا روو بەڕوو ببێتەوە، هەروەکو ئەم گوتەیەی (کانت) لەچەند وتارو کتێبی خۆیدا ئەهێنێتەوە: (هێما ئەبێتە هۆی ئەندێشەو بیرکردنەوە). بەبۆچوونی ریکۆر ئەم گوتەیەی کانت باسی دوو شت ئەکات:

١- مرۆڤ، واتا، داناهێنێ. بەڵکو هێما، واتا ئەدات (gives) هەر بەم هۆیە سەرنجدانی هێما بەپێچەوانەی سەرنجدانی زارەکیەوە، سەرنجدانێکی بەتاڵ نیە.

٢- ئەوەی هێما دەیدات، ئەبێتە هۆی بیرکردنەوە. لەو رووەوە کە زمانی هێما پوختە (کامل- full) و پەیوەست (bound)ە، هەردەم واتایێك ئامازە بۆ واتایێکی دیکە دەکاتو نائاشکرا بوونی هێماکان بیر کردنەوە بەپێویست دائەنێتەوە.

(ریکۆر) بۆ روون کردنەوەی تیۆری هێماکەی خۆی، ئەم تیۆرییە لە دوو تیۆری دیکە جیا ئەکاتەوە، ئەم دوو تیۆرییە یەکێکیان زۆر بەربڵاوەو ئەوەکەی دیکەش زۆر بەرتەسکە، تیۆرییە بەربڵاوەکە داهێنانی کاسیرێرە کە لە پێشدا ئامازەمان بۆ کرد. ریکۆر رەخنە لەکاسیرێر و تیۆرییەکەی ئەگرێت، چونکا کاسیریر هێما بەبناغەی گشتی سیستەمی زانست ناسی دائەنێت، مەبەستی کاسیرێر لە (کارکردی هێمایین) ئەوەیە کەئاگایی بەنێوبژیوانی (هێما) جیهانی تێگەیینو ئاخاوتن ساز ئەکات، لەدیدی کاسیرێرەوە تایبەتمەندی گرینگی هێما ئەوەیە کە توانایی تێکەڵ کردنی هەیە. کاسیرێر بەهێمایین کردنی گشت باسە ناونجیەکان، لەگەڵ گشتی واقیعو رۆشنبیریدا دەکاتە یەکو بەم چەشنە ئەو جیاوازیە گرینگەی لەروانگەی ریکۆرەوە کاریگەرە، لای ئەبات. مەبەست جیاوازی لەنێوان دەربڕینی یەك واتایی‌و چەند واتاییە، هەر ئەم جیاوازیەشە کە بوونی هێرمینوتیك بەپێویست دائەنێت، ئەگەر کەسێك واژەیەکی هێمایین بۆ گشت کارکردی دەلالەت بەکار بهێنێ، ئیتر وشەیێك بۆ ناولێنانی کۆمەڵێك لە نیشانەکان نامێنێتەوە -مەبەست ئەو نیشانانەیە کە تانو پۆی سەرنجدانیان بەشێوەیێکە مرۆڤ بانگ ئەکەن بۆ ئەوەی واتایێکی دیکە لەناو واتای

یەکەم و سەرزارەکی و دەستبەجێی ئەوانەدا بدۆزێتەوە، ئەگەر ئاوا نەبێت لێکدانەوە یاخۆ هێرمینوتیك پێویست نابێت. کەواتە کارکردی هێمایین بەو مانایەیە: واژەیێك پتر لەوەی کە دەیدرکێنێ واتا بدات و ئاماژە بۆ واتایێکی دیکە بکات.

(ریکۆر) سێ لایەنی گرینگ ناو دێنێ، کە هێماخوازی بەشێوەیەکی رەها تیایاندا بەدی دەکرێ و ئاوێتەی زمانە:

١- شتی پیرۆز (فان درایڤۆو موریس لینهاردو میرچا ئیلیادە).

٢- خەون (فرۆیدو دەرون شیتەڵی).

٣- شیعر. ریکۆر پێی وایە، ئەو شتەی بەم لایەنە جیاوازانەی هێما یەکیەتی ئەبەخشێ، پێکهاتەی واتا ناسیی هاوبەشی نێوان ئەم سێ لایەنەیە. واتە پێکهاتەی واتا گەلی جۆراوجۆر.

لە روانگەی ریکۆرەوە تیۆری دووهەم، یان تیۆری کەم مەوداو بەرتەسك، تیۆری نموونە (تمثیل- Analogy)یە، کە لە پێشدا باسمان کرد. بەپێی ئەم تیۆرییە پەیوەندی واتا لەگەڵ واتا پەیوەندییەکی نموونەییە، بەبڕوای ریکۆر هێرمینوتیك بەربلاوتر لەوەیە بەدۆزینەوەی پەیوەندی نموونەیی بەرتەسکی بکەینەوە، نموونە هێنانەوە یەکێك لەو پەیوەندیانەیە کە لە نێوان واتای دیارو نادیاردا هەیە، دەروون شیتەڵی چەند پەیوەندی لەنێوان ئەو جووتەدا دۆزیوەتەوە کە زۆر لە پەیوەندی نموونەیی ئاڵۆزترن: کورت کردنەوە (Condensationو پیشاندانەوە (Representabilityو ئاڵ و گۆڕ کردن (Displacement)و زۆری تریش..

(مارکس)و (نیتشە)ش هەرکام رووشانی واتایان بەجۆرێك پیشان داوە، بەبۆچونی ریکۆر جیاوازی نێوان دوو لقی سەرەکی هێرمینوتیك، واتە رێبازی بووژاندنەوەی واتاو رێبازی گومان هەر لە ئەمەوەیە، ئەم جووتە، یان کاری خۆیان بەپەیوەندی نموونەیی (پاك و بێ گوناە - معصوم-)ی ئەبەستنەوە، (رێبازی بووژاندنەوەی واتا) یان بەپەیوەندی روشاوی (چارەسەریکەر) (ریبازی گومان).

بەگشتی تیۆرییە هێماکەی ریکۆر لە تیۆرییە بەربلاوەکەی کاسیرێر بەرتەسکترەو لە تیۆرییە نموونەیی (تمثیلي)یەکەی ئەفلاتوون بەربلاوترەو لەنێوانی هەردووکیاندایە، بەبڕوای ریکۆر کاتێك ئەکرێ لەمەڕ هێما بدوێین کە دەربڕینی زمانیی بەهۆی دوو واتایی یان چەند واتایی خۆیەوە بۆ شیکاری ئامادەبێت، ئەو شتەی ئەبێتە هۆی شیکاری و لێکدانەوە، پێکهاتەیێکی سەرنجدەرە کە لە پەیوەندی واتا لەگەڵ شت (شیء)دا (شاراوە) نیە، بەڵکو لە ساختومانی خودی واتادا شاردراوەتەوە، واتە لە پەیوەندی واتا لەگەڵ واتادا، واتای دووهەم لەگەڵ واتای یەکەم، بێ گوێدان بەوەی کە پەیوەندی واتا لەگەڵ واتادا نموونەیی بێت، یان نا، واتای یەکەم واتای دووهەم دابپۆشێ یان بەپێچەوانەوە دەری بخات.

بەبۆچوونی ریکۆر هێماکان وەو داپۆشراوەو هەر ئەمەش شیکردنەوەو هێرمینوتیك بەپێویست دائەنێت، هەروەکو ئەڵێ: (لەهەر شوێنێ مرۆڤێك باسی خەونو ئایینو شیعر بکات، مرۆڤێکی دیکە ناچار تاو ئەداتە شیکردنەوەی، شیکاری ئەندامی جیا نەکراوەی ئەندێشەی هێمایینو واتای دوو لایەنەیەتی).

(ریکۆر) ئاماژە بۆ دوو سوننەتی هێرمینوتیکی ئەکات کە تیۆریەکەی خۆی لە ژێر کارتێکردنی ئەو دوانەدا نووسراوە، ئێمە لێرەدا هەر تەنیا ناو بردەیێکیان ئەکەینو هیچی تر، یەکەم؛ سوننەتی ئەرەستۆ، کە ریکۆر ناوی ئەنێ، سوننەتی بەربلاو لە هێرمینوتیکدا (وەکو تیۆری کاسیرێر لەمەڕ هێما).

سوننەتی دووهەم؛ ئەو هێرمینوتیکەیە کە رەنگدانەوەی لەسەر هێرمینوتیکی نوێ هەیە، ئەو

هێرمینوتیکەی جۆری دووەم شیکردنەوەی کتێبی پیرۆزە.

پاش باسەکەی ریکۆر پێویستە ئاوڕێك لە بیرو بۆچوونی زمانناسەکانیش بدەینو بەم شێوەیە جەمسەرەکانی باسەکەمان پێکەوە گرێ بدەینو دەورەکەمان تەواو بکەین.

(پێرێس) هێمای بەجۆرێك لە سێ جۆرە سەرەکیەکانی نیشانە دائەنا، بەپوای پێرێس هەرکاتێ لە رێگەی رێکەوتنێکەوە پەیوەندی شیکراوەو بابەتو بناخەی نیشانە روون ببێتەوە، یان بەواتایێکی دیکە رێکەوتنێك دال لەگەڵ مەدلوول بکاتە یەکێك، ئەوا نزیکایەتیمان لەگەڵ هێمایە.

نیشانە بڕیار لەسەر دراوەکان یان هێماینەکان پتر لە جۆرەکانی دیکەی نیشانە کاربردی کۆمەڵایەتیان هەیەو لە جۆرەکانی دیکە روونترن. وشەکانی زمان گرینگترین نموونەی نیشانە هێماینەکانن.

زمان ناسی مەزن (سوسێر) بەپێداگرییەوە هەموو نیشانە جۆر بەجۆرەکانی بەهێمایین دائەنا، چونکا بەبۆچونی سوسێر هەموو نیشانەیێك لەسەر پێی رێکەوتنێك راوەستاوە. بەم پێیە: هێمایێك کە بۆ راگوێزانی زانیارییێکی تایبەت لەنێرەرێکەوە بۆ وەرگرێك بنێردرێتو لەسەر بڕیارێکی چەسپاو بێتو بۆ هەر دوولا ناسراو بێتو بەهۆی بوونی ئەوەوە رۆیشتنی پەیام بەرەو (دۆخی واتای تاقانە) پەرە بسێنێ، پێی ئەڵێن رەمز. لەرێگەی رەمزەکانەوە ئەکرێ پەیام بناسرێت، چونکا لە پێشدا رێکەوتن واتە لایەنی هێماییەنی رەمزەکانمان ناسیوە، یاخۆ پێملیان بوین.

ئێستاش سەرنج ئەدەینە واتایێکی دیکەی هێما، کە دەقاو دەق لە شوێنی بەرامبەری ئەو کەڵك لێ وەرگرتنەدایە کە لەو وشەیە وەرگیراوەو تائێستاکە لێی دواوین، ئەم واتایەی هێما (کە سەرچاوەی ئەگەڕێتەوە بۆ مەنتیقی رەواقیەکان) لەبابەت دەلالەتی ناوەکی وشەکانو نیشانەکانو هەروەکو لەبابەت نواندنی (پەیوەندی نیشانە لەگەڵ -تصور-ی زەینی یان مەدلول) بەکاردێت. (لویی یۆڵمسلف) کە هێمای بەم واتایە بەکار دەهێنا، هێمای لەبەرامبەر نیشانەدا دائەنا. هێما سازکردن، سازکردنی پەیوەندییە لەنێوان دوو یەکەدا (دوو دال یان دوو مەدلول). وشەی (بڵێسە) دەلالەت لەسەر بڵێسەی ئاگر ئەکات، بەڵام دەلالەتە ناوەکیەکەی لەزۆربەی دەقە ئەدەبیو شیعریەکاندا ئەوینە، و ئەوین واتای هێماییەنی ئەم واژەیە. دیارە ئەم واتایەش لەسەر پێی یاسایێك وێستاوە، بەڵام یاسایێکی تەماویو هێندێ جار نادیار، کە بەتایبەت لە دەقە عیرفانیەکانداو لە نووسراوەی سۆفیەکاندا دەبینرێ. بۆ کۆتایی دەقەکەشم رستەیێكو بۆچوونێکی (رۆدێڵف ئارینهایم) دەهێنمەوە کە لەوە دەچێ لەمانەی باسکرا کەمێك پتر پێی لێ راکێشابێت:

(هونەر بەگشتی هەمووی هێما نییە).

تێبینی: خاوەنی ئەم ناوە خوازراوە تائەمرۆکە بەناوی (م.مەحمودی)، چەند دەقی شیعریو چەند دەقی وەرگێڕدراوی چیرۆکی ئەمریکای لاتینو چەند دەقی وەرگێڕدراوی رەخنەیئەدەبی لە گۆڤاری سروەو ئاوێنەدا بڵاو کردۆتەوە. شایانی باسە لە ئیستە بەدواوە بەو ناوە خوازراوەی سەرەوە، واتە (کۆزاد)، نووسینەکانی بڵاو ئەکاتەوە، ئەم تێبینیە لەلایەن نووسەرەوە، بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێنەری بەڕێزەو هیچی دی.

بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١- حقیقت وزیبایی - بابك احمدی - چاپ سوم، الف: درس سوم ص٥٤- درس سیزدەهم ص٣٥٨.
٢- جمهور - افلاطون - ترجمەی فواد روحانی- چاپ ششم، کتاب هفتم.
٣- رسالەی پارمیندس - افلاطون..
٤- ساختار وتأویل متن - بابك احمدی - چاپ دوم..
٥- از نشانەهای تصویری تامتن - بابك احمدی- چاپ اول- ص٣٩.
٦- ارغنون - فصلنامەی فلسفی- ادبی- فرهنگی- سال ١٣٧٢ شمارە ٢، مقالەی اول ومقالەی دوم.
٧- ارغنون- فصلنامەی فلسفی، ادبی، فرهنگی، سال ١٣٧٢ شمارە ٤، مقالەی (اسطورە، نهادگرایی و حقیقت) ص١٦١.

چەند دەروازەیەکی گشتی بۆ خوێندنەوەی قەسیدەیەکی درێژ

ملمانێی ژیان - مەرگ

لەخاچو مارو رۆژمێری شاعیرێکدا

١- ئەم نووسینە بۆ؟

بەر لەوەی لە ئاستو ئاسۆکانی ئەم دەقە نزیکبمەوە حەز دەکەم هۆکانی ئەم نووسینەو پاڵنەرە راستەقینەکانی روونبکەمەوە، کە بەخێرایی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیاندەکەمەوە:

أ- خۆشەویستیم بۆ ئەم دەقە شیعرییە، کەوەک لێشاوێکی لەیەکنەپچڕاوی وێنەو دەلالەت ئاسۆکانی بینینو هەستکردنمان دەوڵەمەندتر دەکاتو جۆرە ڕێگاو خوێندنەوەیەکی نوێمان بەسەردا دەسەپێنێت، کە جودایە لە شێوە ئاساییەکانی خوێندنەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ شیعردا.

ب- لەبەرئەوەی ئەم ئەزموونە، تائەندازەیەکی زۆر ئەزموونێکی سەنترالو سەرەکی شێرکۆیە، کۆکەرەوەو بەرجەستەکەری ئەزموونێکی درێژە لەکاملترین شێوەو کۆترین مانایدا.

ج- درێژەدانە بەو هەوڵەی کە چەند سااڵێك لەمەوبەر بەتراژیدیای کەرنەڤاڵی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا (نەرسیسی کۆژراو) دەستمپێکردو دۆزینەوەی هێڵە قوڵو درێژکراوەکانی ئەو تەفسیرانەیە لەناو یەك دیوانو یەك ئەزموونی کۆنکرێتیدا، بەجۆری جێهێشتنو دۆزینەوەی تری هەڵگرتبێت.

> شێرکۆ خوێندراوەترین شاعیری کوردە، هاوشان بەوە پرۆسەیەکی ڕەخنەیی لەکاردا نەبووە کە بەباشو خراپ ئەم ئەزموونە بخوێنێتەوە


د- شکاندنی ئەو بێدەنگییە گەورەیەی کە لە دەوری ئەزموونی ئەم شاعیرە هەیە، چ لەلایەن نەوە شیعرییەکەی خۆیەوەو چ لەلایەن نەوە شیعرییەکانی دواتر.. واتە گەرچی کاك شێرکۆ خوێندراوەترین شاعیری کوردە، هاوشان بەوە پرۆسەیەکی ڕەخنەیی لەکاردا نەبووە کە بەباشو خراپ ئەم ئەزموونە بخوێنێتەوە.

هـ- تەواوکردنی کارکردنی تیۆریی خۆم لەسەر گووتارێکی ناوەندی ناو ڕۆشنبیری کوردی کە ڕەنگدانەوەی ئاشکرای هەیە لە ئەزموونی کاك شێرکۆدا، کە ئەویش (گوتاری مانەوە)یە کە خوێندنەوەی ئەم ئەزموونە هەندێ چەمکی جەوهەری ئەو گووتارەمان بۆ ئاشکراتر دەکات.

و- دانانی جۆرە رابەرێکی تایبەت کە لە ڕێگایەوە خوێنەر بتوانێت دەقەکە بخوێنێتەوەو لەناو لاپەڕەکانیدا وونەبێتو باز بەسەر سیستمە دەلالیەکاندا نەدات و بتوانێت لەنێوان زمانی شیعرو دونیای مانادا جوواڵەیەکی ئاسانتر بکات.

٢- سەرەتا(١): ناوەند - کەنار لە بونیادی قەسیدەدا:

جیهانی هەر قەسیدەیەک چەندە هەمەڕەنگبێت لەپشت هەموو شێوەو وێنەو بابەتە بەریلاوەکانیەوە هێلێکی نهێنی هەیە، چەقێکی نەبینراو هەیە، مۆتیڤێکی سەرەکی هەیە کە بەجۆرێک لەجۆرەکان وەکو بزوێنەری سەرەکی جیهانی شیعریی یاخود رەگەزەکانی خەیاڵ کار دەکات، مۆتیڤێک کە بەدڵنیاییەوە بە ئاسانی نابینرێت، چونکە دەشێت کەمجار بەپاکیو لەدەرەوەی کاریگەری رەگەزەکانی تر دەریکەوێت، کەمجار بەئاسانی لەناو پێچاو پێچی بەرهەمەکەدا بدۆزرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر شاعیر یاخود نووسەر لەو نووسەرانە بێت کە تێکستەکانی لەسەر هەناسەی کورتو وێنەی بچووک بونیادنەنرابێتنو سروشتێکیان هەبێت گەرداو ئاسان، واتە تیایدا خەیاڵ بەئاسانی لە خەیاڵکردن نەوەستێت، روانین بەئاسانی لە بینین نەوەستێت، جوواڵەش لەگەڵ هەموو بزاوتێکی خۆیدا دیوێکی دونیا ئاشکرا بکات کە لەگەڵ دیمەنەکانی تردا ئاسان پێکەوە گرێنەدرێنەوە.



لەلای شاعیرێکی وەکو شێرکۆ قەسیدە تاکورتتر بێت، دۆزینەوەی ناوەندو ئاقارەکانی ئاسانترە، قەسیدەی کورت بەگشتی لەسەرەتاوە مەودایەکی دیاریکراو بۆ جوواڵەو یاریکردنی خۆی دیاریدەکات. هێندەی کە لە دایکدەبێت دەبێت لە فەزایەکی بچوکو تایبەتیدا نیازی خۆیو ستاتیکای خۆی ئاشکرا بکات. لە قەسیدەی کورتدا ووشە بەخێرایی بەرەو ماناکانی خۆی، وێنە بەخێرایی بەرەو هێماکانی خۆی دەڕوات. شتەکان بەخێرایی پەیوەندی وسیستەمی ناوەکی خۆیان دەردەخەن.. رەنگە جیهانی شیعرە کورتەکانی کاک شێرکۆش، نموونەی ئەم یەکانگیریە پتەوەبن، کە تیایدا (دەلالەتو میعمار) (کە هەڵبەت دوو ووشەگەلن لە -مانا- و -تانو پۆی- کوردی زیاتر تێیدەپەڕێنو مانای گەورەتر لەخۆ دەگرن) لە پەیوەندیەکی ئەندازەییدا یەکدی تەواو دەکەن. لەمجۆرە قەسیدانەدا ئاسۆی چاوەڕوانی، فەزای دڵەڕاوکێکانی راڤەکردنو پەشۆکانی تەفسیر، چەند گەورە بێت هێشتا هەر سنووردارە.. بەتایبەت لە قەسیدە کورتەکانی شێرکۆدا جوڵەیەکی خێراو ئەندازەیی هەیە بەرەو مانا، زۆربەی جار جەوهەری قەسیدەکە بەچەند (وێنەیەکی تەبا) خۆی ئاشکرا دەکات، هەندێ جاریش مانای گەورە لە دوا ووشەدایە. لەو جۆرە قەسیدانەدا بەردەوام رستێ پەیوەندی جوانکاری هەیە کە خۆیان بۆ بەرجەستەکردنی شاپەیوەندییەک دەکەونە گەڕ، پەشێوی گەڕان لە دوای مانا نابینرێت، شیعرەکان لەدایکدەبنو بزاوتێکی خێرا هەیە بۆ ئاشکرا کردنی مانای بوونیان، دێنو پەیامێکی ئاشکرایان پێیە، واتە زۆر جار (مانا) رابەرێتی وێنەو بونیاد دەکات، لە سیستمێکیشەوە هەڵدەقوڵێت کە بەر لەهەر شیعرێک لێرەیەو لەناوماندا دەژی، بەڵام دواجار لە پشت هەموو ئەم قسانەشەوە، لە کۆی ئەزموونی شێرکۆدا، ئامادەگی چەقێکی دەلالی کە بزوێنی پرۆسەی دروستکردنی مانا و میعمارە، وایکردووە کە گەیاندنی شیعری شێرکۆ ئاسانتر بێتو هەڵگری ستاتیکایەک بێت کە خێراتر خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات.

(ناوەند) یان چەقی دەلالی لەقەسیدەکاندا بەشێوەی جۆراو جۆر دەردەکەوێت، مەبەستیشمان لەناوەند ئەو بەشەی قەسیدەکەیە کە فەرمانی دەلالیو ستاتیکی هەموو بەشەکانی دیکەی پێوە بەستراوە، واتە بەمانایەک لەماناکان هەموو وێنەکانی تر درێژکراوەی ئەو وێنە سەرەکییەن، یان هەموو لقە بونیادەکان درێژکراوەی ئەو بونیادە سەرەکییەن.

سەرەتا بەرلەوەی قسە لەسەر ئەو ناوەندە بزوێنە بکەین لە (خاچو مارو رۆژمێری شاعیرێ)کدا، قەسیدەیەکی کورتی کاك شێرکۆ بەنموونە هەڵدەبژێرین، تا لەوێکانەدا بۆ خوێنەری ئاشکرا بکەین کە مەبەستمان لە ناوەندو کەنار یان لە بونیادی بزوێنو لقە بونیاد لە قەسیدەدا چییە. دواتریش بەش بەشی هێزی کاریگەری ئەو بونیادە بزوێنە لە (خاچو مارو....)دا دیاریدەکەینو دەرەوشانەوەو کارکردنو هێزی بەرهەمهێنی لە پرۆسەیەکی درێژدا دەخەینە پێشچاو.

٣- شیعری (دۆنادۆن).. وەکو نموونەیەکی سەرەتایی:

شیعری دۆنادۆن (رەهەند، ژمارە ٤/٣) شیعرێکی کورتی کاك شێرکۆیە، گەر ئەم شیعرە وەکو نموونەیەکی سەرەتایی وەربگرین یارمەتیەکی باشماندەدات لە تێگەیتشنو جیاکردنەوەی ئەو جۆرە بونیادانەی سەرەوەدا.

ئەگەر لە رۆژێکدا مردیو رەشەبا بوو/ رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی بەورێکەوە !/ ئەگەر لە رۆژێکدا مردیو بەباران بوو/ رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی گۆمێکەوە/ ئەگەر لە رۆژێکدا مردیو سایەقە بوو/ رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی تیشکێکەوە./ ئەگەر لە رۆژێکدا مردیو بەفرانبار بوو رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی کەوێکەوە./ ئەگەر لە رۆژێکدا مردیو تەم تووماڵ بوو/ رەنگە رۆحت بچێتە ناو لەشی دۆلێکەوە/ بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندووم/ کەچی زۆر دەمێکە رۆحم/ چۆتە ناو لەشی کوردستانەوە)

(رەهەند ژمارە ٣و٤ لە٤٦-٤٧).

ئەگەر سەرنجدەین، هەموو لقە وێنەکان لەم شیعرەدا بە (ئەگەر لە رۆژێکدا مردی) دەستپێدەکەن، ئەم وێنەیە هەر لەسەرەتاوە ئاسۆیەکی فراوان بۆ خولقاندنی زنجیرەیەك وێنەی تەباو یەکانگیر لە دەلالەتدا دروستدەکات، بەجۆرێك دەکرێت بڵێین کە ئەو سەرەتاگەیە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی سروشتی داینەمۆیەکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کرۆکی مانای شیعرەکە لەو وێنانەدا نیە، واتە لەڕوی دەلالیەوە قەسیدەکە وەکو قەوارەیەکی تەواو لەو ساتەدا لەدایکدەبێت کە (دژە وێنە)یەك دێتو کۆی ئەو پرۆسەیە دەوەستێنێ کە دەشێت لەبەر دەستی خەیاڵاتی شاعیرانەی نووسەردا تەواو درێژ بێتەوە. ئەو دژە وێنەیەش لە سێ دێڕی کۆتایی شیعرەکەدایە، (بەڵام ئێستە وەك ئەبینن، من زیندووم..) ئەم رستەیەیە چەقی هەموو شیعرەکە دیاریدەکاتو دەبێتە وێنەی ناوەندو جەوهەری ئەو گواستنەوە ستاتیکیە لە دونیای ئاسایی دۆنادۆنەو بەرەو دونیای نائاسایی و شیعریانەی دۆنادۆن.. دۆنادۆن کە پرۆسەی گواستنەوەی رۆحە لەجەستەوە بۆ ناو جەستەیەکی دیکە، لە ئاستی ئاساییدا پابەندی ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت بمرێتو لەو دیو مردنەوە (دۆنادۆن) رووبدات، هەموو وێنەکانی سەرەتاش لەم شیعرەدا، لە جیهانە سروشتیەکەی دۆنادۆندا روودەدەن، ئەگەرەکانی ناو شیعرەکە، ئەگەرە بێسنوورەکانی دۆنادۆنکردن خۆیەتی، بەڵام ئەم شیعرە نەماتووە تا ئەو ئەگەرە بێسنورانەمان بۆ بژمێرێت، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە تا لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرانەدا بکەوێتە دژایەتیەوە، هاتووە تا لەبەردەم جوڵەی بێئەندازەی ئەگەرەکانی دۆنادۆندا، پێکهاتێکی دژ دروستبکات، تا لەدونیای شیمانەکاریو ئەگەرکاریەوە بەرەو دونیای بەرجەستەترو بینراوتر بمانجوڵێنێت کە ئەویش دونیای حەقیقەت خۆیەتی، وێنەی سەرەکی لەم شیعرەدا ئەوەیە کە شاعیر زیندووەو دۆنادۆندەکات، وێنەکانی تر هاتوون تائەم وێنەیە بەرجەستە بکەن، لۆژیکی دروستکردنی دژایەتیش لێرەدا، تەنها کاری ئەوە نیە دژایەتی دوو حاڵەتی دۆنادۆن نیشانبدات، بەڵکو کاری ئەوەیە کە قورسایی (دۆنادۆن لە ژیاندا) بەرجەستە بکات، چەقی دەلالیانەی شیعرەکەش لەناو ئەو وێنەیەدایە.. بزاوتی وێنەکانی تریش بۆ تۆخکردنەوەو نیشاندانی ئەو وێنەیەیە، لێرەوە ئەم وێنەیە هێزی بزوێنەری هەموو شیعرەکەیەو هەر خۆی مانابەخشو خولقێنەرێتی.

پرۆسەی خولقاندنی (بونیادی بزوێن) لە کورتە شیعرێکی وەکو (دۆنادۆن)دا وەکو دەبینین، لە رێگای دروستکردنی دژایەتییەوە بەرجەستە دەبێت، واتە چەقێکی دەلالیمان هەیە کە لەبنکی هەرەمێکی پڕ لە وێنەی بچوکتردا دێت، چەقێکمان هەیە کە بە لقە وێنە ئابڵوقەدراوەو جیاوازی لەنێوان رەنگی لقە وێنەکانو رەنگی ناوەندەکەدا، سەرجەمی مانای شیعرەکە ئاشکرا دەکات، بەڵام لە هەندێ ئەزموونی دیکەی کاك شێرکۆدا، کۆبوونەوەی چەندەها وێنەی هاومانا و دەلالەت، ناوەندی سەرەکی قەسیدەکەو بونیادە بزوێنەکەی دروستدەکەن.. هەڵبەت لێرەدا من مەبەستم نیە کە بەسەر شێوەکانی خولقاندنی بونیادی بزوێندا بگەڕێم لە ئەزموونی شاعیردا، کە دڵنیاشم گەشتێکی ستاتیکی گەورە دەبێت، بەڵکو تەنها بیرۆکەیەکی سەرەتاییم سەبارەت بەمانای (ناوەندی دەلالی) یاخود (بونیادی بزوێن) خستەڕوو کە زۆر لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکاریدەهێنم.

٣- سەرەتای (٢):

کاتێ لەناونیشانەوە تا کۆتایی دەکەوینە دوای نهێنیەکانی ئەمجۆرە قەسیدەیە (خاچو مارو رۆژمێری شاعیرێك) لەناو ئەو هەموو رەنگو وێنەو تافگەیەدا نازانین لە کوێدا بوەستین.. وەك سەرەتا ئاسان نیە لەنێوان گێژەنی وێنەکاندا بۆ بزوێنی سەرەکی دیوانەکە بگەڕێین، بەڵام خوێندنەوەی یەکەم هەمیشە خوێندنەوەیەکی سەرەتاییەو بۆرخیس واتەنی (تەنها خوێندنەوەی دووەم، خوێندنەوەی راستەقینەیە تازیاتر لە خوێندنەوەی قەسیدەکەدا بەردەوامبین زیاتر هەستدەکەین کە ئەو بونیادەی لە شیعرێکی بچوکدا هەیە، دەشێت بە شێوەیەکی چەندەها جار گەورەترو فراوانتر لەم قەسیدەیەدا دەرکەوێتەوە، واتە لە قەسیدە زۆر درێژەکانیشدا، جیاکردنەوەی بونیادی بزوێنو چەقی دەلالیو لقە بونیادەکان چەندەگران بێنە پێش چاو، ئەستەم نیە، بەڵام قسەکردن لەسەر (بونیادی بزوێن) لێرەشدا، هەر هەمان کۆمەڵە مەرج لەخۆدەگرێت کە لە شیعرێکی بچوکیشدا لەخۆی دەگرێت، واتە کە پنتێك وەکو هێزێکی بزوێنەر دیاریدەکەین، دەبێت لەسەرجەمی جەستەی قەسیدەکەدا ببینینەوە، لەناوەوەی قەسیدەکەداو لە رێگای جوڵەی بەشەکانیەوە، دەرکەوتەکانی بدۆزینەوە، کۆی بابەتەکانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبێت درێژ کراوەی ئامادەگی ئەوبن، ئاوێنەی سەنگی ئەوبن لەسەر دروستبوونو کوژاندنەوەی وێنەکان، نیشاندەرەوەی هێزی ئەوبن لەسەر دیاریکردنی دەرکەوتنی بابەتەکانو وونبوونیان، بەواتایەکی دیکە دەبێت لە پشت هەموو لقە بونیادێکەوە ببینینو وەکو توانایەکی بەرهەمهێن بۆ دەلالەتو رەمز بیسەلمێنن، واتە وەك هێزێك کە ووشەکان بەبارگەی خۆی دەخەملێنێتو بەمانای خۆی دەیانپێتێنێت، هێزێك کە بەشە جیاوازەکانی قەسیدە چەندە هەوڵبدەن سەربەخۆبن، هێشتا ناتوانن لە سنووری دونیا دەلالیەکەی ئەو دەرچن، چەندە بیانەوێ تا ئەو سەری ئازادیی بفڕن، هێشتا رێکخستنی ناوەکییانو مانایانو کاتی دەرکەوتنیانو پەیوەندی هارمۆنییان بەبەشەکانی تەوە. لەژێر زەبری ئەو (واتە بونیادی بزوێن) دایە، بەم مانایەش دەتوانین بڵێین کە (بونیادی بزوێن) بونیادێکە، هەموو ئەو دەلاقانە پڕ دەکاتەوە کە لە نێوان وێنە سەربەخۆکانو مانای گشتی قەسیدەکەدا هەن، هێزێکە بەهۆی چالاکیو ئامادەگی ئەوەوە هەموو وێنەیەك لە قەسیدەدا دەبێتە بەشێك لەیەکەیەکی گشتیو گەورەتر لە خۆی، سیستمی هەسارەیەکی شیعرییە، کە لۆژیکی کارکردنی بەجۆرێکە هەموو ئەستێرە وورەکان بەخۆویست، یاخود خۆنەویست دەچنە ژێر رکێفی کارکردنیەوە.

بونیادی بزوێن، دەشێت بونیادێك بێت سنورێك بۆ قەسیدە دابنێت، دەشێت قەسیدە دیلبکات، دەشێت ئاسۆی گەورەشی لێبخاتە سەرپشت، من پێموایە کە توانای نووسەر لەوەدا دەردەکەوێت کە چەندە بونیادێکی داهێنەر دەکاتە چەق کە لە پشتیەوە قەسیدە بتوانێت بێسنوور بکرێتەوە، بێسنوور لقە بونیاد لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بێسنوور دەرگای فەنتازیاکانی بخاتە سەر پشت، واتە برێکی گەورەی جەوهەری شاعیریەت لە رێگای کارکردنی ئەم بونیادو شێوەی ئیشکردنەیەوە دەردەکەوێت. لەم قەسیدەیەی کاك شێرکۆشدا (بونیادی بزوێن) وەکو هێزێکی گەورەی کردنەوەی فەزای شیعر بەسەر ژیانو مێژوودا کاردەکات، بەجۆرێك دەکرێت بڵێم کە کارکردنی شێرکۆ لەم دیوانە گەورەیەدا بەئەندازەیەك هونەرییە، تیایدا چەقی قەسیدەکە بەردەوام مەڵبەندی هەستانەوەو زیندووکردنەوەو برەودانە بەخەیاڵ، مەڵبەندی پەرەسەندنی هەمیشەییو هەڵچوونی یەك لە دوای یەکی بابەتەکانو وێنەکانە، بەجۆرێ کەتەنها شاعیر خۆیو بەکردەیەکی زۆر جار دڵڕەقانە دەیوەستێنێت، تابتوانێت کۆتایی بەچالاکیەکانی بهێنێت.

٤- دەروازە: ئازار / داهێنان

کە لاپەڕەی یەکەمی دیوانەکە هەڵدەدەینەوە، هەر لە دێڕی یەکەمەوە، یەکێ لە رەگەزە سەرەکیەکانی ئەم قەسیدەیە خۆیمان لا ئاشکرا دەگات، (بەڕێبەرێتی مەراقی شۆخو شەنگ بوو). مەراقێکی (گەڵەگەتر لە زریانی چیاکانو چاو گەورەتر لە دۆزەخ) بەڕێبەرێتی جۆرە مەراقێکی وەها شاعیر دەگاتە سەر ترۆپکی زمان. ساتی یەکەم، یان دەروازەی یەکەم لەم سەفەرەدا ساتی ئاشکرا بوونی پەیوەندی ئۆرگانی نێوان (مەراق)و (زمانە) لە دێڕی یەکەمەوە شاعیر نهێنییەکی گەورەی یارییەکمان پێدەڵێت، کە نهێنی پەیوەندی ترۆپکی مەراقە بەترۆپکی زمانەوە. لێرەوە سێبەرو سەرەتای پەیوەندییەکی گەورە دەبینینەوە، کە ئەویش بالگرتنە لە رێگای ئازارەوە،

شاعیر تواناکانی خـۆی بەسـەرەتاکانی ئـازارەوە گرێـدەدات، مـەراق دەبێتـە دەرگایـەکی سـەرەکیو گـەورەی ئـەم گەشتە، بەڵام ئەم مەراقە لە پەیوەندییەکی میکانیکیدا نیـە لەگـەڵ زماندا، بـەڵکو رێبـەرێتی، واتـە ئاڕاستەکەری جوڵەو دیاریکەریی ماناو بابەتەکانێتی.. ئەم پەیوەندییە وەکو پەیوەندییەکی ئۆرگـانیو گرنگـی زینـدوو بوونـەوەی کرداری شیعریی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.. (هەتا ئـازار راینـەژەنێت../ هـەتا بـاڵندەی گومـانو تـەیری تـرسو/ تاکۆست لەسەری نەخوێندیت/ چرۆت نەکرد/ دەنگت نەگرت/ باڵات نەکرد) هەریـەک لـە (چرۆکـردن – دەنگگرتـن – باڵاکردن) دەلالەتی گەورەبوون، بەهێزبونو کرانـەوەنو لەبەرامبـەر ئـازار – تـرس– گومـاندا دەوەستن. بـەمجۆرە لەساتی یەکەمەوە جیهانی ستاتیکی شـێرکۆ دەبێتـە دوو پـۆل، دوو لایـەنی بەرامبەریـەک کـە نـەوەکو تـەنیا لـەناو جەستەی ئەم قەسیدەیەدا بەڵکو لـەناو کـۆی بـوونو ژیـانی شـاعیردا دەسـوڕێنەوە، تەقاندنـەوەی ئـەم ناکۆکییـەو کردنەوەی ئەم ئاسۆیە، سەرجەمی زمـانو فەرهـەنگی شـیعری شـاعیر بەجۆشدەهێنێتو چـەندەها ئاسـتی جیـاواز دەخرۆشێنێت، لە رەوتـی ئـەم خرۆشانەشدا دوولانـەی (ئـازار/ داهێنـان) وەکـو دوولانـەی (تـرس/ چرۆکـردن) یـان (گریان/ پێکەنین) (هەڵوەرین/ فڕین)... هتد، دەردەکەوێت. واتە ئازار خزمایەتییە دەلالیەکانی خۆی لەگەڵ هـەموو ووشە نزیکەکاندا دەخاتە خزمەتی دووبارە بەرهەمهێنانـەوەی ئـەو پەیوەندییـە، هـەروەک چـۆن داهێنـانیش هـەمان شێوەو هەمان پەیوەندی وەزیفیانە دروستدەکاتەوە. (تا نەسووتای باڵت نەگرت) (تا نەتبەست هاژەت نـەکرد) (تـا نـەوەریت رەنگت نـەگرت) (سـوتان/ فڕیـن) (بەسـتن/ هـاژەکردن) (وەریـن/ رەنگگرتـن) هـەموو وێنـەی پچوکـی دابەشبوونی جیهانی شـاعیرن بەسـەر دوو پۆلـدا.. دوو پـۆل کـە بەیەکـەوە دروسـتبوونو بەیەکـەوە دەجوڵێنـەوەو ئەوسەری ئازار بەوسەری داهێنانەوە گرێدەدەنەوە. ئەم دوو لایەنە جارێك وەکو دوو پۆلی نـاو یـەك وێنـەی شـیعری دەردەکەونو جارێکی دیش وەکو دوو پۆلی ناو سەرجەمی ئـەزموونی شـاعیر. شـاعیر لـە پشـت ئـەم دوو لانەیـەوە، هێزی گەورەی خۆی ئاشکرا دەکات، کە بریتییە لە دەرهێنـانی جوانـی لـە ئـازار، هـێزی گەشـانەوە لـەناو مـەراقداو گەورەبوون لە ئامێزی بریندا. ئەگەر پاڵەوانی (قێزکردنەوەی) سارتەر لە رێگای داهێنانەوە لـە بێمانـایی دەربچێـت، شێرکۆ لە رێگای داهێنانەوە لەئازار دەپەڕێتەوە بۆ دوورگەیەك کە تیایدا ئازار دەستی خستە سـەر هـەر گـەردێکی وجودی شاعیر بەجۆرێك لـە جۆرەکـان دەیگۆڕێتـە سـەر قەسیدە. لـەم جێگایەشدا ئـازار تـەنها ژانێکـی نەرێکـەرو نەگەتیف نیە، بەڵکو (تاقیکردنەوە)یە بە هەموو رەهەندە وجودییەکانییەوە.

واتە ئازار ئەو هێڵەیە کە لەنێوان هەرەسو کامڵبوندا کێشراوە.. ئـەو رێگایەیـە کـە شـاعیر بـەرەو ئـەو تروپکـە هەڵیبژاردو کە ئەستەمە رێگـا ئاسـاییەکان بچنـە سـەری.. ئەمـەش سـەرەتای دەرکـەوتنی بونیـادێکی گرنگـی ئـەم ئەزموونەیە.

٥- زەمەنی لە دایکبوون / زەمەنی کوژراو

بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە جەوهەر ببینین، دەبێت لە جەوهەری سەرەتا رابمێنـین. لـەم قەسـیدەیەدا وەکـو لـەناو هەموو ئەفسانەیەکی راستەقینەدا، سـەرەتا بایـەخێکی گرنگـی هەیـە، واتـە سـەرەتا هـەڵگری نیشـانەی تایبـەتیو ئاماژەی تەلیسماوییە بۆ هەموو قۆناغەکانی دیکەی ژیان، وەکو چۆن شەوی لە دایکبوونی مەسیح، شەوێکی ئاسایی نیە. زەمەنی لە دایکبوونی شاعیریش، بەتەنها لـە چـوار چێـوەی نیشـاندانەوەیەکی شـیعرییدا دەرناکـەوێت. بـەڵکو زەمەنێکی ئەفسانەییە، واتە هەڵگری دەلالەتێکە کە کۆی ژیانو چارەنوس بە ماناکانی خۆی بارگاوی دەکات، بـەڵام جیاوازیی زەمەنی لە دایکبوونی شێرکۆییانە لەگەڵ زەمەنی لە دایکبوونی ئاینیدا ئەوەیە کە لەگەڵ شێرکۆدا بەرابەر زەمەنێکی پیرۆز نەوەستاوین. زەمەنی لە دایکبوون لێرەدا زەمەنێکی دووکەرتبوونـەش تـەنها جەوهەری ساتەوەختی لە دایکبوون نیە، بەڵکو جەوهەری هەمو کاتەکانی دیکەشە کە شاعیر بەرەو رووياندەچێت.

شێرکۆ بەشێوەی زمانی ئەفسانە دێرینەکان دەنووسێت، (مـن لـە سـاڵێکی مـانگ کـوژراوو، لـەمانگێکی هەفتـە کوژراوو/ لە رۆژێکی سـەعات کـوژراودا..... کەوتمـە خـوارێ) (خ م ڕ–٩) ئـەو دێـڕە ئاماژەیەکـە بـۆ ئـەو کووشـتنە ئەزەلییەی کە شاعیر لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، لە دایکبوونی شـاعیر، سـەرکەوتنێکی ئۆتۆمـاتیکی ژیـن نیـە بەسـەر مەرگدا، بەڵکو سەرەتای لە دایکبوونی ململانێیـەکی گەورەیـە لـەناو زەمـەنێکدا کـە کـەرتێکی کـوژراوەو کـەرتێکی دەژی. زەمەنی کوژراو، ئاماژە نیە بۆ مردنی خودی شاعیر، بەڵکو ئاماژەیە بۆ مردنی کاتو زامداربوونی جەستەیەکی مێژوویی کە چیتر لەبەردەم هەڕەشەی وەسـتانو کوژاندنەوەدایـە، لێرەشـەوە ناکۆکیـەکی قـوڵ لـەنێوان مێـژووی تایبەتی شاعیرو مێژووی گشتیدا بەرقەرار دەبێت، شێرکۆ زیندوێتی خۆی لە بەرامبـەر مردنی مێژوودا دەبینێتـەوە..

ئەمەش هەوێنی تراژیدیا گەورەکەیە، ئەو لە دایکدەبێتو مێژوو دەمرێت، ساڵەکانو مانگەکانو هەفتەکان دەکوژرێن. لێرەوە خولیای گەڕان بەدوای (زەمەنی زیندوودا) دەستپێدەکات، زەمەنێك تیایدا مێژوی تایبەتی شاعیرو مێژووی گشتی (کە هەڵبەت مەبەست مێژووی نەتەوەیە) یەکانگیر لەسەر تەوەری ژیان یەکبگرنەوە. لەم سەرەتا ئەفسانەییەشەوە هەستدەکەین کە ساتی لە دایکبوون لای شێرکۆ ئەو ساتەیە کە تیایدا هەستکردن بە ژیان هاوڕێیە بە هەستکردن بە مەرگ، وەکەوتنە سەر خولگەی ژیان هەمان شێوە کەوتنە بەسەر خولگەی مەرگدا. ئەم سەرەتایە، دەستپێکردنی ئەو پەیوەندییەشە کە شاعیر بەدونیاوە گرێدەدات‌و لەرێگایەوە شاعیر دەستبەرداری ئەوە دەبێت خودی خۆی، بوونی خۆی، ژیانی تاییەتی خۆی بەسەنتەری پەیوەندییەکان‌و ماناکان بزانێت... هەر خۆشی بزوێنەری خولیایەکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی زیندوێتی لە هەموو جێگایەکدا.

٦- لە دایکبوون: جیابوونەوە - تێکەڵبوون

لە دایکبوون(لە گەڕەکی گاوراندا) ناوك بڕین لەلایەن (ژنە دیانێکی هاوسێ)وە، کێشانی وێنەی صەلیبێك لەسەر نێوچاوان، دانانی تاجە درك لەسەر سەر، ئەمە وێنەو فەزاو سروودتەکانی ساتی لە دایکبوونن، بە کۆش رێگای نزیکبوونەوەیەی شاعیر لە مەسیح پێکوڵدەکەن. نزیکبوونەوەیەك کە پابەندی هەڵگرتنی شاعیرە بۆ ژانە گەورەکان، بەڵام لە دایکبوون لەم کەشە مەسیحیەشدا مانای ئەوە نیە کە لە دایکبوونێکی نەفرەتلێکراو نیە، شێرکۆ لە سەرەتاوە لە دایکبوون وەکو دەرکردن لە بەهەشت تەماشا دەکات، لێرەدا بە ئاسانی دەتوانین تیورەکەی سایکۆلۆژیستێکی وەکو (ئۆتۆرانك) بۆ تەفسیری نیگەرانی‌و پەشێویی شێرکۆییانە بخەینە کار، بەڵام لە راستیدا لێرەدا کەمو زۆر مەبەستم نیە لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی پێشکەش بکەم، هێندەی دەمەوێت گوێ لە ترپەو چرپە پڕ نهێنییەکانی قەسیدەکە خۆی بگرم.

(لەو ساتەوە، من گوناهی رووت‌و قووتی دەرکراوی/ ئەو بەهەشتەم کە نەعلەتی کرد لە بوونم، کە نەفرەتی کرد لە بێشکەم). (خ م پ- ل).

شێرکۆ لێرەدا تەنها ئەزمونی (مەسیح) دوور لە (خودا)و (ئادەم) دوور لە (بەهەشت) تێکەڵاو ناکات بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەو جیابوونەوە گەورەیەی نێوان خۆی‌و وجود بەرجەستە دەکات، (لەو ساتەوە من ئەو -پرس-ە ئاوارەیەم/ ئەو سۆراخە شێت‌و وێتەم ئەگەڕێم‌و ناگەمە خواو ناگەمە تۆو ناگەمە خۆم، (ل١٠) ئەمەیە مەترسی هەرە گەورەی لە دایکبوون، ئەمەیە ترازان‌و بەشبوونە ترسناکەکەی لە دایکبوون، شاعیر لەم ئەزموونەدا ئەزمونی جیابوونەوە دەژی، لە خواو لە تۆو لە خۆی، وەکو ئەوەی شاعیر بەر لە لەدایکبوون لە یەکێتیەکی قوڵدا بووبێت لەگەڵ هەموو وجوددا، لە تێکەڵاوبوونێکی سۆفیانەدا بووبێت لەگەڵ هەموو شتەکانداو لەناکاو لە دایکبوون هارمۆنیای ئەو یەکانگیریەی ترازاندبێت‌و دەرگای بەربەستەکانی لە پێشدەم نیگەرانیەکی قوڵدا کردبێتەوە.. واتە سەرەتای سەرەتاکان لای شێرکۆ سەرەتای جودابوونەوەیەو ساتی سەرهەڵدان‌و هاتنە پێشی ئارەزووی تێکەڵاو بوونەوەیەشە، ئارەزوویەك کە ئەزمونی رۆحی شێرکۆ بەسیمای خۆی دەڕەنگێنێت، شتەکان دەکاتە پردو رێگا بۆ ئەو یەکگرتنەوە سۆفیستیانەیە، شێرکۆ لە سەفەری درێژی ژیان‌و شیعردا، هەموو شتەکان لەبەر دەستیدا دەبنە کەرەستەی ئەو گەڕانەوە ئەفسانەییە، بەئەندازەیەك دەکرێت بە ئاسانی خولیای هەرە قوڵی ئەم یەکگرتنەوەیە لە شێوەو پێکهاتی سیستمی شوبهاندنی شیعری شێرکۆدا ببینینەوە، سیستمی تێکەڵاوبوونی جەستە بەسروشت (کە لەوەوبەرو بەر لە -نەرسیسی کوژراودا- لێیدوام) کۆمەڵەی گەورەی فەنتازیای شێرکۆیە، کە هەڵبەت سەمایەکی شیعریانەی مەزنی لە نێوان ئارەزوی تێکەڵاوبوون‌و مەراقی لێکترازاندا دروستکردووە.

٧- خاچ:

لە سەرەتاوە (خاچ) ئەو تەوەرە نێوەندەیە کە نەوەکو تەنها کۆی شتەکانی دی لە دەوری دەسوڕێنەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا تەعبیر لە یەکانگیریی کۆی ناکۆکیەکان دەکات لەم قەسیدەیەدا، خاچ لێرەدا هێمایەکی ناوەندییە، کە لەیەك کاتدا دوو دەلالەتی ناکۆك کۆدەکاتەوە کە (ژیان‌و مەرگە).. دووبارەبوونەوەی بەردەوامی خاچ‌و دەرکەوتنەوەو سەرهەڵدانی خێراشی، یەکەمین‌و گرنگترین ئاماژەی شیعریانەیە بۆ دەرکەوتنەوەی ملمالانێی ساتی یەکەم، لەهەموو قۆناغەکانی دیکەدا.

ساتی سەرەتا، ساتی بەریەککەوتنی ژیان‌و مەرگ بوو، خاچ دێت‌و پێکەوەژیان‌و یەکانگیری ئەم دوو پۆلە گەورەیە بەرجەستە دەکات، واتە خاچ دەرهاویشتی بونیادێکی لە خۆی گەورەترە کە تەعبیر لە ئاستێکی دەلالی قوڵتر دەکات، کە ئەویش لە قوڵاییدا تەعبیرە لە ملمالانێی ژیان‌و مەرگ.. خاچ باشترین هێمایە کە دەشێت لەیەك

کاتدا ئاماژە بۆ ژیان‌و بۆ مەرگیش بکات، چونکە خاچ لە مانا مەسیحییەکەیدا تەنها ئاماژە نیە بۆ مردن، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هەستانەوەو ژیانەوەش، واتە چەندە دەڵالەتی مەرگ‌و قوربانی بوون هەڵدەگرێت هێندەش مژدەی زیندووبوونەوەی پێیە، چەندە قەدەرە هێندەش هەڵبژاردنە، چەندە ئائومێدییە هێندەش هیوایە، لێرەدا خاچ مەرگێکە هێندەی ژیان دەرکەوت، لە گەڵیدا دێت‌و دەبێتە هاوڕێی، هێندەی ژیان رووبەرێکی ئاوەدانکردەوە ئەویش دووبارە جێگایەك بۆ خۆی خۆشدەکات، بەڵام هەر کاتێکیش مردن سەروەر بوو، ئەو مژدەی هەستانەوەو دووبارە زیندووبوونەوەیە، ئاشکراشە هیچ هێمایەکی تر بەئەندازەی خاچ ناتوانێت ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە رابگرێت‌و کۆبیکاتەوە.

ژیان ـــــ ترسی مەرگ. مەرگ ـــــ مژدەی ژیان، ئەمە ئەو پێکهاتە بزوێنەیە کە بە درێژایی قەسیدەکە هەموو بەشەکان‌و لقە بونیادەکان کۆنترۆڵدەکات، خاچیش تەعبیرێکی ئەیکون ئاسایە لەو بونیادە بزوێنە سەرەکییە، کە هەر خۆی مانا و شێوەی دەرکەوتنی دەڵالەتەکانیش دەستنیشاندەکات.

خاچ هەڵگری ناکۆکی‌و دەرهاویشتی ناکۆکیشە، لەبەرئەوە لەتەك خۆیدا گەردەلوڵێك لە وێنەی ناکۆك دەهێنێت، لە تەك خاچدا ئامادەگی ناکۆکیەکان دەبێتە یاسای سەرەکی، ئەگەر خاچ مەرگێك بێت ژیان رابکێشێتەوەو ژیانێك بێت بەمەرگەوە ئاوێزان بووبێت، ئەوا لێرەوە دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە کە هەموو دیاردەیەك دژەکەی خۆی بانگبکات. ئەگەر سەرنجبدەین کۆکردنەوەی شتەکان‌و دژەکانیان، روکنێکی گەورەی ستاتیکی شێرکۆییە، لەم قەسیدەیەشدا ململانێی نێوان (ژیان‌و دژەکەی) دەبێتە تەقێنەرەوەی ئەو سیستەمە ستاتیکیە. (من خاچی مار تێ ئالاوم/ من سوتانێکی سووتاوم/ من رووبارێکی وەستاوو/ من مێژوویەکی جانتام‌و/ من لافاوێکی خنکاوی/ ناو لافاوم!) (خ م ڕ – ل۹۲،۹۳) (من خاچی مار تێ ئالاوم/ من شەوێکی دەریەدەری ئەم مێژووەم/ من نەفرەتێکی بەهەشتی‌و/ من زەردەشتێکی دۆزەخی‌و/ من تاریکی هەتاوم) (ل۷۸). (تۆ خاچی مار تێ ئالاوی/ تۆ نەفرەتێکی پیرۆزی‌و/ تۆ گوناهێکی پاکژی‌و/ تۆ بەهەشتێکی گڕدارو/ تۆ وشکانیی ناو سالاوی!) (ل۱۳۱). ئابەمجۆرە هەڵگری خاچ کە تەماهیکردووە (التماهی – چوونیەکی چییەتی) لەگەڵ خاچەکەی خۆیدا، تەعبیر لەو دەڵاقە گەورەیە دەکات کە لە ناو بوونیدا دروستبووە، ململانێی ژیان‌و مردن هێزی بزوێنی ئەم دووکەرتبوونەیە، خاچیش هێمای ناوەندی ناو ئەو بونیادەیەو ئاماژەیەکی سەنترااڵ‌و نیشانەیەکی هەرە ئەکتیڤی کۆبوونەوەی ئەو دوو دژەیە لەیەك یەکەدا. شاعیریش لە رێگای یەکبوونیەوە لەگەڵ خاچدا، دەبێتە ناوەندی کۆبوونەوەی وێنەو دژەکانی.. شاعیر روبارە بەڵام روبارێکە کە لە (چییەتی – ماهیە)ی خۆی کەوتووەو دژەکەشی لەتەك خۆیدا هێناوە کە وەستانە، نەفرەتە وەڵێ بەهەشتییە، زەردەشتە وەڵێ دۆزەخییە، لێرەشەوە هەژاران وێنەی شیعری لەم دیوانەدا دروستبووە کە هەمووبان لە پەراوێزی جەنگی ژیان‌و دژەکەیدا خولقاون‌و هەمیشەش خاچ وەکو قەدەرێك کە مانا دەبەخشێتە ترانجانی ئەو هەموو دژە لە پشت هەموو کارەساتەکانەوە دێتەوە پێشێ‌و ئامادەگی‌و ئەبەدیەتی خۆی دووبارە دەکاتەوە.


شێرکۆ بێکەس

لەم تێگەیشتنەوە خاچ تەنها ئاماژە نیە بۆ نزیکی شاعیر لە مەسیحەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ ئەو سووڕە ئەفسانەییەی مردن‌و ژیانەوە، هەرەس‌و پشکووتن، کەوتن‌و هەستانەوە کە تەوەرە سەرەکی‌و دووبارەکانی ئەم داستانە گەورەیەن، واتە خاچ لێرەدا ئاماژەیەکی دینی نیە بۆ پێغەمبەرێکی پیرۆزو کۆڕاو بەڵکو ئاماژەیە بۆ قەیرانێکی وجودی لای مرۆڤێك کە مەحکومە بە نەسرەوتنێکی ئەبەدی. مەحکومە بەوەی تامەتا هەتایە لەهەناوی خۆیداو هاوڕێ لەگەڵ یەکدیدا، مردن‌و ژیان پێکەوە کۆبکاتەوە.

٨- مار:

لە ئێستادا لەنێوان دوو دژە جەمسەری یەکانگیرین، جەمسەری یەکەم، جەمسەری ئازارو داهێنان بوو کە شاعیر لە سەرەتاوە ئاشکرایکرد. جەمسەری دووەمیش جەمسەری ژیان‌و مردن بوو. بەدرێژایی قەسیدەکە لەهەر جێگایەکدا بوەستین بەجۆرێك لە جۆرەکان لەناو فەزای ئەو دوو جەمسەرەدا دەسوڕێینەوە، خاچ کۆکەرەوەی هەردوو پێکهاتە ناکۆك‌و یەکانگیرەکەی (ژیان/ مەرگ) بوو لەیەك یەکەدا، بۆ ئەوەی بونیادی سەرەکی قەسیدەکە بگاتە کۆنکرێتترین شێوەی خۆی دەبێت دوو دژە جەمسەری ئازارو داهێنانیش لەیەك یەکەدا کۆبکرێتەوەو وەك یەك وێنە بەرجەستە بکرێت، مار لێرەدا ئەرکی ئەو کۆکەرەوەیە ئەنجامدەدات. ئەگەر ململانێی (ژیان/ مەرگ) ئەو


ململانێیە بێت کە شاعیر لە رێگایەوە هەموو جیهان دەبینێت، ئەوا جەنگی (ئازار/ داهێنان) رەنگدانەوەی ئەو جیهانەیە لە رۆحی شاعیردا، تا ئەو کاتەی جیهانی شاعیر مەحکومە بەململانێی مردنو هەستانەوە، رۆحی شاعیریش وابەستەی وەرزە تێکەڵاوەکانی ئازارو داهێنانە، لەبالای جەنگە هەمیشەییەکەی مردنو ژیان. کاتێک لێرەدا ووشەی (وابەستە) بەکار دەهێنم مەبەستمە یەکانگیریی تەواوەتی هەردوو ئەم دوو جەمسەرە دیارییەکەم، ئازار خۆی سێبەری شانشینی مەرگەو داهێنان لەرۆحی شاعیرداو داهێنان وەڵامی ژیانە لەناو هەمان رۆحدا، لێرەوە سەیر نیە وێنەیەک ببێتە کۆکەرەوەی جەمسەری ئازارو داهێنان کە لە هەمان کاتدا هەڵگری دەلالەتی مردنو نەمریشە، لەم خاڵەشدا توانای لە سنوور بەدەری شاعیریەتی شێرکۆ دەردەکەوێت کە لە وێنەی ماردا جەمسەری چەندین چەمکی قەسیدەکە کۆدەکاتەوەو هەموو ئەو چەمکانەش دوورنین لە مانا کۆنو ئەفسانەییەکانی مار خۆی. مار خۆی وەکو بوونەوەرێکی ژەهراوی هەڵگری مانای مەرگو ئازارە، مار لە ئەفسانە عیراقیە کۆنەکانی وەکو گەڵگەمێشدا هێمایە بۆ نەمری، مار لە کەلتوری یۆنانیو رۆمانیدا هێمایە بۆ زانین.. شێرکۆ لەم وێنەیەدا کۆی حوکمەکانی مەرگو ژیانو جێکەوتەکانیان لەداهێنانو ئازاردا لە ماردا کۆدەکاتەوە.. مار لە وەسفی دایکدا، رەشە وەکو زوخاوی باوک، بەڵام مار بۆ گەستن نەهاتووە، بەڵکو هاتووە تا نهێنییەکان بۆ شاعیر ئاشکرا بکات، لە تەفسیری ژنە قەرەجیشدا مار کسپەیە کە نهێنی زمان بۆ شاعیر ئاشکرا دەکات بە جۆرێ شاعیر (کە گەورە بوو/ ووشە ئەکات بەئەفسوونی/ خەون خۆی دێو لەسەر رانی/ نەهێنیی دڵی یەزدانو پێغەمبەرانی یەزدان/ ئەم گەردوونەی بۆ ئەنووسێ). (خ م پ– ل۲۰).

مار مەراقی پەپکە خواردووی ناو رۆحی شاعیریشە، ئەو مەراقەی کە نهێنی زمانو هێزی داهێنانیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە، مار ژانو ژەهرە کە نهێنی زمان لە رۆحی منداڵدا دەچێنێتو لەو رێگایەشەوە منداڵ دەکەوێتە سەر رێگای قەدەرێکی ترسناکو ناو جیهانێکی بێسنووری بینینو دۆزینەوەو فەنتازیاشەوە. لە دروستکردنی وێنەی ماردا، شێرکۆ هەوڵێکی دیکە دەدات کە رەهەندە ئەفسانەییەکانی منداڵی پتر بچەسپێنێت.. چونکە لەم قەسیدەیەدا شاعیر لە رێگای بەمیتۆلۆژیکردنی منداڵییەوە، رێگا بۆ سیحراویکردنی قەدەری گەورەیی خۆشدەکات، وەکو قەدەرێک کە ریشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ناو دونیا تاریکەکانی منداڵیو ساتە ئەفسانەییەکانی لەدایکبوون.

٩- تێبینیەکی دیکە دەربارەی (بونیادی بزوێن)..

لەم قەسیدەیەدا بونیادی بزوێن بە شێوەیەکی بازنەیی لەکاردایە، واتە هێندەی کە مەرگ سەروەر بوو، دوابەدوای خۆی کۆمەڵێ بەشە شیعری دیکە رادەکێشێت کە ژیان تیا سەروەرە، هێندەی مەراق هاتە پێش بەدوایدا گەشانەوەی شیعرو گەورەبوونی بەهرەو چڕۆکردنی زمان سەردەردێنن.

هێندەی هیوا دێت، لە پێچی دوا ئەوەدا نووشوستی چاوەڕێماندەکات، هێندەی هەرەس دەبێتە فەرمانڕەوا، لە پشتیەوە هەستانەوەو ژیانەوە ئامادەیە.. لێرەوەیە کە بەو چوار چەمکەو بەجوولەی تێکەڵاویان دەڵێم بونیادی بزوێنی ئەم قەسیدەیە، کە بەمجۆرەو لەم وێنە سەرەتاییەدا کۆیدەکەمەوە.



ئەم پێکهاتەیە وەکو بونیادی بزوێن کار دەکات، چونکە لەهەر جێگایەکی ئەم قەسیدەیەدا بوەستین بەشێوەیەک لە شێوەکان لە فەزای ئەو پەیوەندیو دەلالەتانەدا وەستاوین کە ئەو چەمکانە دروستیدەکەن.. هەموو وێستگە راگوزەرەکانی قەسیدەکەش زۆر جار رۆڵی لقە بونیادی ئەوتۆ دەبینن کە لە پەراوێزی جوڵەی ئەو چوار جەمسەرەداو یان وەکو جێکەوتەی کاڵی چەند جەمسەرێک لەوانە دەردەکەون. بەم مانایەش، جوڵەی ئەو ئاستانەو کارلێکیان، بابەتو مانا بەدەمارە سەرەکیەکانی ئەم قەسیدەیە دەبەخشن، دەرکەوتنی هەریەکێک لە خۆشیان پابەندی ئەو دیالێکتیکە ئاڵۆزەیە کە بەهێماو وێنەی هەمەڕەنگ قانگدراوەو ملکەچی ئەو بەدوو هاتنە بەردەوامەی ژیانو مەرگە لە سروشتێکی داستان ئامێزدا.

١٠- منداڵی ئەفسانەیی:

منداڵێک کە لەناو مرددا لە دایکبووبێت، بەپەیوەستێکی هەتا هەتایی بەئازارەوە گرێدرابێت، ئازاریش بەرەو ترۆپکی زمان رابەرایەتیبکات.. منداڵێک لە سەرەتاوە تا کۆتایی،هاوڕێی مار بێت (کە ئازارو ووشە بەجۆرێک لە خوێنیدا تێکەڵاو دەکات لێکجودانەکرێنەوە) ناکرێت وەکو منداڵێکی ئاسایی تەماشایبکەین.. ئەم منداڵە بۆ ئەوەی

بەردەوامبێت، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە سەختانەی سەرشانی جێبەجێبکات، دەبێت لەمیتاڵێکی نائاسایی خولقابێت، لە جێگایەکەوە هاتبێت کە بۆنی مان‌و ژیان‌و ئەبەدیەتی لێبێت، لە ڕەحمی جیهانێکدا دروستبوبێت کە بێکۆتایی‌و بێسەرەتایە، شاعیری چکۆلانەی ئەم قەسیدەیە، بۆ ئەوەی ببێتە هەڵگری ئەو تواناییانەی کە لە کانگا قوڵەکانی ژیانەوە هەڵدەقوڵێت، پێویستە بە شتە نەمرو هەمیشەییەکانەوە گرێدرابێت، دەبێت سروشت خۆی دروستبکات‌و لە نازکی‌و نەمری خۆی پێببەخشێت.

(تۆ تۆپەڵی قوڕە سورەی لەشی گۆیژەو پیرمەسووربووی:/ گڵەزەردە لەناو دەستیا بەهێواشی/ ئەیشێلایت‌و ئەیکردی بەگوڵی سپی دار هەرمێیەك/ (ل١٦).

(من لە ئەلف‌و بێی بەردەوە./ لە ئەلف‌و بێی کلووی بەفرو، لە ئەلف‌و بێی ئاونگەوە،/ لە ئەلف‌و بێی ئاگرەوە، من لە هێلکەی ئەفسانەوە/ سەرم جووقا..) (ل٢١).

(لەپیتی گڵمتك‌و حەرفی گفە‌و لوورەی ئەشکەوتەوە،/ هاتمە دەرێ‌و بووم بە گەردەلوولی سەما.). (ل٢١).

لەودیو ئەم دێڕانەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە ئەم منداڵە کوڕی سروشتە، لەناو زمانی بەفرو ئاونگ‌و بەردەوە هاتۆتە دەرێ‌و زمانی ئەو لە کانگا ئەزەلییەکانی سروشتەوە وەرگیراوە، ئەم مەسیحە بچکۆلانەیە بەخۆی‌و خاچەکەیەوە، کوڕی خودا نیە بەڵکو کوڕی سروشتە، تەنها لە هێزە ئەفسانەییەکانی سروشت ناخواتەوە، بەڵکو لە هێزی خۆیشی دەبەخشێتە چیاو جەنگەڵەکان، بەڵام هێزی هەرە گەورەی ئەم منداڵە کەوا دەکات مەخلوقێکی ئاسایی نەبێت‌و لەریزی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان بێت، ئەوەیە کە مەخلوقێکی (دیدەروونە – رائی)، واتە دەتوانێت خەونی دارستانەکان بخوێنێتەوە، بۆنی تیشك بکات، گوێ لە ڕەنگ بگرێت، ڕۆیشتنی دار ببینێت، بە مانایەکی تر هەڵگری هێزێکی لەبنەهاتویی بینین‌و رامان‌و بیستنە.

(منداڵێك بووم خەونەکانی دارستانم ئەخوێندەوە/ بەچاو بۆنی تیشکی ئاڵۆزکاوم ئەکرد/ گوێم لە زرنگەی کاروانی ڕەنگەکانی سروشت ئەگرت/ من ڕۆیشتنی گردو شاخ‌و داربەڕۆکانم ئەبینی/ زریکەی گۆم‌و ئەستێرك‌و خۆڵم ئەبیست./ هەناوی ئەستێرەم ئەدی. (ل٢٢).

ئەگەر سەنجبدەین، ئەم گونجان‌و هارمۆنییەتە ئەفسانەییە لەگەڵ سروشتدا، دەرەنجامی تێکەڵاو بوونێکی ڕەهاو بێبەرستی نێوان ئەم منداڵەو سروشتە، ئەم ساتە لە یادەوەری شاعیردا ساتی بەهەشتیانەی بەر لە جیابوونەوەو ترازانە لە ئامێزی سروشتەوە بۆ ئامێزی کۆمەڵ. ئەم توانا سیحراویانە لەسەر بینین‌و بیستن، ئەم هێزە گەورەیەی دیدەڕۆشنی، ئەم نزیکیە لە ترپەی دڵی دارستان‌و تیشك‌و ڕەنگەکانەوە، دەرەنجامی کۆبوونەوەی گەورەو تێکەڵاوبوونی بێسنوورە لەگەڵ جەوهەری هێزە زیندووەکانی ژیاندا... تا ئەو ساتەی کە منداڵ لە سروشت نەترازاوە، تائەو ساتەی ئەو بەشێکە لە مەملەکەتی چیاو دارستان، خاوەنی هێزێکی گەورەیە، دەتوانێت خۆی (نهێنییەکان ببینێت) ل٢٥.

بەمانایەکی تر منداڵ بۆ ئەوەی لەوەبکەوێت مەخلوقێکی ئەفسانەیی بێت، دەبێت ئەو هارمۆنێتیەی نێوان ئەوو سروشت بشکێت، دەبێت پرسیارەکانی لە هێزی بینین‌و تێگەیشتنی دوورتر بڕۆن، دەبێت دیوارێك لەنێوان نهێنیەکان‌و دیدی ئەودا دروستببێت، واتە کە لێرەدا باس لە (منداڵی ئەفسانەیی) دەکەم، مەبەستمە باس لەمنداڵێك بکەم کە سروشت بەباوکی خۆی دەزانێت‌و هێشتاش تووشی پەرتبوون‌و کەرتبوون نەهاتووە کە ترسناکترین ووشەن لە ئەزموونی وجودیانەی (شێرکۆ)دا.. لێرەشەوە هەر شتێك بەرەو یەکانگیریمان ببات‌ەوە لەگەڵ سروشتدا (ئەفسوناوییە)و هەر شتێك بەرەو کەرتبوون‌و پەرتبوونمان ببات ترسناك‌و پڕ لەسام‌و کوشندەیە. بەڵام لێرەدا منداڵ کە باس لە هێزی ئەفسانەیی خۆی دەکات (کە ڕیشەکانی لە ژیاندایە) بەپێی زەبری بونیادی بزوێن دەبێت لە هەمان کاتدا، باس لە کۆتایی‌و کوشتنی ئەو منداڵە ئەفسانەییەش بکات.

١١- کۆتایی ئەفسوون:

منداڵ لە ڕۆژە ئەفسوناوییەکانی خۆیدا، هێشتا ساتی بەر لەدابەشبوونی هوشیاری دەژی بۆ (زانراو و نەزانراو)، بەڵام لەو نێوەندەدا، لەو گەشتە درێژانەدا بەناو سروشتدا بەردەوام ئەو بەتۆوێکی نادیارەوە دەگەڕێتەوە، تۆوێك کەهارمۆنیاو تەبایی‌و لەیەکترنجانی ناو گەردوون لە پێش چاوی دەگۆڕێتە سەر ناتەبایی‌و کەرتبون‌و لێکترازان، ئەو تۆوەش، تۆوی (پرسیارە)، کە لەگەڵ خۆیدا پەشۆکان‌و دوو دڵی دەچێنێت. هەڵبەت بۆ دیدە ڕوونێکی وا ئەفسانەیی، پرسیار کاتێ وەڵامی نەبێت دەبێتە مایەی نیگەرانی قوڵ.. (بێوەڵامی) وەکو حاڵەتێك

سنووری جیاکەرەوەی دونیا (بێنهێنییەکەی) منداڵە، لە دونیای پڕ لە ترس‌و نادیاری پرسیار هەر کاتێك منداڵ نەیتوانی لەشتەکان تێبگات‌و وێنەکان روونی‌و بێگەردی‌و سافێتی خۆیان دۆڕاند، ئەوا ئەو هەنگاوێك لە شانشینی ئەفسوون دوور کەوتۆتەوە‌و هێزی بینین‌و بیستن‌و رامانی کزترو لاوازتربوون. منداڵ پرسیار لە سروشتەوە دەهێنێ‌و دەیباتە ناو (خێزان) بەڵام (وەرامەکان پرسیارەکانیان دەرئەکرد./ وەرامەکان سیسەڵە بوون./ وەرامەکان هیچیان کلیلیان پێ نەبوو) (ل ٢٦–٢٧). (خێزان) لانکەی یەکەمی ترسە، لەگەڵ بێوەڵامیدا، لەگەڵ کوشتنی پرسیارەکاندا (ترس) لە دایکدەبێت، کۆتایی ئەفسون لێرەدا بەسەرەتای ترسەوە گرێدراوە، چونکە ئەو تا ئەوکاتە ترسی نەدیبوو، نەیدەزانی ترس لە کوێیە (ل٢٧)، تا ئەو کاتە جەهەنەمی ترسی نەئەناسی (ل٢٧–٢٨) ترس ئەو پردەیە کە لە رێگایەوە هەوڵدەدرێت منداڵ لە بوویەکی ئەفسانەییەوە بکرێتە بوویەکی ئاسایی‌و خەسێنراو، بکرێتە (پرسیارێکی دەستەمۆ)‌و (روانینێکی شەرمن) (ل٢٨).

لەم پرۆسەیەشدا ئایین ئەو شمشێری ترسەیە کە منداڵ دەستەمۆ دەکات، ئەو هێزەیە کە ترس بەجۆرێ لەهەناویا دەچەقێنێت بەهیچ شتێك نەبزوێت‌و نەلەقێنرێت، ئالەم خاڵەدا کۆڵەکەیەکی گەورەی شانشینی تەبایی منداڵی دەڕوخێت، لێرەوە منداڵ لە ئەفسوونەوە دەکەوێتە خوار بۆ سەر خاکی ترس، ترسێك کە بینین‌و بیستن‌و تێفکرینەکان سەر دەبڕێت، تەواو لەم خاڵەشدا نهێنی ژیانی شێرکۆ کۆدەبێتەوە کە پابەندی ئەو پەیوەندییە گەورەو لە پسان نەهاتووەی نێوان شێرکۆو شیعرە کە وێستگەیەکە شاعیر هەوڵدەدات لە رێگایەوە، بگەڕێتەوە بۆ زەمانی تەبایی‌و هارمۆنیەت‌و رۆشنی.

١٢- خێزان:

لەسااڵی ١٩٣١دا (موواللەر ڤان دی برۆك).. دەرهەق بەژیان لە سەردەمی نازیەکاندا بەشانازی سۆسیال ناسیونالیستێکی ئەو سەردەمە دەنووسێت (دەبێت هێزی ئەوەمان تیابێت، کە لەناو ناکۆکیەکاندا بژین) ئەم رستەیەی (ڤان دی برۆك) بە بۆچوونی من سەرەتای جیابوونەوەی راستەقینەی شیعرو سیاسەتیشە. لەو ساتەدا کە سیاسەت دەیەوێت لەناو جیهانی ناکۆکیەکاندا بژین، شیعر بە تین‌و تاوێکی لە سنوور بەدەرەوە بەرەو جیهانی هارمۆنیەت‌و گونجاندنی ناکۆکیەکان دەمانبات، شیعری شێرکۆش لاکردنەوەیەکی قوڵە بەلای ئەو دەربازبوونەدا لە ناکۆکی‌و دووکەرتبوون، بەڵام ئارەزووی دۆزینەوەی یەکانگیری شتێکەو ئەو جیهانەی کە شاعیر تیا دەژی شتێکی تری. (منداڵ– شاعیر) لەم قەسیدەیەدا مەحکومە بەناکۆکییەکان، لە شانشینی ناکۆکیەکاندا دەژی، بەڵام ناتوانێت تیا هەڵبکات، لێرەوە ئەو بێتوانایە لەسەر ژیان لەنێوان ناکۆکیەکاندا دەیگۆڕێتە سەر ئامێرێکی هەستەوەر کە هەموو تیشکەکانی ئەو جیهانە، کاریگەری قووڵ لەسەر ئیقاعی ناوەوەی جێدەهێڵن. ئەو لەسەرەتاوە جیهان لەروانینیدا بووەتە دوو جیهان، لە هەرکوێیەکیش بژی دواجار جیهانی ئەو هەر دووجیهانە، خێزان لێرەدا بەرجەستەکەرێکی تری ئەو دوو کەرت بوونەیە، لە دیوێکدا خێزان کانگای ترسەو لە دیوێکی دیکەشدا مەڵبەندی دڵنیایی‌و ئاسوودەییە. شێرکۆی منداڵ‌و دواتریش شێرکۆی شاعیر تەماشای هەر شتێك دەکات لە پێش دیدەیدا دەبێتە دوو بەش، دەست بۆ هەر شتێك دەبات لە ژێر پەنجەکانیدا دابەش دەبێت، واتە هەموو شتەکان لە روانینی ئەودا قوڵایی دابەش بوونە ناوەکییەکەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەموو شتەکان لێرەدا درێژکراوەی ناکۆکی‌و پێکەوە نەگونجانێکی قوڵن کە بەزەق لەگەڵ یەکتردا کۆدەکرێنەوە. شێرکۆ کەتەماشای باوك دەکات، ئاوێنەی هەمان دوو کەرت بوونی تیا دەبینێتەوە کە ئەو لە قوڵایی بوونی خۆیدا هەڵیگرتووە، واتە شێرکۆ لەسەر رۆشنایی ئەزموونە وجودییەکەی خۆیدا باوك دەبینێت، ئەو (زێیە) بەڵام (تینووە). (خەونە) بەڵام (ناخەوێت)، (کڵپەیە) بەڵام (سەرمایەتی) (گەنمە) بەڵام (برسییەتی) (ل٣١).

ئەم هەموو ناکۆکیانە تەنیا ناکۆکی نێوان جەوهەری مرۆڤانەی باوك‌و واقیعی دژواری زیندەگی نین، بەڵکو سێبەری پرۆسەی کەوتن‌و هەستانەوەیەکی هەمیشەیی‌و بەردەوامن لەناو باوکدا، سێبەری دەلاقە تێکەوتنێکی وجودیانەی بێ سنوورن کە بێگومان شاعیر لەسەر رۆشنایی کەرتبوونە ناوەکییەکەی خۆیدا تەماشای دەکات‌و هەمان سەفەری ئەفسانەیی ناو رۆحی خۆیشی دەخاتە پاڵ، واتە باوك لەدیدی ئەم ئەزموونەوە لەسەر وێنەی (خود) بونیاد دەنرێتەوە. بەڵام جیاوازییە گەورەکە لەوەدایە کە (باوك) وێنەی باڵاو ئیدیالی ئەو پرۆسەیەیە کە شاعیر لە ژیانی خۆیدا دەیبینێتەوە، باوك هەمان پرۆسەی کۆپی ئەنجام داوە، کە گەشتی پەرینەوەیە لە ئازارەوە بۆ دامێنان، بەڵام باوك رێبوارێکی ئاسایی ناو ئەو سەفەرە نییە بەڵکو رێبوارێکی ئیدیال‌و نموونەیی‌و باڵای ئەو

ڕێگایەیە. باوك (زیندان) دەیکات بە (مانگ)، (ئاوارەیی) دەیکات بە(نیشتمان)، (بوومەلەرزە) بـە (سـروود) (کـۆت‌و زنجیر) بە (مامۆستا) (ل١٢).

باوکیش هەمان داستانی کوڕی هەیە کە ئەویش داستانی پەڕینەوەیە بەسەر پردەکانی ئـازاردا بـەرەو داهێنـان‌و هەستانەوە. ئەم لێکچوونە قوولّەی نێوان کوڕو باوك، میکانیزمێکی گرنگی کارکردنی بونیادی بزوێنمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات، کە بەردەوام خۆی ئاشـکرا دەکـات‌و لەسـەر ئەفسانەیەکی بالاّدەسـت، داڕێـژراوە کـە ئـەویش (ئەفسـانەی پەڕینەوەیە) واتە لەم جیهانەی شـێرکۆدا بـەبێ پەڕینـەوە لـە مەرگـەوە بـۆ ژیـان، لـە ئـازارەوە بـۆ داهێنـان، هیـچ چەمکێك لە چەمکەکان لەوەستان‌و ئیفلیجی خۆیان ئازاد نابن. لە جەوهەردا دنیـای شـێرکۆ بەپێچەوانـەی دنیاکـەی ڤان دی برۆکەوە جیهانی پەڕینەوەیە، جیهانی جێهێشتنی بەری تاریکی هاوکێشەکانە.

بەبێ ئەم جوولّە گەورەیە، بەبێ ئەو ووزە بێ سنوورەی تێپەڕاندن‌و پەڕینـەوەو دەرچـوون لـەداوی ئالۆسـکاوی ناکۆکیـەکان، ئەسـتەمە لـە کـۆی ئـەو لێشـاوو لافـاوە شـیعریە گەورەیـەی شـێرکۆ بگـەین. شـێرکۆ لـە وێنـاکردنی خێزانیشیدا، لە نێوان دۆزەخ‌و بەهەشتیشا هاتوچۆ دەکات. خێزان ئەگەر لە دیوێکدا هەرێمی ترس بێت، لە دیوێکـی تردا ڕێگای گەڕانەوەیە بۆ سـەرچاوەکانی ئەفسـوون. وێسـتگەی خـێزان وێسـتگەی تێکـەڵاوبوونی تـرس‌و ئومێـدە، لەویادا منداڵ لەدەستدانی ئـەو یەکبوونـە قولّـەی سـەرەتا دەژی‌و لەویاشدا خـەونی گەڕانـەوە گـەورە دەکـات، لـە سەرێکەوە بچووکبوونەوەی گەردوون دەبینێ‌و لە سەرێکی تریشەوە گەورەبوونی هیواو خەیاڵ دەژی، خێزان لـەپاڵ ترس‌و دەستەمۆکردندا، ساتی جوان‌و گـەرم‌و پـڕ لـە ئومێدیش پێشـکەش بـەمنداڵ دەکـات، ئـامێزی گـەرمی دایـك خرۆشێنەری یادەوەرە گەرمەکانی ژیانە بەر لە لـەدایکبوون‌و لێکترازان (بڕوانـە ل ٣٥-٣٦) لـێرەدا ئـامێزی دایـك‌و ئامێزی سروشت لەیـەکتر جیاناکرێنـەوە، خـێزان چـەندە رووبـەکی دۆزەخیانـە‌و تـاریکی هـەبێت، لـە هـەمان کـاتدا رووبەکی ئەفسووناوی‌و بەهەشتیانەشی هەیە، شوێنی لۆمەی منـداڵ‌و شـوێنی ستایشیشـێتی. ئەمـە ئـەو ناکۆکییـە وێژدانییە گەورە‌و قوولّەشە کەدواتر شێرکۆ لەگەڵ خێزانە گەورەکەی نەتەوەدا، دووبارەیدەکاتەوە. لە قەسـیدەکەدا خێزان کە پرسیارەکان دەکوژێت‌و منداڵێکی دەستەمۆ دروستدەکات، هەر خۆشی پرسیارێکی گـەورەتر دەچێنێـت، کە پرسیاری ڕۆژی گەڕانەوەیە بۆ ناو ئەفسوون، (منداڵ - شاعیر) لەوێکانەدا دەپرسێت: (چۆن هەڵکەم وەکـو بـاو گەورەبم وەك شاخ‌و/ دەستخەمە ناودەستی کڕێوەو سەرکەمە/ سەرشانی نارنجیی ئاگرێ؟!)... (چۆن ئـەبم بـەیاری مانگەشەو؟!.... چی بکەم... بـۆ ئـەوەی/ ..... / گوێـم لێ بـێ.. ئەسـتێرەیش بدوێـت‌و/ گوێـم لـێ بـێ..... بارانیش بدوێت‌و/ ئەو هەورەیش سترانێ ببێژێ!).. (بڕوانە ل٣-٧) ئەم سیفەتانە کە منداڵ عەودالّێتی هـەمان ئـەو سیفەتانەن کە خۆی لە قۆناغی ئەفسووناوی سەرەتادا هەڵگری بووە. لەم دیدەشەوە خـێزان خـاکی مـردن‌و خـاکی ئومێدیشە، وەلـێ ئەم وێنەیە لەگەشتی درێژی ژیاندا گۆڕانـی گـەورەی بەسـەردا دێت‌و شـێوەکانی بـە شـێوەیەکی سەیرو فراوان‌و گەورە دەبن.

١٣- چەکی ئەفسووناوی:

لەو ساتەوە کە منداڵ لە ئاسمانی ئەفسوونەوە دەکەوێتە خوار ئیدی جگـە لـە گەڕانـەوە ئومێدێکـی تـری نیـە. بەڵام گەڕانەوە پێویستی بەڕێگای تایبەتی‌و چەکی تایبەتی هەیە، بەواتایەکی تـر بەرقـەرار کـردن‌و بـەواقیع کردنـی ئەفسانەی پەڕینەوە، پێویستی بەهێزێکی گەورەهەیە، ئەو هێزە بێ سنوورەش شێرکۆ لەزماندا دەیبینێتـەوە. (لـە کەناری لم‌و چەوی ئەلف‌و بێوە/ پێت خستە ناو تەنکاوێکی زمانەوە‌و/ ئیتر چوویتە ئەو دەریاچەو زەریایەوە/ کە تـا ئەمڕۆش تۆ ئەبات‌و خاچ ئەبات‌و/ مار ئەبات‌و سەری ئەوسەری دیار نیە هیچ بەندەرێکی دیار نیە.) (ل٣٩).

لـە پـاڵ دۆزینـەوەی کـەناری ئـەلف‌و بێدا شـاعیر ئـەلف‌و بـێی ئـازاریش دەبینێـت، بینینـی چەوسـاندنەوەی جووەکان، سەرەتای هەستکردنە بەهەموو چەوسانەوەیەك، سەرەتای روانین‌و فامکردنەوەی راستەقینەیە بەجیهان، سەرەتای جیابوونەوەی لەسەرەخۆی جەمسەرەکانی ئەو دونیا لێکترازاوەیـە. لـەویادا خـاچ (زمـانی پشـکوتوو بـوو بەدەم، بوو بەگوێ) (ل٤٠).

(هەر لەوێ ماری تۆ/ قایمتر ئالاّیە گەردنی گومانت‌و/ وەك پرسیار لەناوتا پەپکەی خوارد) (ل٤١).

لەویادا منداڵ کلۆڵی، ئازار، ناسۆر دەبینێت‌و لەناکاو وەکو لەخـەوێکی قـوولّ هەسـتابێ (رادەچڵـەکێ). (ل٤٢). ئەم راچڵەکاندنە چی دەگەیەنێ؟ منداڵ تائەو ساتە بۆ هارمۆنیەتی شکاوی نێوان خۆی‌و سروشت عەوداڵ بوو، بەڵام ئێستا هارمۆنیەتی شکاوی نێوان مرۆڤ‌و مرۆڤ بەگشتی دەبینێت. لەم ساتەشەوە، ئەو چەکە ئەفسووناوی‌یەی کـە

ئەو پێویستە هەڵبگرێت ماناو دەلالەتی خۆی ئاشکرا دەکات. لەسەرەتاوە ئەو دەبێت بەکارهێنانەکانی ووشە فێربێت، وەزیفەکانی بناسێت، گەورەترین سیفەتیش کە ووشە دەبێت هەڵبگرێت، تابتوانێت کاری خۆی وەکو چەکێکی ئەفسوناوی ئەنجام بدات، (ژیان – دۆستی)یە. ووشە لە یەانی منداڵدا دەچێتە ناو جەنگێکەوە کە بەرامبەرەکانی (مردن)و (ئازار)ن، لێرەوە ووشە دەبێت خولقێنەر بێت،، خەمخۆر بێت، گۆشەگیر نەبێت، بجوواڵێت، هەستێت، پێی هەبێت (بڕوانە وێنەکانی ل٤٤) بەکورتی دەبێت وشە خولقێنەری ژیان بێت. (من وشەم بۆچیە شوو نەکات بەگڵو / شوو نەکات بەبەردو / منداڵی پەلکە گیاو وەنەوشەی لێ نەبێت!). (ل٤٤). لەسەرەتاوە وشە مژدەی تێکەڵاوبوونەوەیەکی مەجازی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لەسەرەتاوە منداڵ تێدەگات، ئەم ئەفسوونە رەنگاو رەنگە تاکە پردێکە لەرێگایەوە بینینی کوژراوو بیستنی کوژراو زیندوو بکاتەوە، دۆزینەوەی وشە سەرەتای ئەو ئەزموونە سۆفیستیانەیە کە دواتر شیعر لەگەڵ خۆیدا دەیخاتە ئاستە هەرە بەرزەکانی.

١٤- لەباوکی مردووەوە بۆ باوکێکی ئەبەدیو نەمر (جەستەی ئەفسانەیی)

باوك لە رۆژێکی ساردا دەمرێت، بەڵام مردن تەنها لەو کاتانەدا دەبێتە کۆتاییو نائامادەگیو ونبوونی رەها کە مردوو تەنها لەشی خۆی هەبێتو لە جێگای دیکەدا لە شێوەی دیکەدا دەرنەکەوێتەوە، کە مردوو رۆحێکی تاك و تەنها بێت کە لەناو خۆیدا قەتیسو گەمارۆ دراوەو ئاوێنەو رێگاو درێژکراوەی پتەوی نەبێت. هیچ یەك لە مردووە گرنگەکانەی شێرکۆش لەناو ئەو پێناسە بچووکەدا جێگایان نابێتەوە، زۆربەی مردووەکانی ناو ئەم ئەزموونە بوویەکی باڵاترن لەمرۆڤی ئاسایی. هێزێکی بێبەزی دۆنادۆن لە هەموومردووەکانی شێرکۆدا هەیە، چونکە ئەزموونی شێرکۆ لە بنەڕەتدا لەسەر بەزاندنی مەرگ بونیادنراوە واتە لەسەر هەڵهاتن لەفەنا بوون، کە جەوهەری گوتاری مانەوەیە، من پێم وایە (شێرکۆ) زمانحاڵی هەرە گەورەی ئەم گوتارەیە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، هەر خۆیشی جیاکەرەوەی سیفەتە – ژیان– بەخشەکانی ئەم گوتارەیە، لەبەرابەر ئەو سیفەتە مەرگ دۆستانەیە کە دواتر سیاسەت بەخشیویەتە ئەم گوتارە. قارەمانەکانی شێرکۆ بەرجەستەکەرو نیشاندەرەوەی تەماحێکی شاردراوەو گەورەن بۆ نەمری. مردووەکانی شێرکۆ بەگشتی ئارەزوویەکی بێ ئەندازە دەیانجوڵێنێ کە ئارەزووی بوونە بە بەشێك لە هێزە نەمرو ئەبەدیەکانی سروشت. لە فەرهەنگی شێرکۆدا تێکەڵاوبوونەوەو دۆنادۆن لەناو سروشتدا دوو مانای گەورەی هەیە، یەکێکیان ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ بڕینی ئەو کەرت بوونە سەرەتاییەو ئەو جیابوونەوەیەی یەکەمین سات لە جیهانی ئەفسوونو گەیشتن بە (بوونێکی ئایدیال) لە رێگای تێکەڵاوبوونەوەو بەرەگەزە سافو نەشێوێنراوەکانی وجوودەوە. دووەمیشیان ئەو مانا سیاسیەیە کە لە رێگایەوە کەسانێکی نەفرەت لێکراو کە لە بەردەم هەڕەشەی نەمانو قڕکرندا، ئامادەیی و زیندووبوونەوەو هەستانەوەی خۆیانی پێ دەسەلمێنن.

هەردوو ماناکەش بەناو مەرگداو دژی مەرگ کار دەکەن... واتە ئەفسانەی پەرینەوە پراکتیك دەکەنو لە مەرگەوە بەرەو ژیانێکی دی دەپەڕنەوە، جەوهەری ئەم پەرینەوە ئەفسانەییەش، کردەی حلولکردنێکی قووڵە کە بەشێوەی جۆراوجۆر تەعبیر لەخۆی دەکات، لە هەموو ئاستەکانیشدا کەسی شەهید یان مردوو دەبێتە هەڵگری جەستەیەك کە لە سروشت جیا ناکرێتەوە. واتە بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرینەوە بەرقەرار بێت دەبێت مردوو خاوەنی جەستەیەکی ئەفسانەیی بێت. جەستەی باوکیش بۆ ئەوەی لەمردن بپەڕێتەوە دەبێت هەموو هێزە گەورەکانی سروشت شاهێدی ئەوەبن کە ئەو خاوەنی جەستەیەکی ئاسایی نییەو سەر بەخێڵی لەشە ئەفسانەییەکانە (کڕێوە هات وتی!/ ... / شەختەکەی عومری ئەو لە منە!/ باڕێزە هات وتی/ من هاتووم/ غەریب نیم بەم پیاوە/ ئەم پیاوە ڕێژنەی زوخاوی لەمنە!/ گڤەی بایش هات وتی/ من هاتووم غەریب نیم بەم پیاوە/ دەربەندی دوو لوولەی برسێتی/ سینەی ئەو لەمنە! (ل٤٩).لەم ئاستەدا باوك وەك شێوەیەکی ئادەمی لەبەرچاو وون دەبێت، بەڵام ئەم جەستە وونو نەبینراوەی ئێستا، لە شێوە ڕاگوزەرو بەسەرچووەکەی خۆیەوە گواستوویەتیەوە بۆ شێوەیەکی ئەبەدیو نەمر. لەلەشی ئادەمیەوە گواستوویەتیەوە بۆ لەشی شاخ، لە باوکێکی مردووەوە بووە بەباوکێکی نەمر، مردن لێرەدا پەرینەوەیە بەرەو جەوهەری هەتایی ژیان، واتە پەرینەوە نییە بۆ نەمرییەکی مانەوەییو رەمزیانە، بەڵکو پەرینەوەیە بۆ ناو زیندووبوونەوەیەکی باڵاتر لە رێگای سروشتەوە. باوك لێرەدا تەنها یادەوەرییەکی زیندوو بەجێ ناهێڵێت کە لە خەیاڵی منداڵدا بمێنێتەوە، بەڵکو لەشێکی زیندووتر جێ دەهێڵێ، واتە شێرکۆ لەبری ئەوەی باوك لە یادەوەریدا هەڵبگرێت، لە سروشتدا دەیدۆزێتەوە. (من ئێستاکە/ باوکم نییەو/ شاخی گۆیژە لەجێی باوکمە).

(ل٥١). ئەمەش تایبەتمەندی هەرە گەورەی ئەزموونی شێرکۆیە لەگەڵ مەرگدا.. گواستنەوە لە لەشی بچوکی خۆتەوە بەرەو لەشی گەورەی سروشت. لێرەدا نابێت ئەم پەیوەندییە بەروانینە فەلسەفییە هاوشێوەکانیەوە گرێ بدەینەوە سەبارەت بە دۆنادۆن، کەهەڵبەت لە ئەمبادۆکلیسی یۆنانییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمبادۆکلیس لە جێگایەکدا دەڵێت (من جارێك لە جاران لەوەوبەر مێردمندالێك، کیژێ، باڵندەیەك، ماسییەکی کەپۆ لاڵ بووم...) بەڵام ئەم جۆرە دۆنادۆنە ئێجگار جیاوازە لە دۆنادۆن لە قەسیدەی شێرکۆدا، کە ئەزموونێکە خەسڵەتی حلول کردنی سۆفیانە بەدۆنادۆنکردنی ناو سروشت بەجۆرێك تیا تێکەڵاو دەبێت، دۆزینەوەی هێڵەکانی جیاکردنەوەیان تەواو ئەستەمەو ریشەی کۆی پرۆسەکەش پەیوەندییەکی قوڵی بەرۆحی کوردو کێشە فەلسەفیو ویژدانیەکانیەوە هەیە، کە گوتاری مانەوە لەناویدا جێگەیەکی ناوەندی هەیە.

١٥- تێبینیەکی دیکە لەسەر کێشەی ستاتیکا:

سروشتی باوك، سروشتێکە تایبەتمەندیەتیەکانی باوك وەردەگرێ، واتە لە لۆژیکی ئەم حلول کردنەدا، تەنها باوك رەنگی سروشت ناگرێت، بەڵکو هەمان شێوە سروشتیش رەنگی باوك دەگرێت. باوك بەیەك جار لەناو سروشتدا ون نابێتو ئیدی ئەو بخاتە شوێنی خۆیو سیفەتو نیشانەکانی خۆی تەواو لەناو ئەودا بتوێنێتەوە، بەڵکو لە فەنتازیای شێرکۆیانەدا سروشت کە دەردەکەوێتەوە بە هەموو سیفەتو نیشانە پێشینەکانی باوکەوە دەردەکەوێتەوە. تائەو ساتەی کە (باوك) نەمردوە، ئەو خۆی ناوەندو چەقی بینینەکانی کوڕە، شاعیر تاساتی مردنی باوك بەهەر لایەکدا دەجوڵێتەوە، بەجۆرێك لەجۆرەکانو بەڕێگایەك لە رێگاکان رووی لەباوکە، (بڕوانە ل١٢، ل٣١، ل٤٣ تا ل٥١).

بەڵام لەگەڵ مردنی باوکدا (گۆیژە) دەبێتە ناوەندو چەقی بینینو روانینەکان. شێرکۆ بەجۆرێکی سەیر لەگەڵ یەکەم ساتی راگەیاندنی باوکایەتی گۆیژەدا دەنووسێت. (بەم رۆژگارە گۆیژە چاوم بانگ ئەکات)و بە شێوەیەکی سەیرتریش دووبارەی دەکاتەوە، بەمانایەکی دیکە مردنی باوك، وەکو پرۆسەی وەلاوەنانی ناوەندێك بۆ ناوەندێکی دیکە تەماشا دەکات، کە هەردووکیان یەك بونیادی لێکچوویان هەیە. باوك لە وێناکردنەکانی پێشوودا وەکو تابلۆیەکی گەورەی ئازارو وەکو مامۆستایەك نەخش کراوە، کە دێینە سەر وێنەکانی گۆیژە، هەمان شێوەو هەمان بونیاد دووبارە دەبێتەوە، گۆیژە چاپخانەی ژانو سوێی رەنگاو رەنگە، شانۆی کۆستو دەمامکو سەمای گریانو بەستەیە. (ل٥٣).

وەکو چۆن باوك رووبارێکی ماندوو، پەلکێکی شەکەت، شەوگاری ماندوو، شەقامی هیلاکە. (ل٤٣). باوك مامۆستاو خاوەن پەندە، گۆیژەش بەردەوام پەندو زانیارەکان لەسەر تەوێڵی خۆی دەنوسێ، (ل٥٢و ٥٣). ئەم تەباییە لەبونیاددا، تەباییە لە دەلالەتیشدا، واتە لێرەدا لە بەردەم سیستمی شوبهاندنێکی ئاسایی‌دا نین، کە تیایدا شتێك (کە باوکە) بەشتێکی دی (کە سروشتە) شوبهێنراوە، بەڵکو لەبەردەم جیهانێکداین کە تیایدا شوبهێنراوو پێشوبهێنراو لەیەکدی جیاناکرێتەوە، جیهانێك کە بونیادە شیعریەکەی تەعبیر لە پێویستی ناوەوەی شاعیر دەکات بۆ گەڕانەوەو یەك گرتن. جیهانی شێرکۆش جیهانێکی تێکەڵاوبوونە، ستاتیکاشی هەر ستاتیکایەکی تایبەتی‌یە، کە تیایدا یاسا ئاساییەکانی شوبهاندن کار ناکات، لۆژیکە ئاساییەکانی خولقاندنی وێنەی شیعری لەکاردا نی‌یە، بەڵکو لۆژیکێك لە مەیداندایە تەواو پابەندی جیهان بینی‌یە رۆحیو فەلسەفیەکەی شاعیرە. لێرەدا ئەستەمە پەیوەندی باوکو گۆیژە بەبێ تێگەیشتن لە کرداری پەڕینەوە لە جەستەی بچووکەوە بۆ جەستەیەکی نەمر تێبگەین، واتە گەمژەیی‌یە لەگەڵ زۆربەی وێنەکانی ئەم دیوانەدا تەنها لۆژیکە ئاساییەکانی شیعر بخەینە گەڕو وابزانین لەبەردەم جۆرە شوبهاندنێکداین کەهەموو شاعیرێکی تر دەیسازێنێت. لەم تێگەیشتنەشەوە تەنها شاعیریەت کۆنترۆڵی شیعر ناکات، بەڵکو هەموو جیهان بینی شاعیر بەکۆ، بەهەموو ناکۆکیو ئارەزووە کپ کراوەکانیەوە جڵەوی شاعیریەت دەکات.

گەر شەقاوێك دوورتر بهاوین، دەبینین کە ئەم چەند فەزایەی لێرەدا دیاریمان کرد هەموویان نیشاندەرەوەی ئەو ململانێ جەوهەریەن کە بزوێنی قەسیدەکەیە. وەکو سەرەتا لێرەدا چەند لقە بونیادێك دەبینین، کە بە دڵنیاییەوە دەکرێت بۆ یەکەی بچووکتریش کورت بکرێنەوە، بۆ نموونە لقە بونیادێکی وەکو (ئەفسوونو هەرەسی ئەفسوون) یان (باوك –سروشت) لەهاتنو ون بوونیانەوە تێدەگەین کە مل کەچی کارکردی یەکەیەکی لە خۆیان گەورەترن، هەریەکێك لەوانەش جێکەوتەی جوولە گەورەکەی نێوان (مردنو ژیان) (ئازارو داهێنان)ن، فەرمانیشیان

بەرجەستەکردنی زیاترو زیاتری میکانیزمە گەورەکەی پەپینەوەیە لەناو بونیادی بزوێندا، چونکە ئاشکرایە کە پەیوەندی نێوان منالّو ئەفسون هەر لەسەر نەزمی (هەرەسو پەپینەوە) بونیادنراوە. پەیوەندی نێوان باوکو سروشتیش هەر لەسەر هەمان شێوەیە، لەم وێنەیەدا باوک ئەو بوونەیە کە لە رێگای مەرگەوە ئەو پەپینەوە ئەفسانەییەی ئەنجام داوە، واتە پەپینەوە کۆنکرێتو بەرجەستەکەی باوک لە مردنەوە بۆ نەمری، گەیشتنە بەو پلە ئایدیالەی کە بونیادی بزوێن لە وێنەیەکی وەکو خاچدا کۆیکردۆتەوە، لێرەوە پەپینەوەی باوک ئەو لقە بونیادەیە کە بەواقیع بوونی ئیدیالەکانی بونیادی بزوێن دەسەلمێنێ، هاتنو ئامادەبوونیشی ملکەچی حیکایەتێکی بایۆگرافیانە نییە، کە لە رێگایەوە شاعیر وێستگەیەکی ژینی خۆی باس بکا، بەڵکو مل کەچی پرۆسەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بونیادی بزوێنە بۆ خۆی لە ئاستی هەموو لقە بونیادەکاندا.

١٦- لە جوگرافیای ماڵەوە بۆ جوگرافیای خەیاڵ (شوێنی ئەفسانەیی):

واقیع ئەگەر بەهەشتێکی گەورەش بێت شاعیر تاسەر ناتوانێت بەوەفا بێت بۆی بەڵام ئەگەر واقیع دۆزەخێکی گەورە بوو ئەوا شاعیر تەنها لەو کاتانەدا رووی تێدەکات کە دەیەوێت باسی دۆزەخ بکات، تاواقعیش دۆزەخاوی تر بێت، فەنتازیا پتر مافی ئەوە دەداتە خۆی ئازادتر بێت. هەڵبەت شوێنو وێنەکانی لەم ئەزموونەدا رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە جیاکردنەوەی واقیعی راستەقینەو واقیعی فەنتازیدا. شوێنی ئیدیال لەم دیوانەدا ئەو شوێنەیە کە تیایدا (مرۆڤ)و (سروشت) یەکانگیریو تێکەڵاوبوونی خۆیانی تیا پیادە دەکەن، شوێنی دۆزەخیش، شوێنێکە بەپێچەوانەی سیفەتە گەشەکانی سروشتەوە، بچوکو تەنگەبەرو دوور لەخۆرە. شوێن لە وێنە دۆزەخیەکەیدا بۆ جارێکو بەخێرایی لە شێوەی ماڵدا وێنە دەکرێتو بەچەند ئاماژەیەکی بچوکیش دەوڵەمەند دەکرێت، بەڵام ئەم کورتە راوەستانە، ئەم وێنە خێراو تێپەڕە بەدەر نییە لەمانای قوڵ، لە وێنەگرتنی شێرکۆدا، حەوشی ماڵ گەورەیە، بەڵام ئەوەندەی سامناکی هەژاریی خۆی. هێندەی سکی خاڵی هەژاریی خۆی، ژووریش بچووکە وەکو دڵی دایکو پشت لەخۆرە وەکو دەموچاوی خوشکان، هاوسێکانیش ماڵە زووخاوی دیکەن (ل٥٤-٥٧).

هەڵبەت لەم جوگرافیا ترسناکەدا ناکرێت بۆ جوگرافیایەکی دیکەی ئەلتەرناتیف نەگەڕێین، منالێک کەسەرەتا لەناو سروشتدا چاو دەکاتەوەو هەموو ئەفسوونەکانی سەرەتا لە خەیاڵیدا سەقامگیر دەبێت، دواتر کە دەکەوێتە حەوشێکی دڵتەنگو ژوورێکی بچووکی شار، فۆبیایەک لە ژیانیدا دەردەکەوێت کە فۆبیای ماڵە.

ئەگەر لە سەرجەمی دیدی شێرکۆییانە بڕوانین، دەبینین ئەم شاعیرە هەمیشە چاوی لە دەرەوەیە، هەمیشە پەل بۆ ناو سروشت دەکوتێتو دەست بۆ جیهانە کراوەو فراوانەکان درێژ دەکات. بەمانایەکی تر شێرکۆ لە رەگەزی شاعیرە خەڵوەتیەکان نیە، بەڵکو سەر بەرەگەزی شاعیرە گەڕۆکەکانە کە بەردەوام هێزێکی نهێنی بۆ دوور لەدیوارەکانی ماڵ رایدەکێشێت. ماڵی راستەقینەی شاعیر، ناو سروشتە کە پردی گەیشتنەوەیە بە کۆی بوون، لە راستیدا چوونە دەرەوە لە ماڵ، چوونە دەرەوەیە بۆ جیهان، دوور کەوتنەوەیە بەهەنگاوێک لە جوگرافیای ترس کە بەشێکە لە جوگرافیای مەرگ. تاشوێنەکانیش تاریکترین، سەرهەڵدانی یۆتۆپیایەکی دیکە لە وێنەی شوێنێکو خاکێکی دیکەدا گەورەتر دەبێت.

منداڵ کە هەڵنووتانە وجودییەکەی، بە شێوەیەکی ریشەییو بێپەروا پەیوەستە بە کەوتنە خوارەوەیەکی قوڵ لە ئارامیو سرەوتی سەرەتاوە بۆ ئامێزی ماڵی تاریک، لەبری ئەو جوگرافیا رەشەی ماڵ، دەبێت جوگرافیایەکی دیکە بدۆزێتەوە، جوگرافیایەکی فەنتازی، وەک هەمیشەش لەم جیهانە سنوردارەدا، فەنتازیا وەک چیرۆکو سەرگوزشتە دێتە پێشێ، واتە دەبێت یەکێک هەبێت، سیحربازێک هەبێت کە لە سەرەتاوە سرووتەکانی گواستنەوەی یەکەم لەگەڵ منداڵدا ئەنجامبدات، ئەو یەکەم گواستنەوەیەش لە شوێنی داخراوەوە بەرەو شوێنی ئەفسانەیی، لە جوگرافیای ئازارەوە، بەرەو جوگرافیای فەنتازیا، یەکەم شکاندنی منداڵە بۆ سنوورە داخراوەکانی شوێن، بڕینو وەلاوەنانی ئەم جەبرەش دەبێت لە رێگای کاراکتەرێکی نیمچە واقیعیو نیمچە ئەفسانەییەوە بێت، کە ئەویش کاراکتەری پیرێژنی (خەیاڵ چڕو قسە فێنکە)، (ل٥٥). پیرێژن بە پێچەوانەی بچوکی شوێنەوە، دەریایەکی گەورەیە کە میژووەکانی لە خۆیدا کورتکردۆتەوەو لە رێگایەوە شاعیر لە شوێنی واقیعیەوە بەرەو دونیایەکی گەورەتر دەڕوات، لە رێگایەوە بازیانو مەهابادو دەرسیمو دیاربەکرو وان دێنە خولگەی فەنتازیاکانی شاعیرەوە، هەموو ئەو جێگایانەش لێرەدا ناوی واقیعین بۆ جێگایەکی ئەفسانەیی، ئەگەر سەرنجیش بدەین، دەبینین کە ئەم جێگا ئەفسانەییە لە دەستکردی ووشەیەو سەرەتای دەرکەوتنی هێزە سیحراویەکانی وشەیە. لێرەدا ماڵ مەرگو ووشە

ئازادی دەنوێنێت، کۆی هاوکێشەکەش دیوێکی تری ئەو ئارەزووە قوولەی ژیان دەچەسپێنێت، کە منداڵ ناچار دەکات لە جوگرافیای واقیعەوە بەرەو فەنتازیا بڕوات، فەنتازیایەک کە ترۆپکی خۆی لەو کەرنەڤاڵە تراژیدیەی شیعری شێرکۆدا بەرجەستە دەکات، کە دواجار خەیاڵ وەکو ژیانی راستەقینە تەماشا دەکات، چونکە کە ژیان هەرەسدەهێنێت، تاکە جێگایەک شایستەی مانەوەبێت ناو چیرۆکەکانە.

١٧- مەرگ‌و کتێب (جیابوونەوە لەمەرگ):

ئایا شەهوەتی نووسین لە ترسی مردن جیا دەکرێتەوە؟ رەنگە ئەو پرسیارە یەکێک بێت لە هەرە سەختترین پرسیارەکان، چونکە نووسینو مردن بەئەندازەیەک یەکتری دەبڕنو بەجۆرێ تێکەڵاو دەبن کە دۆزینەوەی جەمسەرەکانیان ئەستەمە، بەڵام جیهانی شێرکۆ، جیهانێکە عەودالی رۆشنییە، واتە عەودالی دروستکردنی وێنەیەکە بۆ دەروبەری خۆی کە تیایدا مانای شتەکانو شێوەی پەیوەندیکردنەکان روون بێت، بەڵام ئەم دیدە رۆشنییە، رۆچوونیشە بۆ ناو بینینی ناکۆکیو ئاڵۆزییەکان، تا شاعیر دیدە روونتر بێت، زیاتر هەست بە جەبریەتی ئەو دابەشبونە قوڵەی نێوان خۆیو بوونی ئایدیال دەکات، زیاتر هەست بە مەرگ دەکات، بەجۆرێ کرداری نووسینیش لە ناو خۆیدا تووشی دابەشبوونێکی ناوەکی سەخت دەبێت، کرداری نووسین دەبێتە نزیکبوونەوەو روونبوونەوەی ئامادەگی سەرتاسەریانەی مردن. لەخۆڕانیە کەساتی بینینی یەکەم مەرگو یەکەم کتێب بەیەکەوە دێن، منداڵ لەو ساتەدا کە یەکەمجار کتێب دەدۆزێتەوە لە گەڵیشیا مەرگ دەدۆزێتەوە، واتە راوەستانی یەکەم بەرامبەر دەریای ووشەو کێوی زمان (کە کتێبە)، هاوشانە بەراوەستانی یەکەم بەرامبەر وێنەی مردن کە لە ناو ئەو کتێبەدا نەخشکراوە. ئەمجۆرە پێکەوە گرێدانەی مردنو نوسین، وێنەیەکی دیکە دەخولقێنێتو ئەیقونێکی دیکە دەخاتە سەر ئەیقوونەکانی شێرکۆ وەکو (خاچ)و (مار) کتێبیش لە یادەوەری شێرکۆدا هێمایەکی گەورەیە بۆ مردنو ترسو تاریکی وەکو چۆن هێمایەکی راستەوخۆشە بۆ داهێنانو گەشانەوە. شێرکۆ ئەو ساتی بەریەککەوتنەی نێوان کتێب کە (بۆندەکرێت)و (ماچدەکرێت) (ل٦٢) وە ترس، بەشێوەیەکی وورد وێنا دەکات، ئەو ساتە ساتی رۆشنبوونەوەیەکی گەورەو پرشنگداری هووشیاریە، شێرکۆ ئەو ساتە بەساتی گەورەبوون لە قەڵەمدەدات، ساتی گواستنەوە لە منداڵیەوە بەرەو کاملبوون، چونکە بینینی مەرگ لە خۆیدا هووشیاریشە بەمەرگو سەرەتای بەپیتبوونی دەغڵی هزرو دەغڵی وشەیە (ل٦٤). (من پێشتر منداڵ بووم.. منداڵ بووم/ لە کوێوە وام لێ هات؟ لە کوێوە گەورە بووم؟!/ لە کوێوە) (ل٦٣). بەڵام پەیوەندی شێرکۆ بەو جۆرە مردنەوە کە لە وێنەکەی (قازی محمد)دا دەیبینێت لەویادا دوایی نایەت، ئەو لە سەرەتای سەرەتاوە پرسیار لە چۆنێتی ناسینی خۆی دەکات بۆ مەرگ (لەکەیەوە مەرگت ناسیو بووی بەنیشانەی/ سەرسامیی بەردەمی ئەو؟! لەکەیەوە مردن هاتە خەونی خەمتو لە کەیەوە تۆ سۆراخی مەملەکەتی تەمو مژو شەوی ئەکەی؟!...) (ل٥٨) شێرکۆ مەرگ لە هەموو جێگایەکدا دەبینێت، دەنوێتو سەیری ناو گۆڕی خۆی دەکات (ل٦١). دەنووسێت.. (رەنگە مەرگ لەناو گڤەی باهۆزدا بێ!/ رەنگە لەناو کلووی بەفروو/ رەنگە لەناو رووبارداببێ/ رەنگە مردن بەبێ ژیان نەژی/ رەنگە مردن هەر خۆی رەگ بێو ژیانیش لقو پۆپەکەی!) (ل٦١) ئەم سەیرکردنە وادەکات، گەیشتن بە خەونەکانی خۆی وەکو گەیشتن وابێت بەمەحاڵ، واتە ئەنجامدانی (ئەفسانەی پەپینەوە) وەکو یۆتۆپیا تایبەتیەکەی شاعیر، هەمیشە لەبەردەم مەترسیدا بێت. لای شێرکۆ سەرتاسەرێتی ژیان بە سەرتاسەرێتی مەرگەوە گرێدراوە، ئەم چارەنووسەش، چارەنوسێکی گشتییەو شاعیر لە دەرکەوتە گەورەکانیدا دەیبینێت، لەو ئاستانەدا تەماشایەکات کە هەڕەشە لە بوونی نەتەوە دەکات، لەم ئەزموونەدا مەرگ خۆی ئەو بابەتەیە کە دیالەکتیکی پەیوەندی خودو جیهانی لەم قەسیدەیەدا راگرتووە، واتە چوونە ناو جیهانو چوونە ناو مەرگ بازنەیەکە لەیەکدی ناترازێنرێت، ئەم لە یەکدی نەترازاندنەش جەوهەری تراژیدیانەی ئەزموونی شێرکۆیە، کە لەشێکی پێبەخشیوە. لەشێکی گەورە کە تیایدا خود لە درێژکراوە ئۆرگانیو زیندووەکانی لەناو سروشتو نەتەوەدا جیا ناکرێتەوە.

لەگەڵ شێرکۆدا ئێمە لە بەردەم یەکێکدا نین بەرابەر مەرگی تایبەتی خۆی وەستابێت، یان ئەزموونە وجودییەکەی لە ئاستی پرسیار لە مەرگی خۆیدا رابوەستێتو لەویادا کۆتایی بێت، بەڵکو لەم قەسیدەیەداو لەکۆی کارەکانی دیکەی شاعیریشدا هەموو ئاماژەیەکی مەرگ، لەهەر کوێی ئەو فەزا رۆحییەوە هەڵقوڵێت کە شاعیر وابەستەییەکی رۆحی لەگەڵدا هەیە، هەمان ترسو هەمان ئەزمونی مەرگی تایبەتی خۆی تیا دەوروژێنێتەوە. ئەم ترسە بەرەنجامێکی سروشتی ئەو گەورەبوونەیە کە لەش بەخۆیەوە بینیوێتیو وادەکات شاعیر ململانێی ژیانو

مەرگ لەسەر ئاستە گەورەکان بژی، واتە هیچ یەک لە ژیان‌و مەرگ لای شێرکۆ ئاماژەنین بۆ ژیانی خودی شاعیر یان مەرگی خودی خۆی، شێرکۆ لە ئاستی فەنتازیادا یەکخستنی خۆی لەگەڵ سروشت‌و نیشتمان‌و دونیادا راگەیاندووەو جەختیش لەسەر ئەوە دەکات ئەم یەکگرتنە لە شێوە واقیعیەکانیا ببینێت، ئەگەر قوڵتریش ڕۆبچین لەم خاڵەوە دەتوانین پەیوەندیەکی ئۆرگانی لە نێوان خەیاڵی شێرکۆو فەنتازیاکانی فیکری ناسیونالیستیدا ببینین، بەڵام گرفتی گەورە لەبەردەم هەردوو جۆرە فەنتازیاکەدا تێکشکان‌و نووشووستی بەردەوامیانە، واتە ئەوەی شێرکۆ لە فەنتازیادا دەتوانێت تیابژی‌و وەکو بوونێکی راستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەئاستی واقعیدا لەگەڵ درێژکراوە ڕەمزییەکانی خۆیدا جووتنابێتەوە. ئەگەر لێرەدا زووتر قسە بکەم دەڵێم، فەنتازیای ناسیۆنالیستی ئێمە وێنەیەکی سێگۆشەیی بەرهەمدەهێنێت کە تیایدا (سروشتی کوردستان‌و ڕۆحی نەتەوەی کوردو خودی جەنگاوەرەکانی کورد) لەیەکدی جیا ناکرێنەوەو (نیشتمان، نەتەوە، تاك) پێکەوە یەکەیەکی لەیەکنەپچڕاو دروستدەکەن، کە دەشێت هارمۆنیەتیان تاکە ڕێگای ڕزگاربوون بێت لە نەمان‌و فەوتان، شێرکۆ هەموو ئەو هاوکێشەیە دەهێنێتە ناو دنیای شیعری خۆیەوە، (کە هەڵبەت بەداخەوە تیۆریزەکەرانی ناسیونالیزمی کوردی نەیانتوانیوە تەعبیری لێبکەن،و بەدڵنیاییشەوە گەر شێرکۆ شاعیرێکی گەورە نەبوایە، تیۆریزەکەرێکی ئەم فەنتازیا ناسیۆنالیستییە دەبوو لە ساتەکانی سەرهەڵدان‌و جۆش‌و خرۆشیا) بەڵام هاتنی ئەم هاوکێشەیەو وەرگرتنی‌و چاندنی لەسەر ئاستی ڕۆح‌و جەستەو دەروندا بەبارتەقای سەرکەوتنی نیە بەسەر مەرگدا، لێرەشەوە شاعیر بۆتە خاوەنی جەستەیەك کە هەموو جەستەکانی تری لە خۆیا هەڵگرتووە، ئەم جەستە ئەفسانەییەش بەشی سەرکەوتن نیە، بەڵکو بەشی ئەوەیە کە شاعیر تراژیدیای جەستەکانی تر وەکو تراژیدیای خۆی بژی، واتە ئەم جەستە گەورەیە لەسەفەری خۆیدا نەیتوانیوە ئەو پەرینەوە ئەفسانەییە پیادە بکات کە پەرینەوەی جەوهەریە لە ژیانی نەتەوەی ئێمەدا، پەرینەوە لە (نەمانەوە) بۆ (مان). ئەمەش وادەکات بەردەوام یەکێتی ناوخۆیی ناو ئەو سێگۆشە گەورەیە هەرەسبهێنێت. لەم گەشتەشدا بەس نیە کە ووشە، خۆی شانشینی فەنتازیا دروستبکات، بەڵکو دەبێت لە دروستکردنی دونیای ئەلتەرناتیڤیشدا، بەهەموو لایەن‌و چەمکەکانییەوە بەشدار بێت.

١٨- تراژیدیای دایك (لە خیزانی لێکترازاوەوە بەرەو خێزانی هەمیشەیی):

هەڵبەت هەموو لەیەکترازانەکان،دیوی تراژیدی خۆیان هەیە. ململانێ لە نێوان (جیهان) لە لایەك‌و (خێزان) لە لایەکی تردا، ململانێیەکی ئاسایی ناو کولتووری منداڵی هەموومانە، چۆن بتوانین لە یەککاتدا نیشتەجێی دونیابین‌و نیشتەجێی خێزانیش بین؟ ئەمە ئەو هاوکێشە ئەستەمەیە کە وەڵامدانەوەی ئاسان نیە. تا دەرگای جیهان پتر بەڕوماندا کراوەبێت، زیاتر دەتوانین لە گرێی پڕ لە ئازاری جیابوونەوە لە ئامێزی خێزان بترازێین‌و لە یادیبکەین بەڵام تا جیهان پتر ببێتە هەوارگەی ترس‌و مەرگ، سۆزو هیوای گەڕانەوە بۆ باوەشی خێزان گەورەتر دەبێت، کێشەی گەورە لە چارەنووسی شێرکۆدا ئەوەیە، کە لە ڕۆژێکی دیاریکراوەوە ئیدی‌و بۆ هەتا هەتایە ئەو ئەگەرە لە دەستدەدات کە خێزان ببێتە سەنگەرێك لە سەنگەرەکانی گەڕانەوە، بە کورتی شێرکۆ، بە شێوەیەکی سەیر لە بەهەشتی خێزان دەکرێتە دەرێ، شێرکۆ دوای لە دەستدانی باوك، بۆ باوکی ئەلتەرناتیڤ‌و نەمر دەگەڕا، هەروەها لە دوای لە دەستدانی دایکیش بۆ دایکی هەمیشەیی‌و نەمر دەگەڕێت. ئەودایك‌و خوشکە نەمرانەش هەر دەبێت لەناو سروشتدا بن.

(من ئێستاکە/ دایکم هەیە‌و دایکم نیە/ بەڵام سەیوان لە جێی دایکمە./ من ئێستاکە/ خوشکم هەیە‌و خوشکم نیە/ بەڵام ئەستێرەو مانگەشەو لەجێی خوشکمن./ من ئێستاکە/ کەس‌و کارم هەیە‌و نییە/ بەڵام شیعر، چاوی شیعر، بۆنی شیعر/ لەجێی هەموو کەس‌و کارمە!) (ل٨٠-٨١).

من پێموایە ئەم گواستنەوەیە لە ئینتیمادا لە خێزانی یەکەمەوە، بەرەو خێزانێکی گەورەترو هەمیشەییتر، خاڵێکی ناوەندی تێگەیشتنە لە جیهانبینی‌و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی شێرکۆدا، ئەوەی لە پشت ئەم گوازتنەوەیەوە دەردەکەوێت ئەو ئارەزووە قوڵەیە بۆ ئینتیماکردن، ئاشکرایە کاك شێرکۆ لە ڕێگای وەدەرخستنی ئەم تینوێتیە گەورەیەوە بۆ ئینتیماکردن، تەعبیر لەخۆی‌و وەچەی خۆیشی دەکات، کە وەچەیەکە تائەمڕۆ بەبێ ئینتیما کردن ناژین، لێرەدا دەهێنێت ئاماژە بەوە بکەی کە جیاوازیەکی گەورەی وەچەی شێرکۆو وەچەکانی دواتر، لەوەدایە کە (ئینتیما کردن) لای ئەوان سیفەتێکی ڕۆمانسیانەی هەیە کە لەلای وەچەی ئێمە مانای نەماوە، بەڵکو بەپێچەوانەی وەچەی شێرکۆوە ڕۆمانسیەتی ئەم نەوەیە، زۆر جار لەسەر ئینتیمانەکردن دروست بووە، لای شێرکۆ

(ئینتیماکردن) بەشێکی گەورەی پرۆسەی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی مەرگە، ئینتیماکردنی شێرکۆ، پرۆسەی شۆڕبوونەوەیە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ کانگا ئەزەلیەکانی ژیاندا، پرۆسەی ژیاندۆستێکە کە لە زەمەنی مردندا دەژی، ئینتیما لای شێرکۆ خۆگرێدانەوەیە بەچاوگی ئیرادە بەرزەکانەوە، لەهەر جێگایەکیشدا بزاوتو ئیرادە لە گەڕدا بێت شێرکۆ لە وێیە، چونکە شێرکۆ بەئاشکرا بۆ ووزەو تینو تاوی ژیان دەگەڕێت، سروشتی شێرکۆییش، هەرگیز وەکو سروشت نیە بەر لە شێرکۆ، واتە گۆڕانێکی دەلالی قوڵی بەسەرداهاتووە، سروشت لای شێرکۆ کانگای ئیرادەیە، بەڵام لای گۆران، کانگای جوانییە، هەموو ئیرادەیەکی راستەقینەش بەجۆرێك لە جۆرەکان دەچێتەوەسەر سروشتو لە سروشتەوە دەردەچێت، لەم خاڵەشدا نهێنی فەلسەفەی سیاسیانەی شێرکۆ ئاشکرا دەبێت. لای من یەکێ لە گەمژەترین تەفسیرەکان بۆ شێرکۆ ئەوەیە سیاسەت لەو ئیرادە سروشتیە دابڕین کە لە قوڵایی جیهانبینی ئەم پیاوەدا قەراریگرتووە، سەیرکردنی ئەزموونی شێرکۆ وەکو ئەزموونێکی سیاسی یان حیزبی رووت، تێنەگەیشتنێکی گەورەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، واتە گەر لە رەگە قوڵەکانی ئەزموونی وجودیانەی شێرکۆ تێنەگەین، ئەستەمە لە رەگو ریشە سیاسیەکانی تێبگەین، ئەوانەشی کە شێرکۆ وەکو سیاسەت دەخوێننەوە، ئەوانەن کە ناتوانن شێرکۆ وەکو شیعر بخوێننەوە، لەکاتێکدا تێگەیشتن لە سیاسەتی شێرکۆ بەناو تێگەیشتندا دەڕوات لە شیعری شێرکۆ، وەهەرگیز ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە ناکرێتەوە، واتە ئەستەمە لە شیعری شێرکۆ بگەین (هەڵبەت وەکو ئەزموونێکی سەرتاسەری و کۆگیرو گشت لایەنە، نەوەك وەکو داپچڕاندنی شیعرێك یان کۆپلەیەك لە سیاقە گەورەکانی ژیانو داهێنانی شێرکۆ) بە گەڕانەوە بۆ سیاسەت، شێرکۆ هەمیشە لەناو پرۆسەیەکدا کار دەکات، ئەویش پرۆسەی داتاشینی ئەلتەرناتیڤەکانی مردنیش، بەواتایەکی دی تا مەرگ نادیارترو گشتیتر کار بکات، تاپترخۆی وەکو گەمارۆیەکی هەمەلایەنو سەرتاسەر وێنە بکات، شیعر ناچارە فرە رەگو فرە کانگاو سەرتاسەرتر بێت.

ئەگەر شیعر تەنها یەك سەرچاوەی هەبێت، ئەگەر وەحی تەنها سروودی یەك دەنگ بێت، مردن ئاسانتر دەتوانێت ئەو ماڵە جوانەی ژیانیش خاپوور بکات. بەڵام تائەو جێگایەی کە شیعر سەرچاوەی دیار نییە، دەکرێت لە هەموو شوێنێکەوە هەڵقوڵێت، دەکرێت لە هەموو پنتێکەوە سەوز ببێتەوە، تەنیا لەم حاڵەتەشدا شیعر دەتوانێت وابەستەیی و نوێنەرایەتیکردنی خۆی بۆ ژیان دابینبکات..

(تۆ نەتزانی/ چ رۆژێ بوو، چ وەختێ بوو، چ وەرزێ بوو/ لە کوێوە بوو؟ شیعر هاتو تەلیسمی خۆی/ کرد بەزێڕی خاوی تواوەو کرد بەزیوی خاوی/ تواوەی ناو زمانو خۆی رژاندە مەراقتەوەو/ لەگەڵ یەکدا وەکوو زەردەی ئێواراندو کازیوەی/ دەم بەیانیانی گڵەزەردە ئاوێتە بوون!) (ل٨١). هەڵبەت ئەم رێوێڵکردنە بۆ سەر سەرچاوەکانی شیعر، ئەم فرە کانگاییە بۆ شیعر، ئێجگار درێژ دەبێتەوە، لە رێگایشیەوە شاعیر پێماندەڵێت شیعر لەهەموو جێگایەکەوە دێت، پابەندی کاتو شوێنێکی دیاریکراو نیە، چاوگەو کانگایەکی دیاریکراوی نیە، خۆی بۆ خۆی ئەو

١٩- شیعر وەکو شا ئەلتەرناتیڤی مردن (سەرچاوەکان):

ئەگەر (نیشتەجێبوون لە ژیاندا) شوێنێکی هێندە ناوەندیو گرنگی هەبێت، ئەوا لای شێرکۆ، تاکە هۆیەك کە لە ئاستی مەجازیدا ئەم وویستە دەهێنێتەدی (نیشتەجێبوونە لە شیعردا) بەمانایەکی دیکە لای شێرکۆ ماڵی شیعر و ماڵی ژیان لە یەکتر جیاناکرێنەوە. (ئەگەر شیعر نەبوایە/ لە داخاندا زوو ئەمردی/) (ل٩٤). لە شیعردا ئەو ئارەزووە قوڵەی یەکگرتنەوە لەگەڵ بووندا گەیشتن بە (یەکێتی بوون)و شکانی هەموو لێکترازانەکان دێتە دی، واتە شیعر جێگای وەدیهاتنی هەموو ئەفسانە تایبەتیەکانی شاعیرە کە بە ئاشکرا ریشەیەکی سۆفیانەی قوڵی هەیە، ئەم وەزیفە گەورەیەی شیعریش (وەکو ئەو مەڵبەندەی کە تیایدا (خودو زمانو بوون- یەکدەگرێتەوە) فەرمانێکی سەخت دەخاتە سەر ئەستۆی شیعر. شیعر بۆ ئەوەی بتوانێت ماڵی ژیان بێت (لەراستیدا لێرەدا خۆم لە ووشەگەلی ماڵی بوون دەپارێزم، تانەکەومە داوی مانا هێدگەریەکانییەوە) دەبێت سەرچاوەکانی بێشوومارین.. تەلیسماویکردنی سەرچاوەکانی شیعر، گۆڕینی ئەو چاوگانە بۆ مەتەڵێکی نادیار، ئەو رووبەرەیە کە شاعیر دەتوانێت یاریەکی گەورەی تیا بکات، یاری خولقاندنی پەیوەندیەکی شاعیرانە لەگەڵ شتەکانداو یاری گەورەکردنی سنووری ئەلتەرناتیڤەکانی مردنیش، بەواتایەکی دی تا مەرگ نادیارترو گشتیتر کار بکات، تاپترخۆی وەکو گەمارۆیەکی هەمەلایەنو سەرتاسەر وێنە بکات، شیعر ناچارە فرە رەگو فرە کانگاو سەرتاسەرتر بێت.

ئەگەر شیعر تەنها یەك سەرچاوەی هەبێت، ئەگەر وەحی تەنها سروودی یەك دەنگ بێت، مردن ئاسانتر دەتوانێت ئەو ماڵە جوانەی ژیانیش خاپوور بکات. بەڵام تائەو جێگایەی کە شیعر سەرچاوەی دیار نییە، دەکرێت لە هەموو شوێنێکەوە هەڵقوڵێت، دەکرێت لە هەموو پنتێکەوە سەوز ببێتەوە، تەنیا لەم حاڵەتەشدا شیعر دەتوانێت وابەستەیی و نوێنەرایەتیکردنی خۆی بۆ ژیان دابینبکات..

(تۆ نەتزانی/ چ رۆژێ بوو، چ وەختێ بوو، چ وەرزێ بوو/ لە کوێوە بوو؟ شیعر هاتو تەلیسمی خۆی/ کرد بەزێڕی خاوی تواوەو کرد بەزیوی خاوی/ تواوەی ناو زمانو خۆی رژاندە مەراقتەوەو/ لەگەڵ یەکدا وەکوو زەردەی ئێواراندو کازیوەی/ دەم بەیانیانی گڵەزەردە ئاوێتە بوون!) (ل٨١). هەڵبەت ئەم رێوێڵکردنە بۆ سەر سەرچاوەکانی شیعر، ئەم فرە کانگاییە بۆ شیعر، ئێجگار درێژ دەبێتەوە، لە رێگایشیەوە شاعیر پێماندەڵێت شیعر لەهەموو جێگایەکەوە دێت، پابەندی کاتو شوێنێکی دیاریکراو نیە، چاوگەو کانگایەکی دیاریکراوی نیە، خۆی بۆ خۆی ئەو

دەنگەیە کە هاوڕێ لەگەڵ ژیانو هاوتەك لەگەڵ پەرەسەندنی ئەودا دەبزوێتو بەرهەمدێت، شیعر سەرچاوەی نیە، ئەمە مانای ئەوەیە کە شیعر ملیۆنەها سەرچاوەی هەیە... چڕیو بێسنووری ئەزموونی شیعریانەی شێرکۆش، ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ گرێدانەوەی شیعر بەئاسۆی ئەوتۆوە کە گەمارۆ نەدرێت، شێرکۆ تاکە شاعیرێکی نەوەی خۆیەتی، بە ئاشکرا لە گەمارۆی ئایدیۆلۆژیاو هەرەسو شۆڕین دەربازبووە، لێرەوە هیچ هەرەسێك، کەوتنی هیچ ئایدۆلۆژیایەك، هیچ لێکجودابیەك، هیچ شادبیەك، ناتوانێ شاعیر بێدەنگبکات، شیعر لێرەدا ئیرادەی ژیانە لەسەر زیندوو بوونەوە، هەر بۆیە دەتوانێت بەردەوام لە پشت هەموو کەوتنێکەوە بەجۆرێکی دی هەڵبستێتەوە لە کاتێکدا شاعیرانی ئایدۆلۆژیا، شاعیرانی هەستە تێپەڕو کورتخایەنەکان شاعیرانی هەڵچوونە ویژدانیو عاتیفیە کاتییەکان، لە قۆناغێکدا ئیدی بێدەنگ دەبنو گەڕانەوەشیان بۆ شیعر، هەمیشە لە ڕێگای ئەزموونی لاوازترەوە دەبێت لە ئەزموونەکانی سەرەتا، شێرکۆ تاکە شاعیرێکی نەوەی خۆیەتی کە لە هەموو ئەو گەمارۆیانە پەڕیوەتەوە.

شیعر لەم ئەزموونەدا، هەر بوون خۆیەتی بە هەموو هەستانەوەو نووشوستیەکانیەوە، کە لە ڕێگای ووشەوە لە خۆی رادەمێنێت. لەم تێگەیشتنەوە دەکرێت بڵێین شیعر وەکو بزاوتێك لای شێرکۆ چەندە پابەندی کاتو شوێنە، چەندە پابەندی ئێرەو ئێستایە، هێندەش لێرەوە ئاساییە (شیعرو عەشق) لەیەك جەمسەردابن، عەشق لە فەرهەنگی شێرکۆدا ناوێکی دیکەی ئەو پەرینەوە ئەفسانەییەیە بەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ بوونداء. عەشق وەکو لە فەرهەنگی هەموو سۆفییە گەورەکاندا هەیە، لە فەرهەنگی شێرکۆشدا ڕێگای وەدیهێنانی ئەو یەکێتی بوونەیە کە خولیای سۆفیەکانە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا شیعر دەتوانێت دەرەقەتی ئەو فەرمانە بێت، کە (تەعبیر کردنە لە عەشق). (چۆن بتوانم خوێنی گەرمی ئەم ئەوینە بەجامی حەرف بکەمە ناو شیعرێکەوە..) (ل٨٧) واتە تاقیکردنەوەی یەکەمی ئەو چەکە سیحراوییە، لەوەدا دەردەکەوێت ئایا دەتوانێت تەعبیر لەو حاڵەتە سیحراوییە بکات کە عەشقە. حەرف لە وەزیفە شیعرییەکەیدا جامێکە کە دەبێت عەشقو هەموو شتەکانی دیش بگرێتە خۆی، بەڵام چی هەیە ببێتە ئەو مەحەکەی کە کەماڵی شیعر ڕابگەیەنێت؟ شیعر چۆن دەتوانێت بگاتە کەماڵ، واتە چۆن دەتوانێت ببێتە ماڵی ژیان؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە هیچ کاتێکداو هیچ کەس ناتوانێت وەڵامی بداتەوە، بۆیە بەردەوام پرس لە سنووروو تواناو چۆنێتی شیعر گەورە دەبێت، (بڕوانە ل٨٨) پرسی گەورەش پرسی یەکگرتنەوەیە، لەم زەمینی دابڕانو لێکترازانەشدا یەکگرتنەوە لەگەڵ ئافرەتدا، وێنەیەکی بنەڕەتیو قۆناغێکی گەورەو ئەبەدی هەموو یەکگرتنەوەیەکی قوڵی جەستەییو ویژدانییە. ئافرەت لێرەدا ئەو بەشە جەوهەرییەی بوونە کە یەکگرتنەوە لەگەڵیدا، پابەندی (ناجێگا- اللامکان) و (ناکات- اللازمان)یشە، واتە پابەندی هەموو ئاڕاستەکانی شوێنو هەموو ئەگەرەکانی ناو کاتە. شیعر لەجیهانی شێرکۆدا کە سەرچاوەکانی خۆی وونەکات، پێماندەڵێت، من پابەندی شوێنیشو پابەندی غەیبیشم، پابەندی ئێستاو پابەندی ڕابووردوو پابەندی داهاتووشم. ئەگەر بۆ جارێکیش بە ئینسافانە ئەم ئەزموونە بخوێنینەوە دەبینین شێرکۆ توانیوێتی، ئەو هاوکێشە ئەستەمە، لە شاعیرانەترین ئاستدا، لە ستاتیکیترین شێوەدا بەرجەستە بکات.. لێرەوە شێرکۆ لای من شاعیری ئەم چرکەیەو شاعیری ناکۆتاشە.

٢٠- شیعرو عەشق:

بەوەدا شیعر بێشومار سەرچاوەی هەیە، دەبێت بێشووماری فەرمانیشی هەبێت، بەوەدا کە شیعر لە هەموو سەرچاوە گەورەکانی ژیانەوە هەڵدەقوڵێت، دەبێت بڕژێتە ناو هەموو کانگا گەورەکانەوە، وەك سەرەتا، شیعر هەرگیز لە ئاواتە ئەزەلییەکانی یەکەمجار جیا نابێتەوە، کە بەدەستهێنانەوەی توانا مەزنەکانی بینینو بیستنە.. (شیعر چاوێکی دیکەی ناو چاوەو/ بیستنێکی تری ناو بیستنە) (ل٨٦). ئەم هێزە دەبێت لە خزمەتی ئەو شەپۆلەدا بێت کە شاعیری وەدەرنراو بەرەو یەکگرتنەوە دەبات لەگەڵ جیهاندا.

شکاندنی دیوارێکی ئەستووری جودابیە گەورەکانە، کە لە سەرەتاوە شاعیر لەگەڵیاندا ناتەبایە، ئافرەت لێرەدا وەکو بەشێکی سروشت، کەرەستەی ڕکێفکردنو کۆنترۆڵکردن نیە.. بەڵکو بابەتی یەکبوونەوەیە، (من ئەم نیوە قەدەغەیە، چۆن بێنمەوە/ ناو لەشی خۆم؟!/ من ئەم نیوە زیندانەی خۆم چۆن بشکێنم؟./ من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم،/ چۆن بێنمەوە ناو گەڕوی خۆم؟!/ من دابڕینی نیوەم لە نیوەم./ من دابڕینی جەستەم لە جەستەم...) .. (ل٨٩).

شیعر رێگای شکاندنی دابڕانەکانە، عەشقیش هەمان رێگایە. عەشق لێرەدا ئەو لکە بونیادەیە کە لەناو وەزیفەی سەرەکی دەقەکەدا مانا وەردەگرێت، واتە تەنها ئاماژە نیە بۆ پەیوەندی ژن بەپیاوەوە، یان تەنها ئاماژە نیە بۆ شەیدایی عاشق بۆ مەعشوق، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هێنانەوەی نیوە جوداکانی وجود، بۆ کۆکردنەوەی هەموو بوون لەناو یەك بازنەدا، بۆ یەکخستنەوەی هەموو دەنگەکان لە یەك دەنگدا.

٢١- فەرمانەکانی تری شیعر:

کاك شێرکۆ لەم دیوانەدا، رووبەرێکی بەرین بۆ ئاشکرا کردنی تێگەیشتنی خۆی لە شیعر تەرخانەکات، شیعر بەر لە ساتی فێربوونی زمانەوە تا ئێستا، لە ساتی یەکەمی ناسینەوە تا قوڵترین ساتەکانی گومانو بڕوا، ئەوەی وا لە شێرکۆ دەکات نەتوانێت هەرگیز پێ لەخاکی شیعر دابڕێت، ئەوەیە کە لای ئەو پێخستنە ناو شیعرو پێخستنە ناو ئەبەدیەتەوە یەك شتە، واتە شیعر تەنها ژیان نیە، بەڵکو بەرجەستەبوونێتی لە فۆرمێکی ئەبەدیدا، کە شیعر دێت ترس لە مەرگ چەندین جار کەمترو کەمتر دەبێتەوە، لەم روانینەشدا، (مردن بەر لەشیعرو مردن دوای شیعر) وەکو یەك نین.. (من نازانم کام شمشێریش/ شمشێری عومەر... ذو الفقار؟!/ شمشێری سەعد... یان قەعقاع؟!/ کامیان دێتو سەرم ئەبڕێ!/ هەر کامێکیان دێن دەبا بێن/ خۆمن ئەم شیعرەم تەواو کرد/ خۆ من ئەم شیعرەم خوێندەوە!!) (ل١٧٥).

بەڵام هەڵبەت هەموو شیعرێك لە فەرهەنگی شێرکۆدا، ناتوانێت هەڵگری ئەم هێزە ئەفسووناوییە بێت، شیعر بەپێی کارکردنی بونیادی سەرەکی، دەبێت بەناو دۆزەخدا بڕواتو لەناو هەموو سووتانەکاندا بسووتێتو کسپەی هەموو مەرگەکان بچێژێت، ئەوسا دەبێتە هەڵگری ئەفسوونی راستەقینەی نەمریو زیندوو بوونەوە، ووشەی سیحراویو کلیلی هەرە گەورەی فەرمانە ئەفسووناوییەکانی شیعر دەکرێت لە زاراوەی (تێکەڵاوبووندا) کورتبکرێتەوە، شێرکۆ بەردەوام دەپرسێت، شیعر چییەو شیعر دەبێت چی بکات؟ بەئەندازەیەك کەم شاعیر هەیە بەو جۆرە وەسواسە قوڵەوە بتوانێت بەردەوامی بەئەزمونی خۆی بدات. شێرکۆ بەردەوامیش بەیەك وەڵامی سەرەکییەوە دێتەوە پێشێ، شیعر دەبێت تێکەڵ ببێت، دەبێت لەناو خۆیداو لە ئاسۆی پچووکی خودی شیعرگۆدا نەوەستێت، چونکە دابڕانی شیعر لە جیهان، مانای فەناکردنو بێدەنگکردنو دەستەمۆ کردنێتی. (ئەبێ لەناو ئەم تەندووری خوێنە شێتەو/ لە بەردەمی ئەم گەرداوە چەموشەدا، شیعر/ چی بکات؟! ئەبێ وشە بچێ بۆ کوێو/ ببێ بەچیو کام هەرێمی بوومەلەرزەو/ کام مەڵبەندی مەرگی تازە دالدەی بدات؟!/ ئەبێ شیعر ببێ بەچی؟/ ئەبێ وشە بچێ بۆ کوێ؟/ ئەگەر ئەبێ بەپەپوولە/ هەر بەهاڵاوێ ئەسووتێ!/ ئەگەر ئەبێ بەباخچەیەك/ هەر دووکەڵ چاوی کوێر دەکا...) (ل١٣٧). (ئەم سترانە!/ ئەگەر لێوی خۆی بدووڕێ/ لێوی قەڵبەزەو/ شەپۆلو/ دەمی دەریاچەیش ئەدووڕێ!/ ئەم ئازارە../ ئەگەر تێکەڵ بەگڵ نەبێ/ گوڵەگەنم چۆن بزانێ ژانی ئەوە؟!... ئەم تاوە گەر/ زەوی لە زمانی نەگاو/ رەگ نەیەوێو/ دارستان گوێی لێ رانەگرێو/ بەرد بەهاژەی هەڵنەپەڕێو/ گژوگیا نەیخوێنێتەوەو/ زیخو چەو نەینووسێتەوەو/ مێرگەکانیش ماچی نەکەن/ بۆچی ببێ؟!!) (ل ١٣٩) لەم چەند لاپەڕەیەو لاپەڕەکانی دواتردا، شێرکۆ لە هەر جێگایەکی تر وەزیفەی شیعر وەکو تێکەڵاوبوونێکی بێسنورو رەها دیاریدەکات. شیعر بۆ ئەوەی توانەوەو تێکەڵاوبوونێکی مەزن بنوێنێت، دەبێت هیچ بەرگێکی تەسك لەبەر نەکات. تێکەڵاوبوون مانای ئامادەبوون لە هەموو شوێنێکدا، مانای دۆنادۆنا لەگەڵ هەموو شتێکدا، مانای ئەوەی لە یەککاتدا لەناو هەموو شتێکو لەهەموو بوویەکدا بەرجەستە ببێتو دەربکەوێتەوە، واتە لە یەککاتدا، ئەستێرە، پەلکەگیا، ئاو، بەرد، شەونمو بروسکە بێت، (لەیەك وەختا من خەونیشمو بەئاگابوون/ لە یەك کاتدا شەپۆلەکانی rووی ئاومو/ گێژاوی ناو قوواڵیشم) (ل٤٠) (من نەشیعرم بۆ ژوورێکو/ نەبااڵندەم بۆ باخێکو/ نەزمانی هێرۆگلیفیم بۆ تاقمێ).. (ل١٤٠).

لێرەدا بوونی ئایدیالو شیعری ئایدیال لای شێرکۆ، وەکو یەك وان، ژیانی ئایدیال ریشەی خۆی لەسەرچاوە نەمرەکانی ژیاندا دادەکوتێت، شیعری ئایدیالیش هەمان شێوە توانەوەیەکی گەورەیە لەناو ئەو سەرچاوانەدا، ئەم یاسایەش یاسای سەرەکی پاراستنی ژیانە. تا ئابڵوقەی مردن بەهێزتر بێت، دەبێت سیفەتە حەرباوییەکانی شیعر بەهێزتر بێت، شێرکۆ لە لاپەڕە ١٤١ەوە وێنەیەکی درێژی ئەو ئابڵوقە سەرتاسەرییەی مەرگ دەکێشێت، لە لاپەڕە (١٤٢-١٤٣)شدا، هەموو ئەو توانایەی شیعر نیشاندەدات بۆ پەرینەوەو گۆڕانو بوون بەشتی دی. لێرەشەوە شیعر دەبێت بچێتە ناو ژانو گڕو کۆچو خوێنەوە، تاپەنگبگرێت (ل١٤٣). تابتوانێت مانای مردن لە پێش ئامادەگی خۆیو دوای ئەو ئامادەگییە بەتەواوی بگۆڕێت.

٢٢- شیعرو سیاسەت (کورتە تێبینیەکی دی):

ئەگەر سروشت شوێنی حلولکردن بێت، ئەوا مێژوو کاتی حلولکردنە، ئەم راستیە بەرەو ئەوەمان دەبات، پتر لە مانای سیاسەت تێبگەین لای شێرکۆ. سیاسەت لەم ئەزموونەدا بەگشتی پابەندی پەیڕەوو پرۆگرامو بۆچوونی نەتەوەیی یان چینایەتی نییە، بەڵکو خودی ژیانە کە دەیەوێت بگەڕێتەوە، خودی مەرگە کە ئیرادەی خۆی ئاشکرا دەکات، هەر شتێکیش لەو فەزایەدا بسوڕێتەوە لای شێرکۆ سیاسیانەیە.

لەم ئەزموونەدا مێژووی گوڵ لەوی کاتی کە دەگەشێتەوە تا ئەو دەمەی کە دەژاکێت، مێژوویەکی سیاسییە. تامردن بەمێژتر بێت، زیاتر هەموو شتە سادەو ئاساییەکان هەموو هەناسەدانی ئاسایی‌و هەموو ئاماژەیەکی بچووکی ژیان دەبێتە سیاسەت... مەبەستمە بڵێم، سیاسەت لێرەدا تەنها هەڵوێستێکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی دیاریکراو نییە، بەڵکو سیستمی پەیوەندی ژیانە (بەڕەهایی) لە بەرامبەر هەڕەشەکانی مردندا (بەڕەهایی)، ململانێ کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیەکانیش، لای شێرکۆ، تەنها لەو ئاستەدا هەن‌و بایەخیان هەیە کە ئەو کێشە جەوهەرییە دەردەخەن. جارێکی دی پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە شێرکۆ بەر لەوەی شاعیرێکی سیاسی بێت، شاعیری ژیانە، ژیان بەهەموو مانا گەورەو قوڵەکانی، ژیان هەتا بەو مانا کەرنەڤاڵییانەی کە شاعیرێکی وەکو (والت ویتمان) پێیدەبەخشێت، بەڵام بەهەموو تێکەڵاوبوونە کوشندەو سەرسەختەکانی بە مەرگ، لێرەشدا سیاسەت ئەو ئەیکونە دوو لانەیەیە کە دەچێتە ریزی ئەیکونە دوو دیوەکانی دی شێرکۆوە، کە لەم دیوانەدا (خاچ) ناوەندی سەرەکییانە. شێرکۆ بەردەوام سەر بەو سەنتەرە بووە کە لە هەر جێگایەکی دیکە زیاتر ئیرادەی ژیانی تیا بینیوە. لە راستیدا نازانم شێرکۆ چەند راست بووە یاخود هەڵە لە دیاریکردنیدا بۆ ئەو سەنتەرانە، چونکە ئەوەیان پەیوەندی بەشاعیریەتی شێرکۆوە نیەو دیالۆگێکی سیاسی پوچ دەخاتەوە کە دەشێت پۆخڵترین بۆچوون خۆی تیا بکات بەفریشتە.

بەڵام ئەوەی کە من لەم گەشتەدا دەیبینم ئەوەیە کە گەڕان بۆ ئیرادەیەکی پەتی کە لەگەڵ ئیرادەی مەرگدا تێکەڵ نابێت، لە جەوهەری تێگەیشتنی شێرکۆدایە لە (سیاسەتی ژیان)، کە هەڵبەت سیاسەتێکە هەموو ئەو شتانە پۆلێندەکات کە سەر بە ئیرادەی ژیانن‌و جیایاندەکاتەوە لەوانەی کەسەر بەئیرادەی مەرگن. بۆ نموونە ستایشی شێرکۆ بۆ مەرگ لە جەستەی شەهیددا، پابەندی ئەو ئیرادەیەیە، ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا هەڵگری خەسڵەتی مەرگدۆستانەش بێت، لێرەوەیە دەشێت (سیاسەتی ژیان) دروستکەری جۆرێك لە مەرگدۆستی بێت کە مەرگێك بەرهەمدەهێنێت، ئەلتەرناتیفی مەرگ خۆیەتی.

٢٣- شۆڕش - سروشت:

جیهانی شێرکۆ لە ناوەوە، لۆژیکێکی ئاشکراو قوڵ هەموو بەشەکانی یەکدەخات، لە پشت ئەو هەناسە شیعرییە درێژەوە هێزێکی کاریگەری کۆکردنەوەو چڕکردنەوە ئامادەیە، لە فەزای ئەم دونیایەدا پەرتبوون‌و کەرتبوون‌و دژایەتی گەورە نابینرێت، زەبری خەیاڵ لە حاڵەتێکی هارمۆنیدا دەژی لەگەڵ زەبری دروستکردنی مانادا. خەیاڵ لەڕووی خولقاندنی وێنەو دروستکردنی فەنتازیاوە، بێئەندازە ئازادی خۆی دەژی، ماناش لەرووی یەکێتی دەلالەت‌و تەبایی ناوەکی‌و دوورکەوتنەوەوە لە دژایەتی‌و ناکۆکی گەورەوە، تەواو یەکانگیری خۆی پیادە دەکات. پاراستنی هارمۆنیەتی ئەمسەرەوسەری ئەو دوو جەمسەرە (خەیاڵ‌و مانا) سیفەتی جوڵەی ناوەکی ئەم قەسیدەیەیە، لەسەرێکەوە خەیاڵ دەسبەرداری ئازادی خۆی نابێت‌و لەسەرێکی دیکەشەوە مانا واز لە ئامادەگی خۆی ناهێنێت، لەمجۆرە فەزایەشدا خەیاڵ دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێزی ماناو ماناش دەبێتە توانایەکی بزوێن بۆ خەیاڵ.

لەم ئەزموونەدا ئیرادە تەنها لە ڕێگای (ئیرادەی زمان)ەوە خۆی تاقیناکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بوونی خۆی وەکو بوونێکی واقیعی بسەلمێنێت، پێویستی بە (ئیرادەی کردار)یش هەیە. لای شێرکۆ، لەجەنگی ژیاندا بەس نیە، شیعر وەکو زمانی حاڵی جەستە ئامادە بێت‌و جەستە خۆی لەمەیداندا نادیارو دوور لەجێ بێت، بەڵکو دەبێت ئەو خۆیشی راستەوخۆ بەراشکاوی ئامادەبێت، واتە (ئیرادەی زمان)و (ئیرادەی کردار) دەبێت پێکەوە کاربکەن. لە دنیای شێرکۆدا شیعر وەکو هێزێکی زیندوو ناچێتە بری کرداروکرداریش ناچێتە بری شیعر، ئەو لە جنسی ئەو نووسەرانەیە کە دەبێت خۆی لەناو مێژوودا بێت، دروستکەر بێت، بەشداریکەربێت‌و بزوێن بێت.. شێرکۆ لەو

شاعیرانە نیە کە بەوە رازی بێت شیعر لە بری خۆی شەڕ بکات، بەڵام ئەو چۆن شیعر بەتاقیگەی تەعبیردا دەبات (وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد) بەهەمان شێوە خۆیشی بەتاقیگەی ئیرادەدا دەبات (ئەتپرسیو لەخۆتت ئەپرسی/ تۆ ئیتر ئەتوانی لەنێوان بێ دەنگیی بەفرێکی نووستووداو/ لە نێوان زایەڵەی ئەو هەموو خوێنەدا باوێشکی شیعرێ بیو/ بەرامبەر ئاوێنەی دیوارێك دانیشی؟!) (ل١٥٧) (ئەتپرسیو لەخۆتت ئەپرسی:/ ئەتوانی قاچی خۆت کڵۆم کەیت؟!..) (ل١٥٧– ١٥٨) (ئەتپرسیو لە خۆتت ئەپرسی: ئەتوانی؟! ئەتوانی؟! ئەتوانی؟!..) (ل١٥٨) لە پشت ئەم هەموو تاقیکردنەوەیەوە، دەتوانین بڵێین شێرکۆ ئەگەر تەنیا ئیرادەگەری ناو مێژووی ئێمە نەبێت ئەوا بێگومان گەورەترینیانە، شاعیر لەم قۆناغەدا دەبێت لەناو گەمارۆی کارەساتو ترسەکاندا بگاتە (بڕیار) ئیرادەی بڕیار لێرەدا بەشێکە لە ئیرادەی کردارو گەیشتنی ئەو ئیرادەیەیە بەپلەیەکی بااڵی چاالکی (بەسرکەیەکی دایکت وت/ بەدووکەڵێکی گۆیژەت وت/ بەملوانکەکەی یارت وت/ بەدیوانەکەی باوکت وت/ بەماری گینگڵی شیعرو بەخاچت وت/ ئەوا رۆیشتم!) (ل١٦٠) هەڵبەت شێرکۆ لەم قەسیدەیەداو لە زۆر جێگای دیکەشدا، شتەکان بەناوی خۆیانەوە ناونانێت، بەڵکو پێویستە بەردەوام یادەوەریی مێژوویمان، وەکو سیستمێکی راڤەکار بخەینە کار، تا بەئاشکرا لەو رووداوە زەمەنیانە تێبگەین کە شێرکۆ باسیاندەکات، بەواتایەکی دیکە، مێژوو، سیاسەت، سەربوورەکان، کارەساتەکان، هیچیان وەکو خۆیان لێرەدا ئامادە نین، بەڵکو بەکۆ لەناو سیستمی روانینی شاعیردا راڤە دەکرێنەوە، ئینجا دێنە دەرەوە، وەك دەبینین شێرکۆ تێهەڵچوونی خۆی لەجەنگی بەرگرییدا، بە شۆڕش ناو نانێت، بەڵکو وەکو گەڕانەوە بۆ سروشت، دەیشیعرێنێت.

شێرکۆ دەنووسێت: (ئەوا رۆیشتم) پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە: ئەو بۆ کوێ دەچێت؟ ئاڕاستەی رۆیشتنی بەرەو کوێیە؟ شێرکۆ لێرەدا نە ووتاری حەماسییمان بۆ دەنووسێتو نەباسی گرو دوکەڵی شۆڕش دەکات، نە لە فەرمانو ئەرکی کوردایەتیش دەدوێت، بەکورتی ئەو لێرەدا قسە لە جەنگو شەڕو هەراو هوریاکانی سیاسەت ناکات، بەڵکو باس لە پرۆسەی گەڕانەوەو توانەوەی خۆی دەکات بۆ ناو سروشت. شۆڕش یەکگرتنەوەیەکی رەهایە لەگەڵ سروشتدا. (تۆ هاتوویتە ناو هەوێنی ئەوینەوە.. لەگەڵ رەگدا/ رۆئەچیتو لەگەڵ چڵدا ئەشنێیتەوە/ تۆ هاتوویتە ناو گلێنەی سەرچاوەوە../ لەگەڵ ئاودا کۆچ ئەکەیتو لەناو خاکدا ئەتوێیتەوە..) (ل١٦١). لێرەدا باس لە باروتو تفەنگو ترس نیە، بەڵکو باس لە چوونە ناو گلێنەی کانیەکانو توانەوە لە خاکدا هەیە، هەڵەیەکی گەورەیە واتێبگەین کە سروشت بەو غەزەلە قوڵەوە، مەجازێکە لە مەجازەکانی شۆڕش کە شاعیر بەکاریدەهێنا تا ناوی راستەوخۆی شۆڕشو شوێنو کاتەکان نەبات کە دەشێت زۆر شاعیری نەبن، لە راستیدا ئەم حاڵەتە تەواو پێچەوانەیە، شۆڕش مەجازی سروشتو هەستانەوەو ژیانەوەیەتی، شێرکۆ بەشداریناکات لە شۆڕشدا، ئەگەر ئەم بەشداریە لەپاڵ بەرگری راستەوخۆدا لە جوانییەکان، گەڕانەوەیەکی گەورە نەبێت بۆ کانگاکانی ژیانو شکاندنی سنووردکانی دیواری مەرگ نەبێت. شۆڕش لەم هەڵوێست وەرگرتنەدا گەیشتنە بەکەماڵ، ئەگەر سروشت ئەو جێگا پیرۆزە بێت، کە شاعیر خۆی بەپەیامنێری دەزانێت، ئەوا شۆڕش بەرجەستەبوونی ئیرادەی پەرینەوەیە لە کردەیەکی گەردوونیو کۆمەاڵیەتیدا.

شۆڕش لێرەدا پلەیەکی عیرفانییە، نەوەکو هەڵوێستێکی سیاسی رووت، چونکە شۆڕش ساتی تێکەاڵوبوونەوەیە، ساتی بەدیهاتنەوە، ئەفسانەی گەڕانەوەو خەونی ژیانەوەیە، گەیشتن بەسروشت لەم ساتەدا، هاوتایە بەئازادیو (ئازادی بەتازەیی). (ل١٦٦)... ئازادیش بەتازەیی، یەکگرتنەوەیەکی نوێیە لەگەڵ ئەو کانگا ئەزەلییانەدا کە شێرکۆ عەودااڵێتی. کەماڵی ئەم یەکگرتنەوەیەش لەوەدایە کە مەرهەمی هەموو دەردەکانی دابڕانو جودایی هەڵگرتووە. دابڕانو جودایی، هاوڕێی (ترس)و (ئازار) بوون، بەاڵم ئەم ساتە بەرزە عیرفانیەی شۆڕش (ترس کوژ)و .. مەراق نەهێڵە.. (تۆ ئێستە ئەوەندەی کە باران ئازادە.. ئازادی/ تۆ ئێستە ئەوەندەی کە کەوێڵ بێ ترسە.. ناترسی./ تۆ ئێستە ئەوەندەی کە گوڵی ناو ئەشکەوت دڵشادە.. دڵشادی.) (ل١٦٢).

ئەم حاڵەتە تەنها راستو دروستی ئەو خوێندنەوەیەی من بۆ قەسیدەکە ناسەلمێنێت، بەڵکو ئەو لۆژیکە پتەوەی خەیاڵو ماناش بەرجەستە دەکات، کە شێرکۆ لە ناوەوەی ئەم الفاوە شیعرییەدا پیادەیکردووە، شۆڕش ساتی رزگاربوونە لە ترسو ئازار کە دوو هێزە گەورەکەی مردنن، لێرەدا ناکۆکیەکان لە پێشچاو وونەبنو شاعیر خاکی ناکۆکیەکان بەرەو سەر زەمینی ئەفسانەیی هارمۆنیەتو تەبایی بەجێدەهێڵێت، هەموو دونیاش دەبێتە کانگایەکی گەورەی ژیان، ئەمجۆرە تەبایی و هارمۆنییەتە، کەماڵی خۆی وەکو ئازادییەکی رەهاو بێسنووری دۆنادۆنکردن دەخاتە روو، ئیدی جەستە سنووری خۆی بەزاندووەو دەتوانێت بەئازادی شێوەو ماناو رەنگی خۆی هەڵبژێرێت، ئیدی جەستە دەکرێت بچێتە ناو لەشو گیانی هەموو پێکهاتەو مەخلوقاتەکانی سروشتەوە. (تۆ لێرە

ئەتوانی لە خەونی پێدەشتدا ئاسك بی،/ ئەو کاتەی کە بەسەر جۆگەلەی گوڵاو و بەفراودا باز ئەدەن./ تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی خەرەندا شاهۆ بی./ ئەو کاتەی لەسەر باڵ گۆرانیو حیکایەت هەڵئەگرن./ تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی رێگادا تەتەریی/ ئەوکاتەی کە نامەی نانو گوڵ ئەبەنو ئەهێنن./ تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی گەلیدا ئەسپ بی/ ئەوکاتەی کە زەنگی کوپژنی هەڵگەڕان لێ ئەدەن...) (ل١٦٢).

بەمجۆرە شۆڕش دەرگای پەرینەوەیەکی گەورەیە بۆ ناو سروشت، مەڵبەندی دۆنادۆنکردنێکی ئازادە کە شاعیر لە نێویا بەڕەهایی خۆی دەگات، ئەم (کەماڵە) گەڕانەوەی سیفەتی دیدەڕۆشنیشە بۆ شاعیر، لەوێ لەناو شۆڕشدا، یان راستتر وایە بڵێین لەناو (شۆڕش – سروشت)دا (چونکە ئەو دوو چەمکە لە یەکدی جیا ناکرێنەوە) شاعیر جارێکی دی دەبێتەوە خاوەن دیدەیەکی گەشو روونو بیستنێکی هەستیار، کە لەیەك کاتدا نەغمەکانی رابووردوو و ئێستا دەبیستێتو رەنگەکانی جاران و ئەمرۆ دەبینێت، (بڕوانە وەسفکردنی شاعیر بۆ –ئەشکەوتی سەر دێمان– مەنزلگای خۆی لەناو سروشتدا – ل١٦٨–).

بەڵام شۆڕش، هیچ کات سەرکەوتنی موتڵەقی ژیان نییە، هێندەی گەیشتنی ئیرادەی کردارە بەبەرزترین هەواری خۆی، قەدەری شێرکۆش، قەدەری ئەو جەنگاوەرانە نیە کە بە ئاسانی باز ئەدەن بۆ ئەودیو ململانێ گەورەکان، بەڵکو قەدەری پیاوێکە کە جار دوای جار مەحکومە بەدابڕان. ئەو ئۆدیسۆسێکە هەر جار کە دەگاتە دوورگەیەك کە بۆنی هارمۆنییەتو تەبایی و تێکەڵاوبوونی لێبێت، باکانو کارەساتەکانو شەپۆلەکان کەشتییەکەی بەرەو شوێنێکی ترسناکتر دەبەن، شێرکۆش پیاوێکە تا ئەمرۆ نەگەیشتۆتە ئێساکاو پێنۆلۆپەی خۆی، ئەو وەکو ئۆدیسۆس لە دەریادا هاوار لە خودا دەکاتو دەڵێت: (خودایە چیت لێمدەوێت؟) وەڵامی هەمیشەیش، هەمان وەڵامی خوداکانە بۆ ئۆدیسۆس، (دەمەوێت ئازارت بەم..) بەڵام گەر ئۆدیسۆس لە وەڵامی خودادا بڵێت: (چیتر هێزی ئازار چەشتنم پێنەماوە....) شێرکۆ تا ئەمرۆ لەپاڵ هەموو نەفرینو تووڕەییە گەورەکانیەوە، هێزی ئازار چەشتنی قوڵو قوڵتر ئاشکرا دەکات، رەنگە تائەمرۆ شێرکۆ هەر ئۆدیسۆسێکی گەنج بێت، یان لەوانەیە بزانێت کە ئێستا لەهەر کات زیاتر لە ئێساکاو پینۆلۆپەوە دوورە.

بەهەشتی شۆڕشی شێرکۆ بەهەرەس دواییدێت، لەگەڵ هەرەسیشدا کەشتیەکان لەهەر کات زیاتر لە ئێساکاوە، دوورن.

٢٤- هەرەس - لەکارکەوتنی سیستمی دەڵاڵی:

لە بەشەکانی کۆتایی ئەم قەسیدەیەدا، چیرۆکی مردنو ژیانەوە بەئەندازەیەك تێکەڵاوی سەربووردی هەرەسو هەستانەوەی راستەقینە بووە، کەوا دەکات جیاکردنەوەی چەمکە وجودیەکانی ئەم هاوکێشەیە لەچەمکە میژوویەکانی ئەستەم بێت. (هەرەس/ هەستانەوەی نوێ. ئەنفالو هەڵەبجە/ راپەڕین. راپەڕین/ شەڕی ناوخۆ) فەسڵە گرنگەکانی بزاوتنی مردنو هەستانەوەی میژووینو درێژکراوەی ئەو ململانێ وجودییەشن کە شێرکۆ لەسەرتاوە تیا دەژی، بەژنی کۆتایی قەسیدەکە خێرابوونی کارکردنی ئەو بونیادە بزوێنەو رووبوونەوەو چڕبوونەوەی زیاترو زیاترێتی، لەناو ئەو ئێستگا گەورانەدا ناوازەترین وچان، ساتەوەختی هەرەسە، کە تیایدا سەرجەمی پێکهاتی قەسیدەکەو سیستمە دەڵالییەکەی دەکەوێتە بەر مەترسییەکی قوڵ، ئەگەر شۆڕش لای شێرکۆ کەماڵ بێت، ئەوا هەرەس بەری ئەوبەری کەماڵەو دوا پلەی نەویبوونو تێکشکانە.

ئەگەر شۆڕش (توانەوە بێت لەگەڵ خاکدا) یەکگرتنەوە بێت لەگەڵ جەوهەرە نەمرەکاندا، ئەوا هەرەس، کەوتنو وەستانی هەموو بەها دەڵالیەکانی ئەو سیستمەیە کە شێرکۆ بەدرێژایی هەموو ژیانی بونیادی ناوە، لێرەوە زۆر گرنگە جیاوازییەکی گەورە بکەین لە نێوان دەڵالەتی مردندا لە لایەکو دەڵالەتی هەرەسدا لە لایەکی تر. مەرگ لەگەڵ هەموو چەمکە ترسناکەکانیا، شوێنێکی دیارو لۆژیکیانەی هەیە، رووبەرێکیشە کە تیایدا سروشت جەوهەری خۆی نەدۆزاندووەو مرۆڤ لەگەڵیا لە ماناو شکۆی خۆی نەکەوتووە. لەگەڵ مەرگدا، سروشت لە رووی دەڵالییەوە نزم نەبۆتەوە، بەڵکو کەوتۆتە پانتاییەکی تراژیدییەوە، بەڵام هەرەس تەنها مەرگ نیە، بەڵکو نەویبوونەوەی هەموشتەکانە، وەستانی مانای دەڵالی شتەکانە، تێکشکانی شتە پیرۆزەکانە، هەر لێرەشەوە تێدەگەین بۆ (هەرەس) ئەو کاریگەرە قوڵو ویژدانییەی لەسەر نووسەر هەیەو بەردەوام لە کارەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری، لەگەڵ هەرەسدا نەوەکو یۆتۆپیاکانی شاعیر هەرەسدەهێنێت، بەڵکو خودی ململانێی ژیان– مردن دەوەستێت. لەگەڵ هەرەسدا تەنها مردن سەرناکەوێت، بەڵکو پوچی سەر دەوکەوێت، تەنها تراژیدیا بالادەست نابێت، بەڵکو بێمانابوون

گەورە دەبێت. تائەو کاتەی لەناو مردنو تراژیدیادایین، ژیان ئەگەرەکانی بەرگریو مردن مژدەکانی پشکوتنی نەدۆزراندووە. مردنو تراژیدیا کۆتایی ئیرادەنین، دەشێت خودی مردن، کەمالّی بەرجەستەبوونی ئیرادە بێت، لێرەدا شێرکۆ چەندە رووە تراژیدیاکانی مەرگ ئاشکرا دەکات، هێندەش پەیوەندییەکی شاردراوەو نهێنی لەنێوان مەرگو ئیرادە بەرجەستە دەکات، ئەم وابەستەییەش مەرگ لە هەرەس جیا دەکاتەوە، هەرەس شکستی موتلّەقی ئیرادەیە، هەر لێرەوە پردێکی راستەقینە نیە لە هەرەسەوە بمانبەستێتەوە بەژیانەوە، لە کاتێکدا لەناو خودی مەرگەوە سەدەها پرد هەیە کە گرێماندەداتەوە بەژیانەوە. لە لۆژیکو جیهانبینی شێرکۆدا، مەرگدۆستی راستەقینە، چاوپۆشینو تێپەڕینی سەرپێیو راگووزەرە بەسەر هەرەسدا، لە مێژووی ئەدەبیاتی نەوەی شێرکۆشدا هیچ کەسێ نە لە ئاستی شیعردا، نە لە ئاستی نووسینی تیۆرییدا و نە لەئاستی رەگەزە ئەدەبیەکانی تردا وەکو ئەو لەسەر هەرەس نەوەستاوە، چونکە هەرەس بۆ ئەو شکستی هەموو ئەو ماناو ململانێیەیە کە ئەو بوونی خۆی لەسەر بونیادناوەو تەنها لە سنووری نسکۆیەکی سیاسیدا سەیریناکرێت، بەڵکو لە سنووری کۆڕبوونی تەواوەتیدا لێیدەڕوانێت. (خۆتت ئەدی ئەبووی/ بە تارمایی عارو خۆتت ئەدی کە خۆت/ ئەخۆی. خۆتت ئەدی لەمبەرەوە وەکوو/ مشکی رشانەوەیت/ خۆتت ئەدی لەو/ بەرەوە راپۆرتێکی دار قەنارە بیت. چیات/ ئەدی پشتێنی خۆی لەملدایەو دیلکراوەو/ هەردوو دەستی هەڵبڕیوە بۆ سەرەوە/ چیت نەئەدی! کێوت ئەدی بەو زلییە/ ملپان ملپان هاتۆتەوەو لەناو مەیدانی/ شارێکدا دانیشتووەو پێڵاوی دارخورمایەکی/ خەڵکی عۆجە بۆیاخ ئەکا....) (ل٢٣١-٢٣٢).

(چی ئەکەیت؟! کەوەختێ شاخ لەجێی خۆیەوە/ کەم ئەکاو کەم ئەکاو تائەبێ بەبزنێو رائەکا؟!) (ل٢٣٣).

گەر ئەم لاپەڕانەو لاپەڕەکانی دواتر بخوێنینەوەو بەراوردی بکەین بەو شوێنە سەنتراڵەی کە سروشت لە بەشەکانی دیکەدا داگیریکردووە، ئاسان دەتوانین ئەو راستییە ببینین کە هەرەس لە بنەڕەتدا هەرەسێکی قوڵە لەدەڵالەتەکانی سروشتو ژیاندا، هەرەس کردەیەکی سیاسی نیە بەڵکو لەکارکەوتنی ئەو سیستمەیە کە شێرکۆ لە رێگایەوە جیهانی پێ وێنا دەکات.

هەرەس هەرەسی سیستمێکی ئەتیکیو ستاتیکیە، واتە لە پشت ئەم کارەساتەوە چیتر نەسروشت، نەئازار، نەژان، نەخاچو نەکۆست، ئەو مانایانە ناگەیەنن کە لەوەوبەر هەیانبووە. ٥٢

گەر شۆڕش ئەو ساتە بێت کە تیایدا خەونی شیعرو خەونی واقیع تیا تێکەڵاوی یەکتر دەبن، هەرەس ئەو ساتەیە کە خەونی شیعر دەبێت ئیدی دوور لە دیمەنەکان جیابوونەوەی خۆی رابگەیەنێت، لە پشت هەرەسەوە شیعر دەبێت بینینو بیستنی خۆی لە دونیا دابڕێت تابتوانێت لەخەونا تەنیا لەخەونا پارێزگاری جیهانە دەڵالیەکەی خۆی بکات. (سەرخۆشبە! بۆ ئەوەی سەری خۆت لە شووڕەی/ مسینو ژەندەرمەی ئەم عەقڵەو لە سنوور قووتارکەی!/ سەر خۆشبە! بۆ ئەوەی سەری خۆت بدەیتە دەست/ خەونو لە خەونا ئەتوانی چارۆکەی خەیاڵی بێ سنوور هەڵبدەی!) (ل٢٣٤).

سەرخۆشبوون لێرەدا هێزێکی ئەخلاقییە، هێزێکە پارێزگاری خەون دەکات، لە ساتێکدا کەخەون تاکە شورای ئەو جیهانە دەڵالیو ستاتیکیەیە کە پایەکانی شانشینی شاعیری راگرتووە، ئەگەر کەمێ قوڵتریش بڕوانین، هەرەس لە جەوهەریدا وەستانی گووتاری مانەوەیە لە کارکردن، واتە مردن نیە، بەڵکو خۆبەدەستەوەدانی جەستەیە بۆ مردن، ئامادەگی جەستەیە بۆ مردن بەبێدەنگی، لای شێرکۆ مردن هەمیشە سەرەتایە بۆ سەرەتایەکی تر، بەڵام هەرەس سەرەتای هەموو کۆتاییەکانە. بۆیە چیتر ئارەزووی مانەوە تەنها لە خەونا جێگای دەبێتەوە، (لە خەوتا تۆ هێشتا هەر ماویو/ هەر پڕی لە خۆزگە./ لە خەوتا تۆ هێشتا هەر هیوای/ هەر پڕی لە جۆگە./...../ ئەو کاتەی هەڵەسی ئەزانی: نەماویت/ ئەزانی تۆ مردوویت!...) (ل٢٤٥).

لەش لەم ئێسکەیەدا پچووکی خۆی لە هوشیاریدا دەبینێتو گەشانەوەو هەستانەوەی خۆی لە خەوندا وێنا دەکات، ئاشکرایە کە ئەم روانینە تەعبیرێکی قوڵە لە شێوەکارکردنی گووتاری مانەوەش کە دواجار ئەگەر لە ئاستی هووشیاریو ژیاندا چالاک نەبێت، ئەوا لە ئاستی خەوندا وەک هێزێکی پارێزەرو مژدەهێن لە ژێرەوە لەکاردایە.

٢٥- هەستانەوە:

شێرکۆ لەگەڵ هەستانەوەدا، زەمەنی موعجیزەکان دەژی، زەمەنی گەڕانەوەی تێنو تاوی شەڕکەرانەی ژیان، لەگەڵ هەرەسدا زمانی تەعبیرکردنی شاعیر دادەبەزێتە تاریکترین ئاستەکانی خۆیەوە، لەگەڵ هەستانەوەشدا،

زمانو رامانی له موعجیزه دەگاته بالاترین ئاستی ستاتیکی خۆی، ئەم دێڕانەی له خوارەوه تۆماریاندەکەم، ئەشێت له هەره جوانترین وێنەکانی ئەم دیوانه بن، بەکۆش دیوی موعجیزه ئاسای ئەو هەستانەوەیه دەگەێننه پلەی هەستانەویەکی ئاینییانه. (ئەمه هەستانەوەی بەردی گۆڕه؟!/ یان باڵگرتنەوەی خۆڵەمێش؟!/ ئەمه لەدایك بوونەوەی نوێی سیروانه؟!/ یان سەر لەنوێ شین بوونەوەی/ مێرگەکانی دەست و پەنجه؟!/ ئەمه گەڕانەوەی مەحاڵی دووکەڵە/ ببێتەوه بەمەزارو باخ؟!....) (ل۲۵۳-۲۵٤). جارێکی تر گوناهێکی گەوره دەرهەق بەم ئەزموونه دەکەین، ئەگەر واتێبگەین که ستایشی گەورەی شێرکۆ بۆ ئەم هەستانەوەیه، ستایشێکی سیاسییەو ستایشی ئیرادەی ژیان نیه، که ژیانیش وەکو ترپەیەکی بەهێز زیندوو دەبێتەوه، ئیدی پێویست ناکات لەناو بازنەی خەونەکاندا دیلبین. شێرکۆ بەردەوام خۆی دڵنیا دەکاتەوه، که وەدیهاتنی ئەو موعجیزەیه، درێژکراوەی دونیای خەونەکانی سەردەمی هەرەس نیەو واقیعێکی راستەقینەیه، (خەو نییە، وائێستە ئەیبینی) (ل۲۵۵). هەستانەوەش،هەستانەوەی جەنگو تەقەو پەلامار نیە بەتەنها، بەڵکو لای شێرکۆ بەرقەرار بوونەوەی راستەوخۆی پەیوەندی لەشی دابڕاوو دوورو تاراوگە کراوی خۆیەتی لەگەڵ سروشتدا، لەگەڵ هێزە زیندووەکاندا که بۆ ئەو کانگان، ئەگەر هەرەس نیشاندەرەوەی ئەو ساتە بێت که سروشت تیایدا هێندە نزمە ناتوانێت حەرفێکی شاعیر دابڵدە بدات.

ناتوانێت دەرگاکانی خۆی بۆ فڕین و تێکەڵاوبوون و توانەوەی ئەو بکاتەوه. (ئەتەوێ تۆ چۆن بێ؟/ بەپانی و درێژی هەزاران فرسەخی چوارگۆشەی بەردودار/ هەزاران فرسەخی ئێسقانی رۆژگارم/ لاسکێ نەبینی بەبەرزی دوو ملیم/ بڵێ من: ئەی عەشقی راونراو، ئەوێرم/ حەرفێکت حەشاربەم گەر هاتی؟..) (ل۲۲۳).

ئەگەر لە هەرەسدا دەنگو رەنگ که دوو جەمسەری گرنگی دیدەڕۆشنی شعیرن وردوخاش بین، (ل۲۳۹) لە هەستانەوەدا سەر لەنوێ دەنگو رەنگی شاعیر پەیوەندی قوڵ بەسروشتەوه دادەمەزرێننەوه، (تۆ ئێستاکه بە نهێنی زەردەخەنەی/ گوڵەکانی ناو ئەشکەوتی و/ بەنەهێنی ماچ ئەنێری بۆ قەندیل و/ بەنەهێنی نامەی دەربەند وەرئەگریت و/ بەنەهێنی چرپەی داری و/ بەنەهێنی ئەباریت و/ بەنەهێنی گفەت دێت و....) (ل۲۵۷). بە کورتی شاعیر بەنهێنی پردەکانی خۆی لەگەڵ مالّی راستەقینەی خۆیدا بونیاد دەنێتەوه، لەومالّەشدا زمان که هێزی هەرە گەورەی شاعیرە توانا خولقێنەرەکانی خۆی دەخاتەوه گەڕ. مالّی ژیان، مالّی سرشت، مالّی شیعر لەیەکدی جیاناکرێنەوه، هەستانەوەش، هەستانەوەیەکه لە عەدەمەوه، ووشەش لە هەموو پرۆسەیەکی خولقاندندا رۆڵێکی جەوهەری هەیە، سەرەتای هەموو خەلیقەتێك ووشەیە، هێزی خوداوەندەکانیش لە کولتوورە جیاکاندا لەناو ووشەدا مەڵاسە، لەم جەمسەرەشەوه هەستانەوە لای شێرکۆ لە حوکمی سەرەتاو دەسپێکردنەوەی خەلیقەتدایەو ووشەش رۆڵی دروستکەرەوەو زیندووکەرەوە دەبینێت. (لەم وەرزە سوورەدا/ کە شیعر تێکەڵی گڵ ئەبێ.. هێندە نابا رووەکێ ئەڕسکێ/ ئاڵ ئاڵە.. نەدەنکە هەنارەو، نە گوڵی ژاڵەیەو/ نەگێلاس...) (ل۲۵۸-۲۵۹). (لەم وەرزە سوورەدا/ کە چیرۆك تێکەڵی خاك ئەبێ.. هێندە نابا رووەکێ ئەڕسکێ/ شین شینە نەگوڵە وەنەوشەو/ نە گوڵە میلاقەی شین باوە) (ل۲۵۹).. لە وەرزی هەستانەوەدا، شیعر ئەبێت هەموو توانا ئەفسووناوییەکانی خۆی بخاتە گەڕ، تێکەڵاوی رەهای خۆی و ئازادی رەهای خۆی بۆ بەزاندنی سنوورەکان ئاشکرا بکات. هەستانەوە ئەو ساتەیە که تیایدا شیعر (لێرەبوونی) خۆی لەناو جیهاندا بەیاندەکات، شیعر هەموو (لەوێ بوونەکان) جێدەهێڵێت و تەواو دەبێتە نیشتەجێی ئەم دونیایە، واتە هێزی خۆی وەکو ئیرادەیەك بەجۆرێ دەخاتە پاڵ کردارەکان که ئەستەمە چیدی لە پشتیەوه، ئیرادەی زمانو ئیرادەی کردار لە یەکتری جیا بکەینەوه، که هەردوکیان وەکو دوو دیوی موتڵەقی ئیرادەی ژیان کار دەکەن. (تۆ شیعرت چۆتە ناو دڵی ئەم خاکەوه/ بۆیە وەختێ گەنم ئەڕوێ و باڵا ئەکا/ لە گوڵێکدا دەنکێ وشەی تۆی هەر تیایە/ تۆ شیعرت چۆتە ناو خوێنی ئەم خاکەوه/ بۆیە ئەو وەختەی کارێزێ ئەتەقێت و/ ئاو سەر ئەکا../ لە جامێکدا قومێ شیعری تۆی هەر تیایە) (بڕوانە ل۲٦۱) (هەروەها دەکرێت سەیری هەموو وێنەکانی لاپەڕە ۲٦۲ش بکەین) هەستانەوە لێرەدا گەیشتنی کارکردی ئەو بونیادە بزوێنەیە بەترۆپکی کارکردنی خۆی، ترۆپکی ژیان و ترۆپکی زمان لە ساتەوەختی هەستانەوەدا بەئەندازەیەك دەکەونە سەر یەکدی کە ئیدی بەیەکەوە بەرەو پەڕینەوە دەڕۆن، لەم پنتەدا بونیادی بزوێن دەگاتە باڵاترین پلەی هارمۆنیەت و رووناکی و چالاکی خۆی، جیهانیش بەئەندازەیەك جەمسەرەکانی ئاشکرا دەبێت، کە مەودایەك بۆ دوو دڵی ناهێڵێتەوە لە هەڵبژاردندا، لە جیهانی شێرکۆدا دەبێت جەمسەرەکان دیارین، سنوورەکان لە یەکدی جیا بووبێتنەوە، شوناسەکان ناسراین، وەرزی هەستانەوەش وەرزی جیابوونەوەی ئەمبەرەو بەری دنیایە، وەرزی لەیەکترازانی ژیانە لەگەڵ مەرگدا، وەرزی پەڕینەوەیە لەئازارەوە بۆ ئاهێنان، وەرزی دواکەوتنی شیعرە بۆ ئیرادەو جەستە بۆ شیعر. وەرزی

یەکگرتنەوەی شیعرو سروشتو مرۆڤە لەیەك یەکەدا کە بەرەو ئەبەدیەت سەر هەڵدەگرێت (بڕوانە ل٢٦٦) هەستانەوە گەیشتنی جیهانو جیهانبینییە بەرۆشنییەکی رەها کە بەدەر نییە لە هەناسەی تراژدییانەی قوڵ، تراژیدیای دەرهێنانی وجود لە کەلاوەکانی خۆیو لەوێرانەکان رووەو جێگایەکی دی، کە شێرکۆ وەکو هەموو یۆتۆبیستە گەورەکان، بەهێماکانی تێکەڵاوبوونو تەباییو هارمۆنییەت ئاماژەی بۆ دەکات.

٢٦- مەنفا:

لە راستیدا ئەستەمە لەم چەند دێڕەدا بتوانم لەسەر ئەزموونی مەنفا لای شێرکۆ قسە بکەم، لەلایەك لەبەر بەرفراوانیو هەمەڕەنگی ئەزموونەکەو لەلایەکی دیش لەبەر ئەو هەموو کێشەیەی کە مەنفا بۆ خۆی وەکو بابەتێك دەیخاتەوەو بەجۆرێك لە جۆرەکان هەموو تیا بەشدارین، لێرەدا تەنها چەند سەرنجێکی خێرا دەخەمە بەردەستو قسەی تەواوەتی هەڵدەگرم بۆ بۆنەی دیکەو جێگای دیکە.

أ) دیوێکی تاراوگە لای شێرکۆ، بڕینی پلەیەکی بالای تێکەڵاوییە لەگەڵ جیهاندا. (ئەتەوێت نامۆییت تێکەڵی نامۆیی جیهانکەیت/ بۆ ئەوەی بەبەژنی هەڵبەستی گێتیدا هەڵزنی) (ل٢٨٣) واتە تاراوگە لەلایەکەوە هاتنە دەرەوەیە بۆ خۆنیشاندانو خۆ نمایشکردن بۆ دونیایەك کە چیدی دەبێت بتبینێتو بکەوێتە ناو ئاسۆی دیدییەوە، وەکو چۆن هەوڵدانی بالندەیەکی دیلیشە بۆ دیتنو ناسینی دونیا.

ب) لە دیوێکی دیکەدا تاراوگە ترازان نیە لە کاتو شوێنی شاعیر، بەڵکو بەپێچەوانەوە شاعیر لەگەڵ خۆیدا ترازانی کاتو شوێنی هەڵگرتووە. واتە شێرکۆ جیهانی ئێمەی جێنەهێشتووە، بەڵکو لەگەڵ گەڕیدەیی خۆیدا، دونیای ئێمەش دەگێڕێت، (تۆ راکردنی -شوێن-یتو/ تۆ هەڵفڕینی -کات-یت) (ل٣٠٠-٣٠١). واتە مەنفا لای ئەو راکردن نیە لە شوێن، چونکە جەستەی شاعیر بەئەندازەیەك لە شوێندا تواوەتەوە کە لێیجیاناکرێتەوەو بەئەندازەیەك لەکاتدا حلولیکردوە لێیناترازێت، لەبەر ئەوە تاراوگەبوونی تاراوگەبوونی خودی شوێنو کاتە.

ج) شێرکۆ لە تاراوگەدا بۆ بەشەکانی دیکەی خۆی دەگەڕێتو لەویادا لەگەڵ هەموو ئەو کەرتانەی دیکەی جیهاندا یەکدەگرێتەوە کە بەبەشێك لە خۆی دەزانێت (بڕوانە رامانو وەستانی قوڵی شێرکۆ لە مەولاناو دانتی).


د) لەگەڵ ماناو نیازی یەکگرتنەوەدا، تاراوگە هێشتا پارچە پارچە بوونو دوو کەرت بوونیشە (تۆ دوو کەرت دوو جەستەی/ دوو سەریو چوار چاوی) (ل٣٠٧). شێرکۆ لە مەنفا هەموو ململانێو ترسەکانی نیشتمانیش دەژی، جەستەیەکە لەوێیەو لەوێش نیە. لەوپەڕی وەجدی یەکگرتندا دەژی لەگەڵ ئازارەکانیداو لەوپەڕی ترسو دوو دڵی دابڕانیش دەژی لە دووری ئەو.

هـ) شێرکۆ لە تاراوگە، ئەزموونی ئەنفالو هەڵەبجە وەکو ئەزموونێکی تراژیدییو ئەزموونی راپەڕینیش وەکو ئەزموونی هەستانەوە دەژیو هەمان سیستمی ستاتیکی بەکار دەهێنێت وەکو ئەوەی لە نزیکەوە ئەو ئەزموونانە ژیابێت، کە ئەوەش بەڵگەیەکی دی لێکجیانەبوونەوەی ئەو گیانە حلولییەیە کە شاعیر تا مەتایە لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕێتو دوری ناتوانێت بەهیچ جۆرێك هەڵیبوەشێنێتەوە.

لەم سەرەداوە پچوکانەوە ئەگەر بڕوانین ئاسان هەست بەو راستیە دەکەین کە شێرکۆ لە هەر کەس زیاتر تراژیدیای تاراوگە دەژی، چونکە پێویستی ئەو بەجیهان پێویستیەکی گەورەیەو پێویستیشی بەنیشتمان هەر پێویستییەکی گەورەیە، لە کویادا شێرکۆ شوێنی خۆی بە شوێنی گشتی دونیاوە گرێدەدات؟ لە کویادا شێرکۆ کاتی خۆی بەکاتی گەردونیانەی ئەم دونیاوە گرێدەدات؟ ئایا ئەو لەسەر رۆشنایی ئەزموونی مەنفادا گەیشتۆتە چ تخوبێکی نوێ؟ ئایا ئەو رۆحی جیهان ویستییەی کە لە قوڵایی ئەزموونی ئەودایە، چ ئاسۆیەکی تازەی کردۆتەوە؟ چ فۆرمێکی نوێی بینینو نووسینی بەرهەمهێناوە؟ ئەمانەو چەندەها پرسیاری تر، زنجیرەیەك تێڕامانی نوێو قوڵی دەوێت لە ئەزموونی شێرکۆ، کە توانایەکی لە رادەبەدەری خۆگۆڕینو نوێبوونەوەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.

دواجار کارکردن لەم ئەزموونەدا چەند درێژتر بێتەوە پرسیاری تازەتر دەخولقێنێت، ئاسۆی فراوانتر دەکاتەوە، بەردەوامیش پێویستیمان بەتوانای زیاتری بینینو کاتی زیاترو رووبەری زیاتر هەیە، بۆ ناسینی ئەم شاعیرە، کە هەندێ جار هەستدەکەین تاپتر لێینزیکببینەوە، پتر تەلیسماویترو نادیارتر دەردەکەوێت.

تێبینی: ئەمە دوو وتارەو لەلایەن دوو کەسەوە نووسراون بەڵام بۆیەک مەبەستە..


ئەسعەد جەباری

﴿١﴾
راستکردنەوەی هەڵەیەکی ووتاری (کەرکوك.. لەسەردەمی پەیدابوونی عوسمانی‌دا!)

لەنووسینی (مێژوونووسێکی کورد)!! ژمارە ٤ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. لەژێر ناونیشانی (کەرکوك لەسەردەمی پەیدابوونی عوسمانی‌دا) بابەتێکی گرتووەتە خۆ کە سەروبەر گێڕانەوەیەکی لاوەکی‌یەو لە شێوەی حیکایەت نوسین لەمەڕ جوگرافیای شاری کەرکوکی خۆشەویست چەند لاپەڕەیەکی لەگۆڤاری ئازیزی (گەلاوێژی نوێ)ی ڕەش کردووەتەوە..

بەپێویستم زانی بەپێفێك‌و سەرپێیانە وولامێکی مێژوویی لەمەڕ پەڕەگرافێکی ئەو بابەتە بدەمەوە کە مێژوونووسی ناوبراو زۆر سادەیانەو بازاڕیانە تیایدا دوواوە!...

لە لاپەڕە (١١٢)ی بابەتەکەدا و ڕاستەوخۆ لەژێر نەخشەی (لوای کرکوك) لەپاش حەوتەمین ستوون تاپانزەهەمین ستوونی بابەتەکەی نووسیوەو دەڵێ:

﴿لە گەڕەکی مەیدانەوە ئەچووی بەرەو خۆرهەڵات لە گۆشەی خۆرهەڵاتدا تەکیەی (سەید نەجیبی جەباری) هەبوو. تیرەی جەباری لەبنەڕەتدا (جەبارەکی) لوڕ بوون، لەم دواییەدا لە خۆیان کردبوو بەسەیدی عەرەب لەم تەکیەیەدا لە شووشەیێکدا چەند تەڵێ موو هەبوو، هەمیشە ئەجولایەوە، کابرا بەخەڵکی دەووت:

ئەمە مووی ریشی پێغەمبەرە﴾[1].

دەخوازم لەم وولامدانەوە کورتەدا تەنها لەسەر ئەو چەند ستوونە بدوێم‌و ناشمەوێ خۆم لەقەرەی ئەوە بدەم کە بابەتی ناوبراو لەزۆر شوێنی تردا جگە لە هەڵەی ڕێزمانی مێژووییش دەبینرێ چونکە لەو بابەتەدا واهاتووە کە باس لەو دەمە بکا کە عوسمانی پەیدا بووە لەشارەکەدا کەچی مێژوونووس زۆر بێ ئاگایانە خۆی هاویشتووەتە کۆتایی سەردەمی عوسمانی‌و سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی‌یەوە (مەبەستم زیاتر ئەوەیە بڵێم لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەدوێ) بۆیە لەزۆر شوێندا ئاماژە بۆ سەردەمی ئینگلیز دەکا، جگە لەوەی مێژوو وانانووسرێتەوە کە مێژوونووسی کورد بەئاشکرا دیارە زۆر نەشارەزایە لە نووسینەوەی مێژوودا لەگەڵ ئەوەشدا ناوی خۆی لەسەر بابەتەکە بە (مێژوو نووسێکی کورد) ناوزەد کردووە کەپێم وایە ئەمە گەورەترین هەڵەی نووسەرە، دەبوو زۆر بوێرانە ناوی خۆی ئاشکرا بکردبا سەردەمی چاوسوورکردنەوە بەسەر چووە

که نووسەر نەتوانێ ئازادانە بنوسێ، مەسەلەکەش ئەوە نیە ئیدی هەر نووسەرێك هەر بابەتێکی مێژوویی نووسی مێژوو نووس بێ.

جگە لەوەی ئەم هەڵەیەش (گەلاوێژی نوێ)ش دەگرێتەوە کە زۆر مەسئولانە نەیتوانیوە پەیامی خۆی بگەیەنێ..

نوسینێکی بێ سەرچاوەو بێ بنەما لە شێوەی گێڕانەوەی حیکایەت جگە لە داپاچینی مێژوو و ناشرین کردنی چەند راستییەك دەربارەی کورد لەلایەن مێژوو نووسێکەوە! هیچی دی نیە.. من ئەم پرسیارەش لە گۆڤاری خۆشەویست دەکەم ئایا پڕکردنەوەی بابەتەکانیان بەم بابەتە کاڵو کرچانە هیچ خزمەت بەگۆڤارەکە دەکا جگە لەوەی پێچەوانەی داواکاریەکانی ئەوانە کە لەدوا لاپەڕەی گۆڤارەکە هاتووەو رەچاوی ئەو سەردجانە نەکراوە وەکو پێویست کە دیاری کراوە بۆ نووسەران!.

باسکردن لە تەکیەی سەید نەجیبی جەباریو پاشان تیرەی جەباری وا ناو دەبا کە لە بنەڕەتدا (جەبارەکی) لوڕیوون.. بەزۆری زۆرداری خۆیان کردووە بەسەیدی عەرەب..و پاشان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە تەکیەکەی سەید نەجیب شوشەیەکی تێدا بووە چەند تەڵێ موو هەبووە هەمیشە ئەجوولایەوەو کابرا (مەبەستی سەید نەجیب بووە) بەخەڵکی ووتووە ئەمە مووی ریشی پێغەمبەرە.. ئەم رستە بێ سەرو بەرە چ پەیوەندییەکی هەیە بەباتەکەی مێژوونووسی ناویراوەوە ئەگەر ئینسانێکی زۆر قین لەدڵ نەبێ. بابەتەکەیو نووسینەوەی ئەو چەند دێڕە ئەرنو ئاسمان جیاوازیان هەیە.. گەر بۆ لەکەدارکردنی تیرەیەکی ئیماندارو شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەری کورد نەبێ بۆ هیچ نیە!..

عەشیرەتی (جەباری) بەهیچ کلۆجێك و لەهیچ سەرچاوەیەکەوە نەبووە کە لووڕبووبێت بەڵگو لە بنەڕەتداو بەر لە چوار سەدە پێش ئێستا لە شاری (حەما)ەوە لە وڵاتی شام (سەید عبدالجبار) هاتووە بۆ کوردستان.ر لە گوندی (تەکیەی) نێوان شاری چەمچەماڵو قادر کەرەم نیشتەجێ بووە پاشای عوسمانی ئەو سەردەمە چەند پارچە زەوییەکی پێ دەبەخشێ تا لەنزیکەوە بتوانێ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی پێ بکات لە ڕێگای تەکیەی ناویراوەوە کە ئێستا بە(تەکیەی جەباری)[2] بەناوبانگە لەناوچەکەدا..

جەماوەری ئەم ناوچەیە خزمەتێکی زۆری ئەم پیاوە ئایینیەیان کردووە.. لەپاش ماوەیەکی کورت خۆی دەگەڕێتەوە بۆ (حەما)و (شێخ شرف الدین)ی کوڕی لە شوێن خۆی بەجێ هێشتووە تادرێژە بدات بەخزمەتکردنی تەکیەی جەباری.. (جباری) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی سەید عبدالجبار.. ئەم زاتەش باوە گەورەی هەموو بنەماڵەکانی عەشیرەتی جەباریە لەبنەڕەتدا.. ئەوەش کە دەڵێ: خۆیان کردبوو بەسەیدی عەرەب.. ئەمە شتێکی ڕەوایەو زۆر راستیشە بەڵام لەگەڵ گەشە پێکردنی ئەم بنەماڵەیەو ئاوێتە بوونیان لەگەڵ ئاوو هەوای کوردانەی ناوچەکەو بەشداری کردن لە بەرەپێدانی هەموو بوارەکانی خزمەتکردن هەر لە بزواندنیان بەکاری شۆڕشگێڕانەی نیشتمان پەروەریانە تا بە پەیڕەوکردنی هەموو بەها پیرۆزو کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە پابەند بوون.. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ناوچەکە بەڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە دەیانڕوانیە ئەم بنەماڵە ئایین پەروەرو خزمەتگوزارە.. لەگەڵ خولی ڕۆژگاردا ئەم بنەماڵەیە زیاتر بەپەرۆشەوە بوون بۆ میللەتی کوردو مێژووە پڕ قوربانیەکەی[3].. مێژووی عەشیرەتی جەباری لەرابردوو و ئێستاشدا ئەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرەیە کە دڵێرانە ڕووبەڕووی داگیرکەران بووەتەوەو هەر لەسەردەمی عوسمانیەوە تادەگاتە سەرەتای ئەم سەدەیەو لەکاتی حوکمڕانی مەلیك مەحموودو[4] بەدرێژایی نەشو نماکردنیان لە کوردستاندا، گەلێك ناودارو کەسایەتی کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیرو

سیاسەتمەداریان تێدا هەڵکەوتووە.. عەشیرەتی جەباری هەتا هەنووکەش بەدەیان و سەدان کەسی ناوداری لە ریزەکانی خەباتی بزاڤی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتیدا درێژە بەخەباتی باووباپیرانیان دەدەن و ئەندامێکی کارامەی ئەم عەشیرەتەن.. (٥) شانازیش بەرابردوو ئێستای خۆشمانەوە دەکەین کە (سەید)ین، بۆ ئەوەش کەباس لە مووی ریشی پێغەمبەر دەکا (د.خ) گەر ئەفسانەش بووبێت نەدەبوو ئەو مێژوونوسە گاڵتە بەزاتێکی وابکا کە سەرجەم مرۆڤایەتی هەژاندو دوونیای رەشی لەبەرچاوی هەموو میللەتێك سپی کردەوە.. زۆریش ئاسایی‌یە ئەو مووەی ریشی پێغەمبەر (د.خ) هەڵگیرابێ بۆ ئەو دەمە.. خۆ هەتا ئێستاش تەرمی پادشاکانی سەردەمی پێش ئیسلام و پێش زاینیش ماونەتەوە یان گەلێك کەرەستەی دەگمەن بۆ مێژوو هەتا ئێستا ماوەتەوە وەکو خۆی، بۆ نابێ ئەو مووی ریشەش بمێنێتەوە کە هی زاتێکی زۆر پیرۆزە.. نەدەبوو ئەو مێژوو نووسە کوردە هێندە سادەیانە باسەکەی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، کە پێم وایە هەر لە حیکایەتە کۆنەکان دەچێ و هیچ جەوهەرێك لەم بابەتەدا نابینرێ کە ئەو هێندە نامەسئولانە کەوتووەتە دووی و... زۆر ناڕەوایانە هێرش دەکاتە سەر زۆر لە عەشیرەت و تیرەو تایفەکانی سەر بەشاری کەرکووك هەروەها زۆر لە کەسایەتی‌یە ناودارەکانی ئەم شارەی بەکەسی نابوودو نەشارەزا لەقەڵەم داوە کەچی ئەم زاتانەی ئەو ناوی بردوون هەر لە بابەتەکەیدا ماتووە کە ئەندامێکی کارامەی شاری کەرکووك بوون و خزمەتیان بەشارستانیەتی شارەکە کردووە، کەچی بەڕاست و چەپا لەزۆر شوێنی بابەتەکەیدا زۆر بەگومانیشەوە ووشەی (گوایە) زۆر دێنێتە پێشەوە.. ئەگەر ناوبراو خۆی بەمێژوونووس دەزانێ نەدەبوو هێندە ڕاڕابێ و دڵنیا نەبێ لەبابەتەکەی خۆی بۆیە لەزۆر شوێندا بەگومانەوە (گوایە) زۆر بەکار دەهێنێ...

بەراستی نامەوێ زۆر درێژە بەکورتە وولامەکەم بدەم بالەوە زیاتر نەکێشێ هێندە هەیە مێژوو نوسی فەقیر! تەنانەت وەك بڵێی خۆم بەدەستی خۆم بەردبارانم کەن دەڵێ:-

(کە شۆڕشی ١٤ی تەموزی شووم پاشایی ڕووخاند. دەوروبەری عبدالکریم قاسمی نەفام کە هەموو بەعسی و قەومی متطرف بوون حەملەیان کرد..)

من لێرەدا نامەوێ تەعلیق لەسەر ئەم چەند ستوونە بدەم بەڵام هێندە هەیە ئەوەی هێڵم بەژێردا هێناوە بەجێی دەهێڵم بۆ خوێنەرو باخۆیان حوکم بدەن بۆ مێژوو!. هەروەها لەدوا بەشی بابەتەکەی‌داو لە خشتەی سەرژمێرێکەشدا نەتەوەی کوردی بەدووەم نەتەوە ناو بردووە پاش عەرەب.. ئەمەش ناحەقی ناگرم بێ ئاگایی مێژوونووش لەوەدایە بۆیە دەبێ چاوەڕوانی چی لێ بکرێ ئەم مێژوونووسە.! یادت بەخێر (محەمەد ئەمین عەصری) دەبوو ئەم بابەتەش لە زنجیرە چاپکراوەکانی ئەوبا نەك گۆڤارێکی تیۆری فکری ڕوناکبیری ئەدەبی وەك (گەلاوێژی نوێ)ی ئازیز.. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیم بۆ کارگێڕو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ناوبراو.

پەراوێزەکان :

(١) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ.. ژمارە ٤ تشرینی دووەم ١٩٩٧ لاپەڕە (١١١-١٢٠).

(٢) گوندەکانی ناوچەی جەباری ٣٤ گوندن و ئەمەش ناوەکانیانە: (تەکیە، ئالیاوە، بانگوڵ، شێخ محمدی خواروو، شێخ محمدی ژوورو، داوڵ، سۆران، گۆران، قۆچەڵی، زەوج، تەپەکوپە، جانی، زنەخۆر، مۆردانە، جافان، کوڵەبان، حەمەشریف، هەنارەی محمد امین، هەنارەی حمە سعید، شێرزەرە، سەوزکە، هەفتاچەشمە، حسن خانە، چیمەن، تاوێربەرز، نەورز، پاریاوڵە، علی مستەفا، زەردە، محمود پەرێزا، قەلاوێز، حەمك، پووزڵ).

(٣) بەدرێژایی ژیانی ئەم بنەماڵەیە کە کەوتوونەتە ناوچەیەکی پان‌و بەرینی خۆرهەڵاتی شاری کەرکووک‌و خواروی شارۆچکەی چەمچەماڵ‌و باکوری شارۆچکەی قادر کەرەم‌و رۆژئاوای شارۆچکەی سەنگاوەوە گەلێك کەسی ناودارو رووناکبیری تێدا هەڵکەوتووە کە ئەمانەش چەند کەسایەتیەکیانن (مەلا فەتاحی جەباری شاعیر، مەعرووف عبدالغنی الرصافی شاعیر، سەید علی اصغری کوردستانی گۆرانی بێژ، سەید احمد سەید اسماعیلی شاعیر، سەید محمدی جەباری کەسایەتی ناودارو سەرەك عەشیرەت، سەید محمدی شێرەدەرەی شاعیر، شەهیدی نەمر مامۆستا جەبار جەباری رۆژنامەنووس، شەهیدی نەمر مامۆستا شێرزاد جەباری رووناکبیرو نووسەر، هەروەها دەیان‌و سەدان کەسایەتی هەڵکەوتووی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کوردایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و رووناکبیری کە بەشێکی زۆر پێك دەهێنن لەکاروانی رەوڕەوەی خەباتی پێشکەوتنی نەتەوەکەمان لە کوردستانی زێدی باووباپیرانمان.

(٤) لەمێژوودا ئەوە بەڵگەیەکی حاشامەڵنەگرە کە سەید محمدی جەباری سەرەك عەشیرەتی جەباری رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە پشتیوانی کردنی حکومەتی مەلیك مەحمودو تاکە عەشیرەت بووە زۆر وەفادارانە پشتی مەلیك مەحمودی بەرنەداوە نامەو بەڵگەنامەکانی ئەو دەمە شاهیدی بۆ ئەم راستیانە دەدەن.

(٥) لەسەرەتای شەستەکانەوە تا شۆڕشی نوێی گەلە تێکۆشەرەکەمان ناوچەی جەباری‌و مەڵبەندە شیرینەکەی جێگای خەبات‌و شۆڕش‌و پێشمەرگایەتی بووە بۆ کورد.. جگە لەوەی بەسەدان شەهیدی رێگای کوردایەتی بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ میللەتی کوردو مێژووە پڕ قوربانیەکەی کوردستانی زێدە ئازیز.

سەرچاوە:

* دیوانی مەلا فەتاحی جەباری –چاپی یەکەم– ١٩٦٨ عبدالجبار جەباری.

* گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١٤٢) ساڵی ١٩٨٨.. اسعد جباری.

* کوردو کوردستان – جلد ١–٢–٣ محمد امین زەکی بەگ ١٩٣١ میلادی.. لاپەڕە ٣٣٧.

*چیم دی – شۆڕشەکانی شێخ مەحمود– نووسینی احمد خواجە بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٦٨ لاپەڕە ٨٠.

* * *



سەردار جەباری

زۆر لەمێژە دەستێکی بەگومان هەستی پێ ئەکرێت کە لە ژێر پەردەوە هەوڵی شێواندنی مێژووی گەلی کورد ئەدا. جا ئەو دەستە ناحەزانی کورد راستەوخۆو بەئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەکەن بێ ئەوەی بەڵگەی بەجێی مێژوویی بەدەستەوە بووبێت، تەنها بەمەبەستی شێواندنی راستی‌و ڕەسەنایەتی مێژووی نەتەوەی کورده. جارێ بەدێوو جنۆکەی دادەنێن وەك (إبن مسکویه) لە کتابەکەی بەناوی (تجارب الامم) لاپەڕە (٤) بەرگی یەکەمدا دەڵێت: کوردەکان تیرەیەکن لە جنۆکە. جارێکیش تورك ئەڵێن کورد تورکی شاخاوین وەك (عصمت انینو) سەرەك وەزیرانی تورك لەسەردەمی ئەتاتورکدا دەیگووت‌و فارسیش بەهەمان شێوە کورد بەتیرەیەك لە فارس ئەزانن‌و تەنها هەر کورد نەبن هەموو ناوێکیان لێ ئەنێن.

بەڵام راستی بەئاسانی ناشارێتەوە. هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەمێژوو بەئاگان هەموو هەر ناحەزی کورد نەبوونە. مێژووی کورد پاڵپشتی راستی زۆرە بەبەڵگەی زیندووەوە، تابەکەس بەئاسانی نەشێوێت، ئەتواندرێت لەسەرچاوە مێژووییەکانی وەک (بابلی)و (ئەکەدی)و (یۆنانی)و رۆژهەڵات ناسەکانی ئەورووپا سوود وەربگیرێت بۆ سەلماندنی راستیەکان.

ئێمە لێرەدا ئەوەی کە ناچاری کردین وەڵامی هەندێ نووسینی دوور لەراستی نابەجێی ناحەزانێ بدەینەوە کە ناوی خۆیانیش نابەن گومان هەیە لە سیاغەی نووسینەکەیان‌و بەتایبەت لەم رۆژەدا ئەبێ سڵ لەچی بکاتەوە ئەو نووسەرە کەناوی خۆی نالێ؟ یان خۆی چی مەبەستێتی وا روو ئەکاتە باسێکی مێژوویی کەخۆی دڵنیا نیە لە حەقیقەتی! ماوەیەکە دەست دراوەتە هەڵدانەوەی هەندێ بەڵگەی ژێر دەستی دوژمنانی بێگانە بەکورد کە لەراستیدا تەنها دوژمن بەراستی ئەزانێت. وە لەراگەیاندنی ژێر دەسەلاتی رژێمی فاشی چنگ بەخوێن سووریووی کوردەوە ئەخرێتە پێش چاو، ئیثارە کردنی ئەو مەوزوعانەش هەموو کەس ناچار ئەکات تەدەخل بکات‌و بێ دەنگ نەبێ لەبەدرۆخستنەوەی ئەو نەقلە ناڕاستانە. بەداخەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆمانیشدا رێگای بڵاوکردنەوەی دراوە بۆ نموونە لە ژمارە (٤)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ باسێکی بەناو مێژوویی (کەرکوک لەسەردەمی پەیدابوونی عوسمانی‌دا) بەدرێژی باسی کەرکوک ئەکات لەشێوە دامەزراندنی کەرکوک‌و گەڕەکەکانی‌و شەقام‌و شوێنەوایە ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی لەو سەردەمەدا. کە گوایە بەبەڵگە بیسەلمێنێت کە کەرکوک شارێکی کوردەو ئەو تیرەو هۆزانەی بردووەتە سەر رەچەڵەکی خۆی. هەمان باس لە رۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە ٢٥١،٢٥٢،٢٥٣، بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر بهاتبایە ئاوڕێکی لە پێشتری مێژووی کورد بدایەوە بەڵگەی زیندووتری هەیە بۆ پاڵ پشتی ئەوەی کە کەرکووک کوردستانە نەک تەنها هەر کوردی تێدایەو تێدا بووە.

دەپرسم لە نووسینی ئەو مامۆستایەدا چ راستی‌یەک هەیە؟ کە خۆی بەمێژوو نووس داناوە ناوی خۆی ئاشکرا نەکردووە تابناسرێت ئایا خۆی چی کردووە بۆ کورد کەشایەنی ئەوە بێت گوێ لە قسەی بگیرێت چونکی هەمیشە خەڵک گوێ لە قسەی راستگۆ ئەگرێت، نەک کەسانێ بەلای راستیدا نەڕۆن.

نازانم هەندێ کەس هەرچەند ساڵێک جارێک (إحاء)یەکیان بۆ دێت ئەکەونە نووسینی هەندێ باس کە گوایە بنەماڵە هەیە خۆیان بەکورد ئەزانن کورد نین‌و هەندێ بنەماڵە خۆیان بەمسوڵمان ئەزانن مسوڵمان نین یان خۆیان بەسەید ئەزانن سەید نین!؟

یان خۆفرۆش‌و وولات فرۆش بوونە ئێستا نیشتمان پەروەرن، ئیفترایان پێوە کراوە....؟! هۆی چیە ئەم راستیانە وەردەگێڕدرێت؟! وەبۆ ئەم لاپەڕانە هەڵ ئەدرێتەوە ئەگەر ئەمەش بەشێک نیە لە پیلانە گلاوەکانی دوژمن...! ئێمە ئاشکرای ئەو راستیە ئەکەین کە چەواشە کراوە وەک مێژوو نوسی نەناسراو دەڵێت سەیدی جەباری بەخۆیان ئەڵێن سەید، سەید نین لوڕن وەبەڕەگەز ئەگەڕێنەوە سەر تیرەی (جەباریکی) کە لوڕ بوونە. ئێستا بەخۆیان ئەڵێن ئێمە سەیدین‌و عەرەبین نازانم ئەو مامۆستا بەڕێزە لەکام سەرچاوەی مێژووییەوە ئەو باسەی وەرگرتووە. دیارە جەباری خۆیان بێ ئاگان لەو راستیە..

ئێمە لاریمان لەوە نیە کە لوڕ بین چونکێ لوڕ بنەماڵەیەکی گەورەی کوردە پیاوی وەک کریم خان زەند‌و لطیف علی خانی زەندی لێ هەڵکەوتووە. بەڵام ئەو باسە دوورە لەراستیەوە.. بنەماڵەی جەباری پاش هاتنی باپیرە گەورەی ئەو

بنەماڵەیە کەناوی سەید عبدالجبارە ئەو یایە ئامرازی لکاوە ئەوەی لەبەرە بابی سەید عبدالجبار بێت پێی ئەڵێن جەباری.. وەسەید عبدالجبار پێشتر لە تەکیەی قەرەداغەوە هاتووەتە ئەو ناوچەیە. بەمەبەستی رێنوێنی خەڵك بۆ سەر رێبازی راستەقینەی ئاینی ئیسلام وەك لەباوو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە کە کاتی خۆی هاروونە رەشیدی خەلیفەی بنو عەباسی کەوتووەتە گرتنو کوشتنی سەید ئەوەی ماوەتەوە رووی کردووەتە کوردستانی ئێران، پاشان هەر بنەماڵەی رووبان کردووەتە ناوچەیەکو جێگیربوون، سەید عبدالجباریش پاش ئەوەی لەتەکیەی قەرەداغەوە دێتە ئەم ناوچەی ئێستای جەباری لەدێی تەکیەی ئێستا ئەبێ بەڕێکەوت سوڵتان مراد دێتە ئەو جێگایە لەدێی تەکیە ئەبێ کە پێشتر ناوی (سەڵباتوو) بووە. سوڵتان مرادی سێهەم وەك ئەگێڕنەوە لەسەردەمی عوسمانیدا زۆر رێز لە ئەهلو بیت واتا سەید کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر پێغەمبەری سەروەر ئەگرن، وە(٣٤) دێی ئەو ناوچە (هیبە) ئەکەن بۆ تەکیەی ئەو پیاوە ئایینیە.

وەناوی تەکیەی جەباری بەناوی سەید عبدالجبارەوە ناونراوە کە پێشتر وەك باسمان کرد ناوی سەڵباتوو بووەو بڕیار دراوە (عشر عقر) واتە (١/١٠، ١/٣٠) بدرێتە تەکیەی ئەو پیاو چاکە، پاش ماوەیەك سەید عبدالجبار بەنیازی ئیرشادکردنی خەڵکی رووئەکاتە ناوچەی هەولێرو شێخ شەرف الدینی کوڕی ئەکاتە جێ نشینی خۆی کە ئێستا قەبری لە گۆرستانی تەکیەی جەباریە. سەید عبدالجبار لەناوچەی هەولێرەوە رووئەکاتە وولاتی سوریا لە (حومس) جێگیر ئەبێ تادوای ژیانی بەڵام دوری رێگاو نەبوونی پەیوەندی نەزاندراوە کێی لەجێ بەجێ ماوە...

جەباری بە (٣٤) پشت ئەچێتەوە سەر ئیمامی حسین کوڕی حەزرەتی علی رەزای خوایان لەسەر بێ.

ئەم بنەماڵەیە بەپێی ئەم بەڵگە زیندووەی کە ئێستا هەیە لای بەڕێز کاك شێخ جعفر شێخ جەبار جەباری پارێزراوە، لەلایەن نقیب ئەشرافی بەغداو شێخ مەعروفی نۆدێیو شێخ محمودی شۆرجە کە بە(قطب الزمان) ناسراوەو شێخ حەسەنی قەرەچێوارەوە مۆری تەصدیقی لێ دراوە، لەو سەردەمەداو دواتریش. کە لە خوا لێ خۆشبوو سەید محمد جەباریەوە دەست پێ دەکات. بەش بەش بنەماڵەکانی جەباری ئەچنەوە سەر ئەو شەجەرەیە.

١- سەید محمد ٢- سەید عبدالصمد ٣- سەید عبدالقادر ٤- سەید مصطفی ٥- سەید اسماعیل ٦- سەید جانی ٧- سەید علی ٨- سەید عبدالکریم ٩- سەید حسین ١٠- سەید شرف الدین ١١- سەید عبدالجبار (کە باپیرە گەورەی هەموو ئەم جەبارێتی ئێستایە) ١٢- سەید جبرائیل ١٣- سەید صالح ١٤- سەید قطب الدین ١٥- سەید صالح ١٦- سەید محمد ١٧- سەید عوض ١٨- سەید فیروز ١٩- سەید محمد ٢٠- سەید ابراهیم ٢١- سەید جعفر ٢٢- سەید محمد ٢٣- سەید اسماعیل ٢٤- سەید محمد ٢٥- سەید احمد ٢٦- سەید قاسم ٢٧- سەید حمزه ٢٨- سەید حمزه (وەك ئەڵێن پاش مەرگە بووە بەناوی باوکیەوە ناونراوە) ٢٩- سەید امام موسی کاظم ٣٠- امام جعفر صادق ٣١- امام محمد الباقر ٣٢- امام زین العابدین علی ٣٣- امام حسین ٣٤- امام علی بن ابی طالب (کرم الله وجهه) (من فاطمة الزهراء البتول سیدة النساء بنت السید المرسلین وخاتم النبیین سیدنا محمد المصطفی صلوات الله وتحیاته وبرکاته وعلی آله اجمعین).

ئێمە هیچ کاتێك نەئەڵێین سەید نین وەنەووتومانە عەرەبین ئەگەر بڕوانینە مێژووی کۆن کە حەزرەتی محمد (د.خ) ئەگەڕێتەوە سەر حەزرەتی ابراهیم سەلامی خوای لەسەربێ لە

کوردستان لەدایك بووە لە هارانی نێوان تورکیای ئێستاو سوریادایە، بەتەواوەتی کەس ناتوانێت تائێستا وەك راستییەك بڵێ حەزرەتی ابراهیم کوردە یان عەرەبە، بەڵام نەناوی حەزرەتی ابراهیم وەنەناوی حەزرەتی اسماعیل (إعراب) نابێ لەبەر ئەوەی عەرەب ئەڵێت (من الاسماء الاعجمیە)!!.

ئێمە بێینە سەر ئەمڕۆ بنەماڵەی جەباری هیچ نەی بیستووە کە (جارەیکی) پێی وترابێ لوڕ بێ،.. وەبنەماڵەی جەباری لەسەردەمی سوڵتان مرادی سێهەم کە لە ساڵی ١٥٧٨ەوە لە جەباری جێگیر بوونە خۆیان بەکورد زانیووە وەخەباتیان کردووە لە پێناوی مانەوەی ناوی کورددا بەڵگەشمان بۆ ئەم راستیە ناوی دێهاتەکانی ناوچەی جەباریە کە (٣٤) دێ ئەکات کە هەموو ناوی کوردیە نە عەرەب نەتورك لەسەردەمی خۆیان رێگەیان پێ نەدراوە وەك ناوچەکانی کە ناوی تورکی یان عەرەبیان لێ بنرێت. بەتایبەت تورك زۆر هەوڵی داوە لە رێگای کەسانی خۆیانەوە دێهاتەکان بکڕن و ناویانیش بگۆڕنە تورکی چۆن دێهاتەکانی ناوچەی قەرەحەسەن بەشێکی زۆریان کڕاون و ناوی تورکیان لێ نراوە.

جەباری بەرهەڵستی ئەو نیازە ناپاکانەی کردووە، بەتایبەت خوا لێ خۆشبوو سەید عبدالصمد لەبەر ئەو بەربەرەکانێیە سوڵتان عبدالمجید فرمانی گرتنی داوە لەساڵی ١٨٦٣–١٨٦٤ ئەگیرێ و نەفی ئەکرێت بۆ لیوای ناصریە...

وەلەسەردەمی ئیحتلالی بەریتانیاش ئەوەی شارەزای لە مێژووی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردا هەبێ زۆری پڕ سەروەری سەید محمد جەباری بیستووە ئەش توانرێ ئاوڕێك لە نوسینەکانی ئەم دوایی‌یەی بەڕێز مامۆستا عبدالله کریم محمود کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە/ ١٤٥٨و ژمارە/١٤٥٩) ساڵی ١٩٩٧دا باڵاوی کردووەتەوە بەناوی رۆڵی سەید محمد جەباری لە شۆڕشی شێخ محمودی نەمردا.

هەروەها رۆڵی عەشیرەتی جەباری لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی میللەتەکاماندا کە بەدەیان شەهیدو بەسەدان ئەنفالی هەیەو هەموو دێهاتەکانیشی رووخاون و لەسەر کوردو کوردایەتی ئەمە کام جەباری خۆی بەعەرەب زانیوە..

سەید محمد جەباری لەدەیان کۆڕو کۆبوونەوەدا بەتایبەتی داویەتیە نێو چەوانی مندوبی سامی بریتانیاداو وتویەتی نابێ پێی ناخرچێکی عەرەب بەسەر ئەشرافی کوردەوە بێت. واتا گاوانێکی عەرەب!..

ئەمەش یەکەمجار نیە ئەم جۆرە باس و خواسە ئەخرێتە ناوەوە ئەم جارە بەجەباری خەویان بینیووە کە لوڕن و چەند ساڵێك پێش ئێستا بەسەیدی بەرزنجەوە کە لوڕن و! من خۆم ئەو باسەم لە مەلا جەمیلی رۆژبەیانی بیستووەو عمر فاروقی لە کۆڤاری سروە کە لە ئورمیە دەردەچێت باڵاوی کردووەتەوەو بەڵگەکانیش زۆر لاوازن و راستی ناسەلمێنن، جا نازانم ئەم برادەرە مەبەستی چیە ئەو هەموو لەفو دەورانە ئەکات تائەیهێنێتەوە سەر ئەو بنەماڵانەی کە مێژوو ناتوانێت ئینکاری نزاهەتیان بکات لەراستی خەباتی رەوای گەلی کورددا کە سەید بوونەو هەموو کوردیش شانازی پێوە ئەکات، بەتایبەت شێخ عبدالله‌ی نەهری کە سەیدەو لە بنەماڵەی شێخ عبدالقادر گەیلانی‌یەو سەید رەزای دەرسیم و شێخ سەعیدی پیران و شێخ محمودی نەمر کە هەتا کورد ماوە شانازی بەو مێژووە پڕ سەروەریانەوە ئەکات.

ئایا میللەتی کورد زیانی بینیوە لەم گەورە پیاوانە کە پێشەنگی رێبازێکی رەوای میللەتی کورد بوونە؟ زۆر جێی داخە کە نەیان توانیوە کارێك بکەن مایەی روو سپیەتی و سەروەری بێت پەنا ئەبەنە بەر هەندێ کار کە تەنها دوژمن پێی خۆشەو راستیش لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان ئەشێوێنن....!!

شیعر

زێوان



ڕەفیق سابیر - سوید

دەڵێی فڕین لاسایی تیشك دەکاتەوە
ڕۆژ لەستایشی پێشبینیدا لەیەقین دڵنیا
ڕووناکی لە ڕووی ئەبەدییەتدا حەیران.

گەواڵەکان وەك باڵندە یاری بە زەردەی هەتاو و (با) دەکەن
هەیبەتێکی ئەفسانەیی دەدەن بەفڕین
ڕەنگو بۆنی نوێ بە سروشت،
تەڵخییش بەو سێبەرانەی کە بۆرمان دەکەن،
گەواڵەکان سیمای ڕۆژەکە بەرەنگی کبریتو تینوێتی دەڕەنگێنن.
دەڵێی ئاسمان بەقوڵایی خۆیدا دەچێت
تینوێتیش بەتینوێتیدا
دەڵێی مردن لاسایی تیشك دەکاتەوە.

❊

تادێت هەوا ساردتر دەبێت
دەڵێی خۆر لەودیو دیواری خۆڵینی ئاسۆوە نووستووە
ئێمەش لە سێرمۆنی تاکبوونەوەدا غەیب دەدوێنین،
بەدەم شڵەژانەوە بێ هودە بەگژ هیچدا دەچین
هەردوو چنگمان پڕ دەکەین لەو لمە تینووەی کە لەسەر بۆنی شێداری ڕوبار بەگژماندا دێت.

بێئومێدانە چاو بۆ سیمای خوا دەگێڕین، کە مانگئاسا نیمچە کەوانەیی‌و بێ ئادگارە.
ئەگەر شێوەیەکی خێراتر بۆ مردن داهێندراوە پێشانمان بدەن،
دەنا ئێمە چ کارێکمان بەم ئاگردانە تەزیوانەیە کە ڕەشەبایان بەگژدا کردووین؟
بۆچی لە ژێر ئەم کەوانە خۆڵەمێشییە زەردباوەدا توانستو ڕووتبوون بڕازێنینەوە؟
یان لەپاڵ تارمایی لەرزۆکماندا سەروەریی یەقین بنوسینەوە؟
هەڵەی تۆ بوو ئەی چاوەڕوانی، کە سەرقاڵی گۆڕەبۆشەکانو
ژماردنی تەرمەکانت کردین
تۆیش ئەی ژیان، بێئاگا ڕاتهێناین بەشکۆی ئەفسانە،
بەمێژوێەك کە سەرەڕمبی چەتەکان لەسەر ترۆپکی چۆڵەوانی‌و،
زەرگ‌و زیکری دەرونیشەکان لەسەر شووڕە بڵندەکانی شاران هەڵیان کۆڵی
بەسەروەری، کە ئاوێنەی درۆیەك بوو مردووەکان لە ئاهەنگی مەینەتدا ئاشکرایان کرد.
ئێستا ئیتر.... ساتە ئاسنینەکان مانایەك بۆ پێشبینی ناهێڵنەوە
شتەکانیش لە چاوەڕوانیی چارەنووسدا بەخۆ نامۆو بێ شێوازن:
زایەڵەو سەگوەڕ کە تەرمەکان دەترسێنن
منداڵانی ڕوخسار بەردین کە یاری بەئەبەدییەت دەکەن‌و
بە ڕوانینە سڕەکانیان سیمای زەمەن دەگۆڕن
کەفی زیوین‌و ڕەقەهڵاتووی ناو دەمە داپچڕاوەکان کە ژیان گەمارۆ دەدەن،
ئێمەش لە شەونخونییدا دەڵێی نەزیندووین، نەمردوو
بەجەستەمان بۆشاییە تەمگرتووەکان پڕ دەکەینەوە
بێئاگایانە خۆ لە پێشبینی دەپارێزین
بەڕووتبوون شاگەشکە دەبین کاتێك شێوەی خۆی بەتینوێتیی کێڵگە دەبەخشێت
تاریکییش هەوەڵین شایەتی کۆڕبوونەوەی تەڕاییە، کاتێك مردن
لاسایی تیشك دەکاتەوە.

❊

تادەهات دنیا ساردتر دەبوو
درەختەکان لەناو زوقمی زیوینی شەودا هەڵدەلەرزین
ئاسمان سیما خۆڵەمێشی، ئەستێرەکان شین دەچوونەوە
شەو وەك ئێمە بێدارو چاوەڕێ، وەك ئێمە خەونەکانی خۆی دەبزڕکاند
شەو بۆنی ئیسپرتۆو ترس‌و باروتی لێدەهات
سێبەری قورقوشمینی سوارەکانیش هەردوو زالکی گەلییەکەیان دیواربەندکردبوو.
(ئەگەر نەگەین بەکوێ دەگەین؟)

(ئێستا کاتی پرسین نییە، بیستوحەوت)
یەکێکمان بەدەم ژماردنی تەرمەکانەوە وەڵامی دایەوە.
ئێمەش لەچاڵێکی شەوین‌و شێداردا ڕەنگی خۆڵ‌و بۆرەهەورمان گرتبوو
دەستمان بۆ ڕەگی تاوێرەکان دەگێڕا کە لە تاریکی ئاڵابوون
بەچاوی نیوە کراوە دەمان ڕوانییە تیرە ئاگرداڕەکان کە لە گەواڵە دەچەقین،
دەمان ڕوانییە تریفە کە ماسکێکی برۆنزیی تۆخی بەروخسارە دوکەڵاوییەکان دابوو،
لەو کاتەشدا نمە بارانێکی لینج بەدەم سوتانەوە دەباری‌و
دەباری.
ئەوانەی ئەو شەوە بەڕێکەوت لەروباری گەلییەکە پەڕینەوە ڕەنگە ئێستا نەمناسنەوە،
کەچی من وردترین ڕوداوم لەبیرە:
ژانی دەستە تەزیوەکانم کە وەک دوو کۆتەرە لەتاریکی چەقیبون
تەڵخیی سەر ڕوخسارە قۆقزییەکان کە تائێستا شوێنەواریان بەرۆژەکانمەوە ماوە
چریکەی میرمندانێکی بریندار کە وەک زایەڵە لەتەنگەی دەربەندەکەدا پەڕەوازە دەبوو:
(ئاشتیخوازین، بەڵام ئازادی بەهیچ شتێك ناگۆڕینەوە).
من تائێستا هەموو ڕووداوەکانم لەبیرن
هێشتا لەژێر کەوانێکی میخەکیدا، کە گەرمایی خۆر هەڵدەمژێت، ئاوڕ لەرابردوو دەدەمەوە
لە سێرمۆنی تاکبوونەوەدا بەهێما غەیب دەدوێنم،
دڵیشم لە پێشوازی یەقیندا وەک شەوی بیابان چاوەڕێیە.
هێشتا زەوی بەبۆنی زەردە دوکەڵ‌و میوەو ئاسن هەڵامساوە
ونبووەکان لە ئەندێشەی شپرزەی ئێمەدا نایانەوێت بەم لێکدابڕانە ئەبەدییەو
بەکۆتاییهاتنی جیهان بڕوابێنن،
لە قوڵایی بیاباندا جەستەیان لە ل‌و تەزوو دەتەکێنن
لاسارانە بەدوای ڕێگای گەڕانەوە دەگەڕێن‌و
دەگەڕێن
(گژوگیای ناو باخچەکە)ش وەک هەمیشە بێباکانە پێشوازیی ڕۆژەکانیان دەکەن، کە ڕەنگی
لمستانیان گرتووە
دەڵێی چارەنووسی خۆیان لێ ڕوونە
دەڵێی دەزانن کە مردن
زێوانی
ڕۆحە بێدارەکانە.

نۆڤەمبەری ١٩٩٧

پەنجەرەی زامو

جەوهەر گرمانج
سوید - ستۆکهۆڵم

ساڵێك دەبوو كوردستانم
شانی لەژێر بەستەڵەكو
بەفرێكی ئەستوور تەزیبوو
ساڵێك دەبوو،
ئاگردان، خۆڵەمێش ناخی سڕكردبوو
ئاگر.. لەبەر،
لەشكری هەرەس بەزیبوو
چیا رقی ئاوس ببوو
ئاسمان.. نێوچەوانی گرژ
رووبار لەحەژمەت تەنیایی وێك هاتبۆوە
زەوی وشكو شەقار شەقار
رووماڵەت و روخساری كورژ
دنیای كوردەواری وەكو،
ئاشێكی ئاو لێ بڕاو بوو
لەوان رۆژگاری دژوارو ژان تێزاودا
هەموو گوێ سواندەی ماڵێكو
قانچەكەو سیلەی مزگەوتێ
چۆلەكەی هەستو گوێو چاو بوو
بێدەنگی.. وەك پیرە دالێ
رنۆكی لە هەناوی فڕین گیر دەكرد
ئەو ناوە،
گۆمێكی مەندو كشو مات بوو
پشتی ئۆقرەی دادەنەواند
كۆڕپەی چاوەڕوانی لەناو،
بێشكەی روانیندا پیر دەكرد
بەڵام لەناكاو شەماڵێ..
شەماڵێكی تیژ.. هەڵیكرد
بروسك بەرەژانیان گرت
بەچەخماخەی بێ ئامانیان
دەماری كپیو وسكتی
دەشتو دەرو شاریان بڕی
چەخماخە، بوو بەئاگرێ
هاڵاوی هەناسەی ئاگر
كشا بەرەو لووتكەی چیاو
لەشەقەی باڵیان هەڵۆو
پەردەی بێدەنگیان درێ
لەو رۆژەوە،
چاوی بەغدا خوێنی تێزا
دەستی بەغدا
وەك دەرزی ئاژن كرابێ
كەوتە لەرزە
(حەجاج) شمشێری دەم كولی

لەرووی گوڵە سەرەکانی
تەبارەی خەونان هەڵکێشا
مەرگ بەکووچەو کۆڵانی ئەم ئاقارە
وەك گورگی هار
وەك چاو ئێشە
بەدوای بۆنی خوێن دەگەڕا
سوڵتان.. لاپەڕەی رزیوی
فەرهەنگی رەشی (جاهیلی)و
زیندەبەچاڵی نەگریسی هەڵدایەوە
ئەم جارە ئایەتی ئەنفال
لە خەڵوەتخانەی سروشی (هەڕا) بەغدا
ژیایەوە
چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو
هەناسە سارد
هەڵەبجە.. هێشتا پەرداخی مەی لەدەست بوو
هێشتا بەبۆنو بەرامەی
شەوی پەردەو
نەعرەتەی شۆڕەسوارانی مەیدان مەست بوو
لەولا بەغدا..
کێچی رق لەکەوڵی بەربوو
سوڵتان.. خوێن بەری چاوی گرت
فەرمانیدا،
رەوێك داڵی رەشی چلکن
رەش.. رەش، وەکو هەناوی خۆی
بەئاسمانی،
خەواڵووی ئەم شارە وەربوو
لەگەڵ رمبۆنی یەکەما
چاویان رژا پەنجەو قەڵەم
لێك ترازان
لێوی ساوای ناو لانكو
شووشەی مەمە

لەدووەم دا..
لاشەی قورئان
لە ئامێزی تێك شکاوی
پیرە مزگەوتی گەورەدا
دەستێ نەبوو لە ئاوزنگیا
چۆڕێ ئاوی،
بەلۆکەش بکات بەدەمدا..
سێیەم.. چوارەم.. دەیەم
ئاسمان کپ بوو..
زەوی مات بوو
جەستەی شارێك لە خوێن گەوزی
کووچە، کۆڵان
جادە، شەقام
سەگ.. پشیلە
یەك بەیەك درەختی سەوزی
وەك گەڵای پایز هەڵوەرین
هەڵەبجە بووە کەلاوەی شاری مەرگ
برین سەریان خستبووە سەر سینگی برین
بەڵام برین..
برینە تەڕو توڕەکان
لەژێر قەماغەی لێواندا
دەستی تۆڵەیان کردە یەك،
لەبەهارێکی دەم سەوزا
لەچەقۆو شمشێر راپەڕین
چەقۆو شمشێر؛
وەکو پووشی هاوینێکی درەنگ وەختی
ئاگری دەم باتێبەربوو
وەکو مشکێکی پشیلە سەرادوونا‌و
نێو گەڵانی، جێگەی حەوانەوەی سەر بوو
لە هەینێوە.. کوردستانم
وەك شازادەو پەری بەهەشت

دوور لەتەقە تەقی سمی
هێستری جەندرمەی پاشاو
چەقە چەقی جارچیاندا
پەپولە ئاسا لەباخی رەنگاو رەنگدا
دوو باڵی ئۆخەی دەبزاوتن
ناوە ناوەش،
بەماچێکی ئاشقانە
دەمو لێوی گوڵەباخی دەئەنگاوتن
* * *
هێشتا شازادەخان پەری
لەحەرەمسەرای خەڵوەتدا
پێڵوی چاوی لەخەودا بوو
هێشتا ئەستێرەی بەربەیان
کز.. وەک چرای تین لێ بڕاو
لەژوور سەریا داگیرسابوو
ئاسمان دەسماڵی تەنکو
مەیلەو شینی خەونباری
بەسەر باڵای هەڵکێشابوو
مانگ.. کت و مت
لە پێشمەرگەیەکی خورتی زامدار دەچوو
لەو پێدەشتەی خوار هەولێردا
بەگوللەی دوژمن پێکرابێ
شەقام.. دەستی لەژێر سەرو
لە شایەدی سبەینەدا
وشت.. وشت لەسەر
گازەڵەی پشت راکشابوو
لەو ئاشقە سەرشێتو بەدمەستەی دەکرد
دواخڵتی شەرابی شەوی
لەبنی پیاڵە کرابێ
هەموو شتێ.. ئارام.. بەڵام..
وەک هێوری ساتەکانی

بەرەبەری هەڵکردنی رەشەبا بوون
بیناکانی شازادەخان
هێندەی مەرگیرانی کەرێ
تامەزرۆی پۆستەی سبەینەو
بیستنی مزگێنی خوابوون
کەچی لەپڕ..
پەنجەرەیێ
پەنجەرەیەکی لەرزۆکی میناشکاو
پەنجەرەیەکی رزیوی لەوەتی بوو
پردی هەنگاوی بێگانەو
گومان لێکراو
پەنجەرەیەکی شەقو شڕ
لەبالکۆنی لای خوارەوەی
ژووری شازادە خانەوە
بەپێ دزە
دەست لەسەر دڵ
هەناسە سوار
بەدیواری مەرگی خۆیدا
بۆ ژوانی گەردەلوڵێکی لماوی
گەردەلوڵێکی زەلیلو دیدە کوێری
هەتا سەر ئێسقان دڵڕەشو
دەستو پەنجەو دەم خوێناوی
خزایە خوار..
دەستی شەپڵە داری گرتو
بەبەرچاوی، مانگو ئەستێرەو دەرگاوە
بەبەرچاوی،
تەنانەت شەیتانو خواوە
هێنایە ژوور
کوللەی خەونە سەوزەکانی
شازادەخان پەری فڕاند
تۆزو خۆڵی بیابانی لەچاو کردو

خەوی شیرینی لێ زڕاند
* * *
دیوار گوتی:
ئەم پەنجەرەیە بشکێنن
وەتی هەیە
مۆڵگەی مێشە گزگزانە
ڕۆژگار گوتی:
لەو ڕۆژەوەی من ناسیومە
بەردەبازی چەقۆو تیرو
دەست ڕاکێشانی دزانە
شەماڵ گوتی:
لەبن‌و بۆتکەوەی دەربێنن
پەردە درێ
نهێنی ماڵ دەداتە دەستی -با-ی هورێ
مایەی مەرگی ئازیزانە

مێژووش گوتی:
من دەیناسم..
هەر ئەو پەنجەرەی گۆرینە
دوێنێ بەسووکە زریانێ
هاتە سەر چۆک..
هەرەسی هێناو کۆڵیدا
هەر ئەوەبوو
وڵاتێکی هەڕاج کردو
بۆ شاژنی داوێن سواو
بەدەرپێ‌و جووتێك سۆڵی‌دا
هاوارم کرد..
بەڵام هاوار،
لە گوێچکەی بەلۆکە خنکاو بێ سەدابوو
نیشانم دان..
بەڵام چاوی تانەبەسەر پێیان وابوو
قەت نالەقێ

پەنجەرەش وەك قیرو بنێشت
بەدیواری ژووری خەوی شازادەخان وەنووسابوو
ئێستاش دەڵێم:
تابیناییتان لێڵ بێت‌و
تەمی ڕەشکنی لەبەر بێ
هەتا هەستتان سندم کرابێ‌و
ڕێشمەو هەوساری لەسەربێ
تائەم پەنجەرە ڕەنگ زەردو شوومە مابێ
تائەم پەنجەرە ژەنگنە
لە دیواری کۆشك‌و سەراکانتان دابێ
هەتا ماون،
دەبێ وەك مار جینگڵ بخۆن
کەلەکەی ئاختان بگۆڕن
بێ ئۆقرەبن،
خەو میوانی چاوتان نابێ...!
* * *
ئەی ولاتی لەزگماك بەکۆست گۆشکراو..
ولاتی دەربەندی خەم‌و
گەردەلول‌و
دەیان جار سەر بەهەشکراو
ولاتی فرمێسك‌و برین
ئەوا دیسان پەنجەرەیەك
پەنجەرەیەکی بوودەڵەی ڕەنگ بزڕکاو
لەنێوانی تۆو ژواندا
لەنێوان تۆو
گزنگی دەمەو بەیاندا
بۆوە بەدڕکی مەم‌و زین
هەر ئەم پەنجەرە دۆڕاوە مینا تەڵخ‌و
شکستەیە
دوێنێ خەنجەری ژەهراوی
لەپشتەوە

لەسلێمان موعینی‌دا
هەر ئەوەیە،
خوێنی کچێنی هەڵەبجەو
دوو سەد هەزار ئەستێرەی چاو داڕژاوی
ئاسمانی ڕەشی ئەنفالی
بۆ پشتی ئەسپی سەرکێشی هەوەسی خۆی
فڕۆت، بەکۆنە لغاوو
سندمو شڕە زینی‌دا
کارەساتە.. کارەساتە.. کارەساتە
کارەساتە پەنجەرەیەك لەمێشکماندا
ژەنگ چوار دەوری ڕاگیڕاوە
پەنجەرەیەك لەدڵماندا
قەتماغەی خوێن دایپۆشیوەو
بۆ چەقۆی دوژمن ئاوەڵاو
لەرووی خۆشمان داخراوە...!
لەوەتی هەین..
خەندەی لێومان، حەزەکانمان
لەم پەنجەرەڕا دەدزڕێن
هەوڵەکانمان..
لەکەلێنو درزی جامی
ئەم پەنجەرە چاو کولەدا تکە دەکەن
مەرگ لەوێ،
زەفەر بەهیوامان دەباو
لەناکاو دێتە ژوور سەرمان
خەونەکانمان
بەدەسیسەی ئەو دەکوژرێن
تائێستا ئەم پەنجەرەیە
بواری نەدا سروەیێ.. کزەبایێ
شنەی فێنکی شەمالێ
بۆنی گوڵو ڕەیحانەیێ.. یا بخووڕێ

دەنگی لاوکێ.. حەیرانێ
بەدرزێکیدا رابووڕێ
کارەساتە - کارەساتە - کارەساتە
دەڵێی ئەم میژووەی ئێمە
کێڵدراوی نووکە خەنجەرە
دەڵێی لەوەتەی هەیە
تۆوی خەمو مەرگەساتی پێوەر دەکرێ
وەکو بازن،
خڕو لووسو بێ جەمسەرە
کارەساتە - کارەساتە - کارەساتە
کارەساتە پەنجەرەیەك
بەبارستایی نیو سەدە
تەپو تۆزی لێ نیشتبێو
ژەنگو کەڕووی هەڵێنابێ
هەتا ئێستاش لای هێندێکمان
جێگەی بڕواو متمانەبێو
لەژووری خەو هەڵبواسرێ
پەنجەرەیەك،
ئەمەکی بۆ مااڵێك نەبێ
پەنجا ساڵە لە ئامێزی دیواریەتی
چۆن بەوەفادار دەناسرێ...؟!
پەنجەرەیەك هەتا نیفۆی
پەردەی شەرمی
لەرووی دزان هەڵبماڵێ
سەر بۆ دوژمن دانەوێنێ
وەك ئەو زۆڵو بەدجنسەیە
دەستی باوەکوشتەی بگرێو
لەگەڵ دایکی خۆی بنوێنێ..!!

١٩٩٦/٩/٣٠-٥

ویێردەکانی عەشق

شیرین. ك



(١)

بەخۆم کورتو
شیعرەکانم کورت تر
هەر زۆر کورتیشن
ئەو لەحزانەی
پێکەوە بوونمان

(٢)

٧٠ بەیانی

واز لەعەنعەناتی بۆرژوایانەمو
ئامۆژگاریێکانی مامۆستاو
(دەبێ)و (نابێ)کانی دایکم دێنم
کە لە خەو رابووم
دەمو چاوم ناشۆم
تائاونگی ماچەکانت
لەسەر گۆنام گوڵو
لەسەر لێوم
خونچەو
لەسەر چاوم
دوو ئەستێرە بگرن

(٣)

پرسی:
باخچەیە گوڵە
یان تابلۆیەکی رینوار
ئەو رەفتەیەی

تا سەر ئەژنۆت دەڕژێ؟
ئاسمانێ پەلکە زێڕینەیە
یا دەسمالّەکەی خەج
ئەو کراسەی وا
بالّات ئەنەخشێنێ؟
دوو پرسیاری زۆر ساکارو
وەسفێکی رۆمانسی
پیاوێکی دژواری کێوی..
عاشقێکی سادەی شاری

(٤)

دەستت بێنە
بۆ رێی کاکێشانم ببە
بە پێپیلکەی هەورو شەفەقا
سەرم خە

دەستم بگرە
با بەخلیسکێنەی
بروسکەو بارانا
بێینە خوارێ

وەرە هانێ
ئەوە دوا گوڵەکانی عومرو
دواین بریسکەی

ڕۆژانم بچنە!

(٥)

دڵم پێم ئەڵێ؛
ڕۆژێ دێ نامەکانم دەچنرێ
پەتی سێدارەیەکی لێ هەڵئەخرێ
دیاریەکانم،
(شوشە عەترو دیوانە شیعرو گوڵو
کاسێتی مۆنامۆ)

مەزات دەکرێن
خەوم دیوە؛
بەتۆمەتی ئەوین دەکوژرێم

(٦)

پیاوە کێوییەکان
ئەوانەی خەریکی
گەرمیانو کوێستانن
بازرگانی بەداستانو
گۆرانییەکانەوە دەکەن
هەروەك ئەوەی دانەوێڵە
ئالوگۆڕکەن
بێ دوو دڵی،
هەموو شتێ، دەکڕن، دەفرۆشن
تەنانەت
پارچە سەراب



وردە هەورو

دڵۆپە بارانیش
ئەو پیاوە کێوێیانە
بەدزی زەمەنەوە
خۆ بەهەموو سەدەکانا دەکەن
(ئەوین) فریو دەدەن!!

(٧)

بەر لە بەیەك گەیشتنی دەستمان
گوللەیەکی وێڵ دێ
ئەم ئەوینە
ئاسکە رێیەو
نەتۆ دەگەڕێیەوە دواوەو
نەمنیش دەگەمە لووتکە

(٨)

تاچاوم بەچاوانت دەگا
هەزاران تۆڕی دڕکەزی
راوی نیگاکانمان دەکا
بۆیە نیگاکانی تۆ تەرەیەو
نیگای منیش بەندە!

(٩)

نەتۆ لەدەرگای عەقڵەوە
هاتی
نەمن لەپەنجەرەی مەنتیقەوە
تۆم دی
نەمن تۆم هەڵبژارد.. نەتۆش منت خواست
گەر خوداو قەدەر لێ بگەڕان
من بەبێ تۆو
تۆش بەبێ من
هەردووکیشمان خاڵی
لەعیشق دەمردین
سوپاس بۆ خوا
کەوا بێ دەسەڵاتی کردین

(١٠)

زەمەن بەرائەتی دزیم
بۆرە پیاوانیش؛ دڵڕەقانە رۆحمیان پیرکرد
لەم زەمەنە جەردەیەدا
تۆ دەتوانی بەرائەتی دزراوم
بۆ بێنیەوە؟!

لەم سەردەمە
ناشرینەدا
تۆ پێت دەکرێ، رۆحی پیرم جوان کەیتەوە؟!

(١١)

پیێ ووتن؛
کامتان بێ گوناهە با بەردێکی تری
تێ گرێ

پیێ ووت:
کچێ هەموو رۆژێ مەسیحێ لێرەوە ناڕوا

دەستیان بگرێ
تۆش
بالاّت لەسێبەری وەهمی عەشرەتدا
وون دەبێو
لەتەپو تۆزی شەڕگەکانا
دەی بینمەوە
لێوان لێوی لە گوناە
سەرت بەفەرزی
عیشقا نادەیو
نوێژی موحیبەت
غافڵ ئەکەی
هەموو رۆژێ؛
لێرەی (تۆ)وە ژنێکی وەکو من
تێ ناپەڕێ، بۆ جەننەتەکانی عەشقت بەرێ!

هەزەکانی بەفرو چەند دڵۆپێك لەنەفرەت



رۆژهەڵە بجەیی

لەم مەملەکەتی پەژەدا...
چەندە بەفر کشو ماتە
ئەوەندە یەختەساری تەژیە...!
کە ئەدا لەهۆرەی ریشی،
پیرە بەردێك،
تەرزی ئەو هۆرانە،
بەکوڕژنی ئەسپە نێرگزیەکان،
رۆژەچنەوە..
کە ئەدا لەپرچی هەڵەکۆکێك
شووشەی چرپە دەشکێو
پەیڤە لەیلاخیەکان،
وورد دەبنەوە...!
دەڵێ ئێی بەفر...
من دەسگیرانی وولاتی،
تۆو رۆحێك لەچڵی
پروشە رێحانەی
تۆ....
جەفا لەو پروشە شەرمنانە
ئاشنای کردم بەقاقای،
بەر بەرۆکی،
خۆری کێویلە...
کە وەرزی قەفەز بەربووە،
پرچی پەنگرو جەستەی...
ئاشنا بەرووشاندنی،
ئەو فرمێسکانەی
کە لە چاوەکانی،
پەلکە گیایەکا
چەڵەمەی رەشەبا
دواندی چرکەی
چەندە ئاشنا بوون
ئەوەندە غەفڵەت
ئەی بەفر...
غەفڵەت لەنامۆبوونی
ئەو کۆڵێتانە،
فەرشی وەهمم،
تیا راخست.. بۆ
هۆنینەوەی کەژاوەی

سێبەرێ
چریکەی کەناریەکم
تیا چنیو
دارەڕای قەفەسێکم
رووخاند..
قیژەی زنەیەکم،
دووریو
چەخماخەی ئاوەدانیم
تیا رواند...!
چەندە غەفڵەت لە
بزەی تەرمە خنکاوەکانت
ئەی بەفر...
کە لەو دیو پەنجەرە
یائیسەکانەوە
هەڵبەزینو
هەڵپەڕین..
چەندە غەفڵەت
لە پشکۆی ئەو پێکەنینە
گەرمانە،
شکانیان جامی کەسەر
هێلانە بوون لە
درەختی دڵما
بۆ کۆترە هەترەبووەکانی،
نسکۆی سەفەر...
هۆ پروشە پەڕەنگەکان..
نەمزانی لەچاندنی
چەند فرسەخێکا
فڕین.. فڕینو
لەناو ئامێزی،
سەعاتەکانی سفرا،
بوونە چرا..

لەدوا فرسەخا
خۆتان هەڵواسی،
بەلقە خامۆشەکانی،
خۆڵەمێشا...
ناهەقتان ناگرم..
نەما سنگی تووکاوی متکێك
نەما هەڵقەی لوولی کاکۆڵێك
نەما باخی سێوو
هەناری قەیرە کچێك..
نەما هارمۆنی هوەیدای
گۆچانی پیرەدارێك...!
لەدەروازەی کەسیرەی،
ئەم دەستانەوە
نەزیفی سۆزی ئەو هەموو
پەیڤە، خاکیو خامەکانە،
چۆن کۆکەمەوە؟!
ئەی بەفر....!!
زەمەن عومرێکی کاڵ ئاوەزە
کۆتا لە سەعاتەکانی،
سفر...
کە خەنجەر لەبەرۆکیانا
دەجریوێنێو
تفەنگ لەشانیانا
کۆکەی گوللە...
ئەوەی دەم کوژێ...
شەرمەزاری کلووە سپیەکانی
رۆحم
وەشاندیانە ناو جەستەی
توترکی ئێواره قەڵبەکانی
شەهوانی....!
کە دەنووکە قولاپیەکانی


مەزرای خار
بەربووە گەلاّ شیفۆنیەکانی
ژێر کەپرە سۆزی،
گشت پەپوولە...
بەفر دەستم دامێنت
حەزە شێتەکانت
کەیلی سەرپۆشی
ژنێکی قەترانیەو
جمەی شەپۆلی
بێ وەختانە
ئەم ئێستا..
درِدۆنگیشم لەئاسمانی
کریستاڵی ئەم
بەفرستانە...،
کە سەیوانە بۆ
پەرێزی ئەم تەمەنە..
تازە بەسەر چوو
کەرۆیشکە قژەکانی
زەمەنی عاتیفە
ئەوەتا خۆڵی دەستەکانم،
گریانی،
مرواری تیا رواو،
لە وەتاغی خەونەکانمدا
سەرم، بۆتە باقەیەك،
هەناسەی میێزی دۆڕاو...
بێ سەر، کەدەر
هەردەگێڵم لە،
فرِندەی ئەو خەراباتە،
نارنجیە...
زمانی چرِنووك نەگرێو
دەنووکی گومان،
نژیار نەکا
لە مشتەخۆڵی،
سۆپەری ئەم
کچێنیە...!
کە بەئاگاش هاتم..
چەند دڵۆپێك نەفرەتم
رسکان..
لەسیمای ئەو،
پۆپەشمینە ساردانە
کە بەدەزوی خوێن،
چنران...
لەو پیاوە بەفرانە
نوێژ لەسەر سنگی
قەرسیلێك
دەوەرێنن..
جەستەی گەلاّیان،
بۆ چاوی شەونمێك
خورِەی سەما
دەرژێنن..
کە بەئاگا هاتم..
لەژێر درەختە،
کۆچەریەکانی،
پرچما
شەقژنی باڵندەیەکی
سەراب
جریوەی بەفری
نووسیو
منیش چەند
دڵۆپێك نەفرەت..!!

۱۹۹۷/۷/۱۲
سلێمانی


نەو جەنگەی کۆچی مەلەکانی دواخست

ئەم هەناسەیەش بۆ تۆیە (ئە. ن)

(١)
بێهودەیە بەچاوی جەنگەڵەکان
سەیری ئاسمانی ئەو ئاوێنانە بکەیت
هێشتا هەناسەی
بەردین ترین ماچیان پێنەوەیە
من لێرە..
چاوەڕێی داڕایی ئاوازی جەنگەکانم
تەمەنی خۆڵەمێش ترین مێژووم پێیە
کەس نازانێت بۆچ بە ئاگر تەماشای موعجیزەکانی ئاو ئەکەم؟
لە واهیمەی خەونەکانما بەهەشت سادەترین سەفەرەو
بە لێوارە عەدەمیەکانەوە سەیری ئەو مەلانە ئەکات
هێشتا لەنێوان ئاسمانو تاریکیا نقووم نەبوون.
چ گومانێکە ئەو پەنجەرە سەرابیە
چ ئافاتێکە ئەو بیردۆزەی شەهوەترین خیانەتی
هەڵنەهێنا
سەدەیەکە لەنێو گەمەکانی ئاودا... پیاوێك
هەموو کتێبە ئاسمانیەکانی کرد بەئەستێرەو
خۆشی هەر دانەگیرسا
پیاوێك دیداری ئۆقیانوسی لەپەنجەکانیا حەشاردا
سەدەیەك لەگومانی کرد بەباران و
وەرزەکانیشی لەچاوەڕوانی بێ کاتژمێری گەڵادا
سەر سەختترین سروتیان لەئاهی ئیعترافەکانی کلێسادا
بۆ تەنیایی یەسوع جێهێڵا
ئەی تەنیایی ترین بخووردی گۆڕەِ سەرمەدیەکان
پێم مەڵێ وەرزی تۆش بێ وادە
چرایێ لە بەرائەتی شەپۆلەکاندا دائەگیرسێنێ
زەمەنم دا بەو دارستانە... هێشتا



سامی هادی



خەون ئەزەلترین تێرامانێتی
ئاخ ناگەمەوە فەرموودە تەئەمولیەکانی
ئەو یۆتۆپیایەی فێری ماچی مردنی کردووین.
لێرە...
لەو کووچەیەی نیوە شەوان نەورەسەکان
چراکان دادەگیرسێنن.
لێرە.. هەموو پەنجەرەکان لەرووی یەک ئاسماندا
رووت دەبنەوە.
لێرە.. پرسیارەکان لەدەرگا دۆزەخیەکان
نزیکن..
لێرە.. بێ هوودەیە بەچاوی تەرمەوە
بەیەئس بڵێی:
کەی عەشق فەرمورویەتی /
پیاوێك لەدیوار..
پەنجەکانی دەگاتە ئەو مەعبەدانە
هێشتا سەفەرنامەی گوڵی نزاکانی پێ نیە.
پیاوێك لەبیران.
هەناسەکانی تەنیاترین شەو دەدوێنێ
پیاوێك..
بێ هوودە
بەچاوی
رەنگەکان
بەتفەنگی وەرزەکان ئەڵێ:
کەی سیحری هەناسەی منیش
بۆنی خەوی لێدێت؟

* * *

(٢)

تەنیا پیاوێك
لەهاڵاوی تەمتومانی نیگەرانیدا
وجودی خۆی لە نهێنیەکانی کەمانچەیێ
لەنێوان ئەسپەکانی ئەو حەرامانەی
بەچاوی سەدەیەك قوڵتر
لە تەجەللای (مە) ئەو تەلەی
تەسکینێ دەبەخشێتە هەمیشە بێچوونەوە.
پیاوێك.. وجودی لەجەنگا بێ چۆتەوە

سوئاڵەکانیش لەو دەربەندەیا
وەسوەسەترین نائارامی ئەدوێنێ
جەنگ
جەنگ
چ زیکرێ بووی تەنیا پیاوێك لەودیو میتافیزیکیاوە
بەجلەکانی ئەشکەوترین پێناسەیا
لەچاخە بەفرینەکانی کەرنەڤاڵدا
پەیامیترین چرای لە دۆژە روونا کەکاندا داگیرسان
تەنیا پیاوێك..
لەبەرد بارانی یەکەمین دۆزەخا
گۆرانی ئاگری بۆ جەستە مشەوبهەکانی
سەمای ئەو فەنەرە هاوینیانە ئەووت
قەت لەسەیرکردنی کۆترەکاندا
وەڕەس نەئەبوون.
تەنیا پیاوێك..
کۆنتر لەو بووکە شووشانەی هێشتا چاوەڕوانی
زەماوەندی بووکێنین.
کۆنتر لەو کتابانەی حەزەتی مەحوی
کە باسی یەکەمین ژوانی مۆمی تیا کردووە.
کۆنتر
کۆنتر.

* * *

ناتناسمەوە
ئەی سیما قەرەجیەکانی ئەو شمشاڵەی
کچێنی خۆی دا بەقەشەنگترین دەروازەی سیحرە
بێ وادەکانی گومڕایی
پیاوێك رادەکات و سادەترین پێناسەی سەرابیش
لەپەرداخە ئاویەکان بەچاوانی دەشکێنێ.
جەنگەو لەجەنگەڵەکانی حوزنا گۆرانی مانّاوایی
ئەڵێتەوە.
جەنگەو پەیژەکانی ئەو حەرامانەی لەوەهما ون کردووە.
جەنگەو.. پەنجەکان ناگەن بەگەڵاو
ئێمەش لەبەردەم تەنیا پیاوێك
بیرەوەری ساردترین ئاهی چاخێك
ئەکەین بەسەفەری ئەو بارانەی



مانای وەرزەکانی تیا بیرچۆتەوە.

* * *


(٣)

لەم دەربەندی نامۆبوونە
چەپکێ گوڵم دا بە باران و
رەنگە وێك چووەکانی هەرسی هەناسەکانی
خواوەندیشم خوێندەوە.
ئەمە سێو نیە شارستانیەت لە دووکەڵا
ئەدۆزێتەوە.
هەڵکشانە رووەو وون بوونێك
بۆ دەست نیشان کردنی دواین
نوێژی ئێرۆس.
کەس نەبوو.. بەبەردمان ووت
چیرۆکی وەرزەکانی جەنگمان بۆ بخوێنەوە
چ تەشویهێکە ئەو پەنجەرەیەی ئەندێشەکانی
خۆی سووتان.
کەس ناپرسێ.. گەڵا لە نیگەرانی دەریادا
چ واتایەکی هەیە.
مردن لە باخچە کەناریەکانەوە
رەنگە هەناریەکان دادەپۆشێت.
سەبرمان گرت،
سەبری گەورەترین جەنگەڵ
سەبری ئەو جەنگەی سەد ساڵ کۆچی
مەلەکانی دواخست
تەنیا پیاوێك
بەکەشتی گیتارێکی کۆن
بەدوای تەماشاکردنی ئاوازە وون بووەکانا
ئەگەڕێت.

تەنیا پیاوێك،
سادەترین گۆرانی قەرەجیانەی خۆی پێیەو
دووکەڵە سەرمەدیەکان جێ دەهێڵێ و
ئاوڕ لەپەیکەرە جەنگەڵیەکان ناداتەوە.
.....؟

سلێمانی
١٩٩٨/٣/٢٤

ئەوپەڕی مەستی




محمد رەنجاو

زەمانێ بوو
بەیەکەوە شانە تەزیوەکانمان دەدایە بەر
ڕمانی تاوێرەکان
تولە ڕێکان پشتێنی رۆژگاری شێتیمان بوون
بەمیز هەناوی پڕ لەچەخچۆی بەفرەکانمان
گەرم دەکردەوە
کە ماندوش دەبووین
لەژێر سێبەری باڵە شکاوەکانی مەلێکی پێکراودا،
خەونە ژەنگاویەکانمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوەو
سەرلەنوێ وەنەوزی خەو ئەیبردینەوە.
هاوڕێکەم لەبیرت دێ
بەدەم سیغارێکی فەلەوە
تۆو سیرامان ئەخواردەوە..!؟
ئێستاش بەیەکەوە دەژین
وەك دۆستێکی تەبا
لێدەگەڕێین سەفەرەکانی پەشیمانی
لەسەر پێڵاوە دڕاوەکانمان
ڕەشماڵی دڵنیایی خۆیان هەڵدەن.
روخساری شێواومان بەکۆڵانەکانی گوماندا دەچێنین
بەیەکەوە قژی کڕێژاوی قەرەجە پرچنەکان
شانە دەکەین
ئەو پاژنە خڕانە دەلێسینەوە وەك مانگ رووتن.
بەیەکەوە توتکە سەگەکانی بەر دەرگای ئاسایشو



قەسابخانەکانی شارو، شالوری حەسحەسەکان
ماچ دەکەین،
پۆلیسەکان دەکەینە هاوڕێی گیانی بەگیانیو
بەدوای حەزە گومڕاکانمانا رادەکەین.
ئێوارانیش بەیەکەوە چەند دینارێکی ئاسن
دەخەینە چنگی کچۆڵە رووتەڵەکانی سەر شەقامی (باتە)و
بەیەکیشەوە دایكو خوشكە عازەبەکانیان
بەلاکۆڵانە کەفاویەکاندا راپێچ دەکەین
لەو سەرەوە، دەرگای هاوڕێ زگورتیەکەمان
وەك دەمی نەهەنگێ
یاری بەکلکی پشیلەیەکی دەستەمۆ دەکا.
بەیەکەوە قژمان دەدەینە بەر کزەبای
هەورە هەڵوەریوەکانو
بەیەکیشەوە ئاوێنەی وردو خاش کراوی خەونەکانمان
دەدەینە بەر شاڵاوی -با-و
ئاسایشو پۆلیسەکان نامان بیننەوە.
ئێمە لەوان زۆڵترو
ئەوان لە ئێمە دەبەنگتر
ئاوا بەعیشقەوە دەژین
بەرەو قوڵایی فەزا
ئەو قوڵاییە سەرمەدیانەی
نەورەسەکان دوا هەناسەی تیا ئەدەن.



ئەم گۆڕکەنە ئەزەلیانە بۆ دەگرین؟

عەلی دەسمالی - سنە

ئەم تەرمە پیرۆزە، بۆ خۆی لەهەوادا نافڕێت، بەرەڵڵاو لۆتی ئەمسەرو ئەوسەری تابووتەکەیان لەسەرشان ناوە. لەبەیانییەوە تاکو ئێستا بۆ گۆڕستان ئەگەڕێن.

وادەزانن ئێرە شارێکی مێژینەیەو ئەگەر بەردنووسێك یان لەوحەیەکی مێژوویی‌یان پێ نەبێت ، ناتوانن گۆڕستانەکەی بدۆزنەوە. بەرەڵڵا لە پێشەوەیە، سەیری سێبەری بەر پێی ئەکات، لۆتی لاوازو کورتەبالایە، تەنافی دەهۆڵەکەی لە ملی کردووەو تا سەرئەژنۆی شۆڕبووەتەوە. بەرەڵڵا گۆزەیەکی بچووکی بەپشتی خۆیا هەڵواسیوە.

لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ئەژنۆی لۆتی ئەدرێ لە دەهۆڵەکەو دەنگێکی کپو ساردی لێ هەڵئەستێ، ئەو دەنگە کپە کاتێ لەگەڵ شڵاقەشڵاقی گۆزەکەی هاوڕێی تێکەڵ ئەبن، دەروونی لۆتی ئەهاروژێنێ.

بەرەڵڵا هەناسەی سواڕە، ئاوڕێك ئەداتەوەو ئەڵێ: (ئەم بەرزاییە تەواوکەین.. رزگار ئەبین).

لۆتی وادەزانێ ئەو وتەیە گەورەترینو گەوجانەترین درۆی بەرەڵڵایە، لۆتی بەدەنگی یاری منالان ئەدات، دەنگێکی دوورو وەهمی. نایەوێ بەهاوڕێی بڵێ ئەم بەرزاییە قەد نابڕێتەوە. وەکو ئەوەی کەسێك لەگەڕویدا لەجیاتی ئەم وتبێتی، ئەڵێ: (باش بۆ خۆی راکشاوەو ئەستێران ئەژمێرێت).

بەرەڵڵا دەستی بۆ سەر تابووتەکە هەڵئەبڕێو ئەڵێ: (چۆنی جەناب.. چیت پێویستە.. بێنمە خزمەتت؟).

لێژییەکە کووڕتر بووە، هەست ئەکەم سەرم قورس بووەو لۆتی لەژێر باری جەستەمدا چەماوەتەوە. بەرەڵڵا ئەڵێ: (بەلەعنەت بی.. کابرا.. خۆ ئەم ڕێگایە.. بەم بارەوە.. بەچوار پیاویش.. نابڕێتەوە..

لۆتی ئەڵێ: (جا باشە.. لەباتی ئەم.. تەقەللایە.. چیمان دەس ئەکەوێت؟.. وەڵڵاهی لەهەندەران مردوێکمان بناشتبایە.. بەقەدەر سەد مردووی ئێرە.. پارەیان ئەدایێ. چاکیەکەی لەوەدابوو.. کەس لەگەڵ مردووەکە بۆ گۆڕستان نەئەڕۆی.. ئەمانتوانی کفنەکەی بەکەسی تریش بفرۆشین). بەرەڵڵا بەدەنگێکی حەسرەت بارو خەمینەوە درێژە بەیادی هەندەران ئەدات: (ڕێ ئەکەوت سەد جار کفنێکمان ئەفرۆشتەوە.. تا ئەو ڕۆژەی کابرا دلاوەرەکەمان ناشت.. کفنەکەی هێندە درێژ بوو.. بۆ بەری کەس نە ئەبوو).

دەهۆڵ ئەکەوێتە نێوان هەردوو قاچی لۆتیو ئەیکوتێ بەزەویندا، بەرەڵڵا قسەکەی ئەبڕێتەوەو هاوار ئەکات (دەك بەلەعنەت بی کابرا.. ئەو دەهۆڵەت بۆ بەخۆتەوە هەڵواسیوە).

ئەکەومە بن گاشە بەردێك، ڕووم لە ئاسمانە، بۆ مانگ ئەڕوانمو هەناسەیەك هەڵ ئەکێشم، بەرەڵڵاو لۆتی ئەمنێنەوە سەر تابووتەکەو وەڕێ ئەکەوینەوە. دەنگی یاری منالان نزیك تر بووەتەوە. بەرەڵڵا ئەڵێ: (ئادەی پێ هەڵبڕە ئەوەندەی نەماوە بگەینێ) دەنگی زرمە زرمی دەهۆڵو شڵاقەشڵاقی گۆزەو یاری منالان وەکو ریتمێکی ئاشنا دوپات ئەبنەوە. ئاسمانو هەزاران ئەستێرەی لەگەڵمانن، هەورێکی ڕەش بە پێ دزکێ

لە مانگ نزیك ئەبێتەوە، ئەگەینە لوتکە. تارمایی منالەکان لە داوێنی کێوەکەدا وەکو چەن بزمارێکی ڕەش دێنە بەرچاو، بەدوای یەکدا ڕائەکەن جنێو ئەدەن، لەو تاریکییەدا بەرپای خۆیان نابینن‌و ئەچەقێنە زەوییدا، بەرەڵڵا ئەڵێ: (ئەو هەتیوانە خەریکی چین؟) لۆتی تابووتەکە دائەنێ‌و... پاڵ ئەدات بەتابووتەکەوە ئەڵێ: (ڕەنگە بە کاسەسەری مردوێك یاری بکەن، ئەوەتا خڕەی ئێسکەکانی لە گوێمدا ئەزرنگێنەوە) بەرەڵڵا سەرێکی بۆ ئەلەقێنێ‌و ئەڵێ: (ئۆخەی.. تەواو).

مانگ لە ژێر پەردەیەکی ڕەشدایە. بەرەڵڵا جگەرەیەك دائەگیرسێنێ.. دووکەڵێکی ساردو سپی بەرەو مانگ ئەنێرێت، لۆتی دەمۆڵەکەی بەرەو خوار گلۆر ئەکاتەوە. دەمۆڵەکە وەکو پەلەوەرێکی ئاگرین بەدەم گرمە گرمێکی سامناکەوە بەرەو ناو منالەکان دائەگەڕێت، تاکە تاکە لیێ نزیك ئەبنەوەو گەمارۆی ئەدەن، وەك بڵێی دەمۆڵەکە دەسکردێکی سەیرو سەمەرەی مرۆڤە سەرەتاییەکان بێت، یان نا پەلەوەرێکی سەردەمی بەر لەمێژوو بێتو لەئەشکەوتە کۆنەکانەوە هاتبێت، واسەیری ئەکەن.. من هەر لە بیری ئەو دلاوەڕەدام، ئاخۆ توانیبێتی بۆ دوایین جار بڕوانێتە مانگی چواردەو هەناسەیەکی سارد هەڵکێشێ؟.. بەلۆتی ئەڵێم: (ئەرێ ئەو دلاوەرە کێ بوو؟) بەرەڵڵا جگەرە سووتاوەکەی دائەخات‌و ئەڵێ: (ئادەی بابڕۆین لەو گۆڕەپانەدا بینێژین ئەبێ بەر لەکازیوە ئێرە بەجێ بێڵین. هێدی هێدی دائەگەڕێین‌و ئەکەینە داوێنی خامۆش‌و بەرینی کێوەکە، منالەکان دەمۆڵەکەیان ڕفاندووە. تەرمەکە دائەنێن‌و ئەچنە بەرەوە، دەستێکی سور بەقەدەر دەستی منداڵێك لەزەوین هاتووەتە دەرەوە، لۆتی ئەڵێ: (بەزیانەبێ هەی.. ئێرەش قۆرغ کراوە).. دیسان جگەرەیەك دائەگرێت. بەرەڵڵا ئەڵێ: (بەلەعنەت بی کابرا.. خۆ نایەوێ لە ملمان بێتەوە).. ئەمەوێ بڵێم ئێوە بۆ من ڕزگار ناکەن بۆ لەم داوێنە خامۆش‌و خەڵوەتەدا بەجێم ناهێڵن، لۆتی وەك بڵێی ئەو دەنگە دەروونی‌یەی منی بەگوێدا هاتبێت، ئەڵێ: (نیازمان وایە.. ئەگەر پێویست بێ جارێکی تر بتکوژین).. بەرەڵڵا جگەرەکەی هێشتا تەواو نەبووە، لۆتی وەك داهۆڵێکی درێژ تێم ڕاماوە، دەمانچەیەك دەردێنێ‌و ڕووی ئەکاتە من، چاوم ئەبەستم‌و لەو دلاوەرە بیر ئەکەمەوە. هێشتا مانگ لەژێر پەردەی ڕەشی هەورەوە خۆی حەشارداوە.

لۆتی قامك ئەنێتە سەر پەلەپێتکەکەو ئاوێکی چەورو لینج لەلوولەی دەمانچەکە سەر ئەکا، فڕێی ئەداتە سەر تابووتەکە، بەرەڵڵا لەقاقای پێکەنین ئەدا، لۆتی دەس ئەکات بەگریان‌و ئەڵێ: (ئاخۆ لەکوێیە لەیل؟). بەرەڵڵا ئەڵێ: (مەگەر لەیل نەمردووە؟ مەگەر ئەو تەرمەی دوێنێ کە قژە قەترانی‌یەکەی ڕژابووە سەر شان‌و ملی تۆ، هەمان لەیلی خەونی تۆ نەبوو.؟). لۆتی ئەڵێ: (نا.. لەیل قەد نامرێت).

بەرەڵڵا بەدەنگێکی ئەفسوناویەوە ئەڵێ: (ئەم گۆزەیە لەبەیانی‌یەوە چاوەڕێیە.. ئادەی باخۆمانی لێ سازبکەین).


بەرەڵڵا لۆتی خەریکی خواردنەوەن.. ئەم گۆڕکەنە ئەزەڵی‌یانە قەت لەبیری تەرمەکەی منداڵین. داویانە لە چەپڵەو گۆرانی، دەنگە دەروونیەکانی من بەرزو بەرزتر بوونەتەوە، هەست بەتینویەتیەکی مێژوویی ئەکەم، لۆتی‌و بەرەڵڵا بەدەم قاقاو لەتر لێدانەوە، دوور ئەبنەوە. مانگ وەکو نێرگزێکی ئەفسانەیی ئەدرەوشێتەوە، منالان فێری قاقاو سەمابوون دەنگەکانیان لەوپەڕی دیوارە دوورەکانی شارەوە دێ، تارمایی‌یەکان دوور ئەبنەوەو من‌و مانگ بەجێ دێڵن، لۆتی‌و بەرەڵڵا لە چاوان نوقم ئەبن، وابزانم پاش ئەم شەوە بێ بڕانەوەیە، یەکیان بۆ لەیل بگرێ‌و ئەوی تر بۆ خۆی.

من ئێستاکەش هەر لەبیری ئەو دلاوەرەدام کە لە داوێنی کەژێکی سارد لە هەندەران بەتامەزرۆی دیتنی مانگ سەری ناوەتەوە.

سنە - ١٩٩٨/١/١٥

بیۆگرافییەکی چیرۆکنوس لەزمانی خۆیەوە:

بیست ساڵ لەمەوپێش لە گەڕەکی (گردی گەڕۆلی) سنە کەوتمە بازنەی خاوەن دەردانی جیهانەوە، نزیکەی پێنج ساڵە خەونەکانی خۆم ئەکەم بەپەیکەرەی زمان‌و بەرگی شیعرو چیرۆکی لەبەر ئەکەم، هێشتاکە پۆڵی دواناوەندیم تەواو نەکردووە، بڕوای زۆرم بەئێستاکان نیە بەلام ئایندەم کردۆتە قیبلەیەکی ڕەها، ئەمەوێ بەزمانی خۆم لە وجود بدوێم، ئەڵبەت ئەگەر خەو نەمباتەوە.



دیداری مندالّەکانی ئاشوب

هەورامان وریا قانع

کۆمەڵێ منداڵ بووین

هەریەکەی لەگەڕەکێکەوە هاتبوون، ئەو گەڕەکانەی کە پڕ بوون لەژنی هەمیشە دوو گیانو پیرەمێردی بەسااڵچوی نەخۆش بەدەردی منداڵ زۆری، ئەو گەڕەکانەی هەموو کاتێ بۆنی دۆشەکی میزاویو کچی باڵق بوو و ئارەزوویی خنکێنراوی لێدەهات، کاتێ بەناویدا تێدەپەڕیت هەستت ئەکرد لەپشتی دەرگاکانەوەو لە قوڵایی ژوورەکاندا دەیانو سەدان نهێنیو حەسرەتو تەماشاکردنی نەگەیشتوو کەوتوونو لەگەڵ رەنگاوی جل شۆرینداا دەڕژێنە جۆگەلەکانی کۆاڵنو ناو زێرابەکانەوە. ئەمانە هەریەکەیان لە قوتابخانەیەکەوە هاتبوون، بەبێ ئەوەی پۆلەکانی سەرەتایی تەواو بکەن چەمۆڵەیان لە مامۆستاکان ئەناو بەردیان ئەگرتە مەکتەبەکان، لەناو پۆلەکاندا لە ریزی پشتەوە دائەنیشتنو گاڵتەیان بە ووشەو رستەکان ئەکردو بەنینۆک چەپڵەیان بۆ تەلەبە زیرەکەکان لێئەدا گێرفانیان پڕی بوو لە قۆپیەو ناوی قوتابیە کچەکان لە پشووەکاندا بەکۆمەڵ لەبەردەمی ئاودەستەکاندا رائەوەستانو میزیان بەدەرگاو بۆری ئاوو دیوارو مەسینەکاندا ئەکردو بەقەڵەمە کولو بچووکەکانیانو بە خەتە ناخۆشەکانیان ئەکەوتنە نووسینی حەزەکانیان، هێندە لەوێ دەمانەوە کە دەهاتنە دەرێ هەڵمو تەڕاییان لێئەتکاو بۆنێکی شێداریان لێدەهات، کاتێکیش بەناو گۆڕەپانی قوتابخانەکاندا ئەسووڕانەوە ئیتر ئەکەوتنە تەف هاویشتن بەم الو الداو شەق گرتن لەهەموو ئەو شتانەی ئەکەوتنە بەرمەودای هەنگاوەکانیان، قەڵەمو راستەو سێ گۆشەی تەلەبەکانی تریان ئەبردو ئەیانشکاندن تەنەکەی خۆڵەکانیان لەناو پۆلەکاندا قڵپ ئەکردەوەو موراقیبەکانیان بانگ ئەکرد بەدەست کۆی بکەنەوەو بیخەنە ناو پێاڵوەکانیانەوە، بزماریان ئەکوتا بە تەختە رەشەکاندا بە لەتە بۆیە دزراوەکان رەحلەو دیوارەکانیان ئەنوسی، مەعجونی پەنجەرەکانیان لێئەکردەوەو ئەیان جووی‌و لە پاشان ئەیان کردە کاڵاوی تەلەبەکانەوە، ملپێچەکانیان گرێ ئەداو بەئارەزووی خۆیان رایان ئەوەشاند، کاتێکیش ماندوو ئەبوون (زۆر بەدەگمەن ماندوو ئەبوون) لە پۆلەکاندا دائەنیشتنو ئەکەوتنە دڕاندنی پەڕەی کتێبو دەفتەرەکانو تەیارەو کۆاڵرەو چۆلەکەیان لێدروست ئەکرد تەیارەکانیان بەناو پۆلەکاندا هەڵ ئەداو کۆاڵرەکانیان ئەدڕاندو بەو ناوەدا باڵویان ئەکردنەوە لەبەر چاووی تەلەبەکانی تر بەپێکەنینەوە چۆلەکەکانیان سەرئەبڕیو ئەیان ووت (ئێمە ئازاین کە گەورە بووین لەباتی چۆلەکەی لەکاغەز دروست کراو راوی کەروێشکو قەتێ ئەکەین)، بەڕێوەبەرەکان، مامۆستایان، کاربەدەستانی پەروەردە نەیان ئەزانی ئەمانە چ شێرێکیان خواردووەو چ فاڵچییەک الیالیەی بۆ

کردوون وامێنده دڕو شەڕانگێزو مارو هاجن؟ هێنده لێدانیان خواردبوو لەداره‌کان نه‌ئه‌ترسان، خۆیان بانگ مامۆستا غەداره‌کانیان ئەکرد به‌حه‌یزه‌رانه‌کانی ژووری به‌ڕێوه‌به‌ر لێیان بده‌ن پێیان ئه‌ووتن (چیتر لێدانه‌کانی ئێوه ده‌سته غاراکانی ئێمه نایه‌شێنێت، چیتر زلله‌و گوێ گرتن‌و قژ راکێشان ناتوانن ئاقڵیمان پێببه‌خشن‌و وانه‌کانمان پێله‌به‌رکه‌ن) په‌له‌ی ده‌رچوونیان نه‌بوو له چله‌ی زستاندا کارته‌کانیان پڕی بوو له گوڵاڵه سووره، جانتایان نه‌بوو هه‌ریه‌که‌یان توره‌که‌یه‌کی به‌ستبوو به‌شانیه‌وه ته‌نها پێویستیه‌کانی مه‌کته‌ب‌و خۆێندنی تێدا نه‌بوو، ئه‌گینا پڕی بوو له باڵنده‌ی تۆپیوو، که‌ڵبه‌و دانی سه‌گ‌و پشیله، بزمارو بورغوی جۆراو جۆر، سه‌ره‌سۆده‌و به‌ردی خاڵدار، قاوغی فیشه‌کی هه‌مه‌ره‌نگ، پسه‌ڕۆی پڕ له چڵم، دارلاستیکی پچڕاو، به‌رده‌قانی، ته‌مته‌مه‌ی مزراح، قاچی کوللە، ده‌رنه‌فیزی بێده‌سك، تاقمی دانی داپیره‌یان، تاکه گۆره‌وی دڕاوی باوکیان، له‌ته تیرۆك دنکه ته‌زبیح، فلنه‌ری جگه‌ره‌و... ده‌یان شتی تر له ده‌رسه شاغیره‌کاندا ئه‌م توره‌کانه‌یان هه‌ڵ ئه‌ڕشت‌و ئه‌که‌وتنه هاویشتنی شته‌کانی ناوی بۆ یه‌کتری، هه‌ندێ جار باڵنده تۆپیوه‌کانیان له‌سه‌ر ره‌حله‌ی پێشه‌وه ریز ئه‌کردو ئه‌یان کردن به نیشانه‌و بورغوبارانیان ئه‌کردن. ئه‌وانه‌یان که ده‌ستیان خوار بوو نه‌یان ئه‌پێکان له ڕقاندا به‌ده‌رنه‌فیزه‌کان سکی باڵنده‌کانیان هه‌ڵ ئه‌ڕاندو هه‌رچی‌یه‌کی تێدا بووایه باڵویان ده‌کرده‌وه‌و ده‌ستیان له خۆینه مه‌یوه‌کانه‌وه ئه‌تاندو ئه‌یان نووساندن به‌سه‌روچاوی ده‌ست راسته‌کانه‌وه تائه‌مانیش ده‌ستیان خوار بێت، چه‌ند چرکه‌یه‌ك پێش جه‌ره‌س لێدان هه‌موو شته‌کانیان کۆئه‌کرده‌وه‌و (به‌ناوسکی باڵنده ڕاوه‌کانیشه‌وه) ئه‌یان خسته‌وه ناو تووره‌که‌کانیان‌و به‌ره‌و به‌رده‌می تانکی‌یه‌کان غاریان ده‌دا ئه‌وانه‌ی که له‌وێ خه‌ریکی ئاو خواردنه‌وه‌و ده‌ست نوێژگرتن بوون به‌بینینی ئه‌مان ئه‌و ناوه‌یان چۆڵ ئه‌کردو دوور ئه‌که‌وتنه‌وه زۆر جار له پله‌په‌ڵی‌و له ترساندا تاکه پیاڵوی کوڕێك، تاقی قژ به‌ستنی کچێك به‌جێده‌ما دوای په‌تپه‌تیه‌کی زۆر به‌ده‌ڕاوی‌و به‌شکاوی ئه‌که‌وتنه‌وه ده‌ست خاوه‌نه‌کانیان، که به‌ریش ئه‌بوون له ده‌ره‌وه‌و له‌ناو به‌رده‌کانی پشتی دیواری مه‌کته‌به‌وه ئه‌و عه‌لاگانه‌ی که پڕیان کردبوو له‌مێشی تۆپیوو، کرمه لیقه‌کان، سه‌ره مێکوته، زه‌رده‌واڵه‌ی نیوه مردوو، باڵی په‌پوله ده‌رئه‌هێناو ڕێگایان له‌و ته‌له‌بانه ئه‌گرت نیشانه‌ی پاك‌و خاوێنیان پێوه کرابوون جانتاو گیرفان‌و ڕووخساریان پڕ ده‌کردن له‌به‌رهه‌می ناو عه‌لاگه‌کان‌و بێباکانه‌و به‌نه‌رمه راکردنێك که مانای سه‌رکه‌وتنی ئه‌گه‌یاند ده‌گه‌ڕانه‌وه بۆ ماڵه‌کانیان، ئه‌و ماڵانه‌ی له پشتی وێنه‌ی له چوار چێوه‌گیراوی باوکه‌کانه‌وه ده‌یان تۆڕی جاڵجاڵۆکه‌ی به‌سه‌اڵچوو ده‌بینران که تاقه‌تی خواردنی ئه‌و مێروانه‌یان نه‌مابوو که که‌وتبوونه ناو ته‌ونه‌کانیانه‌وه‌و بۆگه‌نیان کردبوو.

له‌سه‌ر مینای په‌نجه‌ره‌کان‌و له‌پاڵ ئه‌و به‌رماڵانه‌ی که دۆعاکان پاش ئه‌وه‌ی نه‌ده‌گه‌یشتن ئه‌که‌وتنه‌وه سه‌ربان توره‌که‌کانی ملیان دائه‌ناو به‌فڕکانێك ئه‌که‌وتنه‌وه ناو کۆڵان‌و گه‌ڕان به‌دوای دۆزینه‌وه‌ی گوفه‌ك‌و سه‌لوێنکی تازه بۆ پڕکردنی عه‌لاگه‌کان بۆ سبه‌ینێ ده‌ستی پێده‌کرد، که‌س نه‌یده‌زانی ئه‌مانه ئه‌م تاقه‌ت‌و هه‌ره‌که‌ته‌یان له‌کوێوه هێناوه؟ به‌ده‌گمه‌ن ده‌بینران که نان بخۆن تامی میوه‌یان هه‌ر نه‌کردبوو، نه‌یان ده‌زانی شیرینی چی‌یه که‌چی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا له سره‌وتن نه‌ده‌که‌وتن پارچه‌یه‌ك جوولّه‌و بزێوی بوون، ئێوارانیش دوای دڵنه‌وایی بوون له پڕکردنی عه‌لاگه‌کان بێ لێپرسینه‌وه‌و دانیشتن له‌سه‌ر سفره‌یه‌ك هه‌ریه‌که‌یان لێفه‌یه‌کی چڵکنی په‌ڵاوی به‌سالاچوویان ئه‌دا به‌خۆیاندا، هه‌ندێکیان زۆر به‌په‌له بابۆڵه‌یه‌ك نانی ئه‌برده ژێر لێفه‌که‌وه‌و ده‌ستی ئه‌کرد به‌کرماندنی، ئه‌وانی تریان بێشێو سه‌ریان ئه‌نایه‌وه به‌ڵام هه‌ر هه‌مویان خه‌ویان به‌و تفه‌نگانه‌وه ئه‌بینی که ئێستا له شانیان کردووه.

دوای ئه‌وه‌ی که زانیمان مه‌کتبه‌کان له‌به‌رده‌م حه‌زو ئاره‌زووه‌کانی ئێمه‌دا بچووکه‌و شه‌ڕی پۆله‌کان‌و لێدانی مامۆستاکان له‌چاو ڕقه گه‌وره‌کانی ئێمه‌دا سه‌ره‌تاترین‌و ناسکترین جۆری شه‌ڕکردنه بۆیه به‌کۆمه‌ڵ‌و پێکه‌وه ده‌سته ده‌سته قوتابخانه‌کانمان به‌جێهێشت‌و خۆمان هاویشته

باوەشی شەڕگە گەورەکانەوە، ئەو شەڕگانەی تێیدا هەوڵەکانی کوشتنو ئاوازەکانی وێران کردن لەوپەڕی فراوانیو بەرکەماڵیدان، لێرەدا بەدڵ نەواییەوە دەتوانین دەست لە حەربەکان بدەینو نارنجۆکەکان بەپزووی شەروالەکانمانەوە گرێ بدەین چەکەکان بەدەسەسرەکانی پاکو خاوێنی پاک بکەینەوە بەبێ ئەوەی مامۆستایەک چاومان لێسوور بکاتەوەو گیرفانەکانمان بپشکنێت، لێرە بەئاسانی بۆنی باروتو دووکەڵی جگەرەکان لەلاشەمانەوە هەڵدەستێو بەئارەزوی خۆمان ممارەسەی حەزە شێتەکانمان دەکەین. ئەوەتا ئەم دەستەیەمان پێش چەند ساتێکو لەدوای چەندین هێرشو پەلاماری درێژخایەن هاتینە ناو ئەم سەنگەرەوەو ئەو هەموو کوژراوە دەبینین.

من کە لەهەموویان ترسنۆکترو کورتەباڵاترم تەنها جووتێ کاڵەم لە قاچی ئەو کوژراوە کەچەڵەدا دەرهێناوە کە ژمارەی پێی هێندەی ژمارەی پێی منە، سەیرکە سامانە سێ گوێچکە چۆن کەوتووەتە کۆکردنەوەی سەعاتەکان، سمە برۆ خوار تەنها ئارەزووی ئەوەیە برۆی بریندارەکان لێبکاتەوە، مەتۆ قۆپچەدز قۆپچەکانی ئەو چوار کراسەی کە لەبەری کردوون ئەپچڕێنێو بەرەو ئاسمان هەڵیان ئەداو ئەڵێ: (ئیتر لەباتی کۆکردنەوەی قۆپچە پارەکان ئەدزم) کوڕەکەی رەبێ کە هیچ کەسێ نەیدەزانی ناوی چییەو پێمان دەووت خلە کچانی چونکە هەموجارێ لەکاتی بەربوون ئەچووە ریزی کچەکانەوە ئێستا خەریکی خڕکردنەوەی ئەو موستیلانەیە کە لەناو پەنجە ئاوساوەکاندا گیربوو بوون (موستیلەی دەرەوەی پەنجەکان کۆ ناکەمەوە چونکە ئەمەیان ترسنۆکیە).

پەیمان ئەم برادەرەمان کەناوەکەی زۆر ئازاری دابوو هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەم ناوە کچانەیە شایەنی ئەو نیەو هەڵەی باوکە سەرخۆشەکەی بووە، هەموو کاتێ لەشەڕە گەڕەکو شەڕی مەکتەبەکاندا لە پێشەوە رائەوەستاو ئازایانە ئەچووە پێشێ چەندین جار بەسەرشکاوییو دەستو پێی خوێناوییەوە ئەمان بردەوە بۆ ماڵەوە ئەو دەیووت (حەزم لە ماڵەوە نییە من پاڵەوانم لەسەر شۆستەو پەنا دیوارە روخاوەکاندا تا بەیانی دادەنیشم) دەفتەرو کتێبی ئەو کچانەی کە ناویان پەیمان بوو ئەدڕانو ئەیووت (چۆن ئەبێ منو ئەمانە یەک ناومان هەبێ) ئەوەتا ئێستا ناسنامەکان کۆئەکاتەوەو یەکە یەکەیان ئەسوتێنێت رقی گەورەی لەناو ئەبێتەوە هەرگیز لەکاتی بانگ کردندا نەیووتووە بەڵێ نقەی لێوە نەدەهات سەدان جار لەسەر ئەوەی ناوی خۆی نەوتووە دارکاری کراوە (١٠) رۆژ پێش گرتنی ئەم سەنگەرە هەواڵی مردنی باوکیان پێڕاگەیاند بەپێکەنینەوە ووتی: (ئەوە رەگەزنامەکەم بیخەنە ناو گۆڕەکەیەوە چونکە حەزی لێبوو کچی ببێت) لەوڵاتەوە سورەی مەڵاشوو کەوتوو دەمی بەو خوێنانەوە ناوە کە لە بریندارەکانەوە دێنە دەرێو تێری لێئەخواتەوە لە پاشان ئەو شوشەیەی لی پڕ ئەکا کە هەمیشە نیوە بووە لە خوێنی مەیوو لە گیرفانێکی تایبەتی بەرباخەڵدا هەڵی گرتووە، لە کاتی تەنهایی و بێزاریدا لە تەنیشت بەرمیلە قوپاوو ژەنگاویەکانی بایەکان کە هێشتا دوو وەرزیان مابوو نۆرەیان بێت بۆ خل کردنەوە، یان لەناو ئەو چاڵانەدا کە شارەوانی بۆ مەرگە کتو پڕەکانی هەڵ کەندبوو دائەنیشت شووشەکەی دەرئەهانیو پەنجەی تێئەژەنیو دەستی ئەکرد بەمژینی، سوورە لەبەر ئەوەی دوای نۆ ساڵ بەنەشتەرگەری لەدایک بوو بوو پزیشکەکان بەلووتەوانەی دایکیان وتبوو کە ئیتر نابێت منداڵی ببێت لە تۆڵەی ئەوەدا شیری خۆی نەئەدا بە سوورەو فێری پەنجە مژینی کردبو، کاتێکیش مەڵاشووی کەوتبوو نەیهێنابووەوە شوێنی خۆی بۆیە بەزەحمەت قسەی بۆ ئەکراو رووخسارێکی ترسناکی هەبوو.

ڤینۆی کەڵبەچی خەریکی کردنەوەی دەمی کوژراوو بریندارەکان بوو، بەشوێن ئەو تاقمو دانانەدا ئەگەڕا کە باوکی شار بەشارو دێ بەدێ دروستی ئەکردن، ئەم ئیشەی باوکی وایی لە ڤینۆ کردبوو شەیدای دانی پشیلەو سەگەکان بێت لەهەر شوێنێکو لەسەر هەر گوفەکێک هەواڵی تۆپینی گیان لەبەرێکی ببیستایە بەگازو لەتەمووسو چەقۆکانیەوە ئەگەیشتە سەریو ئەکەوتە هەڵکەندنو لێکردنەوەی دانەکان، لەسەر هەر دانێک کە دەری ئەهانی یەکەم پیتی ناوی کچە

دراوسێکەیانی لەسەر ئەنووسی کە زۆر رقی لە ڤینۆ بوو هەموو کاتێ کە ئەیبینی پێی ئەووت: (بڕۆ کوڕی دان فرۆشی کەڵبەچی) لە پاشاندا بەدزیەوە تێکەڵی تورەکە پڕ دانەکەی باوکی ئەکرد، کاتێکیش باوکی لە سەفەرەکان ئەگەڕایەوەو تووڕەکەی خاڵی بوو بووەوە، ڤینۆ بزەیەکی دەهاتێو بەبڵمە بڵمەوە ئەی ووت (ئاخۆ چ عیسانێك دانەکانی منی بەرکەوتووە) ئەوەتا ئێستا بەشوێن ئەو مرۆڤانەدا ئەگەڕێو دەیەوێ دانەکانی خۆی بناسێتەوەو سەر لەنوێ کۆیان بکاتەوە.

ڤینۆ کە لە قوتابخانەش بوو ملوانکەیەکی لەملدا بوو کە لە کەڵبەودانی سەگو پشیلە دروستی کردبوو، کەس نەیدەوێرا لێی نزیك بکەوێتەوە، تەنانەت ئێمەی هاوڕێشی هەندێ جار لێی دەسڵەمینەوەو بۆنی کەلاکی تۆپیو کە لێی دەهات هەراسانی دەکردین، زۆر جار لە قوژبنی پۆلێکدا دەستی ئەکرد بەمیاو میاوو حەپەحەپ کە بەهیچ شێوەیەك ژیرنەدەبووەوە ناچار پۆلەکەیان بۆ چۆڵ ئەکردو دەرگایان لەسەر پێوەئەدا، ئەویش ئەکەوتە هەڵزنان بەسەر پەنجەرەکانو دەرگاو تاقەکاندا بەهەردوو دەستی چڕنووکی لە تەختە رەشەکە ئەگرتو لەم رەحلەوە بازی ئەدا بۆ ئەو رەحلە لەیەك کاتدا قورسکەو میاو غوربە غوربی پشیلە نێرەکانو وەڕەی سەگە دێزەکانی تێکەڵ ئەکرد.

تەنها ناترە خێلەکەی دراوسێیان ئەیتوانی ئارامی بکاتەوەو بیهێنێتەوە سەر خۆی چونکە لەوەوە زانیبووی کە باوکی دان چێیەو نینۆکی پەنجەکانی پێی لەهی پشیلەو سەگ ئەچێ، بۆیە بەناچاری خانوویەکیان بەکرێ بۆ کابرای حەمام چی لەپاڵ مەکتەبەکەدا بۆ گرتبوو هەتا بەزووترین کات بگاتە سەری، زۆر جار هەوڵیان دابوو ئەم کابرایە وەك بەردەستێك لەمەکتەب دامەزرێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها پەشتەماڵێکی بۆری لینجاوی لەخۆیەوە دەپێچاو هیچی تری لەبەر نەئەکرد پەشیمان ئەبوونەوە لەدامەزراندنی، کاتێك کاکی ناتر ئەهاتو سێ جار لە پەنجەرەکەی ئەداو وەك دێڵە سەگێك قوروسکەیەکی درێژی لێئەدا، ڤینۆ لەو دیوی پەنجەرەکەوە لە شوێنی خۆیدا رەق دەبوو هێدی هێدی دەگەڕایەوە سەر دۆخی جارانی، دەرگای ئەکردەوەو بەبێ ئەوەی تەماشای کەس بکات دەهاتە دەرێو لەبەردەم پێی حەمام چیەکەدا خۆی گرمۆڵە ئەکردو دەستی بە نەعلە تەرەکانیدا ئەهێناو لووتی لەموومکانی پووزی هەڵ ئەسوو، ئەویش وەکو تووتکەیەك هەڵ گرێتەوە لەباوەشی ئەکردو شەپە شەپ دوور ئەکەوتەوە.

– ئەگەر گەڕایتەوەو ڕێت کەوتەوە کۆڵانە قوڕاوییەکەی ئێمەو پیرە دایك نەمردبوو ئەم زەرفە پڕ نهێنیە بخەرە کۆشیەوەو پێی بڵێ (غەریبی کوڕت هەرگیز بەتەنها نەژیاوە، ئەوکاتانەی لە سوچێکی ژێرخانەکەدا خۆی ئەهێنایەوە یەك‌و تەماشای بنمیچەکەی ئەکرد ئەوا خەریکی لەبەرکردنی ناوی ئەو کچانە بوو کەوا لەناو ئەم زەرفەدا وێنەکانیان هەڵ گیراوە) ئەمە دوا ووتەی ئەو برادەرەمان بوو کە فیشەکێکی نەناسراو چاڵێکی کردبووە سەریو لایەك لە مێشکی بردبوو، ئەم کوڕە کە نەمانئەزانی بۆ هێندە کۆشەگیرو دوورەپەرێزە، تەنانەت لە ڕۆژانی مەکتەبدا بەزۆر ڕاپێچمان ئەکرد بۆ گۆڕەپانو تەنیشت عامووەکان، بەزۆر پاڵمان پێوە ئەنا شەڕ بەمنداڵەکانی تر بفرۆشێتو پاشقولیان لێبگرێت، ئاگام لێبوو کاتێ کە لەچاومان وون دەبوو یان غافڵ دەبووین لێی بەپڕتاو خۆی ئەکرد بەپۆلەکانداو ئەکەوتە کردنەوەو پشکنینی جانتای تەلەبە کچەکان، ئەو دەمانە وام ئەزانی بۆ قەڵەمێك، دەفتەرێك، قەڵەم دایانێك ئەگەڕێ ئێستاو لەکاتی مردنیو لەناو ئەم سەنگەرەدا نهێنی ئەو پشکنینانەم بۆ دەردەکەوێت (گەڕان بەدوای وێنەی کچەکاندا) ئێستا دەزانم ئەو وێنانەی کە دیار نەدەمانو کچەکان هێنابوویان بۆ چەسپاندنی بەسەر تۆماری قەیدی عامدا چیان بەسەر هاتووە، ئەوەتان هەموویان لەناو ئەم زەرفە بێنازەدان ئاخۆ چ حەزو ئارەزوییەك لە پشت کۆکردنەوەی ئەم وێنانەوە بووبێت؟

(زەرفەکەی خستە گیرفانی.

لەو کاتەدا شاوری کۆبوونەوە لێدراو تەپڵی خۆ ئامادەکردن بۆ گرتنی سەنگەرێکی تر کەوتە بەرگوێ، وەك ئەوەی ڕەشەبا کۆیان بکاتەوە لەچاو تروکانێکدا هەموویان لەبەردەمی کابرای ئەڵقە لەگوێو دەست قرتاودا ڕاوەستان)

* پەیڤێکی لەبیر کراو:
باوکی ڤینۆ دەیزانی کوڕەکەی دانی سەگو پشیلەکان تێکەڵی دانەکانی ئەکات بەڵام بۆ ئەوەی (کوڕەکەی بەردەوام بێت لەسەر پیشەکەی ئەم دوای مردنی) قسەی نەئەکرد.

مانگی دووی ۱۹۹۸

جەخاری راسپێریی



محمد صالح سعید

- ١ -

ساوێنی ئاسمان تەریوە، ئەم پەڵە هەورە رەشانە هەموویان قەقنەسی هەناسەی ساردی مەینەتین، نیگای گەردوون لێڵایی داماتووە، چەپڕە دووکەڵی جەخار بەری کارخانەیەکی سەقەتە، دنیاکەشی سەمەرەیە، ئەم خەڵکەشی، من، خۆ، خود، ئەو.. تۆ.. بەسەرزارەکی چی دەبینرێت.. لە روو، خەندەبازیی، رووەکەشێکی شیرین، وەکوتر فاکوفیك، پێویستەی شکاندنی تەلیسمی نەهێنبڕیی، ترسی تەشەنەی پاروو لەدەمو دراو لەباخەڵ رافڕاندن.. شکاندنو تێشکان، ئەندێشە دەمباتەوە بۆ پێشینێكو خۆم دەهێنمەوە، سەرنجەکان ورد دەبنەوە، گۆی پرسیارەکان دەخەملێن..

((بڵێیت هاتبێتمە شوێنێکی گومڕا؟! من بۆ متمانە دەگەڕێم، ئایا دەستم دەکەوێت؟!...)).

(دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە زرنگەی دێت، کەسێك وەڵام ناداتەوە، شارەکەت نەبووبێت بەزرێبارو نەتزانیبێت؟! پەلەت چییە، بائەم چپەی پریاسکەیە چەند رۆژێکی تر بگەیەنیت، یان هەر..

((نابێت، منی گوێڕایەڵو کاتێکی کەمبۆدنراو، پەیوەندیی مااڵیش بڤەیە، دەستمان دەکەوێتە روو، بەکەسیان نامۆنیم، دەزانن من.. دیوی ئەودیوی ئەویش دەکەوێتە روو، ئا.. باشبوو گرتی،...)).

(هیچ ئەمجارەش بۆت دەرنەچو، ئەمە چیبوو ئەم هەموو سەرقاڵییە؟!..)

- ٢ -

هەر لەجاردییەوە ژمارەکەییم لەبەرە، یەکشەوەیە، نانا، لەچاو زۆرینەیەکدا قارچك نییە، هاتنەکانی ئەوسام شەقامی تەخت بوو، یەکسەر، بەبێ پەروا، ئەم شڵەژانو تێکەوڵێکەیە نەبوو.. باشە، گرتی:

کاکیلە، چۆنی، هاتوومەتەوە، هەواڵپرسن، ئەرێ تۆ پێم نااڵییت ئەو رۆژە بۆنەبوویت؟! لە گەشتە سەری لەهەموو تێکدابوو.. زۆرم مینە کردیت، تامزرۆ بووین، بەڵام، ئەوە چییە؟! دەنگتم لێ گۆڕاوە، یەکسەرەکەت گۆڕیوە؟!

- (تۆ کێیت، چیتو کێت دەوێت؟!..).

- ((جەنابیم دەوێت، ببورە وامزانی...)).

(فەرموو، تۆ کێیت وابەبێ پەروا بەڕێزیت دەوێت، هەروا گاڵتە بازاڕە؟!.).

((کاکە، ئەو لەلای من هەر بەڕێزی نییە، وەلییە، وەلی..))

(ئەوە چییە، بۆ ئێمە کونجی دێوانەمان قوتکردۆتەوە؟ تەکێیە، وادیارە تۆ لەدوورە وڵاتێکی ئەو لایانەوە هاتوویت، دەماخو دەماریشت هی ئەم سەردەمە نییە، هەروا خۆتی پیاناکەیتو لێرە وەها ئاسان نییە..)

((برا ئەو وەلییە، تۆی رازگر ئاشنای نیت، هەردەم دەستی بەپیرۆزییو زمانی ستایشی درووده، لە خەڵوەتی مرۆڤپەرستیدایە، لەو جۆرە پیاوانەیە کە قنیاتی دەنکە جۆیەکە...))

(نانا، دەنکە خورمایەك، خەلیفە گەورەیە، خەریکمان مەکە، رێژگاو مەبە، من خۆی کوێچکەی راکێشاووم، پیاوی گەورە لەسەر تەلە، ناتوانێت هەناسە بدات..)

((یەك لەچلان، ئەوا تەق بەروتیدا داخستەوە...))

پەست مەبە، تۆ خۆت دەیناسیت، هاوینی حەفتاو پێنجت لەبیرە، لە پرۆژە خۆبەخشەکەدا، لە حەوتی بەیانییەوە بۆ حەوتی ئێوارە، بەبێ پشوو، هاوکاریتان دەکردو دەوورتان دەکردەوە.. ئەی حەفتا؟!.. بڵێیت دەمڕاستەکەی..؟! خۆشباوەڕ مەبە، داوای بکەرەوە، دەی خێرابە..

(هەلاو، ئەوە هەر تۆیت؟ پێم نەگوتی گەورەمان سەرقاڵە، نایپەرژێت، نا.. یان پیاوی گەورە، یان هەلاوی لەدوای یەك، کاکە خۆ پسەپس نابڕێتەوە،

خورمای باببیه، شتی تایبه‌تی، به‌هی وه‌کو تۆ لێیان تێکده‌چێت، به‌ده‌ردی خۆته‌وه دانیشه، تۆ رایه‌ت چییه کارت له‌گه‌ڵ مامۆستا هه‌بێت..

((باشه برا تۆ من ده‌ناسیت؟!..))

(ئا، نه‌ء، چی، برابرای چیته، من شتی وه‌ك تۆ بۆ بناسم؟...)

((ئه‌ی چۆن نامده‌یتێ؟؟))

(تۆ ده‌نگت دیاره، ده‌مهه‌ڵهێنانه‌وه‌ت له ئێمه نییه، زه‌بوونی زه‌بوون، ئه‌وانه‌ی ئه‌ویان ده‌وێت جۆشی ده‌نگیان فه‌رماندارە..)

((به‌چیا ده‌زانیت من...))

(ده‌نگی تۆکزو که له‌لایه، ئاسایه، که‌م وره‌یه، ناسازه ناساز.. فه‌رموو کاره‌که‌تم پێ بڵێو دوایی من..)

جۆری قسه‌کردنت بگۆڕیت چاکه..

((کوڕم به‌تۆ ناگوترێت، هه‌ر بۆ خۆیه‌تی، له‌وه‌وه بۆ ئه‌م، به‌کورتی‌و به‌کوردیی..))

(ئه‌ه، ئه‌وه دوو ته‌له‌فۆنی تری لێیدا، ئیتر وه‌ڵامی تۆی ده‌مباڵوی پێنادرێته‌وه، من خۆم لێره‌وه گوێم لێیه‌تی، ئه‌وان چپه‌یان زۆره، گرنگو بایه‌خداره)

((کوڕه ئاخر منیش برسوکه‌یه‌کی گزیرانه‌یه، له‌سه‌ردارێکی رامیاریه‌وه‌یه، ڕێزداره، درکاندنی هه‌ر به‌منه..))

(قوربان هه‌ر زوو تۆم ناسی که له ڕێژگاوه‌کانیت.. ئاخر بۆیه منیش...، ڕێزداره، دۆلاره، حه‌فتاو پێنجییه...)

ئه‌وا دیسان ئه‌و ناچیزه‌یه، ته‌له‌فۆنه‌که‌ی به‌رووتدا داخسته‌وه، ده‌بێ راست بکات، تۆ چه‌ند جار گیرایت، جارێك به‌سه‌ری کردیته‌وه؟ ئه‌و دوو جار گیرا، یه‌که‌میان پێش ئه‌و گیرابوویت، به‌ڵام دووه‌میان له‌بیرته، هه‌شتاکان بوو، زۆر خه‌فه‌تت بۆ خوارد، به‌په‌ڕۆشه‌وه له هه‌ولێدا بوویت، که به‌ر بوو، به‌هانایه‌وه چوویت، توانای خۆتت خسته به‌رده‌ست، ئه‌ی منداڵه‌کانتان، ئه‌وانیش هاوڕێ‌و هاوڕێیاز نه‌بوون؟!... منداڵێکی سه‌ری له‌منداڵێکت داوه؟! کوڕه‌که‌ت، ئا، تۆ خۆت کوڕه‌که‌تت نه‌ناردە فریایان؟؟.. کوڕه‌که‌ی سه‌رێکی به‌لای کوڕه‌که‌تا لارکلاده‌وه؟؟.. کورد راستی فه‌رموو (ئه‌وه‌ی له‌مشك بێت، جه‌واڵ ئه‌درێت...) ده‌بێت بکه‌ویته گومانه‌وه، بۆ نا؟.. ئه‌ی کچه‌کانت!!.. له هه‌موو ئه‌و ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌یدا، تاپێش کاره‌ساته‌که‌ی نه‌وه‌دو شه‌ش، چ هه‌ڵوێستێکی، ته‌نها ئاوڕدانه‌وه‌یه‌کی هه‌بوو؟! تۆی بێ ده‌ست‌و بێ ده‌سه‌ڵات ئێواره‌که‌ت له بیره‌ی کاری پێت هه‌بوو، به‌شپرزه‌یی به‌گوێیدا دایت:

– کاکه، په‌ستم په‌ست.. ده‌بێت فریای خۆم بکه‌ووم، بۆم بکه‌یه‌نه، خۆ که بیری که‌سی نییه، نابینیت که‌سێك له‌خۆیه‌وه لێت بپرسێته‌وه، تانه‌خوراوین، ئه‌وه‌ته منیش له‌به‌ر خۆم تۆم به‌یاد کردووه، بۆم بگه‌یه‌نیت..

((په‌یوه‌ندی ئه‌مڕۆشم هیچ.. کات بوو به دوازده‌و نیو.. بڵێیت به‌بێ پێزانین بیگه‌یه‌نم؟!.. ئای له ڕۆژانی منداڵیمان که پێکه‌وه ده‌چووینه لای نه‌جمه‌دین مه‌لا، له دووکانه گه‌وره‌که‌ی ژێره‌وه‌ی لای مامڵی ره‌فعه‌ته فه‌نی، خوار مامڵی شێخ بابه‌عه‌لی‌و خوارتر له مزگه‌وتی کاك ئه‌حمه‌دی شێخ، ئه‌و ڕۆژانه هه‌موو شتێك ساکارو پیرۆز بوون، وه‌ك دانه‌گیرێی قیناوی ئێستە نه‌بوو، نوقڵێکی شه‌کرۆکه ده‌هێنرا، دووانی به پوولێك، شیله‌یه‌کی هه‌نگوینی ده‌زانه ناو ده‌ممانه‌وه، پێکه‌وه، هه‌ردووکمان هه‌ر له‌یه‌ك ساتدا له‌ده‌می خۆمانمان ده‌رده‌هێنا، سه‌یرێکی به‌له‌زه‌تمان ده‌کرد، ده‌مانخسته‌وه ده‌ممان، هه‌ردوو په‌نجه‌ی شیلاویمان ده‌لسته‌وه.. ئه‌ی په‌شمه‌ك، کابرای گرگنه له‌ناو قوڵینه‌یه‌کدا دایده‌نا، متیلێکی سپی خاوێنی پیاداده‌دا، هاواری ده‌کرد: ((ئه‌وه په‌شمه‌که، په‌شمه‌ك، ڕۆحی‌یابه‌یه، دووانی به‌پوولێك...))

ئێمه‌ش لێمان ده‌کڕی، ده‌ماننخسته ده‌ممان، ده‌توایه‌وه، قاقا پێکه‌وه ده‌خنینه‌وه، سااڵی جارێك به‌هۆی چه‌ڵه‌مه‌ی باری دواکه‌وتوویی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه، ئه‌گه‌ر یه‌کێکی وه‌کو ئه‌حه نه‌به‌رد، کاره‌ساتێکی ناخۆشی له‌ده‌ست بقه‌ومایه، ئیتر تا سی چل ساڵێك له‌ته‌مه‌نی ئه‌م خه‌ڵکه ده‌بوو به‌بنێشته خۆشه‌ی سه‌رزاری هه‌مووان‌و وه‌ك کاره‌ساتێکی ده‌گمه‌ن ده‌گێڕایه‌وه.. هه‌یهوو له‌پاساوی ئێسته‌و هه‌ییهوو له‌سێ چوار جۆر درۆزنه پاڵه‌وانێتی..

– ٣ –

((ئه‌وه دووه‌م ڕۆژمه، مامۆ... ئائا، دوێنێش داوا..))

کوڕه بابه ئه‌مه به‌داله‌یه، رازگری چی‌و جه‌نابی چی، چوار خه‌ته، لێره‌وه نابێت، ده‌بێت رازگرت بده‌مێ، ئه‌ویش خه‌ریکه، لای منه‌وه؟!.. نابێ کاکه نابێ، قه‌ده‌غه‌یه.....

نا نا، ناتوانم، ژماره‌ی راسته‌وخۆی؟ منیش نایزانم..

– .....

– هه‌ڵ، هاوڕێ، هاوه‌ڵ.. جا ئه‌مانه هه‌ووی بۆ به‌من ده‌ڵێیت؟!

له‌داخا، سه‌رت لێ شێواوه؟! خودا داخت نه‌داتێ، به‌خوا به‌تاقه‌تی، کاکه هه‌واڵ به‌پاپۆرته، من ئه‌وه ده‌زانم، تێڵی ناوێت.. بۆواشپرزه‌یت، ده‌ڵێیت

لەوە دنیاوە گەڕاویتــەوە، ئێستە هــەمووی بەدیسکە دیسك، هەندێ بەگیسکی دەزانێت..

– .....

– دوێنــێ ئــەویش نــەیدایتێ، وایــە، وایــەرە، لێــی نازانێت، ئیشی گرنگی بەڕێزی خۆی بێت، هــەر خــۆی بەدواتدا دەنێرێت..

– .....

– چۆن نازانێت، بابە تۆ نازانیت، ئــەو هەمووشت دەزانێت، چۆن ئێستە نازانێت تۆ لــە کوێیــت، نــاڵێیت لــە دەرەوەیــتو ئیشــت بــەوە، لــەوێوە رازت بــۆ نــەهێناوە؟! لەبــەر ئــــەوە چــــاوی دەرخــــەری میکرۆسکۆپیی لەسەرتە، ئێستە بەبروسکەی تایبــەتی ئاگــادەر، بەســەری تــۆ دەزانێت چی لەمێشك‌و دڵی هەموومانداید،.... ئا، ئێمە واین، نەعوزوبیللا لــەوێش خراپترە، ئەگەر وانەبووایە، وانەدەبوو..

((ئــەوا دیســان بــەرووتدا داخرایــــەوە.. گــــەیاندنی نەهێنی رامیاری قورسە، قۆڕە، من دەزانم ئەم ببینــم، بــۆ وەڵامەکەشی تووشی جۆرێکی تــر سەراسیمەیی دەبمــەوە، مەخســــەرەیە، دەبێــت زانیاریــــــەکانیش بپارێزم، پەنهانە پەنهان...))

(هێشتا هیچت بۆ نــەکراوە، خــەمی لــەملا بــۆ ئەولاتە، وەك ئەولا بــۆ ئــەملات چاك تــەواو کردبێت، ئای لە جەخاری کەری بارکراوی لابۆلا، پێشت دەڵێن چاکی لــێ دەزانیت، تــۆ بــۆ هیچی خودو ئــەوان بــۆ هــەموو شتێکی خــــۆ... بەتــــەمای هــــەرچیش بیــت، گەوهەری پەندەکەیە (کەرەمــەمرە بــەهارە، کورتــانت بۆ دێ لەو شارە...)

((کوڕە بابە خــۆ بــۆ مــن نییــە، بــۆ ئــەوە، ئــەم.. کەواتە ئەمی بلیمەت کورتانی دوولایی دەکات..، ئەمە چەنــە چەنــە، مەبەستی ئــەم نەهێنێیــە خۆیــان تێــی دەگەن، ئاخ خــۆمو خــود، خــودو مــن، گێژاوەکەیــە.. بزانم دەستگیرم نابێت، گرتی:

– رازگرە؟! یەك وشە پترم ناوێت، ئەو لەپەرلــەی من تێدەگات..

– های هوو، هــــەر چوار خەتــەکان گیراوون، ئــەم لــەواندا، ئــەمان لــەودا، جگــە لــــەوە داواکــار دەبێــت چاوەڕوانی مەرحەمەتی ئەو بکات، یەك لەدوای یەك..

– ئاخر گرنگە، پەلەیە، تایبەتە..

– هــــی ئــــەوانیش زۆر گرنگــــترە، گرفتــــەکان بەهەڵەداوان، بەتەل لەبەیانییەوە، ئەو کورسییەی لــێ نەبۆتەوە، جێڕەیەکیم گوێ لــێ نەیووە، بڵێ، من خۆم تێدەگەیــەنم، منیــش لــــەووم، هــــەر خــــۆی بــــەدەمی منیشدا رشاوەتەوە، ترست نەبێت.

– ئەوەی من نەبێت، بــۆ کورسیەکەش؟! بڵێیت هێزی موگنای دۆلا.. ئەویشی گرتبێت؟! باوەڕ ناکــەم فێری ئەوە بووبێت سکەی باوکم‌و باوکی بگۆڕێتەوە..

– تــو گــۆڕی بــاوکت، ئــەو موگنایــە تــۆش بگرێت خراپتر نابیت؟! کەساس تۆ وەرە سەیری پــۆزی..ی، .....ی خوایە خــوا.. وەرە بــامن‌و تــۆ ببینــە هــاوەڵی یەکتری، بەو مەرجەی زۆران لەگەڵ یــەك نــەگرین، بــۆ سوود..

– کاکە من خۆم لەو مەحەکانە نەداوە.. ناش...

– کەواتــە بەنوشــتە، چــاوەڕوان بــە، دوایــی، لێــی نازانیت!!

– ٤ –

کابرای بەدالەو رازگر پێیان گوتــی، لێی نــازانیت، واز بێنــە، وادیــارە دڵت بــۆی لــــێ دەدات، یــان بــۆ بەرژوەندیی خۆت..

((نانا، هی ئەولا، ئەم...))

ئەی خۆت، کابراش پــتر لــە بیســت ســاڵە لــەملادا تووواوەتــەوە، بڵقــە پێیــەکی وەك مــەڕی پێغەمبــەریش لەولا، مەگەر ئەم ماستەموویەکی تیادا بێت..

((بــەڵام ئــەز، تائێســتەش ســــەرەگێژەمە، خــــۆم‌و خود، دڵسۆزیی‌و پاکییەکە نەبێت هەرگیز ئەو بڕوایــەم تیــادا دروست نــەبووە تاســــەر ئێســقان خــــۆم ســاخ بکەمەوە، لەبەر ئــەوە جار ناجار دەبمــە گاڵتــەجاڕی هەڵمەتــە کاســــەی پیســــەکان‌و ئــــەوەتا بــــەرپلاریش دەکەوم...))

ئەی گوایە تۆ کۆنە هاوەڵەکــەتت بیرچۆتــەوە، زۆر جار پێــی نــەگوتراوە (ســوودی گــەورەی، لــە ســووڕی خێرادا وەرگرتــووە؟!) کۆمپانیایــەکی زیرەکــن، یــەك بۆیــەك پاســاو دەدەنــــەوە.. ئــــەو جــــارە لــــە دەمــــی دەرچوو:

((هــــەندێك جــــار پێچکردنــــەوە شــــورەیی نییــــە، پێویستە، پێوەری دەقاو دەق نییە؟!))

دەبێت وابێت، کــۆن گالیســکەکان‌و ئێســتەش، ماشــێنەکان، هەمیشــــە هــــەر لــــە پێچکردنــــەوەو پێشەکشێ‌و پاشەکشێدان..))

تکات لــێ نــاکم بیــبڕەوە، مێشکی ســەری خۆتــت بــرد، تاکــەی دوای راســتیی رەوان دەکــەوێت، ئــەوەی لێی دەگەڕێیت کوا ماوە، هەر ناڕەوا نەکەیە، ڕێ دەر دەکات، مەنزڵ دەپرسێت، دەیبڕێت، دوایی لە کەناری مەخلەسدا پــێ درێــژ دەکــات‌و بەباوێشکی حەوێنــــەر کۆتایی پێ دەهێنێت.. تۆش هەر راســتیی‌و راســتیی، وا بــە قورســی‌و وشــکی گرتــووە، ئــاخر بۆیــــە حــــاڵت جوانە؟!..

((ناهەقم نییە، باوکم‌و باوکی یــەك پیشــەو لەیــەك گــووزەردا تەمــەنیان بردەســــەر، هەمیشــــە پێیــــان دەگوتین: (دنیــا پێنــج‌و دوور ڕۆژێکــە، چۆنــی بەســەر

بەریت هەر دەبڕێتەوە، خوا راستەو راستی لاخۆشە..))

نیوەڕوان؛ لە قوتابخانەی خالدییە دەگەڕاینەوە، دەچووینە دووکان، لەوێ نانمان دەخوارد، من حەزم لەکەباب دەکرد، کەچی خاڵی باوکم کە پێکەوە کاریان دەکرد، دەیگوت: ((کوڕم، هاوینان نانو ماستاو فێنکە..)) منیش بەشەرمی ترسێکەوە دەمگوت: ((نانو ماستاو ناخۆم، ئەوە دۆیە دۆ...)) نزیک ئێوارەش کە لە کار دەستیان هەڵدەگرت، پێکەوە، بەبەر حەوزەکەدا، چوار قۆڵی بەرەو ماڵ دەجماین، ئەوان لە پێشەوە، ئێمەش بەدوایاندا، دەستەسرە خاوێنەکانیان لەبەر باخەڵیان دەردەهێنا، پڕیان دەکرد لە میوەی خۆشو بەلەزەت، یان زەمیلە پڕەکانیانم بەئێمە هەڵدەگرت، ئەوسا حەوزەکەی لێبوو، ئێستە حەوزە وشکەکەش نەماوە، ئاوەکەشی ئاوی کارێز بوو، بەهاوین ساردو بەزستانیش گەرم، منو ئائەم هاوەڵەی ئێستەم کەلێك دڵمان پێی دەکرایەوە، جارو بار شەڕە ئاوێکی کەمیشمان لێدەکرد، وەك ئێستە نەبوو، نەحەوزو نەئاو، وشکە رۆیەکی تەواو، ئەوسا هەردووکمان منداڵ بوین، وەك لەبیرم بێت چلو شەشو چلو حەوت بوو، لای خەڵکی شەڕە ئینگلیزو ئەڵمان مابوو، لەوە دەدووان کە گوایە شێخی تەقتەق لافاوی راگرتووە، ئەڵمانەکانیش سەریان لەکارە سەیرەکانی مەلا حەمدوونە کوێرەی لەمەڕ خۆمان سوڕماوە.. لەورتە ورتەکانی باوکمو باوکی تەنها ئەو دوو شتەم لەیادە، بەڵام ئەوەیانم چاك لەبیرە:

کە باوکی ئەو سەربە ئەڵمانەکان بوو، ئەوە بوو لەچلو هەشتدا من تێی گەیشتم هیتلەرو نازیی چییە، بەڵام باوکم رقی لە هەردوو بوو، هەمیشە دەیگوت: ((نەدار بێو نە پەردوو، نەحلەت بێ لەهەردوو...)) کوڕە لەهەرسێ، کەباسی شوکاکی بۆ دەکردم، ئاخو داخی لەرووسکانیش دەردەبڕی، من لەم دواییانەدا تێی گەیشتم، باوکم راستی دەکرد..

ئای خۆتو خود، وادیارە تامردن لەم حەنە حەپەشێیە نابیتەوە، ئەوا ئەمڕۆش بەدیار ئەم گومڕا نەحلەتییەوە کاتت گەیاندەوە دەونیو، بەهیچ نەگەیشتی، وەڵامەکان (لە چالاکییە، کۆبوونەوە، توشی درم بووە، بێتاقەتە، تایبەتە میوان، ورتە ورتی چوار تەلی لەدوای یەك، ماڵەوە.. شتی تریش..).

ئەوا گرتی بزانین ئەمجارە چی دەبێت؟! رازگرە..

– ئەی ئافەرم قوربان، ئەمڕۆ پێت دەڵێم خوازیارو خۆڕاگریت، بەڵام ئەفسوس، بەسەری خۆم بەڕاستی پێت دەڵێم، کۆبوونەوەیەکی لەپڕی بۆ بووە، لە خۆی گەورەترە، قەدەغەیە، یەك وشەش نابێت، نەك هی تۆ، هیچ کەس، ئگینا بەسەرچاو..

– چاووت خۆشبێت، فەرمانە، قەدەخەیە، چەرچییە، شسەری قاڵە، تۆش ئەمڕۆ دڵت نەرم بوو، چار چییە دەبێ وابێت..

– ٥ –

هەر ئەم شەقاوەت ماوە، ئیتر شوورەییە، باهەنەریش بیت، ئای لەم ((ئابە)) رەشە تێکدەرە جیاکەرە، شێگیریی بەربینی ئەم خەڵکو خوایەی تاساندووە.. تاوانی بۆ خزاندووینەتە ناو ماڵەکانەوە، سەیری ئابی جارانو ئایی ئێستە، ئاب لەملاو ئاب لەولا، تۆڵە بەتۆڵە، لارو وێریی‌و خراپتریش.. لەهێرشی رەشی پەت بەسەران دەبینەوە، بۆ هوروژمی مێزەر، ئەمجا هەر لە کۆنەوەو ئێستاش بۆ چەند جارەی فێستی ژەنگاویی‌و پووا‌و، ئێمەش هەر بەدواياندا‌و بۆ دواوە، ئیتر ئەم کابرا لاتریسکەیە چۆن زات دەکات خۆی لەکارێکی نزیکخەر بدات، ناخیشی بۆی بجۆشێت، چما دەیئاوێزێت بڵێت لەل؟! ..

باشە خەتای تۆ چییە، هەردوولا، خۆیشی‌و.. مەزەیان لەیەك دەجوولێت، ئەوسا واقوولنەبووبووەوە، کورسیە خڕە سووڕاوەکە هێدی رایدەژەنی، موگنانەکەی گەرمییەکی ئەفسوونی پڕ ئەندێشەی خۆشی بەگیانی دەبەخشی.. جانتاکەش سیخناخ بوو، لەهیمەتی مەردانەی خۆی بەزیادبێت، پڕ بوون لە پارچەی وزەبەخش، ئەمەکی خزمەتگوزاریی پیاوە گەوران هەروا گاڵتە نییە، بەتایبەتی بۆ کەسە بەتواناو نەرموونیانە کارامەکان، ئەوانەی گەمەی هەڵگێڕانەوە دەزانن، ترسیشی تیادا نەبوو، نە لەمسەرو نەلەو سەر.. مووشەکی ئەنگاوتنیش لەئارادا نەبوو کەس لەباڵە فڕە بخات، لە هەڵوێستەکەدا بەچاوی خۆت نەتدی؟! لەولا پسەپس، ملکەچ، بەهێمنییەکی نەرموشڵی هەلپەرستانەوە، قوربانو فەرمایشتی بوو، لەملاش، لەخۆپیشاندانە خۆ دەرخەرەکاندا، بەهەراشیی گازندەی بۆ دەکرد.. بەڵێ نەبوونی مووشەکی خێرافڕ، زیانیشی هەیە، لەهاتووچۆدا باڵی دژە فڕ ناشکێنرێت.. چونکە ئەوەی لەوساتەدا لەخاکو پای پایە بڵندیی ئەملادا دەست لەسەر دەستی ئەمەکی دادەنا، لەناخەوە دڵی ختووڕەی دەکرد، ئەوانە دەڵێن:

((من لێرە رەمسێکی باشمو لە حوزوردام، خۆزگە خودیشم دەبوو بەرەسمێکی ژیکەڵەو لەخاکو پای تەختی ئەوێشدا سێبەرێکم هەبوایە.. نامەی نەهێنێو سڵاوی وەك گەرمەنانی ناسکو هیچ نییە، تادەگات سارد دەبێتەوە، مووشەکی ئەم سەردەمم

هەبوایە، بەو مەرجەی وەک دێوی بەتەلیسمگیراوی جاران گوێ لەمشتەی خۆم بوایە، ئەفسوونم لێ دەکردن، بۆ ئەوێو بۆ ئێرە، لەفڕینێکی بێ پەروادا دەبووم..))

ئەوسای وەرگرتنی راسپێرییەکە جیابوو، نازانیت خورجی هاوەڵەکەت ئێستە چی تیادایە، ئەگینا لە زۆر کەس تێگەیشتبوویت..

((کەواتە بۆچی ئێستە واز نەهێنم؟!.. نانا، هەر ئەم جارە، من تائێستە چەندین تاقیکردنەوەم لەگەڵیدا هەیە، بائەمە سەرپشکیان بێت..))

ئای‌لا لەو رۆژەی لە کۆتایی هەشتاکاندا، پێکەوە، چاو بەفرمێسکو دڵبەخەم دانیشتبووین.. ئەوکاتە، ئەم جۆرە بیرکردنەوە پەرتکەرانە ئێجگار وەها تاسەر ئێسقان تەشەنەی نەکردبوو، هەواڵە جگەربڕەکەمان پێگەییبوو، ئەو بروسکەیە دەیتاسانێنو دەشیبوژانینەوە، منو ئەو، ئا، خۆمو خۆی.

– تۆ خەریکبوو بڕوا بەهەواڵەکە نەکەیت.

((هەواڵەهێنم نەدەناسی، دوایی بە پسەپسەکە پێیان گوتین، باوەڕپێکردنی نەدەویست، رۆژانە بەدەیان سووکە هەواڵی وەهامان بەگوێدا دەدرا..

– ئائا.. ناسراو بەحاجی شێخ جیم، دانی بەهیچدا نەناوە، وەک شاخ بەچاویاندا چووە.. چاوزەردە رەشداگەڕاوەکان، پێ کڕێشاوییە رموزنەکان، (سینی)ی خوشکیان هێناوەتە بەرچاوی شێخ پاڵەوان، جلو بەرگیان لەبەردا شیتاڵ کردووە، (ئا...)ی هاوڕێی شێخیان بەپۆستاڵ هێناوەتە بەردەمی خوشکە سین، فەرمانی یان کوشتن، یان خۆ ڕووڕەشکردنی ئێجگارەکییان داوەتێ، بەڵێ لەبەردەم کەشکەلانی شێخی مەزندا، لەکەناری دەریای شینی چاو قرژاڵیی خنکێنەری قەڵای نەگیراوی سیندا، (ئا...) بەگریانو لاڵانەوەی نووزەیەکی پیاوەتی تیادا نەماو، لەبەرپێی پیرۆزی یەزادانیی (سین)ی ساوێنی پاکدا، پاڕانەوە، قوروسکە، بوورانەوەو تفێکی نەفرین، نرکەی کاکە شێخی جەربەزەی دوژمن شکێن، سەربەرزانە پەردەی بیستنیانی دڕاند، سەری نەوی نەکرد..

((من تاوانبار نیم، هەمووی درۆیە، کەس ناناسم، بگەڕێن، ئازابن، تاوانباری خۆتان بدۆزنەوە..))

نرکەی شێخ، بوودەڵەیی ئا.. خاوێنی سین، دیزە رەشی چاوزەرد، ترس نەبەزین، دۆزەخ، کۆتایی بەدوو پشکۆی ئاڵی کڵپەیەکی ئاگرین هێنا کە لە نیکای پیرۆزی شێخەوە دەردەپەڕیو سەردڵی چەتەوڵە بێ رەزاکانی داخکرد.. مۆری ریسواییو شەرمەزاریی بەناوچەوانیانەوە تەوێڵ کرد، ئیتر لەوساشەوە کراسی سپیو بەفرینی سینیش، لەناو بەندی زۆزکی کوێستانە لوتکەی چیاکانەوە، سااڵ بۆ سااڵ سەهۆڵی ساردکەری بەسەردا دەبارێت، ئەوە بوو بەمۆری رەشو ریسوایی تەوێڵیان، لای هەزارانی وەکو شێخو سینو...، بووبەنیشانەی کوێرکردنەوەی چاوی پیسی شەرمەزاریان.. تاڕاپەڕین، تا ڕاپەڕینو هەتا هەتایە..

(تۆ ناهەقت نییە وازی لێناهێنیت..)

((ئاخر من خۆم دەزانم یادگاری لەم جۆرەو گەلێک بیرۆکەی تریش بەم کابرایەوەی بەستوومەتەوە، هەزارانی وەکو ئەمیش بەلایەکدا تڵیساونەتەوە، ئەم پاکەولارەوە لارەوە دەکات، بەڵام هەزار رژێمچی کڵاویان بەلارەوەیە.. بەڵای منەوە خراپییەکەی ئەم ئەوەیە کە نووساندوێتی بەکورسیو پایەوە کە لە بەهای ئەو کەم دەکاتەوە..

(بەزۆر دەتەوێت وای نەناسیت، بەری نەدەیت، بۆ گەیاندنی ئەمەو بۆ...)

((راستە، بەڵام لە باوەڕی منداچاکییەک چەند چووکە خراپییەک دەسڕێتەوە، بەڵام شتێکم لەڵابووە بەنەبەنگیی، دەمەوێت بەرامبەر بەخۆم تێیبگەم، خۆییم پێ بسەلمێنێت، وەکو هەوڵێک لەگەڵیدا، هەروازیشی لێناهێنم، ئەها ئەهە، ئەوا گرتی، یان گاڵ دێنێت، یان پەموو، دوا هەوڵە..

– بەیانیت باش، سێ رۆژە من.. نا...

– دەزانم، دەزانم، دەنگت دیارە، شایەتیت بۆ دەدەم وازنەهێنی، ئەمڕۆ بەختت یارە. گوێت لێبێت، هەر ئێستە پێی دەڵێم، سەری منیشو خۆشت کرمێ کردووە، خۆت دەنگی ببیستە..

((چاکە، سوپاس، گوێم لێتە.. دەی..))

– ها، بڵێ، کێیە، کێ؟!.. لێت نەپرسی چی دەوێت؟ ئیشەکەی چییە؟!..


– قوربان لێم پرسیوە، هەر خۆتی دەوێت، ڕاسپێرییەکی ڕێزدارە، هەر بۆ بەڕێزتان، ئەمڕۆ سێیەم رۆژێتی، هیچ نااڵێت، بەڵێ باشە، کاتی نییە..

تەقەی داخستنەوەی تەلەفۆنەکەی ئەو، خورپەیەکی جەخاراوی خستە دڵ، رازگر ئەمجارە بەشێوازێکی سەیری دووفاق:

– خۆت بیستت، راستەوخۆ، وادیارە ئێستە کاتی ئەوەی تۆ نییە، ئەمە هاوەڵی ئێستاو ئەوساو منداڵی، وەک خۆت دەتفەرموو، کاکە کنرو ماستیش بەوادەی خۆی.. تەلەفۆنی رازگریش تەقەی لێ هەڵسایەوە، هاوڕێیەتی بخەرە خورجی تیا هەڵگرتن، نەهێنیش بۆ پرپاسکە، لەم بارودۆخە هەڵگەڕاوەیەدا، دوولایی دەبێتەوە بەیەکلایی، راسپاردەش دەمداخستن، بۆ گوتنیش گوێ کەرکردن، بۆ ناخی تۆش تەمومژی دووکەڵێکو هەڵمژینی جەخارەکەی..

۱۹۹۷

قاوەڵتی (١)



نوسینی : سۆمەرست موم

وەرگێڕانی : جیهان عومەر

لە یەکێك لە شانۆگەڕییەکاندا چاوم پێی کەوت، لە بریتی ئەوەی بەپەنجە ئاماژەی بۆ بکەم، لەکاتی حەوانەوەدا سەردانیم کرد،و لە تەنیشتیەوە دانیشتم، ماوەیەکی زۆرە کە دیدەنیم نەکردووە، ئەگەر یەکێك ناوی نەهێنایە وەبیرمدا نەدەهاتەوە، یان نەدەهاتەوە بەرچاوم، بەئاشکرا پێی وتم: (زۆر چاکە... ماوەیەکی دوورو درێژە کە بۆ یەکەم جار بەیەك گەیشتین، وانییە؟ بەراستی سەیرە کات چۆن تێ دەپەڕێ. هەردووکمان نەزۆر گەورەبووین و نەگۆڕاوین. لە یادتە کە بۆ یەکەم جار بەیەك گەیشتین، میوانداری خواردنت بۆ کردم؟).

تۆ بڵێیت لەیادم بێت؟

ئەوە پێش بیست ساڵ لەمەوبەر بوو... ئەو کاتە لە پاریس بووم، لە شوقەیەکی بچوکدا نیشتەجێ بووم لە گەڕەکی لاتینی کە دەیڕوانی بەسەر گۆڕستانێکدا... هەندێك پارەم بەچنگ دەکەوت کە بژێوی ژیانم و جێگای نیشتەجێی بۆ دابین دەکردم... نامەکەیم خوێندەوە، وەڵامەکەیم بۆ نووسییەوە،و سوپاسیشم بۆ نووسی، هەر دوای ئەوە نامەیەکی کەم پێ گەیشت کە تێیدا دەڵێت:

سەردانێکی پاریس دەکات، و ئارەزوو دەکات کە دیدارم بکات و هەندێك وتووێژی ئەمەکداری بکەین، بەڵام کاتی زۆر کەمە، تەنیا رۆژی پێنج شەممەی داهاتوو شك دەبات کە بتوانێ کاتی هەبێت... بەیانی لە (لوکسمبورگ) دەباتە سەرو چاوەڕێی ئەوە دەکات کە دەعوەتێکی خواردنی چاکی بۆ بکەم لە (الفویوتس) وفویوتس ئەو چێشتخانە گرنگەیە کە ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسی خواردنی لێ دەخۆن، کە پلەی ئەو چێشتخانەیە لە توانای دەستکەوتی منداڵ نییە، تەنانەت هیچ کات بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە بچمە ئەو جێگایە، چونکی من بۆ ئەوە تازەم، حەزیش دەکەم خۆ بەزل بزانم، وتاکو ئێستاش فێری ئەوە نەبووم کە بە ئافرەتێك بڵێم (نەم)و دەمەوێت لەمە زیاتر بڵێم کە هەندێك پیاو هەیە فێری ئەوە نەبووە تا نەگەیشتۆتە تەمەنێکی دیاری کراو لە ژیاندا، تاوەکو لە ئافرەتێك نزیك بکەوێتەوە کە جێگایەکی دیاری کراوی هەبێت.

لە گیرفانمدا تەنیا هەشت فرەنگ (فرەنگی ئاڵتونی) هەبوو کە پێویست بوو تاوەکو کۆتایی مانگ بەشم بکات، هیچ خواردنێك کە بە کەڵك بێت لە پانزە فرەنگ کەمتری تێ ناچێت، ئەگەر لە ماوەی دوو هەفتەی تەواودا قاوەم نەخواردەوە ئەوە توانیوومە بەچاکی و باوەڕ بەخۆوە بجوڵێمەوە. وەڵامم دایەوە کە دیداری هاوڕێیەکم دەکەم - بەڕێك کەوتن - لە (الفویوتس) لە پێنج شەمەی داهاتوودا، لە کاتژمێری دوانزەو نیودا... ئەوەی چاوەڕێم لێ دەکرد ئەوەندە شۆخ نەبوو... تەنیا رووکەشی هەبوو لەوەی کە قەشەنگی تێدا هەبێت.. بەراستی ئافرەتێك بوو لە تەمەنی چل ساڵێدا (تەمەنێکی سیحراوییە، ئەوەی تێدا شك دەبرێت بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تووشی حەز لێ کردنی رووخاندن دەبن، وبەکەم جار بەدیدەنی شاد دەبن).. لە دەروونی منداڵ جێگایەکی تایبەتی خۆی هەبوو، هەندێك دانی سپی گەورە کە پێویستی نەدەکرد بۆ ئەو تەمەنە، زۆر بڵێ، و لەو کاتەوەی کە بۆم ئاشکرا بووە کە ئارەزووی باس کردنی من دەکات، ئامادەباشی خۆم ئاشکرا کرد بۆ گوێ گرتن

لێی زۆر بەهۆشمەندی‌یەوە. تەواو ترسم لێ نیشت، که نرخی خواردنەکە هاتە بەردەستم زۆر زیاتر بوو لەوەی بەبیرمدا دەهات، تەنیا ترسەکەم بەوە رەوی‌یەوە که وتی: (من زۆر خواردن لە نیوەڕواندا ناخۆم).

زۆر بەفراوانی وەڵامم دایەوە: (ئەمە مەڵێ.. تەنیا یەك خواردن دەخۆم.. وابزانم خەڵکی لەم ڕۆژەدا خواردن زۆر دەخۆن... وەك ماسی.. تۆ بڵێیت ماسی حووتی سلێمانیان هەبێت؟) چاکە، بەڵام هێشتا ئەمساڵ کاتی ماسی حوتی سلێمان نەهاتووە لەبەر ئەوە لە لیستی خواردنەکەدا نی‌یە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کرێکاری چێشتخانەکە پرسیار دەکەم بزانم هیچ هەیە لەو بابەتە، کەواتە باماسی‌یەکی چاکم بۆ بهێنێ، کە ئەوە بۆ یەکەم جار پێشکەش دەکرێت.. ئەوەم بۆ میوانەکەم داواکرد، لەوکاتەدا کرێکاری چێشتخانەکە پرسیاری لێی کرد ئەگەر پێویستی بەشتێکی کە هەیە تاوەکو ئامادەکردنی ماسی‌یەکە.

وەڵامی دایەوە: (نەخێر.. تەنیا یەك جۆر دەخۆم، ئەگەر تۆزێك کافیار هەیە ئەوە چاکە).

تۆزێك دڵم هاتەوە سەر خۆی.. من دەزانم کە ناتوانم کافیار پێشکەش بکەم. وناتوام ئەوەی بەتەواوی پێ بڵێم، هەرچۆنێك بوو بەکرێکاری چێشتخانەکەم وت کە کافیارەکە بهێنێ، بۆ خۆشم هەرزانترین خواردنم داواکرد، کەپێك هاتبوو لە پارچەیەك گۆشتی مەڕ.

وتی: (بەچاکی نازانم کە گۆشت بخۆیت).

(نازانم دوای خواردنی ئەو گۆشتە چیت بەسەر دێت، بڕوام بە گەدەم نی‌یە توانای چەوری هەبێت).

دوای ئەوە پرسیاری مەی خواردنەوە هاتە پێشەوە. ووتی: (من لەسەر خواردن مەی ناخۆمەوە).

بەزوویی وەڵامم دایەوە: (هەروەها منیش لە هەندێك مەی سپی زیاتر) بێ ئەوەی من داوا بکەم ئەو بۆی داواکردم. (دوای ئەوە ئارەزوی چی دەکەی؟) بەدڵێکی فراوانەوە ئەو پرسیارەم لێ کرد بێ ئاماژە کردنی دڵخۆشی‌و پێداهەڵدان.

ئەمەکداری‌یەکی لەنێوان دانە سپی‌یەکانی‌یەوە نیشاندام.

(پزیشکەکەم ڕێگام پێ نادات بۆ خواردنەوە لە شەمپانیا زیاتر).

هەستم کرد کە ڕەنگم هەڵبزڕکا، نرخم نی‌یە.. داوای نیو شوشەم کرد.. بێ گرنگی دان بەو مەسەلەیە پێم وت کە پزیشکەکەم خواردنەوەی شەمپانیای لێ قەدەغە کردووم.

(ئەی کەواتە چی دەخۆیتەوە؟).

(ئاو).

کافیارو ماسی‌یەکە هات. کەوتە لێدوان لە هونەرو ئەدەبو مۆسیقا.. بەڵام من لە خەیاڵی ئەوەدا بووم کە لیستی حسابەکەم چەند بێت، کاتێك کە پارچە گۆشتەکە گەیشت لەسەرخۆ کەوتمە کارکردن بۆی.

(سەرنج دەدەم تۆ خواردنی زۆر قورس دەخۆی، کە ئەوە زۆر هەڵەیە، تۆ بۆچی وەك من ناکەیت یەك جۆر بخۆیت؟ کە لەو بڕوایەدام بەتەواوی چاك دەبیتەوە).

(لە ئێستاوە ئیتر یەك جۆر دەخۆم).

لە کاتێکدا کە ئەوەم وت کرێکاری چێشتخانەکە گەڕایەوە لیستی حیسابەکەی پێ بوو. بەجوڵاندنەوەیەکی سەیرەوە خستمە لاوە:

(نەخێر، هیچ شتێك لەگەڵ خواردنەکە ناخۆم.. تەنیا یەك پاروم بۆ دەخورێت، لەو پارووە زیاترم خوارد ئیتر قسەم بۆ ناکرێت.. تۆ سەرنج دەدەی کە من حەزم لە قسە کردن هەیە لە هەموو شتێك زیاتر؟ لەوانەیە نەتوانم هیچ شتێك بخۆم، لە هەندێك شلە زیاتر، پێم خۆش نی‌یە پاریس بەجێ بهێڵم کە لەو جۆرەم بەتەواوی نەخواردبێت...).

لێدانی دڵم هێواش دەبۆوە.. بەوەی (هەلیون)ەکەم لە پێشانگاکەدا بینی، دەزانم نرخی زۆر گرانە، زۆر جار کە بەدیم دەکرد لیك بەدەممدا دەهاتە خوارەوە.

پرسیارم لە کرێکاری چێشتخانەکە کرد: (خانمەکەم دەپرسێت بزانێ ئێوە لەو "هەلیون"ە گەورەیەتان هەیە).

بەهەموو توانام دەموچاوم بڵێت (نەء) بەڵام زەردەخەنەی شادی لەسیما پان‌و پۆڕەکەیدا کە دەڵێی سیمای قەشەکانە دەرکەوت، پێی ڕاگەیاندم کە ڕێژەیەکی زۆر ترسناکیان هەیە، کەدادەنرێت بەسەرهەڵدانی وەرزەکە.

میوانەکەم ئاماژەی بەوە کرد: (برسیم نی‌یە).. (بەڵام ئەگەر هەر مەبەستتە ئەوە لاریم نی‌یە لە خواردنی "هەلبون").

بۆم داواکرد. (دەتەوێت هەندێکی لێ بخۆیت؟).

(نەخێر.. من هەلیون ناخۆم).. (هەندێك خەڵك دەناسم ئارەزووی ئەوەیان نییە، بەراستی تۆ ئارەزوت چاك نییە بەخواردنی ئەو گۆشتە).

(چاوەڕێمان کرد تاوەکو هەلیونەکە پێ گەیشت. ترسم لێ نیشت.. ئێستا ئەو پرسیارە لە گۆڕێ نەما کە دەبێت چەند پاشەکەوت بکەم بۆ کۆتایی مانگ بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوەی پێم ماوە بەشی دانی لیستی حسابەکە دەکات)؟.

زۆر سوپاسی میوانەکەم دەکەم ئەگەر ئەو پارەیەی بەقەرز بدامایە، بەڵام توانای ئەوەم نییە، بەتەواوی دەزانم چەندم پێیە، ئەگەر ئەوەی لە گیرفانمدایە کەمتر بوو لە لیستی حسابەکە، وێستم دەستی لێ بدەمو بزانم، وبازێکی سەیر بدەمو هاوار بکەم: دزیم لێ کراوە.. بێ شك جوان نییە میوانەکەم خەرجییەکە بدات، لەوانەیە پارەی تەواوی پێ نەبێت.. تەنیا ئەوە هەیە لەم حاڵەتەدا سەعاتەکەم جێ بهێڵمو بڵێم: جارێکی دی دەگەڕێمەوە، وپارەکە دەدەم.

هەلیونەکە هێندرا زۆر گەورە بوو، بەلەزەت بوو، بۆنی کەرەکە بەلووتمدا دەهاتو ختووکەی دەدا، هەروەك چۆن ختووکەی (یهوه)ی دەدا کە سامییە بێ تاوانەکان دەسوتێنران، سەیری ئەو ئافرەتە بەرەڵایەم دەکرد کە هەلیونەکەی بەپارو دەکرد بەقورگیا بەشێوەیەکی بەلەزەت، منیش لەسەرخۆ باسی باری شانۆی بەلقانم بۆ دەکرد، کۆتایی پێ هات وتم: (قاوە).

وەڵامی دایەوە: (بەڵێ، دۆندرمە لەگەڵ قاوە).

ئەو کاتە گرنگیم دەدا بەو شتەی کە داوای دەکات، لەبەر ئەوە داوای قاوەم کرد بۆ خۆم، ودۆندرمەو قاوە بۆ ئەو.

لەکاتێکدا دۆندرمەکەی دەخوارد وتی: (تۆ دەزانی کە من یەك شت هەیە بڕوام پێی هەیە.. ئەوەیە کە مرۆڤ کاتێك لەسەر خواردن هەستا پێویستە بزانێت کە گەدەی ماوەی ئەوەی تێدا ماوە کە زیاتر بخوات).

بەدەنگێکی نزمەوە وتم: (تاوەکو ئێستا برسیت؟).

وەڵامی دامەوە: (نەء ئێستا برسیم نییە، وەك دەبینی، من ژەمی نیوەڕوان واز لێ دەهێنم، تەنیا لە بەیانیاندا یەك فنجان قاوە دەخۆم، وپارێزگاری خۆم دەکەم تاوەکو ئێوارە، نیوەڕوان تەنیا یەك جۆد دەخۆم، ئەم قسەیە بەلاتەوە گرنگە).

(ئا بەو شێوەیە تێبینی دەکەم).

لەو کاتەدا کارێکی ترسناك رووی دا، ئێمە چاوەڕێی قاوەکەمان دەکرد، کرێکاری چێشتخانەکە هاتو سەبەتەیەکی پڕ (دراقی)ی گەورەی پێ بوو، وزەردەخەنەیەکی هەڵخەڵەتێنەری لەسەر سیمابوو، (دەراقە)کان لەرووی ئافرەتێکی پاکی دەکرد کە لەوێنەیەکی ئیتالی جوان دەچوو.. (دەراق) ئەو کاتە وەرزی نەبوو.. خوا دەزانێ نرخی چەندە کە لە کۆتایدا زانیم — میوانەکەم غەرقی لێدوان بوو، بەبێ ئاگایی یەك دانەم لێ خوارد وتی: (ئەی بچکۆلانە نەگبەتەکەم گەدەت پڕ کرد لە گۆشت، لە تواناتدا نییە لەوە زیاتر بخۆیت، من تەنیا یەك ژەمی کەمم خواردووە، لەبەر ئەوە پێویستە لەزەت لەیەك دانە لەو —دەراقە— چاکانە بکەم).

لیستی حسابەکە گەیشت، کاتێك پارەکەیم دا، سەرنج دەدەم ئەوەی کە پێم ماوە نرخی بلیتێکی گەشت کردن نییە.. چاوەکانی بڕیبەئەو سێ (فرەنگە)ی کە بۆ کرێکاری چێشتخانەکەم بەجێ هێشتبوو، لەو بڕوایەدا بووم کە بیرێکی زۆر خراپی لەسەر وەرگرتبووم، کاتێك لە چێشتخانەکە هاتمە دەرەوە، ئەوەم دەزانی کە بەدرێژایی مانگ چاوەڕێم دەکات، بێ ئەوەی یەك فلس لە گیرفانمدا بێت. کاتێك یەکتریمان بەڕێ کرد وتی: (چاو لەمن بکە، لەکاتی نان خواردنی نیوەڕواندا لەیەك چەشن زیاتر مەخۆ).

وەڵامیم دایەوە: (لەمەودوا لەوە چاکتر دەکەم، ئەمشەو هیچ خواردنێك ناخۆم). بەخۆشییەوە هەنگاوی نا بۆ ئۆتۆمبێلەکەو قیژاندی:

(تۆ زۆر خۆشی... بەراستی زۆر خۆشی).

لە کۆتاییدا تۆڵەی خۆم کردەوە.. بڕوا ناکەم قینم لە دڵدا بێت، لە کاتێکدا خوا تۆڵەم بۆ دەکاتەوە، پێویستە بەچاوی رازی بوونەوە چاودێری بکەم.. ئێستا ئەو کێشەکەی گەیشتۆتە سەدو پەنجا کیلۆگرام.

(۱) وشەی (قاوەڵتی) زیاتر تورکییە، لەبەرئەوەی لەناوچەی سلێمانی زیاتر ئەوە بەکار دەهێنرێ بۆیە ئەو ناونیشانەم پێ چاك بوو.

ئەم چیرۆکە بەناوی (الغداء)ەوە بڵاوکراوەتەوە لە لاپەڕە (٨٤)ی (نادی القمه) لە تونس ژمارەی (٥٣–٥٤) ساڵی ١٩٨١.

میژوو

کوردەکانی پشت قەفقاس(١)

ت. ف. ئاریستۆڤا

شوان بداوی لەروسییەوە گردوویە بەکوردی / مۆسکۆ

هەندێ کۆمەڵە کورد بۆ خۆ رزگارکردن لە شەق و تێکهەڵدان و کوشتن و بڕین و لەناوبردن و جەورو ستەم و باری ئایووریی گران و بێ دەرەتانییان، لە ولاتانی رۆژهەلاتی نێزیکەوە، هەڵدەهاتن بۆ لای هاو هۆزەکانیان لە پشت قەفقاس(٢).

لە کۆتایی ساڵی ١٨٠٧دا سەرکردەیەکی کورد – محەمەد سەیفی سوڵتان، خۆی و هۆزەکەی لە سنووری نێوان ئێران و روسیا پەڕینەوە، ئەم هۆزە، کە (٦٠٠) خێزان بوو لە خان نشینی قەرەباغ نیشتەجێ بوو(٣). هەندێ لە هۆزە کوردەکان داوایان لە کار بەدەستانی روسیای قەفقاس کرد، رێگەیان بدەن بگوێزنەوە روسیاو جنسیەی روسی وەربگرن، ئەو کوردە چەلبیانەی لە قەرەداغ(٤) دەژیان هانایان بردە بەر فەرمانڕەوایانی روس، رێگەیان بدەن، ئەو هەزاران خێزانە کوردە لە زەوی پشت قەفقاسدا نیشتەجێ ببن(٥).

ساڵی ١٨٨٥ چەند هۆزێکی کورد لە سنووری تورکیاوە هاتنە روسیاو جنسیەی روسییان وەرگرت(٦).

گەلێ بنەماڵەی کوردی ئێرانیش لە ئۆیەزدی(٧) نەخچەوان و سوورمالین نیشتەجێ بوون(٨).

دوای بەستنی کورجستان بەروسیاوە (ساڵی ١٨٠١)و هەروەها خان نشینی گەنجەو قەرەباغ و شەکی یش (کە زۆربەی دانیشتوانیان کورد بوون) (روسیا لەنێو میللەتە جۆر بەجۆرەکانیدا بووە خاوەنی کوردیش)(٩) پاش دوو شەڕی نێوان رووسیاو ئێران (١٨٠٤–١٨١٣)و (١٨٢٦–١٨٢٨) هەندێ خێزانی کوردو چەند خێڵێک کەوتنە زەوی پشت قەفقاسەوە، ئەمانەش یان دانیشتوانی ئەو گوندانە بوون، کەوا بەپێی مەرجەکانی پەیمانی گولستان و تورکمانچای بەر روسیا کەوتوون، یان ئەوانەن کە لە تاو زوڵم و زۆری فەرمانڕەوایانی ئێران و تورکیا هەڵهاتوون بۆ ئازەربایجان و بەشێکی کەمیان بۆ ئەرمەنستان هاتوون، یاخود لە ئەنجامی گەڕان بەدوا لەوەڕگەی باشدا هاتبن.. ئەوەتە بەندی پازدەی پەیمانی تورکمانچای مافی بە ئێرانێکان داوە بە ئازادی لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە ئێرانەوە بچن بۆ رووسیاو کاربەدەستان هیچ گیروگرفتێك نەهێننە رێیان، پەیمانەکە رێگەی گوێزانەوە لە ئێرانەوە بۆ ناو سنووری ئازەربایجان و ئەرمەنستان، نەك هەر بە کورد، بەڵکو بە ئەرمەن(١٠)و میللەتانی دیش دابوو، ئێستاش دەقی ئەو بەندەی پەیمانەکە دەخەینە پێش چاو: (شای خاوەن شکۆ.. عافواتی تەواوو گشتی دەبەخشێ بەهەموو دانیشتوان و فەرمانبەرانی هەرێمی بەئازەربایجان ناونراو. هیچ کەس لەوان سەر بە هەر بەرەیەکیش بێ، سزا نادرێ و ئیهانە ناکرێ لەسەر بیروباوەڕیان رەفتار یان هەڵس و کەوت لە درێژایی رۆژانی شەڕو

بەردەوامیی کاتیی کاری سوپای رووسیا لەو هەرێمە ناوبراوەدا. لەسەر ڕوو ئەوەشەوە، بەو فەرمانبەران‌و دانیشتوانە، لە ئەمڕۆوە تا ماوەی سالێك رێگە دەدەین، بۆ ئەوەی بەئازادی لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە هەرێمی فارسەوە بپەڕنەوە هەرێمەکانی رووسیا..)(١١).

گەلێ لەو بنەماڵانەی لە پشت قەفقاس خزمیان نەبوو، بوونە خەڵکی رووسیاو لەئازەربایجان‌و ئەرمەنستان بنجیان داکوتا(١٢).

لە ئەدەبیاتدا دەربارەی ئەو کوردانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئازەربایجان لە ئویەزدی عەریش، جبرایل، جەوان شێر، زەنگەزوور و پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆڵی زوو نیشتەجێ بوون، زانیاری هەیە(١٣).

لە ئەرمەنستان لە پارێزگای یەریڤانی جاران، کورد لە ئۆیەزدەکانی: سورمالین، شارەپڕ- دارئەڵەگەز، ئێچمادزین، ئەلێکساندرپۆل، یەریڤان، نەخچەوان، بایەزیدی نوێ دەژیان(١٤).

کورد لە گورجستان لەچاو شوێنەکانی دیدا زۆر نەبوو و لە ئۆیەزدەکانی: ئاخەڵ کەڵەك، ئاخالسیخ، بۆرچالین، و پارێزگای تفلیسی زوو جێگیر بوو بوون(١٥). لەکاتی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر قارص لەسالانی ١٩١٧-١٩١٨دا، لە یەکەم روداودا، کوردە یەزیدیەکان خۆیان لە زەبری تێ هەڵدان‌و راوەدوونان‌و قەڵاچۆکردن‌و کوشتاری نەتەوەیی دەشاردەوەو ناچار بوون هەڵبێنە ناوچەکانی ئاخالیسخ‌و ئاخەڵ کەڵەك(١٦) لە ئەدەبیاتدا ئەوە یادداشت کراوە، کە لە ئویەزدی ئاخالسیخ، کوردی لە پارێزگای یەریڤانەوە هاتوو، بەشوان رادەگیرا(١٧).



نەخەشی جێی ژیانی کوردەکانی پشت قەفقاس

لە سالانی یەکەمی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتی‌دا، بەهۆی گەڕان بەدوای کارو دەرامەتیی ژیان لە شاردا، کورد لە ئەرمەنستانەوە دەکەوتنە گورجستان‌و بەشێوەیەکی سەرەکی لە تبلیس.

وەك لە سەرەوە پەنجەمان بۆ ڕاکێشا، حاڵی حازر دانیشتوانی گوندەکانی کورد بەشێوەیێکی سەرەکی سەر بەدوو کۆمارن: ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان.

هەوڵ دەدەین ئەو زانیاریەیە کەمەی لە ئەدەبیاتدا دەربارەی پەیدابوونی کورد لە روسیا وتراوە، بەکەرەستەی گەشت‌و گەڕانمان بەناو ئەو کوردانەدا دەوڵەمەند بکەین.

لە کاتی گەڕانماندا ئەوەمان بۆ روون بوەوە، کە نزیکەی هەموو بەسالاچووەکانی کوردی پشت قەفقاس، مێژووی پەیدا بوونی گوندەکانی خۆیان لە بیرە، کە لە راستیدا لەئەنجامی هاتنی کورد لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیکەوە(١٨) دروست کراون. ئەوەتە لە ئازەربایجان لەسەر چیا بڵندەکان‌و بناری چیاکان کوردێکی زۆر نیشتەجێ بوون، کە

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئێرانەوە هاتوون، پاش ئیمزاکردنی پەیمانی تورکمانچای لە ساڵی ١٨٢٨دا، کە بەشێکی زەوی ئازەربایجان خرایە سەر ڕووسیا، ئەو کوردانەی نیشتەجێی ئەوێ بوون، بەر ڕووسیا کەوتن، بۆ نموونە دانیشتوانی ناوچەکانی: زێڵانلی، شۆتاڵانلی، قوباتلی.

ئەو کوردانەی لە ساڵانی ١٨١٣و ١٨٢٨و ١٩١٤دا لە ئێرانەوە بۆ ئازەربایجان هاتوون، لە ئویەزدی زەنگەزوور- واتە پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆڵی زوودا بنجیان داکوتاوە.

باوو باپیرانی ئەو کوردانەی ئێستای گوندەکانی ناوچەی زێیلیك، کەڵبەجەڕ، لە ئاکامی



بەرگی کتێبی (کوردەکانی پشت قەفقاس)

تەنگ پێ هەڵچنینی فەرمانڕەوایانی ئێران لە کاتی شەڕی ڕووسیاو ئێراندا، بۆ ئەرمەنستان هەڵهاتوون. دواتر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە ناوچەی کەڵبەجەڕ نیشتەجێ بوون. داستانی ئەوە دەگێڕنەوە، کە سێ برا بۆ کەڵبەجەڕ هاتوون. یەکێکیان لە کەڵبەجەڕ ماوەتەوە. دوانەکەی دیان بەرەو چیا ڕۆیشتوون، لە سەرەتادا لە ئازەربایجانی ئێستادا لە گوندی زار گیرساونەتەوە، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی ئاو بۆ لای ڕوباری چیای زێیلیك چای چوونو گوندەکەی ئێستایان دروست کردووەو ناویان ناوە زێیلیك.

لە ساڵانی بیستدا لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی (کوردستانسکی ئویەزد)(١٩) واتە: ئویەزدی کوردستان یاخود ناوچەی کارگێڕیی کوردستان دامەزرا، کە ناوچەکانی کەڵبەجەڕیو لاچینو قوباتلیو زەنگەڵان دەگرێتەوەو (لاچین)یش مەرکەز (پایتەخت)ی بوو، لە ساڵانی (٣٠)دا ئویەزدی کوردستان گۆڕرا بە ئۆکروگی (٢٠) کوردستان، ئەم ناوچانە: زەنگەڵانو کەڵبەجەڕیو قوباتلیو قوتورلیو بەشێکی جبرایلی گرتبووە خۆ(٢١) مەرکەزی ئۆکروگیش لاچین بوو. لە نێو کوردەکاندا لە چوارچێوەی ئۆکروگی کوردستاندا لە ئەنجامی گەڕان بەدوا لەوەڕگەی باشدا، لەگەڵ مەڕو ماڵاتیاندا لە ناوچەیێکی ئازەربایجانەوە بۆ ناوچەیێکی دی دەچوون(٢٢) بۆ نموونە کوردەکان لە ناوچەی کەڵبەجەڕی گوندی نوێیان دروست کردو لە لاچینەوە گوێزایانەوە ئەو گوندانە. گوندی ئۆرجلوو ئاغجەکەندی ناوچەی کەڵبەجەڕی کوردەکانی گوندی ئاغجەکەندو مینکەندی ناوچەی لاچین دروستیان کردوون.. چیرۆکی ئەوە دەگێڕنەوە، کە گوندی ئۆرجلوو بەناوی ئەو کوردەوە ناونراوە، کە دروستی کردووە، ئاغجەکەندیش بەناوی ئەو کچە کوردە جوانەوە (ئاغجە) ناونراوە، کە یەکەم کەس بووە لەگەڵ کەسو کاریدا بۆ ئەم شوێنە هاتووە.

شورتانی خواروو لە ناوچەی کەڵبەجاڕی ئەو کوردانە دروستیان کردووە، کە لە گوندی (میریك)ەوە هاتوون، چیرۆکێك ئەوە باس دەکا، کە بۆ شورتانی خواروو لە سەرەتادا دوو برا: خیوتو ناجی لەگەڵ خێزانو خزمە نزیکەکانیاندا هاتوون. لە ساڵانی ٢٠ی سەدەی بیستەمدا بەشێکی دانیشتوانی ئەم گوندە بۆ گەڕان بەدوا لەوەڕگەی باشو زەوی بەپیتدا بەرەو ناوچەکانی ئاوڵاخو میربەشیر ڕۆیشتوون(٢٣).

لە سالانی بیستدا هەندێ خێزانی کوردی موسڵمان ئەرمەنستانیان بەجێ هێشتو چوون بۆ ئازەربایجان، چونکە زوربەی زۆری دانیشتوانی کوردی ئازەربایجان موسڵمان بوون، بۆ نموونە، گوندی (قەرەکەشیش)ی ناوچەی لاچین، ماوەیێکی زۆر بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەلایەن ئەو کوردانەوە دروست کراوە، کە لە ئویەزدی شارەڕۆ – دارئەڵەگەزی پارێزگای یەریڤانەوە هاتوون. لە سەرەتادا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، لە گوندی قەرەقشڵاغ نیشتەجێ بون، سەرچاوەی میژوویی و قسەی بەسالاچوەکان ئەو راستیەیە ئیسپات دەکەن، سالی ١٨٨٠ لە گوندی قەرەقشڵاغ (٢٥٢) خانوو هەبوو کوردی تێدا دەژیان. لە سالانی بیستدا بەشێکی کەمی کوردی ئەم گوندە بەسەرۆکایەتی دوو برا، بەناوی: خودۆو عەبباسەوە کەوتنەڕێ بۆ گەڕان بەدوای زەوی و زاری باشداو لە نزیك بیست کیلۆمەترێك لە قەرەقشڵاغەوە گوندێکی نوێیان دروست کردو ناوی (قەرەکەشیش)یان لێ نا.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بنەماڵەی شاسوار لە ئویەزدی شارەڕۆ– دارئەڵەگەزەوە هاتن بۆ ئازەربایجان. ئەم بنەماڵەیە لەو جێگەیەدا نیشتەجێ بوو، کەوا پێ دەچێ لە سەردەمێکی زووداموسڵمانی تێدا بووەو دواتریش ئەرمەن، زۆری پێ نەچوو بۆ گوندی مینکەندی ئێستای ناوچەی لاچین چەند خێزانێکی دی کورد هاتن. گوندەکەش بەپێی بنەماڵە دابەش بوو بەسەر چەند گەڕەکێکدا.

وەك تەمەن درێژەکان باسی دەکەن، کاتێ بنەماڵەی شاسوار هات بۆ مینکەند خانووبەرەی دانەڕووخاوی تێدا نەبوو، کڵێسەیێکی ئەرمەنی بەساغی تێدا مابووەوە، کە هی سەدەی حەڤدەیەمە، موسەیب ئاخوندۆڤی پیری ئەم گوندە، بۆی گێڕاینەوە، کە ئەو کڵێسەیە مزگەوتێکی کۆن بووەو تازەکراوەتەوەو کراوە بەکڵێسە، لە سالی ١٨٨٨ دا لەم گوندەدا (٢٣) خانوو کوردی تێدا بوو و (٤٧) خانووش ئەرمەن(٢٤) لە گوندەکانی دی ناوچەی لاچینی ئازەربایجان: بۆزڵو، ئاغجەکەند، میریك، کەمالی – لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەپێی هەواڵی بەسالاچووەکانو هەروەها بەگوێرەی سەرژمێری، کورد دەژیان، بەڵام ئێستا کوردو ئازەر تێیاندا دەژین.

گوندەکانی ئەمڕۆی کوردی ئەرمەنستان، لەلایەن ئەو کوردانەوە دروست کراون، کە بە زۆری لە تورکیاوە هەڵهاتوونو بەشێکی کەمیشیان لە ئێرانەوە. هەروەها ئەو کوردانەش کە لە ئازەربایجانەوە بۆ ئەم شوێنە هاتوون. کۆمەڵی جیا جیای کوردیش لە سەدەی هەژدەیەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەرمەنستان دەژین. زیادبوونی هاتنی کورد بۆ ئەم مەڵبەندە، بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕی قرم لە سالانی ١٨٥٣–١٨٥٦داو شەڕی سالانی ١٨٧٧–١٨٨٨ی نێوان رووسیاو تورکیادا، ئەو کوردانەش بە شێوەیەکی سەرەکی کوردی یەزیدی بوون، کە لە تورکیا بە کافریان دادەنانو تووشی دەردو ئازاریان دەکردن، لە تورکیا بە چاوێکی سووك تەماشای یەزیدییەکانیان دەکردو ناویان نابوون (شەیتان پەرست).

کوردەکان بۆ چیاکانی ئەرمەنستان هەڵهاتن (لە تورکیا کوردو ئەرمەن لە چارەڕەشیدا هاوبەش بوون) بنەماڵەی گەورە گەورەو هۆزی جیا جیای یەزیدی لە عەینتاب، قارصو هەرێمی قارص، وان، هەڵهاتن، بەشێوەیەکی سەرەکی لە سالانی ١٩١٤–١٩١٨دا. لە سەرەتادا، بەزۆری لە ئویەزدی سورمالین لە پارێزگای یەریڤانی زوو گیرسانەوە.

جیاوازیی کوردی ئەرمەنستان لەگەڵ کوردی ئازەربایجان لەوەدایە کە گوندەکانی کورد (مەبەستمان کوردە یەزیدیەکان) لە ئەرمەنستان بریتین لە بیناکردنەوەی گوندە رووخاوو بەجێ هێڵراوەکانی گوندییە ئەرمەنو ئازەرەکانو هەروەها ئەو گوندانەی زوو هی کوردە موسوڵمانەکان بوون، بەوێنە، گوندی (ئاکۆ)ی

ناوچەی تالین، وەك بەسالاچووەكان دەیگێڕنەوە لە لایەن كوردە موسوڵمانەكانەوە بیناكراوە(٢٥). لە ساڵانی ١٩١٧–١٩١٨دا كوردە موسوڵمانەكان ئەم گوندەیان بەجێ هێشتو كۆچیان كرد بۆ توركیا، لە ساڵانی ١٩٢٠دا بۆ ئەم شوێنەی ئەمان لە ئویەزدی سورمالینەوە ئەو كوردە یەزیدییانە هاتن، كە حاڵی حازر نەوەكانیان لێرە دەژین.

لە راپۆرتی سەرۆكی ئویەزدی ئەلێكساندەرەوە، كە لە (٢٦)ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٨٦٦دا بۆ پارێزگاری سوپای یەریڤانی ناردووە، وا رادەگەیەنێ: (گوندەكانی كیلیز قولە، قزل كول، زاغە، عەبدورەحمان، تلك، شابان، دێهاتی كۆنی رووخاونو دیارە زوو خەڵكیان تێدا ژیاوەو ئێستاش لەكاتی زستاندا كوردەكانی ئویەزدی ئێچمادزین تێیاندا دانیشتوون)(٢٦).

دانیشتوانی (سۆرك)ی ناوچەی تالین، كە دراوسێی گوندی (ئاكۆ)ن مێژووی بەردەوامی چوونی كوردەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیان لەبیرە. پیاوە پیرەكان دەگێڕنەوە، كە باووباپیرانیان زوو لە عەینتاب دەژیانو لەوێ كۆچیان كردووەو هاتوون لە گوندی (سناك)ی ئویەزدی (سورمالین)ی زوو نیشتەجێ بوون. لە ساڵانی ١٩٠٠دا (سناك)یان بەجێ هێشتو چوونە گوندی (قولی بەگلو)ی ئویەزدی (ئێچمادین)ی زوو و دواتر لەوێوە لە ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدەیەمدا رۆیشتن بۆ سۆرك. پێش هاتنی یەزیدییەكان بۆ سۆرك، لە سۆرك كوردی موسڵمان دەژیان كەوا بەشێكیان لە ساڵانی ١٩١٧–١٩١٨دا چوون بۆ توركیاو لەبەر ناخۆشیی نێوان گاورو موسڵمانی دانیشتوانی ئەرمەنستان، بەشەكەی دییان هەندێ درەنگتر رۆیشتن بۆ ئازەربایجان. نابێ ئەوەش لەیاد بكەین، كە زۆر جار دووپات بوونەوەی جێگە گۆڕانەوە بەهۆی رووداوی هەمەجۆرو ناكۆكی بووە لەسەر زەوی لەنێوان كوردو ئەرمەنو، كوردو ئازەردا. ئەم جۆرە ناكۆكیانە گەلێ جار دەبووە هۆی كوشتنو خوێن سەندنو خۆشاردنەوەو بەدواداگەڕانو تەنگ پێ هەڵچنین بۆ نموونە، دانیشتوانی ئەرمەنی گوندی (ئەردەشار)ی ئویەزدی ئێچمادزین ٨ی ئابی ساڵی ١٨٦٨ لای كاربەدەستانی ناوچە سكاڵایان لەو ناكۆكییە كردبوو، كە لەسەر بەكارهێنانی زەوی كێڵراویان، كە سنووری لەگەڵ شوێنی زستانەی كوردەكاندایە، رووی‌دابوو.(٢٧).

یەزیدییەكانی دانیشتوانی گوندی (دیان)ی ناوچەی تالین لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ئویەزدی (سورمالین)ەوە لە ئەنجامی گەڕان بەدوای زەویو زاری بەپیتدا بۆ كشتوكاڵ، بۆ ئەم ناوچەیەی ئێستایان هاتوون، زوو لەم ناوچەیە ئازەر دەژیا.

لەهەمان كاتدا، كە كوردەكان لە ئویەزدی (سورمالین)ەوە كۆچیان دەكرد، ئەو كوردانەی لە توركیاوە هەڵهاتبوون، هاتنە ئەم گوندانە. بۆ نموونە لە ناوچەی تالین گوندی گێلتۆ، كەڵەش بەگ، سابونچیو هەندێكی دی، كە زوو گوندی كوردە موسوڵمانەكان بوون، بەر لە ساڵی ١٩٢٠ چوو بوون بۆ توركیا، ئەو یەزیدییانە تێیاندا نیشتەجێ بوون، كە لە گۆمی وانەوە بۆ ئێرە




قوتابخانەی ناوەندی لە گوندی ئەڵەگەز

هاتبوون.. گوندی (تلك)ی هەمان ناوچە، ئەو یەزیدیانەی سالّی ١٩١٨ لەکاتی کوشتاردا لە ناوچەی قارصەوە هەلّهاتبوون، ئاوەدانیان کردەوە. ئەم گوندە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا هی کوردە موسلّمانەکان بوو، کە نۆزدە خانوویان هەبوو(٢٨).

گوندەکانی (باین)و (ئاوتۆنە)و (سجانلو)ی کورد یەکجار زووتر لەگەلّی گوندی ناوچەی تالین دروست کراون، بە سالاّچووەکان، دەیگێڕنەوە، کە ئەم گوندانە (لە مێژە هی یەزیدییەکانن) بەر لە هاتنی یەزیدییەکان، گوندی باین ئەرمەنی تێدا دەژیاو بوونی کلّێسەی ئەرمەنیش لەم گوندەدا بەلگەی ئەو قسانەیە.. لە ئەدەبیاتدا بەلگەی ئەوە هەیە، کەوا لە کۆتایی سالاّنی ٤٠ی سەدەی نۆزدەیەمدا، چوار خێزانی ئەرمەن(٢٩) لێرە دەژیان. گوندی ئاوتۆنە لەسالّی ١٨٥٢دا لە لیستەی گوندە نابووتەکانی ناوچەی ئەرمەنەکاندایە(٣٠).

لە هەوالّی سەرژمێری پارێزگای یەریڤانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ئیسپاتی کەرەستەی ئەو گەشتەمان دەبینینەوە:

گوندی (دیان) بریتی بوو لە (٣٢) خانوو و دانیشتوانی ئازەر بوون. کورد موسولّمانەکان لە گوندەکانی گێلتۆ (١٣ خانوو)و سابوونچی (١١ خانوو)و کەلّەش بەگ (٦ خانوو)دا دەژیان، بەپێی ئەم هەواڵە، لە سالّی ١٨٧٣دا گوندەکانی ئەرمێی یەزیدیەکان: باین (٢٧ خانوو)و سچانلو (١٤ خانوو) یەزیدییەکانی تێدا بوو(٣١).



ژنە کوردێك لەسەر بەدالەی نێوان ئەلّەگەزو یەریڤان

لە هەرێمی بەسارگێچاری ئەرمەنستانی سۆڤێتی، وەك دانیشتوانی ناوچەکە باسی دەکەن، نزیك سالّی ١٩١٨ تەنیا یەك گوندی کوردی هەبوو، ئەویش (قەر؟) بوو، کە دەکەوێتە نێوان بەسارگێچارو باشکەندی ئازەربایجانەوە. سالّی ١٩١٨ کوردە موسولّمانەکان لە گوندی (قەر) کۆچیان کرد بۆ ئازەربایجان، گوندەکانی ئەمڕۆی کوردان: کوربلاّخو گێسو، سالّی ١٩٢٤ کوردە موسولّمانەکان لەجێی گوندەکانی ئازەرەکان بینایان کردوون، بۆ گوندی قایەباشی زووی ناوچەی بەسارگێچای، لە هەمان سالّدا کوردی موسولّمان لە ناوچەی کراسنۆسیلی ئەرمەنستانەوە هاتن. گوندەکانی کوربلاّخو قایەباشی زوو هی ئازەرەکان بوون، هەروەها بەلگەی سەرژمێری ئەو راستییە ئیسپات دەکا(٣٢).

لە گوندەکانی (چۆبان مان)و (قوروبوغان)ی ناوچەی (ئاپاران)ی ئەرمەنستانی سۆڤێتی، بەر لەهاتنی یەزیدیەکان لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا موسلّمان دەژیا، پیاوە بەسالاّچووەکان بەتەواوی نازانن، کە ئەو کوردە موسولّمانانە کێ بوون. دەربارەی گوندی جەمشلوی بچووکو گەرگەری هەمان ناوچە، دەگێڕنەوە، کە گوندی یەکەم لە لایەن ئازەرەکانەوە بیناکراوەو گوندی دووەمیش لەلایەن کوردو ئەرمەنەوە. ئێستاکە، لە گوندی جەمشلوی بچووکو گەرگەی، کوردی یەزیدی دەژی. سالّی ١٩٢٢ ئەرمەنەکان لە گەرگەری


نیشتەجێ بوون و سالّی ١٩٥٢یش خێزانێکی ئازەری بۆ هاتووە.

لە ئەدەبیاتدا لەو بارەوە بەڵگە هەیە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە گوندەکانی: میرەك قوروئاغاچ، قوروبوغاز، گەرگەری، چۆبان گیارەکماز (چۆبان ماز) کوردی یەزیدی دەژیان. پامپی کوردی(٣٣)، قونداغاز (قونداخان)، جەمشلوی گەورەو بچووك، کوربلاخ کوردی یەزیدی دەژیان، نزیکەی هەموویان لە تورکیاوە هاتبوون، لەسالانی ١٨٣٠و ١٨٧٧دا.(٣٤) جگە لە یەزیدی، نزیك سالّی ١٨٥٢ لە گوندەکانی میرەك، قوروبوغار، قونداغار، گەرگەری، چۆبان گیارەکماز ئەو ئەرمەنانەش دەژیان، کە لە تورکیاوە(٣٥) هەڵهاتبوون و وا پێ دەچێ دواتر چووبن بۆ دێهاتی دی.

لە ناوچەی (دیلیجان)ی ئەرمەنستانی سۆڤێت لە گوندەکانی سێمینۆڤکەو گوڵەڤینۆ لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە کوردی موسڵمان دەژین. (مەلۆکانییەکان)(٣٦) کە لە سەردەمی کاترینای یەکەمدا لە ڕووسیا دوور خرابوونەوە، ئەم گوندەیان بیناکردووە، گێڕانەوەی بەسالاچووەکان واڕادەگەیەنێ، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا(٣٧) لەم گوندانە کوردی موسوڵمان پەیدا بوون، کە زووتر لە گوندی داڤەلو لە دەشتی ئارارات دەژیان(٣٨).

جێگیر بوونی کورد لەو گوندانەی ئەرمەنستان، کە لە دەشتاییدان، هەندێ درەنگترو بەجۆرێکی دی بووە، وەك لەناوچە شاخاوییە سەرکەشەکان و قەدی شاخەکاندا.

تا سالّی ١٩٢٩ کوردەکان لەگەڵ مەڕو ماڵاتیاندا لە قەدو دامێنی ئەڵەگەزدا کۆچیان دەکرد، لە زستاندا دەهاتنە دەشتی ئارارات و لە گوندەکانی ئەرمەن دەژیان، هەندێ کورد، بەزۆری یەزیدییەکان، دەبوونە شوانی ئەرمەنەکان. لە ساڵانی ٣٠دا، بەهۆی گۆڕانی ژیانی کوردەکانی پشت قەفقاس لە کۆچەرییەوە بۆ نیشتەجێ بوون، بەشێکی زۆری خێزانە کوردەکان لە گوندەکانی ناوچەی ئۆکتیمبریان: مەرگەشات، ئەیکەوان، ئەیگەشات، سۆڤێتەکان و هەروەها گوندی ئایارلوی ناوچەی ئێچمادزین و هی دی بنجیان داکوتا، باو باپیرانی یەزیدییەکانی ناوچەی ئۆکتیمبریان لە ئویەزدی (سورمالین)ەوە بۆ ئەم شوێنە هاتوون. باوو باپیرانی یەزیدییەکانی ناوچەی (ئێچمادزین)یش بەشێکیان لە ئویەزدی (سورمالین)ەوە هاتوون و بەشێکی دییان لە ناوچەی قارصەوە، جگە لەوە هەندێ بەشی خێزانە کوردە نیشتەجێ بووەکان لە جێگەی گوندی ڕووخاوی غەیرە کورد، بنجیان داکوتاو بەڵگەکانی ئەرشیف ئەم ڕاستییە ئیسپات دەکەن، بۆ نموونە، گوندی (کیوەرکەند)ی کوردانی ناوچەی ئێچمادزین بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئازەرەکان بینایان کردووەو ساڵانی ١٩١٨–١٩٢٠ بەجێیان هێشتووەو چوون بۆ ئازەربایجان، ساڵانی ١٩٢٨–١٩٣٠ ئەو یەزیدیانە هاتوونەتە ناوی، کە ساڵانی ١٩١٨–١٩٢٠ لە قارصەوە بۆ ئەرمەنستان هاتبوون، لە هەمان کاتدا بیست خێزانی گوندی (نێجیرلو)ی ئویەزدی یەریڤان داوایان لە میری کرد ڕێیان پێ بدا، لە شوێنی ڕووخاوو وێرانی (یەنگیجە) نیشتەجێ ببن(٣٩).



سەروپێچی ژنە کوردی پشت قەفقاس

لە گوندەکانی ئەرمەنی کوردی پشت قەفقاس، لە ساڵانی ٣٠دا، ئەرکی ژنان لە ماڵەوە زۆر گرنگ بووە، ژنان لە ماڵەوە ئەرکی زۆر قورسیان هەبووە

کوردی موسوڵمان بۆ ئەم شوێنە، گوندەکە هی ئازەرەکان بوو. لە سەرچاوەی میژووییدا، ئاشکرایە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لەم گوندانە تەنیا ئازەر دەژیا، نێجیرلوی ژوورو (٧٥) خانووی تێدا بوو، نێجیرلووی خواروش (١٢٥) خانوو(٤١).

* * *

کوردی ئەرمەنستان لەگەڵ کوردی ئازەربایجاندا جیاوازی لەوەدایە کە یەکەمیان ئەسڵو رەگەزی هۆزەکانیان دەزانن، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە کوردەکانی ئەرمەنستان پێوەندی خێڵەکی لە نێوانیاندا گەلێ بەهێزترە، وەک لە کوردەکانی ئازەربایجان، کوردی ئازەربایجان پتر و بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخیان بەپێوەندی خزمایەتی داوە، کورد تەنیا لەڕێی خزمایەتیدا بۆ ئازەربایجان نەچووە، بەڵکو لەڕێی هۆزایەتیشدا ڕۆیشتووە.

کەرەستەی گەشتەکەمان ئەوە ئیسپات دەکا، کە ناوی هەندێ هۆزو بنەماڵە وەک یەکن. بۆ نموونە سیکی و بروکا چۆن وەک بنەماڵە ناو دەبرێن، ئەمینی عەبدالیش هۆز بەبنەماڵە(٤٢) ناو دەبا. دیارە بەپێی بارودۆخ بنەماڵە بووە بەهۆزو بەپێچەوانەوە هۆزیش بووە بە بنەماڵە(٤٣).

بەپێی کەرەستەی گەشتەکەمان، دەشێ بنەماڵەو هۆزەکانی کوردی ئەرمەنستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەم خشتەیە نیشان بدرێ:

ناوچە	گوند	ناوی هۆز – بنەماڵە
	چۆبان ماز	بەڵە
	قۆنداغاز	=
	قوروبوغاز	=

ئاپەران	پەمپی کوردی	سپکی
	ئەڵەگەز	=
	جەمشلوی	=
	بچووک	=
	کوربڵاخ	ڕۆژکی
	گەرگەری	=
	سەنگەر	مەحەمەدی
	میرەک	
بەسارگێچاری	قایەباشی	قەرەلی، پرکی،
	قوشەبڵاخ	شەولکی
	گیسو	پرکی
		بەشکی
ئۆکتیمبریان	ئایگەشات	ڕۆمەشی،
		شەرقی
تالین	سۆرک	حەسەنلی
	سیجەنلی	=
	سەیرانێ	=
	قشڵەمەڕە	=
	گیتۆ	زۆکۆری
	سابوونچی	=
	کەڵەش بەگ	زۆکۆری،
	ئاکۆ	ڕەشی
	تلك	سپکی
	قەپەح تەپە	=
	دیان	=
	زەویستان	ئۆرتولی،
	قەرەحاج	حەسەنی
	بایز	=
	بەرۆش	=
	قەرمگروخ	= ، سپکی

		ڕۆژکی =
دیلیجان	گوڵەڤینۆ سێمێۆنۆفکا	جەلالی =
شەومیان	نێجیرلوی خواروو	بروکە
ئێچمادزین	گورەکەند	شەرقی، دەوەنە

وەك پەنجەمان بۆ راکێشا، کوردی ئازەربایجان ئەسڵی هۆزەکانیان لە بیر نەماوە، لە وەڵامی پرسیاری باوو باپیرانتان لە کام بنەماڵەو هۆز بووە، بەسالاچووەکانی گوندی (زێ ییلیك)ی ناوچەی کەڵبەجەڕیو (زێلانلی)ی ناوچەی زەنگەڵانو (مینکەند)ی ناوچەی تالین وتیان: فەرەح گیانلی یان فەرەح کەنلی، شاسواری، بابەیاڵی، وابیردەکەینەوە، ئەم ناوانە ناوی بنەماڵەو هۆز نێنو ناوی شوێنو ناوچەن، فەرەح گیانلیو شاسواری ناوی کۆمەڵی دێهاتییە، کەوا کوردەکانی گوندەکە دەگرێتەوە. لە کۆمەڵی دێهاتیی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا حەوت گوندی کوردی گرتبووەوە: شاسوارلی، مینکەند، بۆزلو (کەمالی)، ئاغگەری، ئەلپاوت، بەرگەزین گێرك، مێرگ حەسەنلو(٤٤). لە کۆمەڵی دێهاتیی فەرەح کەنلی دوو گوند بەشدارن – فەرەح کەنلیو حەسەنلی(٤٥) تەنیا بابەیالی دەشێ رەنگ دانەوەی یەکگرتنی گەورەی بابان بێت، بەم جۆرە گەر بەسالاچوانی دانیشتوانی کوردی ئازەربایجان پێوەندییان بەناوچەوە لە بیر مابێ، ئەوە کوردەکانی ئەرمەنستان لەگەڵ ناوی کۆمەڵی دێهاتییاندا ناوی بنەماڵەو هۆزەکانیشیان دەزانن.

لە کۆتایی سالانی بیستو سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەمدا، شوێنی کوردەکانی ئازەربایجان لەم خشتەیەی خوارەوەدا نیشان دەدەین(٤٦):

ناوچە	گوند	ناوی بنەماڵە سەرەکییەکان
کەڵبەجەڕی	شورتان	نەگڵی، گوتی
	سەیوخبلاخ	حسەین قولی،
		کولیلیار
	زێییلیك	کولوکولو
	ئەغجەکەند	=
		ناجی قلی، عەلی
	ئۆرجلو	ڕزالی،
		میرلی، قەچەرلی
	خەلانلی	قەرەخەنلەر، حسێن
		لەر،
		تەشەدیلەر
		ئەلیاسلەر، شوکورلاك
لاچین	زەردی	فەرتۆ،
		ئەڵڵاوێردی
	مینکەند	شاسوارلی، تەرولو،
		شاوەردلێر، مەمێلی
	بۆزلو	شەرەفلی، کرەولی
	کەمالی	شەرەفلی
	قەلاچە	؟
	ئاغجەکەند	لەزگی، میری،
	قەرەکەشیش	کۆچەری
	ئاغبلاخ	سەفی قولی،
	شیلان	ئاغائۆغلی
		ئیسماعیلی، کەرلی،
		خودێلی

		ئیسخانلەر، مەمێدلەر، شەفیق لەر چیچەك لەر(٤٧)

پەراوێزەکان:

(١) ئەم چەند دێرە، کە کورتەیەکی مێژووی کوردەکانی پشت قەفقاس باس دەکا، لە لاپەرە (٤٩،٣٦)ی کتێبی (کوردەکانی پشت قەفقاس)ەوە وەرگیراوە، کە ت، ف. ئاریستۆفا ساڵی ١٩٦٦ لە مۆسکۆ باڵاوی کردووەتەوە (وەرگێڕ).

(٢) پێویستە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین، کە لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ١٣–١٤و تەنانەت هەندێ زووتریشدا، لەبارەی پەیدابوونی کوردەوە زانیاری بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە، بڕوانە: ن. ئا. گاگێمێستێر، لەبارەی ئابووریی پشت قەفقاسەوە – (قەفقاس) ١٨٤٧، ژ٧، گ.ف. چورسین، کوردەکانی ئازەربایجان، (دەنگوباسی ئامۆژگای مێژوو و ئارخیۆلۆژی قەفقاس) ب٣، تفلیس، ١٩٢٥، ئا. ف. لیایستێر و گ.ف. چورسین، جوگرافیای پشت قەفقاس، لە بارەی جوگرافیای سروشتی و ئەتنۆگرافی‌ی کۆماری یەکگرتووی ئیشتیراکیی پشت قەفقاسی سۆڤێتی، ١٩٢٩، ل٣٠٠، ف.ف. مینۆرسکی، مێژووی شیروان‌و دەربەند، مۆسکۆ، ١٩٦٣).

کەرەسەتەی گەشتمان، مێژووی پەیدابوونی کورد لە پشت قەفقاس دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم.

(٣) پ. ئی. ئاڤێریانۆف، کورد لە شەرِی ڕووسیا لەگەڵ ئێران‌و تورکیادا، ل٢٧.

(٤) ریزە چیایێکی بەرزو سەختە لە قرم لەسەر کەناری دەریای ڕەش.

(٥) هەمان سەرچاوە، کورد لە شەرِی ڕووسیا.. ل٣٠.

(٦) ن. خ. مەحمودۆف، میللەتی کورد، ل ٢١٤ (بەزمانی ئەرمەنی).

(٧) لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا ئویەزد وەك قەزا وابوو، کە بەسترابێت بەپارێزگایەکەوەو چەند گوندو ناوچەی دەگرتەوە، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەگەرچی هەر دەبوو سەر بەپارێزگایێك بێت، بەڵام لە ڕووی ماف‌و دەسەڵاتەوە زۆر گەشەی پێ درا (وەرگێڕ).

(٨) ن. ئا، خالفین، زۆرانبازی لەسەر کوردستان، ل ١١٤.

(٩) پ. ئی. ئاڤێریانۆف، کورد لە شەرِی ڕووسیا لەگەڵ ئێران‌و تورکیادا، ل٢٤.

(١٠) ف.گ. سەرژمێریی ناوچەکانی دەوروبەری نەخچەوان (گۆڤاری وەزارەتی ناوخۆ) پیتربورگ، ١٨٣٤، ل٩١–٩٢.

(١١) (پەیمانەکانی ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژهەڵات – سیاسی‌و بازرگانی) ت. یوزێفۆڤیچ کۆی کردوونەتەوەو چاپی کردوون، پیتربورگ، ١٨٦٩، ل٢٢١–٢٢٢.

(١٢) لە بەندی ٢٤ی تورکمانچای‌دا ئیشارەت کراوە: (هیچ یەکێك لە لایەنە پایە بڵندەکانی ئەم پەیمانە داوای دانەوەی ئەو خۆفرۆش‌و هەڵهاتوانە ناکاتەوە، کە پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕەی دوایی، یان لە کاتی ئەم شەڕەدا چوونەتە لایەکەی دی. بۆ جڵەوگیری عاقیبەتی زیان بەخش، هەردوو توانا پێکەوە دەبێ ئاگاداری خەیاڵو تەگبیری نێوان هەندێ لەو خۆفرۆشانەو هاوبیرانیان‌و ژێر دەستانیان بن، حکومەتی ئێران، بەڵێن دەدا لە زەویی خۆیدا، کە دەکەوێتە نێوان ئەراکس‌و ئەو هێڵەی ڕوباری چارا سازی کردوە، گۆمی ورمێ، ڕوباری جغەتو و قزل ئۆزان تا دەڕێتە دەریای قەزوینەوە، ئەو کەسانەی لێ قەدەغە بکا، کە عاقیبەتی خراپیان بۆ حکومەتی ڕووسیا هەیە، ئیمپراتۆری خاوەن شکۆی ڕووسیا بەرانبەر ئەوە، لە لایەن خۆیەوە بەڵێن دەدا، ڕێگەی خۆفرۆشە ئێرانی‌یەکان نەدا لە خان نشینی قەرەباخ‌و نەخچەوان‌و لەو بەشەی خان نشینی یەریڤان، کە دەکەوێتە کەناری لای ڕاستی ڕوباری ئاراکسەوە، نیشتەجێ بن یان بژین، بێ گومان ئەم مەرجانەش تەنیا بۆ کەسانێکە، کە ناوداربن‌و پایەیەکی بەرزیان هەبێ، وەك خان‌و بەگ‌و سەرکردەی ئایینی‌و مەلاو کەسانی دی لەم جۆرە، کە دەتوانن کاری خراپ بکەنە سەر هاوواڵاتیانی جارانیان، ئەوەی بەگشتی پێوەندی بەخەڵکی هەردوو واڵاتەوە هەیە، ئەوەیە هەردوو هاوپەیمانی پایەبەرز، لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون ڕێگە لەوانە نەگیرێ، کە ڕۆیشتوون یان لەمەولا دەڕۆن بۆ هەر یەکێك لەم دوو واڵاتەو لەو شوێنانە نیشتەجێ بن، کە حکومەتی ئەو واڵاتە بۆیان دادەنێ) (هەمان سەرچاوە، ل٢٢٠–٢٢١).

(١٣) بڕوانە: (کۆمەڵێ زانیاریی سەرژمێری، لە ئەنجامی ژمارەدنی خێزانیی دانیشتوانی قەفقاس–دا پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆل) تفلیس، ١٨٨٨، س.پ. زێلینسکی، جوتیارانی دەوڵەت، لە ناوچەی پشت قەفقاس (کۆمەڵێ کەرەستە دەربارەی لێکۆڵینەوەی داب و نەریتی ئابووریی جوتیارانی دەوڵەت لەناوچەی پشت قەفقاس) ب٢، تفلیس، ١٨٨٧، ل٩–١١، ئا. ف. پارفیتسکی، (ژمارەی جوتیارانی دەوڵەت) هەمان سەرچاوە، ل١٠١، (دابەش کردنی دانیشتوانی پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆل بەگوێرەی میللەت) – (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٨٩٧) تفلیس ١٨٩٦، خانەی ٥، ٥٦–٥٧، ل.پ. زاگورسکی، (دابەش کردنی دانیشتوانی قەفقاس بەگوێرەی نەژادی نەتەوە). (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٨٩٨) تفلیس ١٨٩٧، خانەی ٣، ل٦٨–٦٩، (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٩٠١) تفلیس، ١٩٠٠، خانەی ٣، ل٥٠–٥١، (زانیاریی ئویەزدەکان دەربارەی دابەش بوونی دانیشتوانی پشت قەفقاس بەپێی میللەت)– (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٨٩٨) تفلیس، ١٨٩٧، خانەی ٤، ل٥٦،ی کۆندراتێنکۆ، نەخشەی ئەتنۆگرافیی پارێزگاکانو هەرێمەکانی پشت قەفقاس، ١٨٩٦، ل١٠–١٢، م. ئا. گێدیڤانۆف، ئویەزدی زەنگەزووری پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆل لە ڕووی تەندروستییەوە لە ساڵانی ١٨٩٠–١٨٩٢دا، (گۆڤاری تەندروستی) تفلیس، ١٨٩٤، ژ٥٦، ل١٢٣.

(١٤) بڕوانە: (لیستەی شوێنە نیشتەجێکانی ناوچەی قەفقاس– پارێزگای یەریڤان) تفلیس، ١٨٩٧، س.پ. زێلینسکی، (جوتیارنی دەوڵەت لەناوچەی پشت قەفقاس) ل٩، ئا. ف، پارفێتسکی، (ژمارەی جوتیارانی دەوڵەت) ل٩٣، (دابەش کردنی دانیشتوانی پارێزگای یەریڤان بەگوێرەی میللەت). (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٨٩٧) خانەی ٥، ل ٥٨–٥٩، (زانیاریی ئویەزدەکان، دەربارەی دابەش بوونی دانیشتوانی پشت قەفقاس) _(سالنامەی قەفقاسی سالی ١٨٩٨) خانەی ٣، ل٥٨؛ ل.پ. زاگورسکی، دابەش کردنی دانیشتوانی قەفقاس بەگوێرەی نەژادی نەتەوە (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٨٩٨) ل ٦٨–٦٩، و هەروەها/ (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٩٠١)، ل ٥٠–٥١، ێ. کۆندراتێنکۆ، نەخشەی ئەتنۆگرافیی پارێزگاکانو هەرێمەکانی پشت قەفقاس، ل ١٦–١٧، (نیشاندانی سەرژمێریی جەنگیی پارێزگای یەریڤانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی) بەرگ ١٦، ژ٦، پیتربورگ، ١٨٥٣، ل١٦١–٢١٨، ب. ئیشخانیان، میللەتانی قەفقاس، پیترۆگراد، ١٩١٦، ل٢٨.

(١٥) بڕوانە: (زانیاریی ئویەزدەکان دەربارەی دابەش بوونی دانیشتوانی پشت قەفقاس بەپێی میللەت) ل ٥١–٥٢، ل. پ. زاگورسکی، دابەش کردنی دانیشتوانی قەفقاس بەگوێرەی نەژادی نەتەوە، ل ٦٢–٦٩، هەروەها بڕوانە: (سالنامەی قەفقاسی سالی ١٩٠١) ل. ٥٠–٥١، ئا. ن. بێژڤی، پێکهاتنی ئەتنۆگرافیی قەفقاس، پیتربورگ، ١٨٧٩، ل٥، ی.ی. پانتیوخۆف، ئویەزدی خالکال، (گۆڤاری تەندروستی) تفلیس ١٨٩٢، ژ٥٣، ل١٦٩، ل.ن. ئەندرۆنیکۆف، باسی لقی سێی مەڵبەندی پۆلیسی ئوراڤیلی ئویەزدی ئەخالسیخی پارێزگای تفلیس، ١٨٩٤، ب١٥، ل٢٦١، ل.پ. زاگورسکی، ڕاپۆرتێکی کورت لەبارەی سەفەرێکەوە بۆ ئویەزدی ئەخالسیخ لە ساڵی ١٨٧٢دا– (ی. ك. ۆ. ی. ر. گ.ۆ) ب ٢، ١٨٧٣، ژ٢، ل٥٥.

(١٦) ئا. شامیلۆف (عەرەبی شەمۆ) لەناو کوردانداء (ئاسۆی ڕۆژهەڵات) تفلیس، ١٩٢٤، ژ٥٥٣.

(١٧) ل. ب. زاگورسکی، ڕاپۆرتێکی کورت لەبارەی سەفەرێکەوە بۆ ئویەزدی ئەخالسیخ لە ساڵی ١٨٧٢دا، ل٥٥.

(١٨) کەرەستەی گەشت لەبارەی شوێنی کوردانەوە بەشێکی لە وتاری: ت.ف. ئاریستۆڤا، (لە مێژووی پەیدابوونی گوندەکانی کوردی ئەمڕۆوە لە پشت قەفقاس) (ئەتنۆگرافیای سۆڤێتی) مۆسکۆ، ١٩٦٢، ژ١ بڵاو کراوەتەوە.

(١٩) گ.ف. چورسین، کوردەکانی ئازەربایجان، ل٣.

(٢٠) ئۆکروگ ناوچەیێکی کارگێڕییە، کە لە ڕادەی پارێزگادایە، لەو گۆڕانکارییە کارگێڕییەی لە ساڵانی ١٩٢٣–١٩٣٠دا لە یەکێتی سۆڤێت کرا، دەسەڵاتی کارگێڕیو ئابووریو جەنگی... بەئۆکروگ درا، ساڵی ١٩٣٠ ژمارەی ئۆکروگ لە یەکێتی سۆڤێت، گەیشتە (٢٤٦) – (وەرگێڕ).

(٢١) ئۆکروگی کوردستان پێکهێنرا (ئاسۆی ڕۆژهەڵات) تبلیس، ١٩٣٠، ژ١٤٤. پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە پێش پێکهێنانی ئۆکروگی کوردستان، لە ساڵانی ١٩٢٩–١٩٣٠دا، ویسترا ئۆکروگی ئەراکسی پێك بهێنرێو جبرایل بکرێ بە مەرکەزیو ناوچەکانی کورد حاجیو قوتورلیو دانیشتوانی کوردی کەڵبەجارێو لاچینو قوباتلیو زەنگەلانی بگرێتە خۆ، ناوچەکانی کەڵبەجارێو قوتورلی لە مەرکەزی ئۆکروگ جیاکرانەوە لەبەر زۆر دووریان، ناوچەی لاچین، ئەگەرچی بە جبرایلەوە بەسترابوو، بەڵام ڕێگای تامەرکەزی ئۆکروگ، کە (٤٥) کیلۆمەتر بوو، هەمووی بێ ئاوو بێ خەڵك بوو و کەوتبووە بیابانی گێریانەوە (بڕوانە: –ئاسۆی ڕۆژهەڵات– ١٩٣٠، ژ١٤٤).

(٢٢) کەرەستەی گەشت بەئازەربایجانی سۆڤیەتدا، لە گوندەکانی: مینکەند، زەردی خواروو، زەردی ژوورو، قالەجەو، بۆزلو، کەمالی، قەرەکەشیشی ناوچەی لاچین، زێ ییلیك، شتورانی خواروو، ئاغجەکەند، ئۆرجلوی ناوچەی کەڵبەجاڕی، مولوی ژوورو، زیاڵانلی ناوچەی قوباتلی کۆمان کردوونەتەوە.

(٢٣) بڕانە: (کۆمەڵێ زانیاری سەرژمێری، لە ئەنجامی ژماردنی خێزانیی دانیشتوانی قەفقاس- پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆل) تفلیس، ١٨٨٨، ل١٤١.

(٢٤) لەو شوێنە واباوە، کە ئەرمەنی ئازەربایجان کەم جێی گۆڕیوەو شوێنی خۆی بەجێ نەهێشتووە، تەنیا لە حاڵەتی وێران بوونی گوندیان لە ئەنجامی زیانی سروشتیەوە یان ڕاوەدوونانیانەوە ڕۆیشتوونو ئەمە لە کوردیان جیا دەکاتەوە. کۆچی ئەرمەن بۆ ئازەربایجان هۆی ناچار بوونی جوتیارە بەدوا کاردا لەشار (بڕوانە: ن. ئا. ئەبیلۆڤ، داب‌و نەریتی ئابووریی جوتیارەکانی دەوڵەت لە ئوپەزدی ئێلیزاڤێت پۆڵی پارێزگای ئێلیزاڤێت پۆل، - (کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی داب‌و نەریتی ئابووریی جووتیارانی دەوڵەت لەناوچەی پشت قەفقاس) ب٧، تفلیس، ١٨٨٧، ل١٢-١٤.

(٢٥) هەروەها بڕوانە: لیستەی شوێنی دانیشتوانی ناوچەی قەفقاس- پارێزگای یەریڤان.

(٢٦) مەرکەزی ئەرشیفی میژووی ئەرمەنستانی سۆڤێت، گەنجینەی ١٣٣، خانەی ١، تاقی ٧١٥، مەلزەمەی١.

(٢٧) هەمان سەرچاوە، گەنجینەی ١٣٢، خانەی ١، تاقی ٨٥٢. مەلزەمەی ٢-٣.

(٢٨) (لیستەی شوێنی دانیشتوانی ناوچەی قەفقاس - پارێزگای یەریڤان).

(٢٩) بڕوانە: ئی. شۆپێن، یادگاری میژوویی باری هەرێمی ئەرمەنستان لە سەردەمی بەستنی بەئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە، بەشی ٣، پیتربورگ، ١٨٥٢، ل٥٧٥.

(٣٠) هەمان سەرچاوە، ل٥١٤.

(٣١) (لیستەی شوێنی دانیشتوانی ناوچەی قەفقاس- پارێزگای یەریڤان).

(٣٢) هەمان سەرچاوە.

(٣٣) پەمپ- وشەیێکە لە زمانی هیندە کۆچەرەکانەوە وەرگیراوە. بەزەوییکی دەشتانی دەوترێ، کە لەوەڕگەی باشی تێدابێ، ئێستا لەنێو گوندەکانی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتدا گوندێك بەناوی (پەمپی کوردی)یەوە هەیە، (وەرگێڕ).

(٣٤) ی.ل. بەختەدزێ، کۆچەرانی ناوچەی پشت قەفقاس، (کۆمەڵێ زانیاری بۆ لێکۆڵینەوەی داب‌و نەریتی ئابووریی جوتیارانی دەوڵەت لە ناوچەی پشت قەفقاس)، ب٣، تفلیس ١٨٨٨، ل٧٧.

(٣٥) ئی. شۆپێن، یادگاری میژوویی باری هەرێمی ئەرمەنستان لە سەردەمی بەستنی بەئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە، ل٥٨٧-٥٩١.

(٣٦) مەزهەبێکە لە مەزهەبەکانی گاوری ڕووسیا (وەرگێڕ).

(٣٧) گوندی گوڵەڤینۆ- ئێستا شەقامی شاری دیلیجانە، لە دۆکومێنتی ئەرشیفدا، لەو بارەیەوە بەڵگە هەیە، کە گوندی سێمینۆڤکا لە ساڵی ١٨٩٤دا، ڕووسەکان دروستیان کردووە (بڕوانە: ئەرشیفی میژوویی ئەرمەنستانی سۆڤێت، گەنجینەی ١٢٣، خانەی١، تاقی٣٥٩، مەلزەمەی٥). لە لیستەی دانیشتوانی پارێزگای یەریڤاندا تەنیا ناوی سێمینۆڤکا براوە، کە مەڵۆکانیەکان تێیدا دەژیان، وادیارە، گوندی گوڵەڤینۆ کەمێ دواتر دروست کرابێ.

(٣٨) لە ساڵی ١٨٧٣ دا گوندی داڤەلو (٢١٧) خانووی ئەرمەنەکانو (٢٤) خانووی کوردە موسوڵمانەکان (سونی)و (١٩) خانووی ئازەرەکان هەبوو (بڕوانە: -لیستەی دانیشتوانی ناوچەی قەفقاس/ پارێزگای یەریڤان-).

(٣٩) ئەرشیفی میژوویی ئەرمەنستانی سۆڤێت، گەنجینەی ١٣٣، خانەی١، تاقی٦٣٠.

(٤٠) گوندی نێجیرلوی خواروو تا ساڵی ١٩٥٣ سەر بەناوچەی زەنگبار بوو، ساڵی ١٩٥٣یش خرایە سەر ناوچەی ئەرتەشاد، ئێستاکە لەسەر ناوچەی شەومیانی ئەرمەنستانی سۆڤێتە.

(٤١) (لیستەی شوێنی دانیشتوانی ناوچەی قەفقاس - پارێزگای یەریڤان).

(٤٢) بڕوانە: ئەمینی عەبدال، بنەماڵە لای کوردەکانی ئەرمەنستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا، (ئەتنۆگرافیای سۆڤێتی) ١٩٥٩. ژ٦، ل١٥٠.

(٤٣) بڕوانە: ئۆ. ل. ڤێلچێڤسکی، کوردی موکری، (گۆڤاری ئەتنۆگرافیی ئاسیای نزیك) مۆسکۆ، ١٩٥٨، ب١، ل١٨٥.

(٤٤) (کۆمەڵێ زانیاری سەرژمێری...) ل١٤٠.

(٤٥) هەمان سەرچاوە، ل١٢٢.

(٤٦) زانیاری لە کەرەستەی ئا. بوکشیان، - کوردی ئازەربایجان- باکو، ١٩٣٢ وەرگیراوە.

(٤٧) ئومێد دەکەم خوێنەری کورد لەگەڵم هاوڕابێ، ئەگەر بڵێم چەندین ناوی گوندو هۆزو بنەماڵەی کوردی بۆم نەلوا بەراستو دروستی بیانزانم.. پێشەکی سوپاسی هەرکەس دەکەم، ئەو هەڵانەم بۆ چاك بکا

(وەرگێڕ).

لەیلێ و مەجنون

محەمەد ئەحمەد سەعید

لەیلێ و مەجنون داستانێکی کۆن و چیرۆکێکی دڵداریيە . کە لەناو میللەتانی رۆژهەڵاتدا زۆر باوو بڵاوە . بە تایبەتی لە ناو میللەتە موسوڵمانەکانی وەک فارس و تورک و ئازەرو و کورد .

ئەم رازە دڵداریە یەکێکە لەو بەرهەمانەی عەبدوڵڵای دەباغیان بە دیالێکتی (گۆرانی) لە سەر کێشی شیعری (١٠) وە برگەیی نووسیویەتی محمد امین کاردۆخی هێناویەتبە سەر زمنووسی کوردی نوێ .

ئەگەر چی ناوەرۆکی ئەم رازە دڵداریيە ، بە سەرهات و شوێن و رووداوەکەی لە وڵاتی عەرەب نشین دا بووە .. بەڵام کاریگەری و تین و گوڕی زیاتر لەناو میللەتانی رۆژهەڵات دا هەبووەو بەوی پێ دراوە ، هەمیشە لە کۆڕو کۆبوونەوەو دیوەخان و بەزم و رەزمیان دا هەوێنی باس و خواسیان بووە ، تەنانەت لە بەرهەمی فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی سەر زاریان بە شێوەیەکی بەربڵاو رەنگی داوەتەوەو بووەتە هەوێنی گۆرانی و باس و خواسی دڵداری و شیعرو چیرۆکیان . بەواتە ساحەیەکی فراوانی گرتووەتەوە لە بواری کانی کەڵە ری ئە و میللەتانە بە تایبەتی کورد ، لە یلێ و مەجنون وەک دوو عاشق یەکتر لەبەرهەمی فۆلکلۆری و ئەدەبیاتەکەی دا رەنگی داوەتەوەو وای لێ هاتووە ، لەناو کوردە واری دا عاشق و مەعشوق . دڵدارو دولبەر بەو دوو ناوە یان لێکچواندووە ـ لەبەرهەمی زۆربەی شاعیران دا بە زۆری ناویان هاتووە . بوون بە هەوێنی غەزەلی دڵداری . لەزۆر شوێن دا (لەیلێ) بەرامبەر دولبەرو خۆشەویست بەکار بهێنن و بۆ مەجنونیش وەکو عاشق .ئەوەتا صەیدی هەورامی بەم شێوە یە باسی (لەیلێ) لەیلەکەی دەکات :

ئیسە سەبەب چێش ئەرێ لەیلەکەم
مەیلت کەردەن سەر هەی بێ مەیلەکەم
(١)

مەلا فەتاحی جەباریش لە لەیلەکەی ئەدوێ ئەڵێ:

بساد لەیلاخان بساد لەیلاخان
بساد عەنبەر یساد بورج لەیلاخان
مەشنیای تای دێز بە ڕەزای شاخان
مەشاتەی گیسو بڵند دەماغان
(٢)

وەک پێشتر باسی لێوە کرا لەیلێ و مەجنون بەشێوەیەکی فراوان لە ئەدەبیاتی کوردی دا بەتایبەتی شیعر ڕەنگی داوەتەوە . بە زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی نووسراوەتەوە . شاعیرانمان ئەم چیرۆکەیان لە ئەدەبی فارسی و تورکییەوە وەرگرتووە . بەهەمان ناوەرۆک بە دیالێکتەکانی کرمانجی سەروو و گۆران و کرمانجی خواروو هۆنیوەتەوەو ڕواڵەتێکی کوردانە یان داوەتێ زۆربەیان لە نیزامی گەنجەوی و قرواڵی تورکییەوە وەرگرتووە .

دیارترینیان ئەمانەن :

١) بەشێوەی کرمانجی سەروو لە لایەن حارسی بەدلیسی شاعیری سەدەی (١٧) حەڤدەم کە لە ساڵی ١٧٥٨ زایینی ڕێکی خستووە (٣).

٢) بە شێوەی کرمانجی خواروو لەیلێ و مەجنونەکەی مەلا فەرەج ساڵخ شەکیب کە ساڵی ١٩٤٢ زایینی بەشێکی ئەوەی نیزامی گەنجەوی بە دەسکاریەوە گۆڕیویەتە کوردی . هەروەها عەلی کەمال باپیر ئاغاش لە ساڵی ١٩٥٠ ز هەندێ تێکستی لەیلێ و مەجنونەکەی نیزامی گەنجەوی گۆڕیوەتە کوردی (٤) .

٣) بەشێوەی گۆرانی (هەورامانی) دیارترینیان تێکستەکەی عەبدوڵڵای دەباغیانە کە لە ساڵی ١٣٥٩ کۆچی بەرامبەر ١٩٤٠ زایینی نووسراوەتەوە ئەم چیرۆکە لە شێوەیەکی دەسنووسدا بووە . کەوتووتە لای

خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین کاردۆخیی شاعیر . بە هەولّو تەقەلایەکی زۆر ماندوو بوونێکی بێ وێنە خستوویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە (٥)

لەیلێ و مەجنون لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا . بە زۆری لە تێکستەکەی نیزامی گەنجەوییەوە وەرگێڕاود ئەوی راستی بێ هەر تەنها نیزامی گەنجەوی و قرولی تورکی لە یلێ و مەجنونیان وەرگێڕابێ بە زمانی خۆیان نووسێبیتیانەوە ، بەڵکو چەندانی تریش ئەم کارەیان ئەنجامداوە . بەڵام کۆنترینیان نیزامی گەنجەوییە (٦)

ئەوانەی دوای گەنجەوی لە شاعیرە فارسی زمانەکانداو کە بەناوبانگن لە یلێ و مەجنونیان بە هۆنراوە داناوە (٧) وەك :

ئەمیر خسرو دهلوی کە ساڵی ٧٢٥ ی کۆچی مردووە
عبدالرحمن جامی لە ساڵی ٨٩٨ ی کۆچی مردووە
هاتفی لە ساڵی ٩٢٧ ی کۆچی مردووە
ضمیری کە ساڵی ٩٧٣ ی کۆچی مردووە.

شاعیرە تورکەکانیش کە لەیلێ و مەجنونیان بە هۆنراوە داناوە لاسایی نیزامیان کردووەتەوە . وەك

میرعەلی شیرنوای کە ساڵی ٩٠٦ ی کۆچی مردووە .

هەروەها نەجاتی و خەیاڵی و فضولی و کە لە سەدەی دەیەمی کۆچی دا مردوون.

ئەوەی کە ناوەڕۆکی باسەکەی ئێمەیە چیرۆکەکەی (لەیلێ و مەجنونەکەی) عەبدوڵڵای دە باغیانە بە دیالێکتی گۆرانی نووسراوەتەوە . لە لایەن کاردۆخییەوە هێنراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی نوێ بە مەبەستی ئەوەی خوێندەوارانی زمانی کوردی سوودو کەڵکی لێ وەرگرن ، بۆ ئەو مەبەستەش مانای ووشەکانی بە دیالێکیتی کرمانجی خواروو لێك داوەتەوە . هەروەها هۆنراوەکانیشی بۆ ئەوەی خوێنەرانی زیاتر شارەزایی لە دیالێکتی گۆرانیدا پەیدا بکەن سەرباری ئەمانەش مەبەستی خزمەتکردنی زمانی کوردی و نەفەوتانی شوێنەوارو کاری نووسەرانی کورد .

کاردۆخی هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی چاپ و باڵاوی بکاتەوە . دوای ئامادە کردن و تەواو پاکنووسکردنی بەشێوەی ئەو لەیلێ و مەجنونە بۆ ڕێنووسی کوردی نوێ . لە پێناوی چاپکردنیدا گەڵێ شوێنی پێ گێڕاوە وەك کۆڕی زانیاری عیراق بەشی کوردی . لە ١٩٧٩/١١/١٥ با پێشنیازێکەوە داوێتی بەو دەزگایە هەروەها بۆ ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ناردوویەتی بۆ هەمان مەبەست بەڵێن نامەیەکیشی پێ کردۆتەوە هەر لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەی عیراقدا (٨) بە زمانی عەرەبی باسی ئەو دەسنووسەی کردووە. تیایدا نووسیویەتی لە ڕۆژی دووشەممەی مانگی (ربیع الاول) ی ساڵی ١٣٥٩ ی کۆچی عەبدوڵڵای دە باغیان لێی بووەتەوە بریتییە لە ١٥٢٦ بەیتی شیعر بەشێوەی (دیالێکتی) هەورامییە ، ئەم نووسینەی کاردۆخی وەکو بانگەوازێك بۆ نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردبووە . بۆ ئەوەی چی لە بارە یەوە ئەزانن بۆی بنێرن . بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە بارەی دەسنووسەکەوە .

ئەم کارەی محەمەدی ئەمین کاردۆخی بووە بە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی (لەیلێ و مەجنون) ەی محەمەد ئەمین هەورامانی . بە ناوی خۆیەوە باڵاوی کردۆتەوە . ئاماژە شی بەوەکردەوە کە کاردۆخی خستوویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی . بەشێکی یەك لاپەڕە یی بەناو (سەرەتا) ەوە بە خەتی خۆی (کاردۆخی) لێ باڵاوکردوەتەوە .

گرنگی ئەم دەسنووسە لەوەدایەو بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بە کەڵك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی دیالێکتی (گۆران) . هەر وەکو کاردۆخی خۆی باسی کردووە . بۆ خوێنەرو خوێندەوارانی کورد بە سوودو . بەکەڵکە بۆ لێکۆڵینەوە .وە بە شێودیەکی پاراوی دیالێکتی گۆران (بەشە هەورامییەکەی) و تێکەڵ بە ڕەوالەتێکی کوردەواریە . خوێندەواران و لێکۆڵەڕەوان . زیاتر پێی ئاشنا ئەبن ، لەناو هەموو دەسنووسەکاندا ئەمیان گرنگ و نایاب و لەبارترو

فراوانتره ، سەرنجی خوێنەر رائەکێشێ . هەروەها بە کێشی (١٠) بڕگەی کێشی خۆمالّی نەتەوایەتی هۆنراوەتەوە گوی بیستی پێ ئاشنا ئەبێ و کوردانەو ئاسانە . بێجگە لە مانەش گرنگییەکەی لەوەدایە .. بە م دیالێکتەو بەم ڕێنووسە بەرهەم وەها .لەمەبەر چاپ و بڵاو نە کراوەتەوە . ئاشنابوونی خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد بە دیالێکتی هەورامی لە ڕازی ئەو چیرۆکە دڵداریە ... لەگەڵ زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان و بەرهەمی شاعیرو نووسەرانی کورد کە ئەمانە بەهاو کەڵکی بابەتەکەیان دەرخستووە .

گومانی تێدا نییە ئەمە هەوڵدانێکی کەم وێنەو لە بە رچاوە ماندووبونێکە شایانی ئەوەیە کە باس بکرێ و لە بەرچاو بگیرێ هەوڵدانەکەی ون نەبێ.

لە بەر ئەوەی دەسنوسەکەی کاردۆخیمان دەست نەکەوت . وەك دە رکەوتووە لای مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی یە ، . ناوەڕۆکی کتێبەکەی «لە یلێ و مەجنون)یش هەر ئەو دەسنووسە ناوبراوەیە ، بۆیە بۆ باسەکەمان پەنامان بردە بەر هەمان سە رچاوە ، دوو لاپەڕەکەی سەرەتای دەسنووسەکەی دە باغیمان لەگەڵ دوو لاپەڕەی کۆتاییدا کە لە کتێبەکەی محەمەد ئەمین هەورامانی هاتووە ، فۆتۆکۆپیمان کردووە ، بە مەبەستی بەراوردکردن و دەرخستنی هەندێ سەنج و تێبینی لە بارەیەوە . ئەم لاپەڕانەش وێنەی دەسنووسە ئەسڵییەکە لە کۆتایی ئەم باسەدایە .

سەرەڕای نایابی کارەکەی خوالێخۆشبوو کاردۆخی کە ئەکرێ بە هەوڵ و ئەرکێکی دەگمەن لە قەڵەم بدرێ ، ئەم سەرنج و تێبینییانەش هەر بۆ مەبەستی زانستییە نەك کەمکردنەوەی نرخ و بەهاکەی کارەکەی کاردۆخییە .

گەر بە وردی تەماشایەکی وێنەی دەسنووسەکەی دەباغیان و نووسینەکەی کاردۆخی بکەین و بەراوردیان بکەین ، دەرئەکەوێ کە ئەوەی لەم دەسنووسەیان هێنانە سەر ڕێنووسە کوردییەکەی کاردۆخی . یان ئەوەی محەمەد ئەمین هەورامانی کە ئەوەش هەرکاری کاردۆخییە . ئەوە بەدی ئەکەین کە لە زۆر شوێندا هەوڵی ئەوە دراوە وشەکان بگۆڕێ و هەندێ لە بەیتەکان و نیوە بەیتەکان پاش و پێش بخات . دە سکارییەکی زۆری ووشەکانی کردووە . وەکو خۆشی باسی ئەکات.

ئەم دەسکاری کردنەش بۆ دەسنووسی و دەقی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەو نووسینەوە کێشەی زۆری لە سەر دروست ئەبێ . بەکاری زانستی ناژمێردرێ . چونکە بابەتەکە خۆی تەنها هێنانە یان خستنە سەر ڕێنووسە ڕێنووسی کوردی نوێیە ئەبوایە خۆی چۆن بووە ئاوها بێت ئەمانەتی زانستی پێویستە بپارێزرێ . تاکو لە نرخ و بەهاکەی کەم نەبێتەوە .

ئەمانەش هەندێ لەو گۆڕان و دەسکارییانە یە کە لەو کاتەدا هاتوون .

١) لە هەندێ شوێندا نیوە بەیت و بەیتەکان پەڕێنراون و لە بیر کراون وەك نیوەی یەکەمی بەیتی (١٢) کەم بەم چەشنەیە :

کو بەهرام گور شاهی ماچین (٩)

هەردوو بە یتی (١٧،١٦) لەبیر کراون کە بە یتی (١٧) یان ئەم چەشنەیە

کەی جورعەی صدق وە ئیخلاس یەقین
کەی هونـاو پـەی پـارێزان زەمیـن (١٠)

٢) گۆڕینی ناو نیشانەکان وەك .

(رفتن مادر لیل برسر قبری لیل وزاری کردن أو ، (١١) (ڕەفتەنی مادەری لەیل بەر سەر قەبری لە یل و زاری کردنی ئەو) گۆڕاوە بە (شین و گریانی دایکی لە یلێ) (١٢)

٣) گۆڕینی فرەیزو وشەکان لە دیالێکتی گۆرانییەوە بۆ دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) بە شێوەیەکی فراوان . بۆ ئەم مەبەستەش وێنەی لاپەڕە (٨٩)ی دەسنووسەکەی عەبدوڵڵای دەباغیان ، نووسینەکەی کاردۆخی کە لە کتێبەکەی (لەیلێ و مەجنون) ی هەورامانیدایە بە نموونە ئەهێنینەوە . ئەم گۆڕینانەی تیا

بەدیی ئەکەین وەك .

ـ ساراگرت نور بشینو زاری . گۆڕاوەبە:

(سارا دەسش کەرد بە شینو زاری) بەیتی دەیەم دەسنووس .

ـ ئاب مکرد شیون لیلی خورجمین گۆڕاوە بە:

(شۆردشان بە ئاو لەیلێ خۆر جەمین) بەیتی پێنجەم دەسنووس

ـ واتش گۆڕاوە بە (ئاو وات) بەیتی دووەم دەسنووس

ـ بە گۆڕاوە بە (وە) بەیتی چوارەم دەسنووس

ـ قصر گۆڕاوە بە (قەبر) بەیتی شەشەم دەسنووس

ـ دادی گۆڕاوە بە (ئەدا) بەیتی دەیەم دەسنووس

ـ مەئوا گۆڕاوە بە (گلکۆ) بەیتی پانزەهەم دەسنووس

ئەمانەو چەندین گۆڕانو دەسکاری تر . کە هەر ئەوەندەمان بە پێویست زانی بیخە ینە بەرچاو .

٤) پاشو پێش خستنی بەیتەکان .

هە ندێ بەینی تر هەن کە لە کۆتایی دەسنووسەکەی دەباغیانە ژمارەیان حەوت بەیتن هەر یەکێکیان خراونەتە نێو چەند بەیتێکی ترەوە . لە شوێنو لاپەڕەی جیاجیادان . گەر لەگەڵ وێنەی دەسنووسە ئەسڵیەکەی خۆیدا بەراوردیان بکە ین ، ئەبینین لە رووی هێنانە سەر ڕێنووسە کوردیەکەوە ، دەسکاری کراون تەنانەت وەکو ئەوانەی پێشوو وشەکانیش وەکو خۆی نەنووسراونەتەوە .

بە واتە گۆڕینە .. بۆ شوێنی گۆڕینی بەیتەکان بەم جۆرەی لێ هاتووە . وەك لە وێنەی دەسنووسەکەدا لە لاپەڕەی (٨٠) ئەوەی محەمەد ئەمین هە ورامانی دایە. بەم شێوەیە دەرکەوتووە . لە بەیتی .

وەحشیانی بەڕ شێرانی بێشە
مەنالان بە سۆز دڵ بە ئەندێشە (١٣) کە لە لاپەڕە (٢٨٩) دایە.

شێران بە چنگان مەبرشان مەکەند
بەرگی بە دەنش عەنکەبوت مەتەند کە لە لاپەڕە (٢٨٨) دایە

جەگریەو نالە بەدەن ڕێزیا
زایەڵەی عەظیم جەنەجد خێزیا کە لە لاپەڕە (٢٨٨) ، دایە بەڵام لەگەڵ بەیتەکەی سەرەوەدا دوو بەیت ئەکەوێتە نێوانیانەوە هەروەها دەسکاریش کراوە.

جگە لەمانەش نبوە بەیتەکان ئەم سەرو ئەو سەر کراون وەك . لە فۆتۆکۆپی دە سنووسەکەدا دەرکەوتووە لەوانە:

بەیتی
چەپای کۆی نەجد بەر ناما بە سۆز
پەی جەستەی مەجنون نالەی جگەرسۆز
لە هەمان لاپەڕەدا پێش بەیتەکەی سەرەوە خراوە.

بەیتی
ناهوانی بەڕ بە سۆزو گرین
پەی ئاوایی غوسڵ مەڕێزان ئەسرین
لە هەمان لاپەڕەدا دیسان پێشتر خراوە.

هەروەها بەیتی
هەرکە سێو شادبۆ وەی دونیای بێ پۆ
ناخر سەرەنجام ڕەنجە ڕۆ مەبۆ (١٤)
کەوتووەتە لاپەڕەی (٢٩٠)ەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێ بەیتی تر لە نێوانیان دایە کە ئەوە ئەگەیەنێ دەسکاری شوێنیان کراونو پاشو پێش خراون.

جگە لەو پاشو پێشخستنە وشەو نیوە بەیتەکانیش دەسکاری کراون ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە خستنو هێنانە سەر ڕێنووسە کوردیەکە تا ڕادەیەك بەکاری دەسکاری کردن لە قەڵەم بدرێ .

وێنەی دەقێکی دەسنووسەکەی عەبدوڵڵای دەباغیان کەم . کاردۆخی خستوویەتییە سەر ڕێنووسی کوردی نوێ.

ئاو جەداغی لە یل گەرمی پێش بڕیا
دەروون جە هیجران مەرگی لە یل گریا

سارا دەسش کەرد بە شین و زاری
بە زەمین رێزا نەشکی مروواری
ئاووات خوایە شەرت بو جەدەرگات
ساکین نەنیشوو من جەرووی دەریات
شەوو رو بدەو سەر وەسنگدا
جەداغی جەمین مەهتاب رەنگدا
شۆڕدشان بە ئاو لە یلێ خۆرجەمین
نمازشان کەرد واناشان تەلقین
نیاشان ئەو قەبر تاریکی بێ دەر
ئەو قەبر بیەن جەئافتاب پەڕ
ساکین بێ نەوجا جامی جەمین زەڕ
نیاشان نەلحەد سەنگانی مەڕ مەڕ
گشت نامانەوە خوێش و بێگانە
زوڵمان نەنگێز بێ دەوری زەمانە
سەرا سەر جیهان تەمام سپاپۆش
جەداغی لە یلێ دەروون مەدا جۆش
ئەواو بابوو مەند جەمەینەتخانە
هەردوو سەرسام بین شێت و دێوانە
(١٥)

«له شین و گریانی دایکی له یلێدا» بەم چەشنەی نووسیوە

هورێزا دادی دڵسۆزو لە یلێ
شی بە گڵکۆی لە یل گرەوا خەیلێ
واوەیلای عە قیم فوغان و زاری
نە دەروون کێشان بە رزو دیاری
داوی بێ هۆش کەوت جەواوەیلادا
وێش مەدا بە سەر قەبری لەیلادا
مەواتن دیدەم بە کۆشییەنی
چون شەوقی ڕۆجیار پەنهان بیەنی
کۆڵوای دیدەم کامەنە مانت ؟
کۆن شەوقی جەمین دەورانی خانت ؟
زولفانت مەجنون کەر دەبێ لێوە
داخو چەماری و پێچیان پێوە
(١٦)

پەراوێزەکان

١) صەیدی هەورامی . دیوان . کۆکردنەوەوشی کردنەوەی . محەمەد ئەمین کاردۆخی ١٩٧١ چاپخانەی سلێمانی ل٨

٢) مەلای جەباری دیوان . کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لە سەر نووسینی عبدالجبار محمد جەباری ١٩٦٨ چاپخانەی شارەوانی کە رکوك. چ ١ ل ٢٩

٣) لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردیەوە . د. مارف خەزنەدار چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة) بەغدا ١٩٨٤

٤) ڕەنگدانەوەی لە یلاو مەجنون لە ئەدەبی کوردیدا نامەی ماجستێر (خانزاد عەلی قادر) ١٩٨٢ . ل١٤٦

٥) لەیلێ و مەجنون عەبدوڵلای دەباغیان . کاردۆخی خستوویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی لێکۆڵینەوەو پشکنینی محەمەد ئەمین هەورامانی بەغدا ١٩٨٥

١٦ نظامی الگنجوی . لەیلێ و مەجنونی لە ساڵی ٥٨٤ ی کۆچی دەست پێ کردووە . لە سەر (بەحری هەزەج موسەدەس) ٥ لەژێر کارتێکردنی لە یلێ و مەجنونی عەرەبی دا نوسیویەتی کە نزیکەی (٤٥٠٠) بەیتە گەلێ شاعیری فارس و تورك و کورد . لاسایی ئەویان کردووەتەوە ئەوانەی کە بەناو بانگن لە شاعیرە فارسی زمانەکان دا لەیلێ و مەجنونیان بە هۆنراوە داناوە .

٧) نظامی الگنجوی . شاعر الفضيلة . تاليف د. عبدالمنعم حسين ط ١ ١٩٥٤ ص ٢٨٥ _ ٣١٩

٨) ڕۆژنامەی العراق ١٩٧٨/١١/٣٠

٩) وێنەی دەسنووسی دە باغیان ل١ کتێبەکەی محەمەد هەورامانی ل٧٨

١٠) هەمان سەرچاوە ل٢١١ هەمان سەرچاوە ل٧٨ . ٧٩

١١) وێنەی دەسنووس . دەباغیان ل ٨٩ کتێبەکەی محەمەد هەورامانی ل ٨٠

١٢) لەیلێ و مەجنون . لێکۆڵینە و پشکنینی محەمەد ئەمین هەورامانی ل٢٧٩

١٣) هەمان سەرچاوە ل ٢٨٩

١٤) هەمان سەرچاوە ل٢٩٠

١٥) هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ٢٧٧.٢٧٨.٢٧٩

١٦) هەمان سەرچاوە ل ٢٧٩

چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندێکی خوازراو

کاوە احمد میرزا

سازدانی : گەلاوێژی نوێ



پرسیاری ١ : ئایا شانۆی کوردی وەکو سەرەتاو سەرهەڵدان، دەتوانین بەهونەرێکی رەسەنی لەقەڵەم بدەین یان هونەرێکی خوازراو؟

شتێکی بەڵگە نەویستە کە شانۆ لەسااڵی (٤٩٠)ی بەر لەزایین لەیۆنانەوە سەری هەڵدا، هەر لەوێشەوە تەشەنەی کردو سەرەنجام بووە هونەرێکی جیهانی، ئێمەیش لەپێی شانۆی عێراقەوە بەشانۆ ئاشنا بووین.

سەرهەڵدانی شانۆ لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سااڵی ١٩٢٥، سەرەتای ئە بزوتنەوەیەش لەقوتابخانەکانەوە دەستی پێ کرد، چەند قوتابییەك کە لە بەغداد خوێندوویانە پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستان چەند چیرۆکێکیان خستۆتە بەرگی شانۆییو نمایشیان کردووە بێ ئەوەی تیۆرێکی شانۆیی لەپشتەوە بێ، یان شارەزاییەکی لەوەو پێشیان لەو بوارەدا هەبووبێ، زۆری پێ نەچووە وازیان هێناوە، ئینجا تاقمێکی تر بەهەمان شێوە لەنێوان کارە سەرەتاییەکاندا چەند ناوێك نەبێ دووپات نابنەوە.

لەسااڵی ١٩٢٥ تاسااڵی ١٩٥٧ بزوتنەوەی شانۆ لە چوارچێوەی کاری قوتابخانەکاندا مایەوە تادامەزراندنی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی ئەو سەردەمە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هونەری شانۆ لای کورد هیچ رەسەنایەتیەکی نیەو هونەرێکی خوازراوە.

لەسااڵی ١٩٦٩دا یەکەم تیپی شانۆیی لەکوردستاندا بەناوی (تیپی نواندنو مۆسیقای سلێمانی) دامەزرا، لەسااڵی ١٩٧٠ بەدواوە چەندین تیپی شانۆیی دامەزرا کە هەوڵو کۆششەکانیان دەچێتە خانەی دامەزراندنو بنیات نانی بزوتنەوەیەکی رەسەنو هاوچەرخ، بەاڵم بەداخەوە تائێستاش ئەوخەونە هەر هیواو خۆزگەیە.

پرسیاری ٢ : یەکەم تیپی شانۆیی لەکوردستانداو هەروەها لە سلێمانیدا کەی دامەزراوو دامەزرێنەرەکانی کێ بوون و یەکەم بەرهەمیان چی بووە؟

یەکەم تیپی شانۆیی لەکوردستاندا لەشاری سلێمانی بەناوی (تیپی نواندنو مۆسیقای سلێمانی) لە ١٩٦٩/٢/٤دا دامەزرا، یەکەم کاری تیپی نواندنی سلێمانی شانۆیی (گیسك نیە بزنە) لەنووسینو دەرهێنانی مامۆستا عمر علی امین لە ٢/٢٦ تا ١٩٦٩/٣/٤ لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان پێشکەش کرا کە سەرجەم

(٢٤٨١) بینەر بەبلیتو (٢٥٠) بینەریش بەخۆڕایی بینویانە.

دامەزرێنەری ئەم تیپە بریتی بوون لەهونەرمەندان: (عمر علی امین، سمکۆ عزیز فرج، احمد دەنگ گەورە، انور قەرەداغی، حسن تەنیا، نوری اسماعیل فتاح).

پرسیاری ٣ : ئایا تائێستا شانۆی کوردی توانیویەتی کەلتوورو مێژوویەکی تایبەت بەخۆی دروست بکات؟

بزوتنەوەی شانۆیی لەکوردستاندا تەمەنی گەیشتۆتە (٧٣) ساڵ، لەساڵی (١٩٢٥)ەوە تائەمڕۆش بەردەوامە، بێگومان ئەو بزوتنەوەیە زەمەنێکی بۆ خۆی داگیرکردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەو بزوتنەوەیە لەو ماوە دوورو درێژەدا نەیتوانیوە ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ خۆی بنیات بنێو پێی بناسرێتەوە، جگە لە چەند هەوڵو هەنگاوێکی شەرمنانە هیچ ڕێبازێکی نوێ کە تیۆرێکی زانستیانە لەپشتیەوە بێ نەبۆتە مۆرکی خۆی، لەساڵەکانی هەشتادا چەند هەوڵێکی دڵسۆزانە درا نوقڵانەی پاشەڕۆژێکی پرشنگدار بوو، گەر بهاتایە ئەو هەنگاوانە بەردەوام بوونایە لەو بڕوایەدا بووم ئەو بزوتنەوەیە ئێستا لەقۆناغو ئاستێکی تردا ئەبوو.

پرسیاری ٤ : بەڕێزتان وانا سراون کە بایەختان بەلایەنی کاری ئەرشیفی تیپە شانۆییەکانو بەرهەمەکانیان داوە، جگە لەوەی ساڵانێك بەلادێو شارو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی عێراقدا گەڕاون بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئەو بابەتو چالاکییانەی سەرەتایەك بوون بۆ کاری شانۆیی، حەز دەکەین لەم بارەیەوە بۆمان بدوێن؟

من خۆم لەساڵی (١٩٥٦)ەوە تائێستاش بێ پچران لەبواری شانۆدا کار دەکەم، ئەندامی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانو چارەکە سەدەیەکیش زیاترە لە (تیپی نواندنی سلێمانی)دا کاری شانۆیی دەکەم.

ماوەیەك لەمەوبەر خولیای نووسینەوەی مێژووی بزوتنەوەی شانۆیی بووم لەکوردستاندا، کاتێ ویستم دەست پێ بکەم هەستم کرد جگە لە یادەوەری زیاتر هیچ بەڵگەو بڕوانامەو توێژینەوەیەکی زانستیانەم لەبەر دەستا نیە لەو پرۆژەیەدا پشتی پێ ببەستتم، پاش نووسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆم پەنام بردە بەر دۆستو هاوڕێیان، چی لەبیرەوەری ئەوانیشدا بوو تۆمارم کردن، بەڵام دیارە ئەوەندەش بەس نەبوو، ئەوە بوو نەقابەی هونەرمەندان کە خۆم یەکێ بووم لەدامەزرێنەرانی لەشاری سلێمانی لەساڵی ١٩٧٨دا دامەزرا، بیرۆکەی دامەزراندن بەشێك بۆ ئەرشیفم پێشکەش لیژنەی ئامادەکار کرد، پاش پەسەند کردنو تەرخان کردنی بوودجەی تایبەت بەهاوکاری هونەرمەندان (اسماعیل خەیات) دەستمان بەو کارە قورس و گرانە کرد، کەوتینە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە لەسەرانسەری کوردستاندا، زۆر بەڵگەنامەی دەگمەنمان دەست کەوت لەنامەو نوسینو شریتو وێنە، فایلی تایبەتمان بۆ هونەرمەندانی تیپەکانی شانۆ کردەوە، زانیاری تەواومان دەربارەیان تۆمار کرد، کۆی بەڵگەنامەکان نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دانەبوو کەبەداخەوە لەراپەڕیندا زۆربەی هەرە زۆریان بەدەستی تاڵان چیو هێزی راووروت سوتێنران، ئێستا بڕێکیان لای خۆم پارێزراوە.

پرسیاری ٥ : یەکەم کاری هونەری کە کارتان تیادا کردووە؟

یەکەم کار کە بەشداریم تێدا کردووە لەساڵی ١٩٥٣دا بوو لە شانۆیی (ئافرەتو نوشتە) بەهاوکاری هونەرمەند (طە خلیل) لەسەر سەکۆی ماڵی (عبدالمجید رشید)ی جوانەمەرگ. یەکەم کاریشم لەچوارچێوەی (کۆمەڵی هونەرەجوانەکان)دا بوو لەشانۆیی (پیسکەی تەپ پیر) لەساڵی ١٩٥٦دا.

پرسیاری ٦ : وەك ئاگادارین جگە لە نواندن بەڕێزتان لەرووی تەرجەمەو ئامادەکردنیشەوە بۆ شانۆ بەرهەمتان هەیە؟ ئەو بەرهەمانە چین و لەگەڵیشیا بۆچوونتان سەبارەت بە تەرجەمەی شانۆیی و ئامادەکردن بخەنە روو؟

ئەو بەرهەمانەی نووسیومن یان ئامادە یان وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی ئەمانەن:

نوسینەکان:

١- دڕامای (لەچایخانەدا) لەتەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کرا ساڵی ١٩٧١.

٢- دڕامای (بازرگانی شەپ) لەتەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکرا ساڵی ١٩٧٢.

٣- شانۆیی (خۆشەویستی زەوی) بۆمندالان ساڵی ١٩٧٣.

٤- شانۆیی (منداڵی ژیر) بۆ منداڵان لەساڵی ١٩٧٦.

٥- دڕامای (ریپورتاژ) بۆ تەلەفزیۆن ساڵی ١٩٩٣.

٦- زنجیرەی (ڕۆشنا) لە ١٣ ئەڵقەدا بۆ تەلەفزیۆن ساڵی ١٩٩٤.

٧- دڕامای (گوڵی خوێناوی) بۆ تەلەفزیۆن ساڵی ١٩٩٥.

٨- ئۆپەرێتی (هێلانە) بۆ منداڵان ساڵی ١٩٩٥.

٩- زنجیرەی (وەسیەت نامە) لە (١٥) ئەڵقەدا بۆ تەلەفزیۆن ساڵی ١٩٩٦.

ئامادەکردن یان وەرگێڕان:

١- شانۆیی (داوی مەرگ) نوسینی: هیو مونرۆ ساڵی ١٩٧٢.

٢- شانۆیی (من کێم) نوسینی: ناظم حکمت سالّی ١٩٧٢.
٣- شانۆیی (ورچ) نوسینی: چیخۆف سالّی ١٩٧٣.
٤- شانۆیی (کۆتایی زۆردار) ئامادەکردنی: غازی بامەرنی سالّی ١٩٧٣.
٥- شانۆیی (مانگرتن) نوسینی: کلیفورد اودیتس سالّی ١٩٧٥.
٦- شانۆیی (فیلەکەی خاوەن شکۆ) نوسینی: سعد الله ونوس سالّی ١٩٧٦.
٧- شانۆیی (لەخۆبایی) بۆ منداڵان سالّی ١٩٧٦.
٨- شانۆیی (خولەی تەمەڵ) بۆ منداڵان سالّی ١٩٧٧.
٩- شانۆیی (روبار) بۆ منداڵان سالّی ١٩٧٧.
١٠- شانۆیی (کووپە) نوسینی: لویجی براندیللو سالّی ١٩٧٨.
١١- زنجیرەی (ژاڵە) لە (٨) ئەڵقەدا بۆ تەلەفزیۆن سالّی ١٩٨٥.
١٢- شانۆیی (چراوگ) چیرۆکی غسان کەنەفانی. وەرگێڕانی شێرکۆ بێکەس سالّی ١٩٧٨.
١٣- شانۆیی (کۆشك) ئامادەکردنی: کامەران رەئوف سالّی ١٩٩٠.
١٤- شانۆیی (سۆناتای مەرگ) ئامادەکردنی: بەکر رەشید سالّی ١٩٩٣.
١٥- شانۆیی (دوژمنی گەل) نوسینی: ئەبسن سالّی ١٩٩٥.
١٦- شانۆیی (دەرویش ناوەکان بەدوای راستیا وێڵن) سالّی ١٩٩٤ .
١٧- شانۆیی (عەلی خانی تەورێزی) نوسینی: الفرید فرج

پرسیاری ٧: وەك ئەكتەرێزیاتر شێوازی کاری ج دەرهێنەرێکی کوردتان پێ باش بووەو لەگەڵیدا تەبابووزو لەبەرچی؟

من لەگەڵ زۆر دەرهێنەردا کارم کردووە، رێزی هەمویانم لایەو هەمووشیانم خۆش دەوێ، بەڵام ئەوەی زۆرتر لەگەڵیا گونجاوو تەبابووم هونەرمەند (فاضل قصاب) بوو، من لەچوار شانۆییدا کە ئەو دەرهێنەرەی بووە کارم کردووە. کوڕێکی زیرەکو بەتوانا بوو، بەسەلیقەو شارەزا بوو، باری سەرنجو بۆچوون مامەڵەکردنی لەتەك دەقەکاندا لەرادەیەکی بەرزدا بوو.

شانۆییەکانیش بریتی بوون لە:

شانۆیی کووپە، نوسینی: لویجی براندیللو، ئامادەکردنی (خۆم)، کەسایەتی (قالە).

شانۆیی جوولەکەکەی مالّتە، نوسینی: مالّرۆ، کەسایەتی (جاکوتۆ).

شانۆیی (پۆنتێلاو مانی)، نوسینی: برێخت، کەسایەتی (پۆنتێلا).

شانۆیی چراوگ، چیرۆکی غسان کەنەفانی، وەرگێڕانی: شێرکۆ بێکەس، ئامادەکردنی خۆم.

پرسیاری ٨: ڕاتان بەرامبەر بەو کارە شانۆییانە چییە کە لەئاستێکی هونەریی ناکاملداو لەژێر ناوی شانۆیی میللیدا خۆیان دەخەنە ڕوو؛ وەئایا بەڕای ئێوە ئاستی ئێستای شانۆی کوردی لەکوێدایەو چی بکرێ تاگوڕ بەبزاقی شانۆییەمان بدرێ؟


جگە لەچەند شانۆییەك کە لەم چەند ساڵەی دواییدا پێشکەش کراون و ژمارەیان لەپەنجەی دەستێك تێپەڕ ناکات، بەشێوەیەکی گشتی ئێستای شانۆی کوردی لەئاستێکی نزمدایەو هیچ پێشکەوتنو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو لەزۆر ڕووەوە پاشەکشێی کردووەو بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، سەرباری ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا چەندین فیستڤاڵو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسو دیداری تایبەتی بەشانۆ سازکراوەو لەزۆربەی گیروگرفتە بنەڕەتیەکان کۆڵراوەتەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا ئێستای ئەو بزوتنەوەیە دڵ خۆش ناکات، دەبوایە پاش (٧٣) ساڵ ئێستا ئەو بزوتنەوەیە ناسنامەی تایبەتی خۆی هەبوایە، دەبوو شانۆی کوردی خاوەنی دەیان ڕێبازی هونەری بوایەو تیۆری زانستیانەیان لەپشتەوە بێ، دەبوایە بەدەیان شانۆیی دانراوو وەرگێڕراو لەکتێبخانەی کوردیدا بوایە، دەبوو بەدەیان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو دەیانو دەیان کۆڕو نوسینی ڕەخنەیمان ببوایە، دەبو هەر هیچ نەبوایە شانۆکارانی کورد بچوونایە بۆ سەیرکردنی بەرهەمە شانۆییەکان!

دەبوو ئەفراندنو داهێنان سەرمەشقی کاری هونەرمەندان بوایە، دەبوو شانۆکار برسی نەبێ، دەبوو ڕێزی لێ بگیرایە، دەبوو شانۆکاری کورد لەبەرەی بەرهەڵستی پۆزەتیڤانەدابێو پاشکۆی حیزبایەتیو پیاوانی سیاسەت نەبێ، دەبوو شانۆی کوردی دەنگی زوڵاڵی نەتەوەی کورد بوایە، دەبوو حساب بۆ دەنگو ڕەنگیان بکرایە.

پرسیاریش دەکەی چی بکەین تاگوڕ بەو بزافە شانۆییە بدرێ، لەوەڵامدا دەڵێم: باهەموومان لەخۆمانەوە دەست پێ بکەینەوە، باسەرەتا هەوڵ بدەین خۆمان بگۆڕین. قسەی قەبەو قەڵەو نامان گەیەنێتە ئەنجام، با سەرلەنوێ هەوڵی دامەزراندنەوەی بزافێکی شانۆیی بدەین، بزافێ لەپەراوێزەوە بێتەوە مەیدان بەبیری نوێ، کرداری نوێ، نمایشی نوێ.

شانۆیی

ئەم نمایشە بۆ قەدەغەیە؟



نووسینی : شەفیق مەحمەد

ئەکتەرەکان

دەرهێنەر.	سەروک پاسەوان	قەلەرەش.
بەڕێوەبەری شانۆ.	پاسەوانی یەکەم.	بەڕێوەبەر
کەسی یەکەم.	پاسەوانی دووەم.	بازرگان
کەسی دووەم.	مەحمەد.	مریەم.
کەسی سێیەم.	یوسف.	کەسی ٥.
کەسی چوارەم.	هەڵۆ.	کەسی ٦.

(پێش ئەوەی ڕووناکی ناوهۆڵ بکوژێنرێتەوە، دەرهێنەر بە بارێکی دەروونی شڵەژاوەوە دێتە سەر شانۆ).

دەرهێنەر: بەڕێزان... ئەوی ڕاستی بێت.... نازانم چۆن...

(بەڕێوەبەری شانۆ دەرئەکەوێت)

ب، شانۆ: چی ئەکەی لەسەر شانۆ ؟ ئەوە ئەمڕۆ بۆ دوا کەوتی ؟ چاوەڕوانی چیت با دەست پێ بکەین.

دەرهێنەر: ها...!

ب. شانۆ: دەرەنگە دە دەقیقەش لای داوە، بۆ وا تێک چوویت؟ خێرە.. هیچ ڕووی داوە ؟

دەرهێنەر: گوێ بگرە.. من وای بە چاک ئەزانم ئەمڕۆ شانۆگەریەکەمان پێشکەش نەکەین.

ب. شانۆ: چۆن شتی وا ئەبێت.. نابینی جەماوەر دانیشتوون، ئێستا ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن ئێمە دەست پێبکەین، بڕوانە چۆن گوێیان گرتووەو سەیر ئەکەن، ئێستا لەوان وایە ئەمەش لە شانۆگەریەکەدایە، نازانن....

دەرهێنەر: (پێی ئەبڕێ) ئەمڕۆ شانۆگەریەکە ڕا ئەگرین، چونکە ئەگەر بێتو پێشکەشی بکەین ئەوا...

ب. شانۆ: قسە بکە ئەوا چی ؟

دەرهێنەر: ئەوا هیچ، ئەمڕۆ پێشکەشی ناکەین و بڕایەوە.
ب. شانۆ: ئەوە تۆ ئەزانی ئەڵێی چی ؟! پێم ناڵێی چی بەو خەڵکە بڵێین.
دەرهێنەر: داوای لێ بوردنیان لێ ئەکەین، کە بە هۆی چەند گیروگرفتێکی تایبەتیەوە ناتوانین شانۆگەریەکە پێشکەش بکەین.
ب. شانۆ: بەڵام هیچ گیروگرفتێک لە ئارادا نییە.
دەرهێنەر: تۆ چوزانی، ئاگاداری چیت ؟
ب. شانۆ: بەو پێیەی بەڕێوەبەری شانۆم ئاگاداری هەموو شتێکم، هەموو شتێکمان تەواوەو هیچ کەم و کوڕیمان نییە خۆ ئەگەر حەزیشت لە تەمسیل کردنە ئەوەیان شتێکی تری...(بۆ جەماوەر) بەڕێزان ببورن ئێستا دەست پێ دەکەین.
دەرهێنەر: بەڵام....
ب. شانۆ: (بۆ ڕاپەڕینەری ڕووناکی) دەست پێ بکە (پەلی دەرهێنەر ئەگرێ و ئەیبات بەرەو پشتەوەی شانۆ)
[ڕووناکی ناو هۆڵ ئەکوژێنرێتەوە.. شانۆ تاریکە، کۆرس بەکی مەشخەڵێکیان بەدەستەوەیەو دێنە سەر شانۆ].
کۆرس: گەلی دۆستان
چاک گوێ ڕادێرن ئەمجارە
حیکایەت بەسەرهاتی
پاشایەکی ناڕەبارە
ئەیویست خۆر تیشکی تەنها
بەسەر ئەمدا پەخش کا.
بەتیشکی ئاڵتوونی خۆر
سنگی ڕەشی نەخش کا
باکی نەبوو، ڕەش و ڕووت
نابیناو چارەڕەش کا.
کەسی ١ : بەڕێزان.. خۆشەویستان.. هەبوو بەڵێ هەبوو، پاشایەک بوو، ئەم پاشایە بەیانییەک زوو پێش ئەوەی خۆر لەدەم کەل سەر دەربێنێ، وردو درشتی وڵاتی لەبەردەم کۆشکەکەیدا کۆکردەوە، پاشا ڕووی لە خەڵکەکە کردو ووتی :
کەسی ٢ : (بەرگی پاشایی دەپۆشێ) منم خۆری وڵات، منم ڕۆشن کەرەوەی ئەم مەملەکەتە، بەهۆی ڕوناکی منەوەیە ئێوە بەڕێی خۆتان ئەبینن و ڕاست و چەپتان لەیەک ئەکەنەوە، تیشکی خۆری منە ڕێی حەق و ڕاستی بۆ ڕۆشن کردوونەتەوە، بۆیە ئەبێ تا هەتایە منەتبارم بن ئەڵقە لەگوێی فەرمانم بن.
کەسی ٣ : پاشا زۆری وت و زۆری ڕێسا، بەڵام لەپڕ دەنگی پێکەنینێکی بەرز پاشای لەگۆ خست و خەڵکەکەی داچڵەکاند، پاشاو خەڵکەکە ڕووەو دەنگەکە ڕوانیان، چی ببینن باشە، خۆر هەڵهاتووەو قاقا لێئەدا.
کەسی ٤ : پادشا شڵەژا، بەڵام هەرزوو هاتەوە سەر خۆی، وەک ئەوەی بیەوێ قسەکانی بسەلمێنێ و بەگژ ئەو پێکەنینەیشدا بچێ، چاوی بڕییە چاوانی خۆرو نەڕاندی...
کەسی ٢ : منم خۆری ڕاستەقینە، هیچ خۆرێ تین و تاوی منی نیە.
کەسی ٥ : بەڵام تیشکی خۆر ئاوی بە چاوانی پادشادا هێنایە خوارێ و ناچاری کرد چاوانی داخا.

کەسی ٦ : ئەمجارە خۆر قاقایەکی وای لێدا ئەو کێوانە دەنگیان دایەوە، خەڵکەکەش بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بۆیان سەندەوە. [پێکەنینێکی زۆر و بەردەوام]

کەسی ١ : ئەمە پادشای ئەوەندەی تر شڵەژاندو شێتگیری کرد، کاتێ سەری هەڵبڕی سوور هەڵگەڕابوو بەڕقەوە ڕوانیە خەڵکەکەو چاوی زیت کردەوە لێیان، لە دڵی خۆیدا ووتی :

کەسی ٢ : تا ئەو خۆرە بەبەرچاوی خەڵکیەوە بێت، نە ئەوان بڕوا بە قسەکانم ئەکەن و نە منیش ئەتوانم خەونەکانم بێنمە دی. بۆیە ئەبێ بە هەر ڕەنگێ بووە خۆر داگرم و لەناو سنگما حەشاری بدەم، ئەوسا ئەبمە یەک پارچە گڕو ڕووناکی، ڕۆشنایی لەو خەڵکە ئەبڕم و ناچاریان ئەکەم بە تەنها ڕوو لە تیشکی خۆری من بکەن. هەروا ئەکەم و خۆر دائەگرم و لەناو سنگما حەشاری ئەدەم، ڕۆژی ڕووناک لەو خەڵکە ئەکەمە تاریکیەکی ئەنگوستە چاو، جا ئەوکاتە بە ئارەزووی خۆم، بە پەنهانی چیم بوێ ئەیکەم.

[دەنگی زرمەی دەرگای هۆڵی شانۆ جەماوەر دائەچڵەکێنێ، سەرۆک پاسەوان و دوو پاسەوان دێنە ژوورەوەو بەرەو شانۆکە ئەچن]

سەرۆک پاسەوان : (لەناو هۆڵەکەوە هاوار لە دوو پاسەوانەکە ئەکات) ئادەی بتان بینم عاقڵیان کەن.

پاسەوانی ١ : بێدەنگ بن و دەمتان داخەن.

پاسەوانی ٢ : ورتە نەکەن، ووس بن، بوەستن.

[سەرۆک پاسەوان و دوو پاسەوانەکە ئەچنە سەر شانۆو ئەکتەرەکانی پشتی شانۆش دێن و ئەبێتە مقۆ مقۆ و دەنگەدەنگ..]

ئەکتەرێک : ئا گڵۆپەکانی سەر شانۆ داگیرسێنن، تا بزانین چی ڕوویداوە.

[سەر شانۆ بە تەواوی ڕووناک ئەکرێتەوە]

سەرۆک پاسەوان : بێدەنگ بن.. چەند چاو قایمن.

پاسەوانی ١ : خۆ بەیەکجاری شوواڵیان لێ هەڵکێشاوە.

پاسەوانی ٢ : بەڵێ، ئەیانەوێت ناوو ناوبانگی خاوەن شکۆ بزڕێنن.

سەرۆک پاسەوان: ئەمانە ناپاکن، ئەیانەوێت ڕاستی بشێوێنن.

ئەکتەرێک : ئێمە ناپاک نین، بەڵکو ناپاکی ئەخەینە ڕوو.

سەرۆک پاسەوان : بێدەنگی، چارتان ئەکەم.. دەرهێنەر کوا ؟

دەرهێنەر: بەڵێ قوربان.

سەرۆک پاسەوان : بە کتابی ڕەسمی ئاگادارمان نەکردیت، شانۆگەرییەکەتان پێشکەش نەکەن.

دەرهێنەر: بەڵێ.. بەڵام...

سەرۆک پاسەوان : دیارە قسەی خۆش لەگەڵ ئێوە فایدەی نییە، وامان لێ ئەکەن ئسلووبمان بگۆڕین، پێشم کەوە

دەرهێنەر : بۆ کوێ ؟

سەرۆک پاسەوان : پێشم کەوە، دوایی ئەزانیت بۆ کوێ

دەرهێنەر: (لەگەڵ بەڕێوەبەری شانۆ) چیم پێ ووتی، نەمووت با ئەمڕۆ پێشکەشی نەکەین.

ب. شانۆ: بۆ وا خۆت سەخڵەت کردووە ئێستا چی بووە ؟

دەرهێنەر : ئەمە هێشتا هیچ نەبووە قوڕەکە بۆ من گیراوەتەوە.

س. پاسەوان : (لەگەڵ ئەکتەرەکانی تر) ئێوەش خۆتان بێ عەقڵ نەکەن، بچن دوای ئێمە شانۆگەرییەکە پێشکەش بکەن ، ئەگەر ئەوە بکەن، دڵنیابن سزایەکی گەورە ئەدرێن و جارێکی تریش چاوتان بەم هاوڕێیەتان ناکەوێتەوە، دەی بڵاوەی لێ بکەن.

دەرهێنەر: (ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە) شانۆگەرییەکە بوەستێنن تکایە چۆن ئەڵێ وا بکەن.

س. پاسەوان : (ڕوو ئەکاتە جەماوەر) بەڕێزینە ئەمانە دوژمنی گەلن، ئەیانەوێت ڕێی ڕاستیتان لێ بگۆڕن. بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێوە ژیرو وریان بە قسەی ئەو درۆزنانە فریو ناخۆن و ڕێی ڕاستیشتان لێ وون نابێت.. دەی فەرموون هۆڵەکە چۆڵ کەن هەتاکو بیرو میشکیان تێک نەداون.. دڵنیام هەر کە ئێمە ئێرەمان بەجێ هێشت ئێوەش بڵاوەی لێ ئەکەن [کە ئەیانەوێت بڕۆن ئەکتەرەکان دوایان ئەکەون].

ئەکتەری ٥ : ئێمەش دێین.

س. پاسەوان: پێم ووتن بڵاوەی لێ بکەن، زیاد مەڵێن ئەگینا خراپتان بەسەر دێنم.

[سەرۆک پاسەوان و دوو پاسەوانەکە دەرهێنەر ئەبەن، ئەکتەرەکان ئەگەڕێنەوە بەردەمی شانۆ]

ئەکتەری ٦ : ئێستا چی بکەین

ئەکتەری ٣ : من ئەڵێم بەردەوام بین لەسەر پێشکەش کردنی شانۆگەریەکە چیش ئەبێ با ببێ.

ئەکتەری ٤ : نابێت.. گوێت لێ نەبوو چیی ووت ؟!

[دوو ئەکتەر لە سوچێکی شانۆکە، دوور لە هاوڕێکانیان ئەدوێن]

ئەکتەری ١: ئەڵێی چی ؟

ئەکتەری ٢ : بۆچی ؟

ئەکتەری ١ : من تاقەتی ئەم سەرێشەیەم نیە، من ئێستا خۆم ئەدزمەوەو ئیتر نایەمەوە.

ئەکتەری ٢ : ڕاوەستە منیش لەگەڵت دێم، من هەر زوو ووتم با لەم شانۆگەریەدا ئیش نەکەین گاڵتەت لێ ئەهات (بە دزیەوە ئەڕۆن)

ئەکتەری ٥ : ئەی ئێستا چار چیە ؟

ب. شانۆ : بۆ چەند ڕۆژێ شانۆگەریەکە ڕائەوەستێنین تا بزانین چی ڕوو ئەدات ووتتان چی ؟

ئەکتەرەکان: باشە

ب. شانۆ: [بۆ جەماوەر] بەڕێزینە، داوای لێبوردنتان لێ ئەکەین خۆ بە چاوی خۆتان بینیتان، جارێکی تریش بمانبوورن خواتان لەگەڵ.

تاریکی

[دیمەن.. زیندانێکە، یوسف و موحەمەد لە سوچێکی زیندانەکە دانیشتوون قسە بۆ یەکتر ئەکەن]

محەمەد: ئێ کاک یوسف، ئەی تۆ ئەڵێی چی.. ئەینووسی ؟

یوسف : چی بنووسم ؟! ئەوە بە ڕاستتە، با هەر لە ورگی خۆیان بەن.

محەمەد : (بە پێکەنینەوە) لە ورگی خۆیان نادەن، لە ورگی من و تۆ ئەدەن.

یوسف : گوێ مەدەرێ کاکە حەمە با هەر لێدەن.

محەمەد: بەڵام لەوە ئەچێت هەروا بە ئاسانی دەست بەردارت نەبن.

یوسف : ئەوان دەست بەردارم ببن یان نەء من لەسەر ڕای خۆم سوورم.

[دەرگای زیندان ئەکرێتەوە، سەرۆک پاسەوان دەرهێنەر ئەکاتە ژوورەوە]

دەرهێنەر : بۆ کوێ ؟ ئەمەوێ چاوم بە بەڕێوەبەر بکەوێ.

س. پاسەوان : ئەوە فەرمانی بەڕێوەبەرە بڕۆ بۆ لای بڕۆمسیۆسی هاوەڵت.

[سەرەک پاسەوان ئەڕوات و دەرگای زیندانەکە دائەخاتەوە]

دەرهێنەر: ئای کە ئەمانە ناڕەسەنن، هەر ئەوەندە دەستمان بە پێشکەش کردنی شانۆگەریەکەمان کرد پەلاماریان داین، ئەمانە چۆن بنیادەمێکن ؟ببوورن سڵاویشم نەکرد.

محەمەد : بە خێر هاتی هەرچەند ئەم شوێنە خێری پێوە نیە.
دەرهێنەر : (لەگەڵ یوسف) چییە ئەڵێی لێرەش بە بڕۆمیسۆس بانگت ئەکەن ؟
یوسف : ئەگەر بیانزانیایە بڕۆمیسۆس کێیە، منیان بە بڕۆمیسۆس بانگ نەئەکرد.
دەرهێنەر: بڕۆمیسۆس ئێی.. ئەوەی ویستی ئاگر کە ڕەمزی زانست و ڕووناکییە بۆ مرۆڤ بەرێت... دەمێکە گیراوی ؟
یوسف : دوو هەفتەیە.
دەرهێنەر: هیچ ئازاریان نەداویت ؟
یوسف : (بە گاڵتە کردنەوە) ئازاردانی چی ؟ بۆ تۆ ئەمانە بەچی ئەزانیت ؟ بە درندەو وەحشی ؟!
محەمەد : ئەوەی بیهێننە ئێرە تۆ بڵێی بۆ داوەتیان بانگ کردبێت.
دەرهێنەر: (بۆ یوسف) ئەی ئەمجارە لەسەر چ تاوانێک گیراویت ؟
یوسف : (پێ ئەکەنێت)
دەرهێنەر: بەچی پێ ئەکەنیت ؟!
یوسف : تۆش ناوی ئەنێیت تاوان.
دەرهێنەر: ببورە مەبەستم.....
یوسف : گرنگ نییە... لەسەر ئەوەی چیرۆکی (خۆرهەڵاتنم) نوسیوە.
دەرهێنەر: خۆرهەڵاتن.. ئەو چیرۆکە گەیشتە دەستی منیش، چیرۆکێکی بەهێزە، دیمەنێکی جوانی تیایە. ئەو دەمەی لە نیوەڕۆدا ورده ورده تاریک دادێت هەواڵ بە هەڵۆ دەدەن قەلەڕەش خۆری دزی، هەڵۆ و قەلەڕەش بەرانبەر یەکتر دەبنەوەو ئەم دەمەتەقێیە لە نێوانیاندا ڕوو ئەدات

دیمەن

[دوو ئەکتەر دەوری هەڵۆو قەلەڕەش دەبینن یاخود بە شانۆیی بووکە شووشە نیشان ئەدرێ]
هەڵۆ : ئەی قەلەڕەشی بەد... بۆ دنیات لێ تاریک کردین ؟ نیازی چیت هەیە ؟
قەلەڕەش : من لەهەر شوێنێ بم ئەو شوێنە ڕووناکییە، ئەی کوێرە هەڵۆ من یەک پارچە گڕم
هەڵۆ : نا.. قەلەڕەش وانییە، لەبەرئەوەی خۆت ڕەشی ئەتەوێ هەموو دنیاش بەوێنەی خۆت بێت، بەڵام خەیاڵت خاوە.
قەلەڕەش : (ئەقیڕێنێ) دیارە تیشکی چاوم کوێری کردووین، کوا من ڕەشم ؟ ئەو پەڕە ئاڵتوونییانەم نابینی ؟
هەڵۆ : چاک ئەیبینم، بەڵام ئەو پەڕانەت ڕەنگ کردووە ئەگەر ڕاست ئەکەیت لە باران بارینداخۆت دەرخە، قەلەڕەش: من بیرو ناخی ڕەشت دەبینم، دنیات تاریک کردووە تا دزێوی و ڕەشیت بشاریتەوە، نەتزانی بەو کارەت ئەوەندەی تر خۆت دزێوو ناشرین دەکەیت.
قەلەڕەش : (پێ ئەکەنێ) من خۆرم لە سنگی خۆمدا حەشارداوە، بڕوانە چاوانم یەکپارچە گڕە، تیشکی خۆر لە چاوانی منداید.
هەڵۆ : بەڵام ئەو تیشکە لە دەوروبەری خۆت زیاتر ڕووناک ناکاتەوە.
قەلەڕەش : دە ئازا ئەوەیە لەو تیشکەی بەرکەوێ، ئەوەی لەمن نزیک بێتەوە ڕووناکی بە سەردا پەخش دەکەم.
هەڵۆ : ئەی قەلەڕەشی بەد نیاز گوێ بگرە با پێت بڵێم خۆر لە سنگی ڕەشدا جێی نابێتەوە، ئێستابێ یا تاوێکی تر خۆر بێزار ئەبێت و ئەتسوتێنێ.

(قەلەڕەش پێ ئەکەنێت، هەڵۆ پەلاماری ئەدات ؛ بەر ئەبنە یەکتری)

× × ×

یوسف ؛ بەڵێ دوای ئەوە هەڵۆ هاوار لە هاوڕێکانی ئەکات بە دەنگیەوە بێن ؛ تا سنگی قەلەڕەش هەڵدڕن و ڕوناکی بگەڕێننەوە !

دەرهێنەر: ئەی ئێستا داوای چیت لێ ئەکەن ؟

یوسف ؛ پەشیمان ببمەوە لەم چیرۆکەی نووسیومەو چیرۆکێکی تر بنووسم، لەو چیرۆکەدا بە ڕوون و ڕەوانی بڵێم پاشا خۆری راستەقینەی وولاتە. هیچ خۆرێ تین و تاوی خۆری پاشای نییە.

دەرهێنەر: ئەی تۆ بڕیاری چیت داوە ئەی نووسیت ؟

یوسف ؛ ئەوە قسەیە ئەیکەیت [سەیری محەمەد ئەکات] با هەر لە ورگی خۆیان بدەن.

دەرهێنەر: بەڵام تۆ بڵێی هەروا بە ئاسانی وازت لێ بهێنن؟

یوسف ؛ بێگومان نەء، بەڵام منیش لەسەر ڕای خۆم هەر سوور ئەبم... کاتێ برۆمیسۆسی خواوەند ویستی ئاگر لە زیۆسی گەورەی خواوەندان بدزێ و بە دیاری بۆ مرۆڤی بەرێ، زیۆس سزایەکی گەورەی دا، سزاکەش ئەوەبوو لە ئاسمان لەناو خواوەندان دەری کردو لە شوێنێکی چۆڵ و هۆڵ، لە چیای قەفقاس بە تاشەبەردێکی گەورەوە بەستیەوە.

دەرهێنەر: بەڕاستی تۆ برۆمیسۆسی، ئەو ناوە پڕ بە پێستی تۆیە وات لێ کردم هەر لە ئێستاوە بیر لەوە بکەمەوە چۆن چۆنی ئەو چیرۆکە بخەمە سەر شانۆ، ئەبێ شێوازێکی وای بۆ هەڵبژێرم شایەنی چیرۆکەکە بێت... ئەی ئەم برادەرە لەسەرچی گیراوە ؟

یوسف : ئەم برادەرە محەمەدی ناوە.. وێنەکێشە، لەسەر ئەوەی تابلۆی (خۆرو دەریا) ی کێشاوە گیراوە.

دەرهێنەر: ناویم بیستووە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە بە خزمەتی بگەم (لەگەڵ محەمەد) ئەبێ بەڵێنی ئەوەم بدەیتێ کە دیکۆری شانۆگەریەکەم بۆ بکێشی.

محەمەد: (بەدەم بزەیەکەوە سەری ڕەزامەندی بۆ رادەوەشێنێ).

[دەرگای زیندان ئەکرێتەوە، سەرۆک پاسەوان دێتە ژوورێ].

س. پاسەوان: هەستن وەرن لەگەڵم.

دەرهێنەر: بۆ کوێ ؟

س. پاسەوان : بۆ لای بەڕێوەبەر

(دەرۆنە دەرەوە)

تاریکی

[شانۆ تاریکە... کۆرس مەشخەڵیان بە دەستەوەیە و دێنە سەر شانۆ]

کۆرس ؛ ئەوەی عاشقی خۆر بێ.

نابێ لە سوتان سڵ کا.

ئەوەی عاشقی بەفرە

نابێ لەوە بترسێ

سەرماو سۆڵە سڕی کا

* * *

[ژووری بەڕێوەبەری زیندانە.. یوسف و محەمەدو دەرهێنەر، سەرۆک پاسەوان و دوو پاسەوانەکە لە ژوورەوەن]

بەڕێوەبەر: (تابلۆیەکی بە دەستەوەیەو ڕوو ئەکاتە محەمەد) ئەم تابلۆیەی تۆ کێشاوتە تاوانێکی گەورەیە، لە کاتێکدا پادشا خۆری ولاتە ئیتر چۆن ئەبێت وێنەی خۆرێکی تر بکێشی ؟

محەمەد : ئەوەی من کێشاومە خۆرێکی تر نیە، بەڵکو خۆری راستەقینەی ئەم ولاتەیە خۆری ئەوانەیە ئێستا لە تاریکیدا ئەژین.

بەڕێوەبەر: بە نەعلەت بی... ئەی پادشا؟ پادشا خۆرە روونـاکی یە، هەمووتـان هەڵئەواسم، ئـاگر لە خۆتان و لە تابلۆشتان بەر ئەدەم..[بەرەو ڕووی محەمـەد ئـەچێت، تابلۆکـەی، نیشـان ئـەدات) ئـەی ئـەم دەریایە یانی چی؟

محەمەد: کە خۆری راستەقینە هەڵدێ، ئاوی دەریا ئەکاتە هـەڵم، هەڵمەکـەش ئەبێتـە بـاران، بـارانیش دەشت و دەر دەبوژێنێتەوە، گـوڵ و وەنەوشـەو نـێرگز سـەر دەردێنـن، سروشـت بـەرگی ئـاڵ و والا لەبـەر دەکـات، جـاری واش هەیـە لەبـری بـاران بـەفر دائەکـات، ئەوکاتـە سروشـت بـەرگی بوکێنـی ئەپۆشـێ و چاوەڕوانی زاوایە تارای سپی بوکێنی لەسەر لابات.

بەڕێوەبـەر: (پـێ ئەکـەنێ) هـەی بـێ عـەقڵ. ئـەی نـازانی هـەر تیشـکی ئـەو خۆرەیـە بەفرەکـە ئەتوێنێتەوە؟!

محەمەد: بەڵێ ئەزانم. کاتێ خۆری زاوا تارای سپی لەسەر بەفری بوکێ لادەبات، بوکێ دەبێتـە دڵۆپـە ئاوو تێکەڵ بە دەستە خوشکەکانی لە چەم و روبارو دەریا دەبێ...

بەڕێوەبەر: ئەو قسانە لە وڕێنەی شاعیرەکان دەچێ، بزانە لەگەڵ کێدا قسە ئەکەیت !

محەمەد: کە بەفری چیاکان ئەتوێنەوە کانیاوەکان ئەتەقن، ئاو زۆر ئەبێ و زەوی بـە بەرەکـەت، واتـە نەمانی هەریەکەیان و بونی ئەوی تریان ئەبێتە هۆی خێرو بەرەکەت بۆ خەڵکی.

بەڕێوەبەر: (تابلۆکـە بـە محەمـەدا ئەکێشـێ. محەمـەد تابلۆکـە ئەگرێتـەوە) خـۆت و تابلۆکەشـت بـۆ جەهەنەم، پادشا خێرو بەرەکەت بەسەر خـەڵکیدا ئەبـارێنێ، خـاوەن شـکۆ خـۆرەو ڕێی خـەڵکی ڕووناک ئەکاتەوە، تێگەیشتی سەگە.

محەمەد: گوێ بگرە جەناب، با سەربردەیەکت بۆ بگێڕمـەوە، خـاڵم کابرایـەکی بـە تاقـەت بـوو، وێنـەو دیمەنی جوان جوانی دەکێشا، جارێکیان دیمەنی خۆشەویستی خۆی و دڵدارەکەی کێشـابوو، لە دامێنیـاندا کانیـیەک، ئاوێکی بێ گەردو سازگاری لێ هەڵئەقوڵا، هیچ دیمەنێک بە قەدەر ئەوەیان مـاندوی نـەکردبوو.. ڕۆژێکیان دەست ڕەنگینی خۆی نیشانی هاوڕێکانی ئەدات، ئەوانیش سەریان لەم کارەی خاڵم سوڕئەمێنێ. بەڵام کوڕی کوێخا بەخیلی پێ ئەبات و ئەڵێ ئەو تابلۆیە هەر بۆ ئەوە باشە زۆپای پێ گـەرم بکـەیت. ئـەم قسە زۆر کار لە خاڵم ئەکات، وەک ئەوانەی لەوێ بوون ئەیگێڕنەوە خاڵم لە داخانا سور هەڵئەگەڕێ، خوێـن ئەزێتە چاوانی، تا هێزی تیا ئەبێت تابلۆکە ئەکێشێ بە سەری کوڕی کوێخـادا، شـوێن کانیەکـە بـە خوێنـی سەری سوور ئەبێت، ئەم جارە کانیەکە وا ئەنوێنێ لەجیاتی ئاوێکی بـێ گـەرد خوێنـی لـێ هـەڵقوڵێ. هـەر ئەوەش ئەبێتە هۆی نەمری و بەناوبانگی ئەو تابلۆیە، جـا ئەوانـەی ئاگـاداری ئـەم بەسـەرهاتە نـین و ئـەو تابلۆیە ئەبینن وا باسی خاڵم ئەکەن و ئەڵێن لەم تابلۆیـەیدا پێشـبینی ئاکـامی دڵداریەکـەی کـردووە، ئـەم خوێنە خوێنی هونەرمەندو دڵدارەکەیەتی کە لە ژوانێکدا بەدکاران ڕشتیان.

بەڕێوەبەر: پێویست بەم درێژدادڕی و کڕوزانەوەیە ناکات، من لێت خۆش ئەبم، بەڵام بەمەرجێ، وێنەی پادشا بەو ڕەنگەی یەکپارچە گڕو ڕوناکیی‌یە بکێشی.

محەمەد : جەناب، من ناکڕوزێمەوە، ئەو حکایەتەم بۆ گێڕایتەوە تا پێت بڵێم، خاڵم رازی نەبوو گاڵتەی پێ بکەن و ئاوا کێشای بەسەری کوڕی کوێخادا [تابلۆکە بۆ بەڕێوەبەر دائەهێنێتەوە بەڕێوەبەر خۆی لائەدات و بەری ناکەوێت، دوو پاسەوانەکە محەمەد ئەگرن]

بەڕێوەبەر: (لەوپەڕی تووڕەبوندایە) بەلەعنەت بی... وا بڕیارم دا پەنجەکانی ببڕنەوە بۆ ئەوەی تاماوە نەتوانێ فڵچە بە دەستەوە بگرێ.(پێئەکەنێ و تووشی هێستریا ئەبێت) تەنانەت پەنجەکانی قاچیشی چونکە ئەمانە سەگن ؛ نەبا دوایی بەپەنجەکانی قاچی وێنە بکێشێ چاکە؟!

(پێ ئەکەنێ) دەبیبەن دەی.(دوو پاسەوانەکە محەمەد ئەبەن، بەڕێوەبەر ڕوو ئەکاتە یوسف و دەرهێنەر) ئەوانەی وەک ئەم بێ عەقڵە بن سزای گەورەتر ئەدرێن، مرۆڤی عاقڵ و ووریا لەوانەوە دەرس وەرئەگرێت (لەگەڵ یوسف) چیرۆکەکەتم خوێندەوە، با بێ پێچ و پەنا قسە بکەین.. قەلەڕەشەکە پادشایە، وایە ؟ (یوسف بێ دەنگە) لەگەڵ تۆمە وەڵام بدەرەوە... قسەناکەی کەواتە وایەو مەبەستیشت هەر ئەوەیە.

یوسف : تۆ وای لێک ئەدەیتەوە، ئەگینا من بیرم بەلای شتی وا نەچووە.

بەڕێوەبەر: درۆ ئەکەیت، چیی‌یە بۆ ڕووت گرژ کرد ؟! پێت ناخۆشە پێت بڵێم درۆ ئەکەیت پێت ناخۆش نەبێت ئێوە هەروەکو سەگ درۆ ئەکەن و وەکو سەگ ئەوەڕن. گوێ بگرە حەز بە زۆربڵێی و چەنەبازی ناکەم من بەیەک شت لێت خۆش ئەبم ئەویش ئەوەیە چیرۆکێکی تر بنووسی و بە ئاشکرا بڵێی پادشا خۆری وڵاتە. هیچ خۆرێ تین و تاوی ناگاتە خۆری خاوەن شکۆ، ئا لەم جۆرە قسەو باسانە. تێگەیشتی ؟! ووتت چی ؟ بۆ قسە ناکەی ؟ ئەوەی وتم ئەیکەیت یان نا ؟ (یوسف وەڵام ناداتەوە) ئەینووسی یان نا؟ دیارە قایل نیت (لەگەڵ سەرۆک پاسەوان) بیبەن ئەمەوێ ئاقڵی کەن بۆم، ئەبێ هەر بینووسێ (سەرۆک پاسەوان یوسف ئەبات) هەر ئەبێ بینووسێ، ئەبێ بینووسێ. پادشا خۆری ڕاستەقینەی وڵاتە (ڕوو ئەکاتە دەرهێنەر) ئەمانە شێتن ئەگینا کەس بووە حەز بە مردن بکات.(سەرۆک پاسەوان دێتە ژوورەوە).

س. پاسەوان : قوربان تاوانبارێکیان هێناوە، فەرمانتان بە چییە ؟

بەڕێوەبەر : بیهێنن.

[سەرۆک پاسەوان بازرگانێک ئەکات بە ژوورا]

بەڕێوەبەر : چ تاوانێکی کردووە ؟ نکوڵی لەوە ئەکات پادشا خۆری وڵات بێ ؟

بازرگان : ئەستەغفیرەڵڵا قوربان.

س. پاسەوان: قوربان پیاوێکی کوشتووە.

بەڕێوەبەر : لە پیاوانی ئاساییش ؟

بازرگان : ئەستەغفیرەڵڵا قوربان.

س. پاسەوان : قوربان.. ئەم کابرایە بازرگانێکی گەورەو دەوڵەمەندە، تاوانی ئەوەیە یەکێک لە پیاوانی خۆی کوشتووە.

بەڕێوەبەر : ئاوا ! (پێ ئەکەنێ) کەی ئەوە تاوانە، ئەمە تاوانبار نییە تاوانبار ئەوانەن ڕوو لە ئێمە وەرئەگێڕن، ئەوانەن ئەیانەوێ تیشکی پادشا ڕەت بکەنەوە تۆ ئەی بازرگان خۆرت خۆش ئەوێ ؟

بازرگان : پایەداربی قوربان.. پادشا خۆری وڵاتە بە هاتنی پادشا شادی و بەختیاری ڕووی تێ کردووین لە سایەی تیشکی پادشاوە ئێمە کارو کاسبیمان بە باشی ئەڕواو لە هیچمان کەم نیە.

بەڕێوەبەر: ئەی ئەو خۆرەی هەندێ نەزان و نەفام باسی ئەکەن خۆشت ئەوێ ؟
بازرگان : ئەستەغفیرەللا قوربان.. من ڕقم لەو خۆرە ئەبوەوە، چونکە زیانێکی زۆری پێ ئەگەیاندم، قوماشی گران بەهای کاڵ ئەکردمەوەو نرخی دائەبەزاند، مەی و شەرابێکی زۆری هەڵئەلوشیم و ئەیکردە هەڵم.
بەڕێوەبەر: بەرەڵای کەن، ئەوەی وەکو ئەم بیر بکاتەوە سەربەستە، ئەوەش کە سەربەستە پێویستە وەکو ئەم بیربکاتەوە، بەرەڵای کەن، کاکی بازرگان تۆ ئازادی.. برۆ خوات لەگەڵ.
بازرگان : خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ قوربان.(بازرگان ئەچێتە دەرەوە).
بەڕێوەبەر: ئەمە لەو جۆرە کەسانەیە کە دەزانێ چۆن بژی (لەگەڵ دەرهێنەر) بە کتابی ڕەسمی ئاگادارم نەکردی شانۆگەریەکەتان بوەستێنن و پێشکەشی نەکەن ؟
دەرهێنەر: بەڵێ قوربان... بەڵام....
بەڕێوەبەر: بەڵامی ناوێ. من داواکاریەکم هەیە ئەگەر بەجێت هێنا ئەوا ئازاد ئەبیت و سەربەستیەکی تەواو بە خۆت و هاوڕێکانت ئەدەم بە ئارەزوی خۆم و خۆتان کار بکەن.
دەرهێنەر: ئەمرکە قوربان.
بەڕێوەبەر: (کتێبێ لە کتێبخانەکەی دەردێنی) ئەم شانۆگەریە لە جیاتی ئەو شانۆگەریەی ئێستا پێشکەشی ئەکەن، پێشکەش بکەن (کتێبەکە بۆ دەرهێنەر ڕائەگرێ) ها ووتت چی؟
دەرهێنەر: من نازانم
بەڕێوەبەر: ئەگەر وەکو دوو هاوڕێکەی ترت بیر ئەکەیتەوە ئەوا با درێژەی نەدەمێ و بڕیاری خۆم دەرکەم.
دەرهێنەر: نا.. نەخێر من.. بە جۆرێکی تر...
بەڕێوەبەر: تۆ بە جۆرێکی تر بیر ئەکەیتەوە ؟
دەرهێنەر : بەڵێ (کتێبەکەی لێ وەرئەگرێ)
بەڕێوەبەر: دیارە تۆ عاقڵی.
دەرهێنەر: بەڵام قوربان ئەم شانۆگەریە باسی چی دەکات ؟
بەڕێوەبەر: گرنگ ئەوەیە من بە دڵمە، مادام تۆش وەکو ئەوان بیر ناکەیتەوە بەدڵت ئەبێ،ووتت چی؟
دەرهێنەر: ئەمرەکەی قوربان.
بەڕێوەبەر: دەبڕۆ دەی (دەرهێنەر دەڕوات، بەڕێوەبەر ڕوو ئەکاتە سەرۆک پاسەوان) ؛ ئەبێ ئەو یوسفە نارەسەنە ناچار بکەن چیرۆکەکە بنووسێ.
س. پاسەوان : قوربان.. زۆر کەللە ڕەقە، تۆ بڵێی بینوسێ.
بەڕێوەبەر: ئەبێ بینوسێ گوێبگرە سبەینێ ژنەکەیم بۆ بێنە ئێرە.. جا ئەو کاتە خۆم ئەزانم چۆن ناچاری ئەکەم چیرۆکەکە بنووسێ.
س. پاسەوان: فەرمانت بانچاوانە قوربان بە چاوان (ئەچێتە دەرەوە).

تاریکی

[ئەکتەرەکان لەسەر شانۆن، بەڕێوەبەری شانۆ ئەو کتێبەی بە دەستەوەیە کە بەڕێوەبەری زیندان لە دیمەنی پێشوودا بە دەرهێنەری دا]
ب. شانۆ: (لەگەڵ دەرهێنەر) واز لە شانۆگەریەکەی خۆمان بێنین و ئەم شانۆگەریە پێشکەش بکەین ؟
دەرهێنەر: بەڵێ.

پ. شانۆ : بەڕاستە، یان گاڵتە ئەکەی ؟
دەرهێنەر: گاڵتە ناکەم، بە ڕاستمە.
پ. شانۆ: بەڵام ئەم شانۆگەریە لەگەڵ بیرو باوەڕی ئێمەدا ناگونجێ، تەواو پێچەوانەی شانۆگەریەکەی خۆمانە.
دەرهێنەر: ئیتر ئەوەیە، زۆرم لەکەس نەکردوە، کێ بە دڵی نییە ئەتوانێ بڕوا.
پ. شانۆ: ئاوا.. ! ! (ڕوو ئەکاتە ئەکتەرەکان) ئێوە بۆ قسە ناکەن، هەموتان ئەم شانۆگەریەتان خوێندۆتەوەو ئەزانن باسی چی ئەکات، کێ بە تەمایە ئیشی تیا نەکات بێتە لای منەوە (زۆربەی ئەکتەرەکان دەچنە لای بەڕێوەبەری شانۆ).
دەرهێنەر: (تووڕە ئەبێ) تۆ خۆت ئەڕۆی بڕۆ، بەڵام حەقی ئەوەت نییە کەسی تر دوای خۆت بخەیت.
ئەکتەرێک: (لەگەڵ دەرهێنەر) بۆ تۆ لات وایە ئەگەر ئەم قسەی نەکردایە ئێمە بێدەنگ ئەبوین ؟ نەخێر من هەر کە خوێندمەوە بڕیارم دا ئیشی تیا نەکەم.
دەرهێنەر: بۆ لە ئێوە وایە، ئەگەر ڕۆشتن، من ئیتر پەکم ئەکەوێت و پێشکەشی ناکەم.
پ. شانۆ: ڕەنگە لە تۆش وابێ، ئێمە کە لێرە ڕۆیشتین لێی دائەنیشین، نەخێر لەهەر جێیەک بێ، لە شانۆیەکی تر، لەسەر شەقام و مەیدانە گشتیەکان شانۆگەریەکەی خۆمان پێشکەش دەکەین ئەوەش شانۆگەریەکەت (کتێبەکە بۆ دەرهێنەر فڕێ ئەدات) بابڕۆین (ئەڕۆن).
دەرهێنەر : بابڕۆن.. ئەیانبینمەوە.

* * *

[دیمەن: زیندانێکە، یوسف بە تەنهایە، شەکەت و ماندووە، دیارە ئازاریان داوە.. دەرگای زیندانەکە ئەکرێتەوە.. سەرۆک پاسەوان مریەم ئەکاتە ژوورەوە، یوسف بەرەو لای مریەم ئەچێت]

یوسف : مریەم.
س. پاسەوان : دڕێژەی مەدەنێ (لەگەڵ مریەم) چییان پێ وتوویت ئەوەی پێ بڵێ و بەس. (ئەڕواتە دەرەوەو دەرگای زیندان دائەخرێت)
مریەم : چۆنی ؟
یوسف : باشم.. زۆر باشم
مریەم : باشی چی ؟! زۆر لاواز بویت دیارە ئەو دڕندانە زۆریان ئازار داویت.
یوسف : مریەم تۆ هەمیشە ووردەت بەرز بووە ؛ ئەمەوێ ئێستاش هەر بەو جۆرە بیت.. ئەی منالەکان چۆنن ئەمساڵ بیانێرە بەر خوێندن... چیرۆکیان بۆ ئەخوێنیتەوە ؟
مریەم : بەڵێ.
یوسف : چۆن ڕێگایان دایت بمبینی؟
مریەم : ئەو سەگانە ئەم بەیانیە خۆیان کرد بە ماڵدا ووتیان بەڕێوەبەر داوات ئەکا.
یوسف : بەڕێوەبەر ؟ چی ئەوێت ؟!
مریەم : بەڕێوەبەر زۆری ووت ؛ بەکورتی وتی بچۆرە لای مێردەکەت و پێی بڵێ بەزەیی بە منالەکانیا بێتەوە.
یوسف : ئای لەو سەگانە.. گوێ بگرە کە چوویتەوە ماڵ، پەلی منالەکان بگرە و بچنە ماڵ باوکت تاکو بە شوێنتان نەزانن.
مریەم : ئەوە تۆ ئەڵێی چی ؟ بەڕێوەبەر ئەیووت ئەبێت قایلی بکەیت چیرۆکەکە بنووسێت.
یوسف : کەواتە تۆش ئەوەت ئەوێت، وام ئەزانی هانم ئەدەیت نەینوسم.

مریەم: بەڵام ئەترسم...
یوسف : لەچی ئەترسی ؟ لەوەی بمکوژن، گرنگ نیە بەلامەوە خۆ من هەر ئەمرم، دەمردنێکی وا هەڵئەبژێرم ژیانێکی هەتا هەتایی بە دواوە بێت.
س. پاسەوان : (زیندانەکە ئەکرێتەوەو دێتە ژوورەوە) تەواو وەرە دەرەوە.
یوسف : ئەبێ کارێکی وا بکەین کە منالّەکانمان گەورە بوون تف و نەعلەتمان نەکەن.
س. پاسەوان : ئاخر ئەوە پیشەتانە بۆیە ئەوە بەشتانە.
[مریەم ئەچێتە دەرەوەو دەرگای زیندانەکە دائەخرێتەوە]
یوسف : ئای لەو سەگانە، زیۆس ویستی وا لە برۆمیسۆس بکات پەنجەی پەشیمانی بگەزێت و پاشگەزی بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی بەتاشە بەردەکەوە بەستیەوە، دالّێکی بۆنارد تا جەرگی برۆمیسوس دەربێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی برۆمیسوس خۆڕاگرو لەسەر ڕای خۆی سوور بوو، هەر کە دالّەکە دەڕۆیشت جەرگی دەهاتەوە جێی خۆی. بەڵێ بە ڕۆژ دالّەکە جەرگی دەر ئەهێناو کە شەویش دائەهات، ئەهاتەوە جێی خۆی، ئەمانیش ئەیانەوێ بە چنگ خستنە جەرگی منەوە پەشیمانم بکەنەوە....
[دەرگای زیندانەکە ئەکرێتەوە، بەڕێوەبەرو سەرۆک پاسەوان و دوو پاسەوان دێنە ژوورێ]
بەڕێوەبەر: ها.. ووتت چی ؟ ئەوە قەڵەم و کاغەزو چیرۆکە تازەکە بنووسە. [سەرۆک پاسەوان کاغەزو قەڵەم بۆ یوسف ئەگرێ، یوسف وەری ناگرێ]
بەڕێوەبەر: وەری ناگری ؟ ئەتەوێ بڵێی چی ؟ نایتوسی ؟! (یوسف قسە ناکات) وەڵامم بەرەوە، ئەینووسی ؟ (یوسف هەر بێدەنگە.. بەڕێوەبەر ئەقیژێنێ) ئەینووسی یان نەء ؟
یوسف : (پڕ بە گەروی هاوار ئەکات بە ڕووی بەڕێوەبەردا) نا... نایتووسم.
بەڕێوەبەر : (ئەشڵەژێ، تووڕە ئەبێ ڕوو ئەکاتە سەرۆک پاسەوان) هەناسەی لێ ببڕن، بیتۆپێنن، ڕەوانەی کەن بۆ ئەو دنیا بۆ لای وێنەکێشەکەی هاوەڵی.

تاریکی

[شانۆ تاریکە، کۆرس مەشخەڵیان بە دەستەوەیە و دێنە سەر شانۆ]
کۆرس : بیرکەنەوە... بیرکەنەوە
لە ماڵەوە.. لە دەرەوە
لە کارگەدا.. لە کێڵگەدا
لە خەودا.. لە ڕێگادا
بیرکەنەوە
لە تاریکی
لە ڕووناکی
هۆی تاریکی ؟
ڕێی ڕووناکی.
[دەنگی زرمەی دەرگای هۆڵی شانۆ جەماوەر دائەچڵەکێنێ، دوو کەس بە جلوبەرگی مەدەنییەوە دێنە هۆڵەکەوەو بەرەو سەر شانۆ ئەچن.]
کەسی ١ : بیبڕنەوە دەنگە دەنگ.

کەسی ٢ : دەمتان داخەن.

ئەکتەرێک : ئا گڵۆپەکانی سەر شانۆ داگیرسێنن، ئەڵێی بوو بە ڕاست.(شانۆ ڕوناک ئەکرێتەوە، دوو کەسەکە ئەگەنە سەر شانۆ هەموو ئەکتەرەکانی تریش دێنە سەر شانۆ).

کەسی ١ : ئێوە کەی عاقڵ ئەبن، تا یەکێکیان عاقڵ ئەکەین، دووانی تریان بێ عەقڵ ئەبن.

کەسی ٢ : چاو چاو چەند چاو قایمن، خەریکن بەناوی پادشاوە ناوو ناوبانگی فەرمانڕەوا بزڕێنن.

کەسی ١ : هەی ناپاکینە.

ب. شانۆ: ئێمە ناپاک نین، ناپاکی ئەخەینەڕوو، ئەوە دیالۆژی شانۆگەریەکەمانە.

کەسی ٢ : دەمت داخە، ئەمجارە هەروا بە ئاسانی بۆی دەرناچن، ئێستا ئێوە دەست بە سەرن، چواردەورتان بە پۆلیس گیراوە، ئیتر ئەتوانن چی بکەن و چی بڵێن ها ؟

ب. شانۆ: ئێستاش ئەڵێین: (هەموو ئەکتەرەکان بەیەک دەنگ ئەڵێن)

ئەوەی عاشقی خۆر بێ
نابێ لە سوتان سڵ کا
ئەوەی عاشقی بەفرە
نابێ لەوە بترسێ
سەرماو سۆڵە سڕی کا

[دوو کەسەکە ئەکتەرەکان ئەدەنە پێش خۆیان بۆ دەرەوەی هۆڵی شانۆ، ئەکتەرەکان لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەو شیعرەی سەرەوەدا داوا لە جەماوەر دەکەن لە ووتنی شیعرەکەدا بەشداریان لەگەڵ بکەن، بەو جۆرە ئەکتەرەکان و جەماوەر بەدەم وتنەوەی شیعرەکەوە ئەچنە دەرە.

کۆتایی

سالّی ١٩٨٥ نووسراوە


سەرنج:

١) ئەم شانۆییە بۆ یەکەم جار سالّی ١٩٨٥، لەسەر شانۆی پە یمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەناونیشانی.. (خۆر هەڵاتن) نمایش کرا، لە دەرهێنانی (دڵشاد ئەحمەد)

٢) سالّی ١٩٩١ بۆ دووەم جار لەسەر شانۆی سانەوی سەلاحەدین و لە دەرهێنانی (ئاشتی کمال) نمایش کرا.

٣) تیپی شانۆی شارەزووریش لەمانگی نیسانی ١٩٩٢، لە دەرهێنانی (برهان نەجیب) ئەم شانۆییەی نمایش کرد

نووسەر



ئەو پیاوەی گوڵێکی لەدەمدابوو

لویجی پیراندێللۆ

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ئەبوبەکر خۆشناو

کارەکتەرەکان:

- **پیاوێ کە گوڵێکی لەدەمدا بوو.**
- **موشتەری چایخانە کە پیاوێکی ئارامە.**

شانۆ:

(لەبەشی دواوەڕا، درەختەکانی جادەو ئەو چرایانەی لەنێو لکو پۆپی دارەکانەوە دیارن، دەبینرێن، لە هەردوولادا، دوامین خانووی جادەیەك کە دەگاتەوە جادە سەرەکییەکە، دەبینرێن، لەنێو خانووەکانی لای چەپدا، چایخانەیەکی شەوانە هەیە، مێزو کورسییەکانی لەسەر شۆستە دانراون، لەبەردەم خانووەکانی لای راست، چرایەك رۆشنە. دەستە چەپ، لەشوێنێ کە جادەیەك جادە سەرەکییەکە دەبڕێ، چرایەکی دیکەش داگیرساوەو بەخانییەکەی گۆشەی شانۆوە هەڵواسراوە. لەماوەکانی نومایشدا دەنگی ماندوولینێك لەدوورەوە دەبیسترێ.

پەردەکە لادەچێ، ((ئەو پیاوەی گوڵێکی لەدەمدایە)) لەپشت مێزێك دانیشتووەو بەبێ دەنگی لەو موشتەرییەی لەپشت مێزێکی دیکە دانیشتووەو بەقامیش شەربەت دەخوتەوە، راماوە).

پیاوەکە: باشە، دەمویست بڵێم کە.. تۆ پیاوێکی چاکی بەڵێ.. بەشەمەندەفەر رانەگەیشتی؟

موشتەری: تەنیا یەك دەقیقە دواکەوتم، کاتێ گەیشتمە ویستگە، ئەو لەعنەتیەم بینی دەڕۆیشت.

پیاوەکە: دەتتوانی بەدوایدا رابکەی.

موشتەری: هەڵبەت، بەڵام ئەو بەستراوە گاڵتەجاڕیانەم چی لێ کردبا؟ وەك بارگینێکی پیر بووم کە بارکرابێ. گێلانە نییە؟ ئێوە خۆتان کە ژنان دەناسن، فەرمان لەدوای فەرمان! تەواو نابێ! خودایە! دەزانی کاتێ لەتاکسی دابەزیم، چەندم پێ چوو تاتوانیم پەنجەکانم لەداوی ئەو هەموو بەستراوە هەڵکێشم؟ سێ دەقیقەی تەواو! هەر ئەنگوستێکم دوو شتی پێوە هەڵواسرابوو.

پیاوەکە: سەیر بووە! دەزانی ئەگەر ئەمن بام چیم دەکرد.؟ هەمووم لەنێو تاکسییەکەدا بەجێ دەهێشت.

موشتەری: ئەوجا چ وەرامێکی ژنەکەمم داباوە؟ چ وەرامێکی کیژەکەمم داباوە؟ وەرامی ژنەکانی دیکەم چۆن داباوە؟

پیاوەکە: قیژەو هاتو هاواریان دەکردو منیش تێر پێ دەکەنیم.

موشتەری: پێ دەچێ نەزانی، دەمێ ژنەکان بڕیار دەدەن لەگوندی بژین، چۆن چۆنی بەڵگە دێننەوەو سواری قسەی خۆیان دەبن.

پیاوەکە: زۆر باش دەزانم (وەستان) یەکەم جار دەڵێن داوای هیچ شتێ ناکەن، دەتوانن بەهیچ بژین.

موشتەری: لەمەش خراپتر، خۆیان وانیشان دەدەن کە بۆ پاشەکەوت چوونەتە لادێ، هەرچی پیسترو خراپتر، باشتر، ئەم ژنانە! بەڵام ئەمن لەو باوەڕە دام، ئەمە پیشەیانە: (ئەگەر دەچیە شاری، دەکرێ ئەم شتانەم بۆ بکڕی؟) یان (دەکرێ زەحمەت بکێشیو بۆمن...)، (دەکرێ زەحمەت بکێشێ!)...و (ئێستا کە دەچیە...)و من دەڵێم (ئاخر خۆشەویستەکەم، چۆن دەکرێ لەماوەی سێ سەعاتدا ئەو هەموو کارانە ئەنجام بدەم؟) ئەویش وەرام دەداتەوە: (بۆ نەتوانی؟ مەگەر ناکرێ تاکسییەك بگری؟) ئەوجا لەهەمووشی خراپتر ئەگەر لەبیرم بچێ کلیلی خانووەکەی شارمان لەگەڵ خۆم ببەم.

پیاوەکە: بەڕاست، وایە.

موشتەری: تەواوی بەستراوەکانم لەویستگە خستە گەنجینەوە، دواتر چوومە چێشتخانەو نانی ئێوارەم خواردو پاشان چوومە شانۆو ویستم ناراحەتیم فەرامۆش بکەم، گەرما تینی لێ بڕیبووم، کە هاتمە دەرێ بەخۆمم گوت: ((باشە، ئێستا چ بکەم؟ لە نیوەشەو تێپەڕیووە، تا سەعات چواریش شەمەندەفەر پەیدا نابێت. ئەم هەموو پەشۆکانو ناڕەحەتیە بۆ دوو سەعات خەو؟ پارەی بلیتەکەشی نەدەهێنا)) ئێستاش دەبینی لێرەم، ئەم چایخانەیە تابەیانی کراوەیە، وانیە؟

پیاوەکە: تابەیانی کراوەیە، (وەستان) گوتت بەستراوەکانت لەگەنجینەی ویستگە داناوە؟

موشتەری: بۆچی دەپرسی؟ لەو باوەڕەدای کەس بیبا؟ زۆر توندو بەوردی بەستراونو..

پیاوەکە: ئاه، هەڵبەتە، هەڵبەتە (وەستان) دڵنیام کەس دەستیان لێ نادا، دەزانم ئەم دوکاندارانە چەندە بەوەستایی شتەکان دەبەستن، لەم کارەدا پسپۆرن (وەستان) هەر ئێستا دەتوانم دەستەکانیان بێنمە بەرچاوم، چ دەستێك! پارچە کاغەزێکی دوولا هەڵدەگرن، گەورەو جوان! سۆری خەت مارپێچ، هەر تەماشا کردنەکەی، خۆشە! ئەوەندە لووسە کاتێ دەیخەیتە سەر دەمو چاوت، دەتوانی هەست بەفێنکیو نەرمیەکەی بکەی، لەسەر مێزەکە دەیکەنەوە، پارچەکە لەناوەڕاستیدا رادەخەن. پاشان زۆر بەچاپووکی دەقی دەکەن. لێوێکی کاغەزەکە بەپشتە دەست بەرز دەکەنەوەو لێوەکەی تری دێننە خوارێو پاشان هەردوو لێوەکەی پێکەوە دەبەستن، پاشان گۆشەکانی بەشێوەی سێ گۆشە دەق دەکەن، بەجۆرێ سەری سێ گۆشەکان لار ببنەوە، ئەوجا دەستێك بۆ هەگبەی داوەکە درێژ دەکەنو ئەوەندەی پێویستە رایدەکێشنو بەستراوەکە بەخێرایی‌یەکی وا دەبەستن هەتا بواری پیا هەڵدانیشیانت بۆ نامێنێتەوەو ئەڵقەیەکی بچووك بۆ ئەنگوستەکانت ئامادە کراوە.

موشتەری: وادیارە، بایەخێکی زۆر بەم بابەتە دەدەی.

پیاوەکە: هەروایە، کاکی بەڕێز، دەتوانم تەواوی کاتم بەم شتانەوە خەریك بم، هەتا دەشتوانم سەعاتێکی تەواو لەپشت جامخانەی دوکانێك راوەستمو تەماشا بکەم، ئەگەر ئەم کارە دەکەم خۆم لەبیر دەچێتەوە، پێم خۆشە لەجێی ئەو پارچە ئاوریشمە بم، لەجێی ئەو پارچە شریتە بم، ئەو شریتە شینە یان سۆرە کە کیژە فرۆشیارەکان بەپەنجەکانیان ئەندازەی دەگرن. بینیوتە، پێش ئەوەی بیبەستن، چ دەکەن؟ چەند جارێك بەدەوری پەنجەی گەورەو گچکەیانەوە دەپێچن، (وەستان) من کاتێ موشتەرییەکان لە دوکان دێنە دەرێ، تەماشا دەکەم، دەبینم بەستراوەکانیان بەئەنگوستەکانەوە هەڵواسیوە یان بەدەست

گرتووە، یان خستوویانەتە بن هەنگڵیانەوە. تەماشایان دەکەم، تا لەبەر چاوم بزر دەبن. من دەربارەی گەلێ شت، زۆر شت، خەیاڵ دەکەم، ئاگادار نی؟ بۆچی ئاگادار بی؟ (وەستان) (پاشان بەئارامی، وەک بڵێی لەگەڵ خۆی بدوێ) لەگەڵ هەندێشدا، ئەم کارە یارمەتییەکە بۆ حاڵی من.

موشتەری: چ یارمەتییەک؟

پیاوەکە: بەخەیاڵ خۆ چەسپاندن بەژیانی خەڵکی دیکە، وەک لاوڵاوێ کە لە دەوروبەری شیشەی دەرگاکان دەڕوێو هەڵدەچێ، هەڵبەت ئارامییەکی بۆ من تێدا نییە، مەبەستم هەمین خەیاڵ کردنە، هەمین چەنگ لێدان، چەنگ لەژیانی خەڵکی دیکە دان، هەڵبەت نەئەو کەسانەی دەیانناسم، ئەم کارە بەمن ناکرێ، بەم کارە ئازار دەچێژم، دەڕشێمەوە، نا- تەنیا بێگانەکان، لەگەڵ ئەوانەدایە کە خەیاڵ کردن دەتوانێ ئازادانەو نە دەم دەمو بەهەوەس کار بکا. ئاە، نە، لەمەڕ ئەم بێگانانە، هەر شتێک هەرچەندەش گچکەش بێ، بۆ من جودا نییە، نازانی خەیاڵ کردن چۆن کار دەکا، دەچمە ئەم خانییە، دەچمە ئەو خانییە، لەوێدا دەژیمو هەست دەکەم هی ئەوێمو وردبینیم دەکەوێتە گەڕ، دەزانی خانووەکان چەند کۆنیش بن، کەشو هەوای تایبەتی خۆیان هەیە؟ خانووی ئێوە؟ مااڵی من؟ هەڵبەت کاتێ ئێوە لەخانووی خۆتاندان، ئەم بابەتە سەرنجت راناکێشێ، ئەمە کەشو هەوای تۆیە، کەشو هەوای تایبەتی ژیانی ئێوەیە، وانییە؟ ها؟ وابزانم لەگەڵما هاوبیری.

موشتەری: من تەنیا مەبەستم.. باشە، وام دەزانی کە تۆ چەند بەوردی شت لێک دەدەیتەوە کە ئەم هەموو خەیاڵە دەکەی؟!

پیاوەکە: (رەنجاوە، دوای کەمێک بیرکردنەوە) کاتێکی زۆر؟ من؟

موشتەری: بەڵێ، کاتێکی زۆرت هەیە، دەبینم کە..

پیاوەکە: شتێک بڵێ، ئایا قەت سەرت لەپزیشکێکی بەنێو بانگ داوە؟

موشتەری: من؟ بۆچی؟ من کە نەخۆش نیم!

پیاوەکە: دەقیقەیەک سەبر بگرە، ئەم پرسیارە بۆ ئەوەبوو کە دەمویست بزانم ئایا تۆ قەت ژووری چاوەڕوانی پزیشکێکت بینیوە؟ ژوورێکی پڕ لە نەخۆش کە هەموویان لەچاوەڕوانی نۆرە دانیشتوون؟

موشتەری: باشە، بەڵێ جارێک کیژە گچکەکەمم بردبوو، نەخۆشی دەماری هەیە.

پیاوەکە: زۆر باشە، پێویست بەگوتنی ئەم بابەتە نییە، مەبەستی من تەنیا ژووڕەکانی چاوەڕوانییە (وەستان). ئایا هەرگیز باشت تەماشا کردوون؟ کورسی کۆن بەپارچەی ڕەش، ئەو کورسییانەی لەگەڵ یەکتردا گونجاونین و ڕێک ناکەون.. مۆبێلەکانت دیوە؟ ئەو شتانەی لەهەڕاجخانەدا کڕدراون و دەستی ڕێکەوت بۆ سوودی نەخۆشان لێکی کۆکردوونەتەوە، ئەم شتانە هی ئەو خانووە نین، دکتۆر بۆ خۆی، بۆ ژنو بۆ دۆستانی ژنەکەی، ژووری تایبەتی هەیە.. شیک، جوان،... ئەگەر کورسییەک لەژووری پێشوازی هەڵگریو بیخەیتە ژووری چاوەڕوانی، وەک ئەنگوستێکی بریندار لەچاوت رادەچێ.. دەمەوێ بزانم ئایا تۆ، کاتێ لەگەڵ کچە گچکەکەت سەردانی دکتۆرت کرد، بەوردی لەو کورسییە رامای کە لە سەری دانیشتبووی؟

موشتەری: باشە، نە لەو باوەڕەدانیم ئەم کارەم کردبێ.

پیاوەکە: هەڵبەتە ئەم کارەت نەکردووە، تۆ کە نەخۆش نەبووی.. (وەستان) بەڵام زۆربە، هەتا نەخۆشەکانیش سەرنج نادەن، ئەوان هەموویان بەنەخۆشییەکەیانەوە خەریکن (وەستان) هەندێکیان لەتەواوی ئەو ماوەیەی دانیشتوون، لەو پەنجانەیان کە لەسەر دەستگیرەی بریقەداری کورسییەکەدا نیشانەی بێ مانا نەخش دەکەن، رامان، نقوومی بیرکردنەوەن، هیچ نابینن (وەستان) کاتێ لەژووری دکتۆر دەردەچیو لەبەرامبەر ژووری چاوەڕوانیدا تێ دەپەڕیو ئەو کورسییەی کە پێش ماوەیەک لە

چاوەڕوانیدا لەسەری دانیشتبووی، دەبینی؟ چ کاریگەرییەکی بەسەرتەوە هەیە؟ لەو دەمدا، نەخۆشێکی دیکەی لەسەر دانیشتووە، بەبرینێکی شاراوە کە لەسینەیدا هەیە، رەنگە بەتاڵیش بێ، ئۆە، چ ساردو ئاسایی خۆی دەنوێنێ: لەچاوەڕوانی نەناسراوێك دایە بگاتە جێو لەسەری دانیشێ. (وەستان) چیم دەگوت؟ ئاە، بەڵێ... لەزەتی خەیاڵ کردن.. ومن لەناکاو کورسییەکانی ژووری چاوەڕوانیم وەبیر هاتنەوە، بۆچی؟

موشتەری: بەڵێ، مسۆگەر...

پیاوەکە: تۆ پەیوەندییەك نابینی؟ منیش نایبینم (وەستان) بیرۆکەیەك دێتە زەینتو پاشان بیرۆکەیەکی دیکە، ئەمانە پێکەوە لکاوو پەیوەستی یەکترنینو لەگەڵ هەندێشدا ناکرێ بگوترێ کە هیچ پەیوەندییەکیان نییەو وابەستەی یەکترنین، ئاە، نا، ئەوانە بۆ خۆیان بەڵگەیان هەیەو لە ئەزموونەکانی تۆوە سەرچاوەیان گرتووە، هەڵبەت ناچاری بڵێی وانییە. دەمێ قسان دەکەی، دەبێ لەبیریان بکەی، بەزۆری رووەدا کە ئەم... پەیوەندیو لێك چوونە ئەوەندە نامەنتیقین کە.. (وەستان) لەوانەیە پەیوەندییان ئەوەبێ، گوێ بگرە، ئایا لەو باوەڕەدای ئەو کورسییانە بەخەیاڵ کردنی ئەوەی، کامە نەخۆش لەسەریان دادەنیشن، دەستەو یەخەی چ جۆرە نەخۆشییەکە، دوای دیتنی دکتۆر بۆ کوێ دەچێو چ دەکا، هەست بەخۆشییەك دەکەن؟ هەڵبەتە، نا. دەربارەی منیش رێك هەر وایە، منیش هەست بەخۆشییەك ناکەم، لەوێ ئەو کورسییە پیسانەو لێرەش من. ئەوان باوەشیان بۆ نەخۆشەکانی دکتۆر بەخۆشییەك ناکەم، لەوێ ئەو کورسییە پیسانەو لێرەش من. ئەوان باوەشیان بۆ نەخۆشەکانی دکتۆر دەکەنەوەو من باوەشم بۆ... ئەمو ئەو دەکەمەوە، بۆ نموونە تۆ، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەهیچ خۆشییەك ناکەم، هەرگیز، نەلەبەرئەوەی بەشەمەندەفەر رانەگەیشتووی، نەلەبەر ئەوەی خێزانەکەتان لەهاوینە هەوار چاوەڕوانتانو نەلەبەر گرفتەکانی دیکەتان...

موشتەری: گرفتەکانم گەلێ زۆرن، دەزانی؟

پیاوەکە: سوپاسی خوا بکە گرفتەکانت بچووکن (وەستان) کاکی خۆشەویست هەندێ کەس هەن خەمی گەورەیان هەیە (وەستان) هەروەك گوتم من لە خۆمدا هەست بەو پێویستییە دەکەم کە بە خەیاڵو بیرکردنەوە خۆ بەژیانی خەڵکی دیکەوە بچەسپێنم، بەڵام هەرگیز بەهۆی ئەم کارەوە هەست بەخۆشی ناکەم، هەتا مەیلێکیشم بۆی نییە، تەواو پێچەوانەیە، بەتەواوی... مرۆڤ دەیەوێ لەگرفتەکانی خەڵکی دیکە وردبێتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بەخۆی بسەلمێنێ کە ژیان شتێکی گێلانەو شێتانەیە (بەتووڕەییەوە)و ئێستاش ئەم بەخۆ سەلماندنە، زۆر سەختە، وانییە؟ مرۆڤ پێویستی بەبەڵگەو شایەد هەیە، پێویستی کاکی خۆشەویست، چونکە شتێك هەیە، شتێ کە گێلەکان نازانن لەچی کراوە بەڵام هەیەو ئێمەش وەك وەڕدێك لەگەروومانداا، هەستی پێ دەکەینو ئەم شتە، تینوێتی ژیانە! تینوێتییەك کە دەم بەدەم دەیگوزەڕێنین، خۆی زۆر تێنووە، تێنووی خۆیەتی، ئێمە هەتا بواری تام کردنیشیمان دەست ناکەوێ! تامو مەزەی ژیان، تاڵیو شیرینییەکەی، هەمووی رەگی لەرابردوومانداییە، ئێمە ئەوە لەگەڵ خۆمان – لەهەناوی خۆدا– هەڵدەگرین، بەواتایەکی دیکە بەردەوام –لێمان دوورەو بەدوامانەوەیە– ئێمە بەداوێکی باریکەوە پێیەوە بەستراوین، بەگوریسی وەبیرهاتنەوە، بەڵێ بیرکردنەوەمان دادەخا بە.... بەچی؟ ئەم شێتییانە، ئەم وروژانە، ئەو خەونە گێلانانە، کاری شێتانە –ئاسای وەك ... بەڵێ... شتێ کە ئەمڕۆ شێتییە، ئەو شتەی ئەمڕۆ تەنیا وروژانێکە، هەتا ئەوەی ئەمڕۆ بەدبەختییەو، بە بەدبەختییەکی گەورە دەژمێردرێ، تەماشاکە! چوار ساڵ، پێنج ساڵ، دە ساڵ کە تێدەپەڕێ، کێ دەزانێ چ رەنگێ بەخۆوە دەگرێ، چ فرمێسکێکی بەسەردا دەڕژێو ئاکام چ تامێکی دەبێ، ژیان، ژیان! مرۆڤ ناچارە کە تەنیا بەلەدەستدانی ئەوە، بیر بکاتەوە بەتایبەتی کاتێ کە تەنیا حسێبی رۆژەکان لەگۆڕێدابێ..

(لەم دەمەدا سەری ژنێکی رەشپۆش لەگۆشەیەکی شانۆدا دەبینرێ) بڕوانە ! دیتت؟ لەو گۆشەیەدا ئـەو ژنەت دیت؟ سایەی ئەو ژنەت بینی؟ ئێستا بزربووە.

موشتەری: چی؟ کێ بوو؟

پیاوەکە: نەتبینی؟ ئێستا خۆی شاردەوە.

موشتەری: ژن بوو؟

پیاوەکە: ژنی من بوو.

موشتەری: ئاە، ژنی تۆ؟

(وەستان)

پیاوەکە: بەردەوام چاوەدێری منە، ئاە، هەندێ کات جگە لە لێدانی بەلەقـەو پێلەقـە، کـارێکی دیکـەم لەدەست نایە ! هەڵبەت ئاشکرایە، ئەمە کارێکی باش نییە، وەك سەگێکی بەرەڵڵا بێ شـەرمو کەللەڕەقـە، هەرچەندە لەقەی لـێ دەی، زۆرترت خۆ پێوە دەنووسێنێ (وەستان). ئەو زەحمەتەی ئـەم ژنـە لـەپێناوی منداڵ دەیکێشێ، ناتوانی بیهێنیـە بـەرچاو، لێـو لـەخواردن نـادا، ئـیدی خەویشـی نـیـە، تـەنیا شـەوو رۆژ لەدووڕەوە بەدوامەوەیە، ئیدی ژن نییەو بووکۆکەیەکی کۆنەیە، پرچـی خۆڵەمێشـیـە، بـۆ هەمیشـە تـۆزی پیری بەسەرەوە نیشتۆتەوە، کەچی تەمەنی سیو چوار ساڵە ! (وەسـتان) ئـازارم دەدا، بـاوەڕ ناکـەی کـە چـەندم ئـازار دەدا، هـەندێ جـار بەچـەنگ یەخـەی دەگـرمو هـاوار دەکـەم (شـێت!) وەرام ناداتـەوە، رادەوەستێو لێم رادەمێنێ، ئاە، دەربارەی ئەو نیگایە چ بڵێم؟ بێزم دەبێتـەوە، حـەز دەکـەم بیخنکێنـم! هەڵبەتە هیچ رووندا، ئەو سەبر دەگـرێ، تـامن کـەمێ دورکەومـەوە، ئـەو دەم دەکەوێتـە چـاودێریم، (ژنـە رەشپۆشەکە جارێکی دیکە سەرهەڵدەکێشێ) بڕوانە ! پەیدا بۆوە !

موشتەری: بێچارە ژن!

پیاوەکە: بێچارە ژن؟ دەزانی چی لەمن دەوێ؟ دەیەوێ لەماڵێ بمو بحەسـێمەوە. لـەو خـانووە چـۆڵو ئارامەدا، لـێ گەڕێم خۆشەویستی خۆیـم پـێ نیشـان بـداو بـەدەورمدا بخولێتـەوەو لوتـفو خۆشەویسـتیی ژنانەی خۆی دەربخا، مـاڵ! ئـەو ژوورانـەی بەوپـەڕی رێـکو پێکـی، موبێلـی جـوانو پـاکو حکومـەتی بـێ دەنگی.... بێدەنگییەك، کە دەتوانـی بـەتیك تـاکی سـەعاتی ژووری نـان خواردنەکـەی، ئـەندازەی بگـری (وەستان) ئەو ئەمەی دەوێ! من تەنیا لەتۆم دەوێ، بێ هودەیی ئەم کارە ببینی: ئایا پووچو بـێ هـوودە نییە؟ لەمەش خراپتر، زاڵمانەیە، ترسـناکە ! تـێ دەگـەی؟ دوو شـاری (مسـینا)و (ئـاوزانۆ) بێنـە بـەرچاو، وادابنێین ئەوان پێشتر ئاگایان لەروودانی بوومەلەرزەیـەك بـووە، لـەو بـاوەڕەدای دەیـانتوانی وەك خۆیـان ئاسایی بن؟ لەو باوەڕەدای کـە دەیـانتوانی بـەئارامی لەبـەر تریفـەی مانگەشـەودا چـاوەڕێی بوومەلـەرزە بکەن؟ بەوردی پارێزگـاری هێڵـە جوانـەکانی جـادەو مەیدانـە بەرینـەکانیان بکـەن؟ شـێتی. ئەمانـە ئەگـەر ئاگایـان لەکارەساتێکی واهـەبا، وازیـان لەهـەموو شـتێك: خـانوو، دارو بـەردیان دێنـاو هـەڵدەهاتن (ئـاوڕ لەموشتەریەکە دەداتەوە) وانییە؟

موشتەری: (هەراسان بووە) باشە...

پیاوەکە: باشە لەو بـاوەڕەدای کـە خـەڵك، خـەڵکی دوو شـاری (مسـینا)و (ئـاوزانۆ) ئەمـەیان دەزانـی، ئەگەر وایە ئایا دەیانتوانی بەراحەتی جلەکانیان داکەنن‌و دەقی بکەن‌و پێڵاوەکانیان لەپشت دەرگا دانێـن‌و بچنە ناو نوێن، ژێر پەتۆو هەست بەنەرمی‌و فێنکی سەرپۆشە تازە شۆردراوەکان بکەن، لەباریکدا بزانن کـە تەنیا چەند سەعاتێکی دیکە زیندوون؟ لەوباوەڕەدای دەیانتوانی؟

موشتەری: لەوانەیە ژنەکەت....

پیاوەکە: لـێ گەڕێ تەواوی بکەم (دەست پێ دەکاتەوە) ئەگەر مردن کاکی خۆشەویست، ئەگەر مەرگ وەك مێرووێەکی سەیرو پیس بێو هەروەك بەڕێگادا دەڕوا، بێ ئاگاو بێ ئەوەی هەست بکا، لەسەر دەستو

دەم‌و چاوت بنیشێ، لەناکاو رێبوارێکت لێ پەیدا دەبێت‌و رات دەگرێ‌و دەڵێ کاکە ببورە! ببورە کاکی بەڕێز، مردن لەسەر رووت هەڵنیشتووە‌و ئەودەم بەدوو ئەنگوست‌و بەپارێزێکی زۆرەوە دەیگرێ‌و دەیخاتە ناو جۆگای ئاوەوە! ئایا ئەمە سەیرو جێگای سەرسوڕمان نیە؟ بەڵام مردن مێروو نیە، هەر ئێستا یەخەی گەلێ کەسی گرتووە، هەر چەندەی بیریان لێوە دووربێ، هەرچەندەی خۆیان بەپارێزراو بزانن، خەڵك ئەمە نابینن، لەبیری کاری سبەینێدان، بەڵام من (هەڵدەستێ) بڕوانە کاکی خۆشەویست، وەرە ئێرە (پیاوەکە، موشتەری لەگەڵ خۆی دەباتە ژێر روناکی چراکە) لێرە راوەستین، لەژێر چراکە، وەرە ئێرە، شتێکت پێ نیشان دەدەم، تەماشاکە! ئەم لایە، ژێر سمێڵم ببینە، ئەم ئەستووربوونە دەبینی؟ دەزانی ناوی چیە؟ ناوێکی شاعیرانەی هەیە، هەستێکی شیرین‌و نەرم وەدەردەخا، وەك پارچە شیرینیەکە، ناوی EPITHELIOMA*یە، دەبێ پیتی (ئ) درێژ بکەیتەوە، بڵێ ئایا گۆکردنی، نەرم‌و رەوان نیە EPITHELIOMA تێ گەیشتی؟ مەرگ بەتەنیشتمدا تێ پەڕی‌و ئەمە... ئەم گوڵەی خستە دەممەوە‌و گوتی هەڵی بگرە، پیاوۆکە! من هەشت، دەمانگی دیکە دەگەڕێمەوە. (وەستان) ئێستا پێم بڵێ، تۆ پێم بڵێ ئایا دەتوانم، ئارام‌و سەر لەخوار بەو گوڵەی لەدەممدایە، بەو شێوەیەی کە ئەو کێژە بەدبەختە دەیەوێ، لەماڵ دانیشم؟ (وەستان) هاوار دەکەم‌و پێی دەڵێم (تۆ دەتەوێ ماچت بکەم؟ ها؟) ئەویش وەرام دەداتەوە: (بەڵێ، بەڵێ، ماچم بکە) دەزانی پێش دوو هەفتە چی کرد؟ بەدەرزی ئێرەی، لێوی بڕی‌و پاشان سەری منی بەهەردوو دەستی گرت‌و هەوڵیدا ماچم بکا، دەیگوت دەیەوێ لەگەڵما بمرێ (وەستان) شێتە، (بەتووڕەییەوە) من ئیدی ناچمە ئەو خانیەوە، هەرگیز! من تەنیا دەمەوێ لەبەردەم جامخانەی دوکانەکان راوەستم‌و زەوق‌و سەلیقەی فرۆشیارەکان وەسف بکەم، چونکە دەزانی، ئەگەر هەتا بۆ دەمێکیش خەریك نەبم هەست دەکەم بەتاڵ بوومەتەوە، لەمەبەستم دەگەی؟ من دەبێ کەسێك بکوژم‌و بیریشی لێ نەکەمەوە، من دەبێ گیانی یەکێ بکێشم.. کەسێ کە هەتا ناینasم! دەبێ تفەنگێك بەدەستەوە بگرم‌و یەکێك بکوژم، کەسێك وەك تۆ کە لەشەمەندەفەر دواکەوتووە (پێ دەکەنێ) هەڵبەتە تەنیا گاڵتە دەکەم (وەستان) ئێستا ئیدی دەڕۆم (وەستان) ئەمە خۆمم کە دەبێ بکوژرێم (وەستان) لەم وەرزەدا، جۆرە زەردەلووێك هەیە زۆر بەتامە.. تۆ چۆن دەیخۆی؟ بەتفرەوە؟ چەند پارچەی لێ دەکەیتەوە؟ بەپەنجە هەڵی دەکەنی، لەپانایی، وا... و پاشان دەیخۆی؟ (زەردەلووەکە قووت دەدا) چەند بە ئاو بوو! چ تامێکی هەیە! وەك لێوی ژنێ! (پێ دەکەنێ‌و پاشان وەستان) حەزم لێیە کاتێ گەیشتیەوە هەوار، سڵاوم بەژن‌و منداڵەکانت بگەیەنی (وەستان) ئەوان دەبینم.. دەبینم کە جلی سپی‌و شینێکی رۆشنیان دەبەر کردووە‌و لەناوەڕاستی مێرگێکی سەوزدا لەژێر سێبەری... (وەستان) تکات لێ دەکەم چاکەیەکم بۆ بکە، سبەینێ کە گەیشتیەوە بەشێوەیەك کە من حیسابم کردووە، گوندەکەتان لەویستگەوە دوورە، هەواش رووناك بۆتەوە‌و تۆ بەپێ دەڕۆی، یەکەمین دەسکە گیا کە لەتەنیشت جادەکەی دەبینی، هەڵکەنە‌و دانە بەدانەی بژمێرە، ئەمە دەکەی؟ داوە گیاکان بژمێرە، ژمارەی ئە‌و گیایانە رێك ئەوەندەی ژمارەی ئە‌و رۆژانەیە کە لەتەمەنی مندا ماون. (وەستان) دوا داواکاری: دەسکە گیایەکی گەورە هەڵکەنە (پێ دەکەنێ) باشە، شەوباش.

(دەڕواو لەگەڵیا ئاوازێك کە ماندوولینێك لەدورەوە لێی دەدا، بەدەمی بەستراوەوە دەڵێتەوە‌و لەگۆشەی لای راست نزیك دەبێتەوە، بەڵام لەپڕ ژنەکەی وەبیر دێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە‌و وەك دزان بەرە‌و لاکەی تر دەڕوا، موشتەریش گێژو سەرسامە‌و بەچاو وەدوای دەکەوێ).

* * *

* جۆرە سەرەتانێکی پێستە.

گەشتی رووناکبیری

پێشگەشت:

گەلەری زاموا هەر لە سەرەتای دامەزراندنیوە بەگوڕ بوو. چەندەها پێشانگار چالاکیی جۆراو جۆری لە بواری هونەری شێوەکاریدا بەئەنجام گەیاند. خزمەتی زۆری گەورەو بچووکی کرد. لێرەدا مەبەستمان نییە لەسەر نرخو بەهای ئەو چالاکییانە بوەستین، چونکە ئەوە بەدوو پەرەو سێ پەرە دەر نابڕێت بەڵکو دەمانەوێ بەچەند دێڕێك لەسەر چالاکییەکی بەردەوامو گرنگی بدوێین، ئەویش پرۆژەی پاراستنی دەستنوسەکانە. جارێ دەبێ بڵێین نووسەرانو رێکخراوە ئەدەبییەکان ئەبوایە هەر زوو خۆیان بیریان لە پرۆژەی چاپکردنی جۆراو جۆر بکردایەتەوە، مایەی دڵخۆشییە لەم ولاتەی ئێمەدا هونەرمەندە شێوەکارەکان بیری لێبکەنەوەو هەوڵی پێشخستنی بدەن، ئەمە دەیسەلمێنێ کە ئەوان هەر تەنها خەمخۆری هونەر نین.

دەتوانین بڵێین کاری چاپکردنی کتێب لە کورستاندا وەستاوە، با رۆژنامە بخەینە لاوە چونکە لایەنی سیاسی زۆر هەن خەمی رۆژنامەی خۆیان دەخۆن، ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە کاری چاپکردن ئەو سنعاتەیە کە بزووتنەوەی رۆشنبیریی نەتەوەییمان لە چوار چێوەی وەستان دەرباز دەکاتو کتێبخانەی کوردی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەوڵەمەند دەکاتو نووسەران لە دڵەڕاوکێ رزگار دەکات.

زاموا دەستپێشخەریی لەبەر چاوی، لە شکاندنی ئابڵوقەی رۆشنبیریا بۆ تۆمار دەکرێت. کە ئەمەیش دەڵێین نامانەوێت بەهیچ جۆرێك لە ماندووبوونی ئەم دەزگاو ئەو دەزارەتو ئەو وەزارەت کەمکەینەوە. بەڵام نایشارینەوە پرۆژەی زاموا بەو ئیمکانیەتە کەمەوە تامو چێژێکی تایبەتو جیاوازی هەیە، سەیری ئەو تەوازوعە کەن لە ناونیشانی پرۆژەکەدا (پرۆژەی پاراساتنی دەستنوسەکان) یا ئەو مۆنتیژو دەرهێنانە هونەرییە نایابانە کە دەلالەت لە خەم رشتنی هونەرمەندە بەڕێزەکانمان دەکەن، بۆ چاپو کتێبو رەوتی رۆشنبیری.

ئەرکی دەوڵەمەندکردنو پێشخستنی پرۆژەی زاموا بۆ پاراستنی دەستنوسەکان تەنها لەسەرشانی گەلەری زاموا ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە نییە بەڵکو پێویستە رۆشنبیران و نووسەرانو رێکخراوو دەزگا رۆشنبیرییەکان دەستی یارمەتی درێژ کەنو بەپاڵپشتی دارایی بێت یامانەوی، بەردەوامی بەم پرۆژە پیرۆزە ببەخشن.

هەر لێرەوە ئێمە چەند پێشنیازێك دەکەینو کۆمەڵە تێبینییەك دەخەینەڕوو:

١- باشترە ئەو کتێبانەی کە چاپدەکرێن هەر تەنها لە بواری زانستی مرۆڤایەتیا بن (العلوم الانسانیە).

٢- بایەخی چاك بە بابەتی وەرگێڕراو بدرێت.

٣- ئەگەر نووسەرێك، زاموا لەم پرۆژەیەدا کتێبی بۆ چاپکردو لە پاش ئەوە چاپی کردەوە هەقە بنوسێت چاپی دووەم نەك یەکەم. هەر لەسەر بەرگی ناوەوەیشی ئاماژە بەوە بدات کە چاپی یەکەمی لەلایەن گەلەری زامواوە بووە.

٤- دیارە لیژنەیەکی تایبەت بەو پرۆژە هەیە، یا ئەگەر نەبێت دروست بکرێت، لە پاڵ ئەمەشدا ئەو دەسنوسانە بدرێن بە پسپۆڕ بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی.

٥- ئەگەر بکرێت تیراژی کتێبەکە زیاد بکرێت، لە ٢٠و ٣٠ەوە بۆ ٥٠-٦٠و چەند دانەیەکی لە کتێبخانەی گشتیو کتێبخانە گەورەکانی ترا بپارێزرێن.

٦- کەرەستەو ئامێری چاپی زیاتری بۆ دابین بکرێت.

پرۆژەی پاراستنی دەستنوسەکان لە بواری چاپدا تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەو بچوکییەی خۆیەوە شان لەشانی پرۆژە گەورەکانی ئەم چەند ساڵەی دوای ئەدات.

سەلاو لە دامەزرێنەرانی پرۆژەکانی چاپەمەنی ئەم شارو ئەو شارو ئەم دەزگاو ئەو دەزگا.

سەلاو لەو هونەرمەندانەی پێش نوسەران بیریان لە پرۆژەی پاراستنی دەستنوسەکانی نووسەران کردەوە.

عبدالله طاهر بەرزنجی

فێستیڤاڵی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی

لە یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوریدا سەعات دەو نیوی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٢ لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی بەئلمادەبوونی بەڕێز مام جەلال و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی سەرۆکی حکومەت و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان و میوانە بەڕێزەکانی شاری هەولێرو نووسەرانی میللەتەکەمان ئاهەنگی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەستی پێکردو چالاکیەکانی ئەم فیستیڤاڵەیش تا ١٩٩٨/٤/٢٧ بەردەوام بوو، پڕۆگرامی یادەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- بەخێر هاتنی میوانەکان.
٢- چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز.
٣- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکانی کوردستان.
٤- سروودی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.
٥- وتاری لیژنەی باڵا لەلایەن مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری و سەرۆکی لیژنەی باڵای یادی سەد ساڵەوە.
٦- تابلۆی ئاشتی.
٧- وتاری بەڕێز مام جەلال.
٨- وتاری بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٩- بڕوسکەی پیرۆزبایی.
١٠- چەند چالاکییەکی هونەریی لەلایەن تیپی (نەتەوەیی میللی)یەوە.

پاش نیوەڕۆی ٤/٢٢ کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ:

١- پەردەلادان لەسەر پەیکەری میقداد بەدرخان و کردنەوەی پێشانگای گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی کە لەلایەن کتێبخانەی گشتیەوە ئامادە کرابوو.
٢- کردنەوەی پێشانگای ئەرشیفی نەتەوەیی لە هۆڵی کتێبخانەی مۆزەخانە کاتژمێر شەشی پاش نیوەڕۆ.
٣- کردنەوەی پێشانگای چاپەمەنی و چاپخانەکانی شاخ لە گەلەریی مۆزەخانە، کات شەش و



نیوی پاش نیوەڕۆ.

٤- سەعات حەوتی پاش نیوەڕۆ لەلایەن بەڕێزان مام جەلالو کاك محەمەدی حاجی مەحمودەوە پەردە لەسەر پەیکەری جەواهیریو زەبیحی لادرا.

بەرنامەکانی ڕۆژانی ٢٣-١٩٩٨/٤/٢٧:

سەعات (١٠)ی بەیانیو پێنجی پاش نیوەڕۆ لەهۆڵی بازرگانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

٤/٢٣ پێنج شەممە بەیانی:

١- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵو بیرەوەری.

٢- محەمەد دلێر ئەمین (خواستی ئازادی).

پاش نیوەڕۆ:

١- جەلال مەحمود عەلی (گۆڤاری هەتاو).

٢- محەمەد سالح سەعید لەسەر گۆڤاری بلێسە.

٤/٢٤ هەینی، سەر لەبەیانی:

١- چنور محەمەد (مێژووی وەرگێڕان).

٢- ئیبراهیم سالح (ئاوڕدانەوەیەکی خێرا).

پاش نیوەڕۆ:

١- ئازاد خانەقینی (چاپخانەی شاخ).

٢- د. فەرهاد پیربال (گۆڤاری ئیجتیهاد).

٤/٢٥ شەممە سەر لەبەیانی:

١- د. عبدالفتاح عەلی یەحیا (ڕۆژنامەی ڕاستی).

٢- د. شوکریە ڕوسوڵ (دەنگی گێتی تازە).

پاش نیوەڕۆ:

١- کەریم شارەزا، دەربارەی (ڕۆژنامەی کوردی لە سەردەمی پاشایەتیدا).

٢- د. هوشیار کەریم (کوردستان).

٤/٢٦ یەك شەممە بەیانی:

١- کامل ژیر (هیواو بەشیر موشیر).

٢- پیشاندانی سلایداتی هونەری شێوەکاری، لەلایەن هونەرمەند جەزا بەکرەوە پێشکەش کرا.

پاش نیوەڕۆ:

١- د. کەمال فوئاد لەسەر کوردستان دوا.

٢- هیمداد حوسێن باسێکی دەربارەی (کوهستان) پێشکەش کرد.

٣- مامۆستا مستەفا سالح کەریم باسی دەربارەی پیرەمێرد پێشکەش کرد.

هەر لەم بۆنەیەدا چەندەها چالاکی تر کرا لەوانە:

بەشدرابوونی تیپی نەتەوەیی میللی بەچەند تابلۆیەك لەسەماو گۆرانی.

سەعات (٥)ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دوو شەممە ٢/٢٧ لە هۆڵی ڕۆشنبیری گۆتایی بەم یادە پیرۆزە هێنرا، پاش خوێندنەوەی چەند وتارو پێشکەشکردنی چەند گۆرانییەك، لەلایەن تیپی نەتەوەیی میللی کوردستانەوە، دەستکرا بەدابەشکردنی خەڵات بەسەر کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسدا.. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێزی لە کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس گرت، بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی خەڵاتی بەسەر ئەم



بەڕێزانەدا دابەشکرد:

ئەرسەلان بایز، ئازاد جندیانی، فریاد رواندزی، دڵشاد عبدالله، ستران عبدالله، کاوە محەمەد موکری، گەژاڵ ئەحمەد، شاعیر سەعدوڵڵا پەڕۆش، سمکۆ عبدالکریم.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی ڕێزی لە چەند ڕۆژنامەنووسێك گرت کە سی چل ساڵێکە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەن. بەڕێز د. کەمال فوئاد خەڵاتی بەسەردا دابەشکردن: مستەفا سالح کەریم، عەباس بەدری، حسێن عارف، کەمال ڕەئووف.

کاك فریاد ڕەواندزی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خەڵاتی بەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسە بەڕێزانەدا دابەشکرد کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا کار دەدەن: محەمەدە نوری تۆفیق، محمد ڕەنجاو، ئازاد صدیق، ئارام ئیسماعیل، عەبدوڵڵا کەریم، دلاوەر عوسمان، نازم ڕەشید، ئەحمەد سەپان، یاسین قادر بەرزنجی.

بەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد خەڵاتی بەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسە بەڕێزانەی هەفتەنامەی (الاتحاد)دا دابەشکرد: سۆران داودی، شەپۆل فاخیر مێرگەسوری، بەندەر عەلی ئەکبەر، شەهاب قەرەلوسی.

مامۆستا جەمال عەبدولیش خەڵاتی بەخشی بەبەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد بۆ هەڵگرتنی سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددین.

هەڵاڵ ئەبوبەکرو هەڵگورد عبدالوهاب جندیانی کە لە ڕۆژنامەی (هەرێم)دا کار دەکەن.

مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بۆ بایەخدان بەم یادە پیرۆزە خەڵاتی بەخشی بەو ڕۆژنامە نووسانەی کە لە ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەکانی حیزبی سۆشیالیستدا کار ناکەن، ئەمەش بووە هۆیەکی دڵخۆشی ئامادەبووان، بەڕێز بەرزۆ عەلی هەژار (ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆشیالیست) خەڵاتی بەسەر ئەم بەڕێزانەدا دابەشکرد: فریاد ڕەواندزی سەرنووسەری کوردستانی نوێ، دڵشاد عبدالله سکرتێری کوردستانی نوێ، شێرکۆ عبدالله سەرنووسەری گۆڤاری سیخورمە، لەتیف هەڵمەت، ڕۆژنامەی هەرێمو گۆڤاری کەلاوێژی نوێ، عبدالله تاهیر بەرزنجی گۆڤاری گەلاوێژی نوێو وێران. فەرید زامدار سکرتێری هەرێم، شازاد ئەنوەر ڕۆژنامەی هاوپەیمانی، جەمال نوری سەرنووسەری ڕێبازی ئازادی، ئەسعەد جەباری سکرتێری ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازاد.

هاوڕێ بڕوا، سەرنووسەری ڕێگای کوردستان خەڵاتی پێشکەش بە بەڕێزان: ئەحمەد حامیدو قادرو شۆڕش ئەحمەد کرد.

بەڕێز شازاد ئەنوەر سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوپەیمانی خەڵاتی پێشکەش بەبەڕێز چەتۆ حەوێزی، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە کرد. لەباتی بەڕێزیان شێخ عەلی خەڵاتەکەی وەرگرت، بەڕێز شێخ عەلی لەجیاتی کاك چەتۆ خەڵاتی ڕۆژنامەی هاوپەیمانی بەخشی بەبەڕێزان، شازاد ئەنوەر، نەوزاد عەلی ئەحمەد، نازم زەنگەنە.

ڕۆژنامەی یەکگرتوو خەڵاتی خەڵاتی بەم بەڕێزانە بەخشی: جەلالەدین نەجمەدین تەها/، عومەر عەلی غەفور، سۆران مەحمود سێوکانی، ئەبوبەکر کاروانی.

خاتوو هاوژین مەنمی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیانەوە خەڵاتی بەخشی بەدوو ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەکە: پەیمان عزالدینو ڕێزان حسێن.

سەیوان ڕۆستەم خەڵاتی بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی (دەنگی ژنان) ئەختەر گرد عازەبانی بەخشی.

دوا بڕگەی ئەو یادە مێژوویی‌یە سوردێکی تایبەت بوو بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی، شیعرەکەی بەقەڵەمی مامۆستا جەمال عەبدول بوو ئاوازەکەیشی هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی داینابوو.


* * *

کۆڕەکانی بنکەی گەلاوێژ



لە ٣/٥–٨/٥ بنکەی ئەدەبی و رۆناکبیری گەلاوێژ لە هۆڵی بازرگانی هەفتەیەکی رۆشنبیری سازداو چەندین نوسەر بابەتی رۆشنبیری خۆیان خستەڕوو.

رۆژی یەکەم تایبەت بوو بە شیعرو ئەم شاعیرە بەڕێزانە شیعریان خوێندەوە: (فەرەیدون پێنجوێنی، کەژاڵ عەلی، سۆزان مامە، عیرفان ئەحمەد، ئازاد مارف).



فەرەیدون پێنجوێنی

رۆژی دووەم بۆ چیرۆک تەرخان کرابوو برایان (فاروق هۆمەرو ئاکۆ کەریم مەعروف و کوردەوان ئەحمەد) چیرۆکیان خوێندەوە.

رۆژی سێیەم و چوارەم برایانی شاعیر (ئەحمەد رەزاو ئاوات ئەحمەد) دوو بابەتی رەخنەییان پێشکەش کرد. ئەحمەد رەزا لە دەروازەیەکی دەروونیەوە بۆ دەقی شیعریی (جەنگ)ی ئاوات ئەحمەد چوو، ئاوات ئەحمەدیش بەپشت بەستن بەچەند زاراوەو تیۆری رەخنەی نوێ هەوڵی خوێندنەوەی چیرۆکی (تەمەن لە ژورە سپییەکاندا)ی رێبوار رەحیمی دابوو، کەساڵی پار خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی گەلاوێژی وەدەست هێنابوو.



عیرفان ئەحمەد

لە رۆژی پێنجەمی هەفتەکەدا مامۆستا لەتیف هەڵمەت بابەتێکی بەناونیشانی (پانتایی لە لاوکی دەروێشی عەبدی)دا خوێندەوە. سەرەتا تاریفی چەند جۆرێك لە پانتایی کردو ئینجا هاتە سەر دەستنیشانکردنی جۆری پانتایی لە لاوکەکەدا.



ئاوات ئەحمەد

رۆژی شەشەمی هەفتە رۆشنبیرییەکە بۆ شاعیر (محەمەد رەنجاو) لە لێکۆڵینەوەیەکدا تیشکی خستە سەر رۆمانی (ئەژدیها)ی محەمەد موکری، پاش خوێندنەوەی بابەتەکە کاك محەمەد موکری بەهێمنی گوێی بۆ راو بۆچوونی ئامادەبووان شل کرد.

ئەحمەد رەزا

کەرنەڤاڵی یادی شانۆی جیهانی

رۆژانی ٢٣و ٢٤ پێنجی ١٩٩٨ گەلاوێژ بەهاوکاری دەزگای رەهەند لە هۆڵی بازرگانی دوو کۆڕی بۆ برای شاعیرو نوسەر فاروق رەفیق سازکرد، ئێوارەی رۆژی یەکەم کاك فاروق بابەتێکی دەربارەی هایدگەر پێشکەش کرد تیشکی خستە سەر رەوتی فەلسەفی لای هایدگەرو بەوردی لەسەر نوێگەریو شکستی مرۆڤو کەوتنی بەهای ئینسانو تەکنۆلۆجیای لای ئەم فەیلەسوفە گەورەیە دوا، کە لە ئایندەدا نرخی زیاتری

ئێوارەی رۆژی دووەم بابەتەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەمریکاو ئەمریکایەتی (امرکە)و باسی هەندێك راستی شاراوەی ئەمریکای کردو زۆر لەسەر ئاینو نەتەوەو هێزی ئاین لە ئەمریکادا وەستا. گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر هەردوو بابەتەکە کرا.

* * *

بەسەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیریو هاوکاری یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستانو بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی سلێمانیو پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، لە رۆژی ١٩٩٨/٣/٢٦دا بەبۆنەی یادی رۆژی جیهانی شانۆوە، کەرنەڤاڵێك لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان سازکرا.

کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی نمایشی جەستە جوڵاوەکان دەرهێنانی مامۆستا هێرۆ سەباحو سروتێك بۆ ئازادی بەسەرپەرشتی مامۆستا (حسێن کاکە حەمە) پێشکەشکرا، پاشان پێشانگای فۆتۆگرافی کارە شانۆیەکان کرایەوە.

رۆژی دووەم لە هۆڵی رۆشنبیری پێشانگای کاریکاتۆری تیپی نواندنی ئەزمڕ کرایەوە، دوای ئەوە مامۆستا دڵشاد مستەفا وتاری لیژنەی بااڵی یادی رۆژی شانۆی پێشکەشکرد، ئینجا شانۆگەری (خەونی گورگەکان) پێشکەشکرا، ئەم شانۆگەرییە لەنوسینی بەرزان فەرەجو دەرهێنانی ئومێد حسێنو نواندنی (فەرهاد محەمەد، ئازیز عەلی، سەلام مەجید، نەورۆز عەزیز، نەورۆز سەعید) بوو.

هەمان رۆژ لە هۆڵی یانەی ئەندازیاران ئاهەنگێك سازکرا.

بەهۆی سەرماو سۆڵەوە چالاکی رۆژای (٣/٢٨) دواخرا بۆ رۆژی ٣/٣٠ لەو رۆژەدا بەئامادەبونی هونەرمەندان حسێن میسریو بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی، چەند هونەرمەندێك لە ژوورەکانی گەلەری زامواداا لەسەر (تەرمی نەناسێك) دووان.

* * *

نمایشی (لە چاوەڕوانیی شەمدا) لەبەرلین

لە رۆژانی ١٣، ١٤/٣/١٩٩٨داو لەشاری بەرلین لە ئەڵمانیا: نمایشی شانۆیی (لە چاوەڕوانیی شەمدا) پێشکەش کرا.

ئەم شانۆنامەیە کە هونەرمەند (بەکر رەشید) دەرهێنەری بو، هەر خۆیشی سیناریۆی بۆ نووسیبوو لە چەند دەقێکی شیعریەوە وەریگرتووە لەوانە دەقی شیعریی ئەم شاعیرانە (رەفیق سابیر، شێرکۆ

بێکەس، جەمال غەمبار، بەکر حەسەن، نەجمەدین هۆگر... هتد).

شایانی باسە ئەم شانۆنامەیە لە نواندنی دەرهێنەروهاوسەر جەلال بوو.

* * *

نامەی دکتۆرای حاتم محمد الصکر

حاتم محمد الصکر یەکێکە لە رەخنەگرە بەتواناکانی عێراق. سەرەتای حەفتاکان حاتم بەشیعر هاتە گۆڕەپانی نووسینەوەو دیوانێکی شیعریی بەناوی (طرقات بین البحر والطفولة) بەچاپ گەیاند. لەناوەڕاستی حەفتاکاندا روی کردە رەخنەو دەیەها وتاری رەخنەیی نووسی.

زۆرمان ئەو گۆشە هەفتانەی حاتممان لە رۆژنامەی (الجمهوریە)دا دەخوێندەوە کە لە ژێر ناونیشانی (تخطیطات بقلم الرصاص)دا بڵاوی دەکردەوە، لەم چەند ساڵەی دوایدا، وەختێ خۆی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا تەرخان کردو ماوەیەك پێش ئێستا نامەی دکتۆرای لە بەمەن پێشکەش کردو بەنمرەی شەرەفی یەکەم قبوڵ کرا. سەرپەرشتیاری نامەکەی دکتۆر (عبدالعزیز المقالح) بوو کە رۆڵێکی دیاری لە رەخنەی عەرەبیدا هەیە.

ناونیشانی نامەی دکتۆراکەی حاتم محمد الصکر (النزعة القصصیة في الشعر العربي الحدیث) بوو. لیژنەی سەرپەرشتیار لەبەر گرنگی بابەتەکە پێشنیازیان کرد زانکۆ نامەکە چاپ بکاتو زانکۆکانی ولاتانی عەرەب سوودی لێ ببینن. ئەم رەخنەگرە عێراقییە چەند کتێبێکی لەسەر رەخنەو نوێگەری هەیە.

لەوانە: مواجهات الصوت القادم (دەربارەی شیعری حەفتاکانە، أصابع فی موقد الشعر، الشعر والتوصیل، البئر والعسل).

شایانی باسە حاتم الصکر لەلایەن خۆیەوە بایەخی بەئەدەبی کوردی وەرگێڕاو داوە، نووسینیشی لەسەر بڵاوکردۆتەوە، بەتایبەتی ئەو ساڵانەی سەر نووسەری گۆڤاری (الاقلام)و (الطلیعة الادبیة) بوو.

پیرۆزبایی گەرم لەهاوڕێی رەخنەگر حاتم محمد الصکر دەکەین.

* **

یەشار کەمال:

ئەگەر زمانێك قەدەغە بکەیت مانای ئەوەیە زمانی خۆت قەدەغە دەکەیت.

ناشیرەکانی ئەڵمانیا خەڵاتی ئاشتیو سوڵحیان دا بەرۆمانnووسی بەناوبانگ یەشار کەمال، ئەم چاوپێکەوتنە پاش ئەو روداوە رۆشنبیرییە گرنگە، لەگەڵ یەشاردا سازکراوە.

* ئێوە ئیشو کارتان بەئاواز خوێنین دەست پێکردووە وانییە؟

– وەختێ کە تەمەنم هەرشت ساڵان بوو پێیان دەوتم کەمالی ئاواز خوێن، گۆرانی میللیم دەوت، ئەسڵو فەسڵی شاعیرو حیکایەتبێژانێکی گەورە دەهاتەوە سەر ناوچەی تورکمان نشین، ئەو شوێنەی کە ئێمەی تیا دەژیاین. لەشازدە ساڵیمدا بەمەبەستی کۆکردنەوەی گۆرانی

خەماوی ژنان، دەچووم بۆ سەردانیان‌و یەك حەمكە کاغەزم لە گیرفانی شەروالە کوردییە کراوەکەمدا هەڵدەگرت، تا ئەو گۆرانیانە بنوسمەوە کە دەمبیستن.

* ئەگەرچی دانیشتوی ئەستەمبوڵن بەڵام پەیوەندی ئێوە لەگەڵ لادێدا بەشێوەیەکی زەق رەنگی نەداوەتەوە.

– من لە ناوچەی چوکور ئاوا کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ‌ەوە، لەدایك بووم، چل‌و شەش ساڵێك دەبێت کە لە ئەستەمبوڵ دەژیم، ئەم شارە تیکڵاوی گۆشت‌و خوێنم بووە. ئەو رۆمانانەی کە دەربارەی چوکور ئاوان هەموویانم لێرە نووسیوە.

* ئێوە بەڕەگەز کوردن ئەمە چ کارێکی بەسەر ژیانتانەوە هەیە؟


– لە ماڵەوە، بەزمانی کوردی قسەمان دەکرد، بەڕەگەز کوردم بەڵام نووسەرێکی تورکم واتا بەتورکی دەنوسم.

* چەند ساڵێکتان لە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا بەسەر بردووە، ئایا ئەمە بۆچوونتانی بۆ کێشەی سەرکوتکردنی کوردان وردو تیژتر نەکردووە.

– ئەو سەردەمە من منداڵ بووم‌و ئاگام لە جیایی‌و جیابوونەوەی کوردو تورك نەئەکردەوە، نەمئەزانی قسەکردن بەزمانی کوردی قەدەغەیە. بەڵام کەس گوێی بەمە نەئەدا.

وەختێك هاتم بۆ شار پێیان راگەیاندم کەبە زمانی کوردی قسە نەکەم. بەڵام بۆ؟ کاتێکیش لە سەرەتای پەنجاکاندا بەمەبەستی ئامادەکردنی یەکەم راپۆرتی رۆژنامەگەریم چووم بۆ باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا رووبەڕوی هەژارییەکی ترسناك بوومەوە: خەڵکەکە لە خانووی وادا دەژیان کە نەدەکرا ببێت بە پەناگای بەجێ. لەو کاتەدا بوو کە لە خۆم پرسی ئای ئەوانە چییان بەسەر کورددا هێناوە.

* ئایا تا ئێستا بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە بە کوردی بنوسی؟



یەشار کەمال

– نەخێر ئەمە لە دەرەوەی ئارەزووی منداییە. لە هەموو حاڵەتێکدا ناشێ، کوردان ئەم کونەی ئەدەبیاتی خۆیان بەگێڕانەوەی دەماو دەمی گۆرانی‌ئ‌و ئەفسانەو چیرۆك پڕ کردۆتەوە.

وەختێکیش پاش دامەزراندنی کۆمار لە تورکیا زمانیان قەدەغە کرا، ئیتر ئەیانتوانی چ کارێك بەن؟ لەمانە جەرگبڕتر ئەوە بوو کە کۆمەڵێك دەیانویست بەهەر شێوەیەك بووە ئەو هەمەچەشنەییە بشێوێنن کە تورکیا بەمێژووی خۆیەوە بینیبووی، بیکەن بە دەوڵەتێکی تاك‌و یەك مەودایی، ئەمە زمان‌و رۆشنبیریی تورکیشی گرتەوە. سەیرکە کاتێك تۆ زمانێك قەدەغە دەکەیت، بەهەق ئەمە وەکو ئەوە وایە زمانی خۆت قەدەغە کردبێت.

* تۆ بەهۆی چەپڕەویتەوە زیندان کرایت، زیندان چ کاریگەرییەکی بەسەر نوسینەکانتەوە هەیە؟

– کارێکی قوڵی بەسەر خۆمەوە هەیە، چەندەها جار ئازارایان داوم. ئەم تاقیکردنەوە ئەوەندە ئەزێتی دابووم چەند ساڵێك نەمنوسی، شەرمم دەکرد ئەم کارە دژ بەمرۆیانە بۆ خەڵك ئاشکرا بکەم، پاش ماوەیەك لەیەکێك لە رۆمانەکانمدا وەسفی ئەشکەنجەدانم کرد، مرۆڤ لە بەندیخانەدا ئەو مرۆڤە نییە کە

ئازادە. تۆ لە زیندانا مەودای تری مرۆڤ دەبینی، بەڵێ، زیندانەکان کارو بەرهەمو ژیانی منیان دەوڵەمەند تر کردووە، باشە، بالێگەڕێین!

* ئایا لە دوای ئەمەوە حاڵو گوزەرانی زیندانییەکان باشتر نەبووە؟

– نەخێر، بگرە خراپتر بووە.

* بەبۆچوونی ئێوە کێشەی چارەسەرنەکراوی کورد ناگەڕێتەوە بۆ شکستی سیاسی؟

– ئەو وەزعە نالەبارەی کە ئێستا تورکیا رووبەڕووی بۆتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی و نەبوون و لاوازیی تاقیکردنەوەی چینی سیاسی دەسەلاتدار.

* ئایا بیر لەوە ناکەیتەوە کە خەلاتی ئاشتی وەک هاندەرێک وایە لە ئایندەدا واتان لێبکات بەشێوەیەکی رەخنەگرانە سەیری سیاسەتی ولاتەکەتان بکەن؟

– ئەم خەلاتە کە لە تورکیا بەئیمتیازێکی گەورە دەژمێردرێت لە ژیانی منیشا گرنگی زۆری هەیە. بەڵام ئیتر من لە تورکیا چ بکەم؟ بێگومان ئەگەر هەنگاوێکی فراوانتر بنێم یەکسەر رەوانەی زیندانم دەکەن، هەنگاوی دوای ئەمەیش دەمکوژن.

* * *

شیعری پەخشان بۆ؟ دە تێزی بروک هورڤس

– پەخشان (بەریتمێوە، بەبەکارهێنانی فەزای لاپەڕەیەوە... هتد) توانا گەلێک پێشکەش دەکات کە پێویستە شیعر هەیانی بێت ئەگەر بیەوێت پلەو پایەی خۆی لە بەکارهێنانی زماندا بپارێزێت.

٢– چەند مەبەست یا کاریگەری چەند هۆنراوەیەکی دیاریکراو موحتاج نییە یا ناتوانێت سەرچاوەی شیعری کێشدار بەتەواوی بەکار بهێنێت، وەک رێکخستنی بەیتەکان، تەفعیلەکان.. هتد. لەبەر ئەوە پێویستە فەرامۆشیان بکات یابیانگۆڕێت بەئەدگاری تر کە زیاتر بۆ پەخشان کونجاوو شیاوترە.

٣– شیعری پەخشان خۆی وەک شێوەیەکی سەربەست پێشکەش دەکات شێوەیەکی دور لە نەریتو عادەتی باو، بەمەیش سەربەستی داهێنانو دەربازبوون لە کۆتی لەقاڵبدراو دەوڵەمەند دەکات، وشیاری خودی بەئەدەبێکی بەرهەمهێنراو دەخاتە گەڕ.

٤– شیعری پەخشان دەتوانێت شێوازو وەسیلەی وتن بدۆزێتەوە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کە ناوترێن، یاهێشتا نەوتراون، بەمەیش بوارێک دەڕەخسێنێت بۆ چوونە ناو چەندەها جۆر لە ناوەڕۆکی غەیرە شیعری. ئەم سیاقە بەسروشتی پچڕ پچڕی شیعری پەخشانو باری پەراوێزیی پڕ دەبێت، و دەبێتە هاندەر بۆ گەڕمی بەردەوام بوونو دۆزینەوەی خودیی: شیعری پەخشان رێگایەکە بۆ بینینو وتنی شتی تازەو دروستبوونی.

٥– شیعری پەخشان وەک کەرەستەی کەشفی ستاتیکا کاریگەر دەبێت لە دۆزینەوەو گێڕانەوەی شیعرا لە رێگای چەند حوکمێکی جیاوازەوە، هەروەها لە رێگای دەستورێکی زمانەوانی تەرەوە دەستورێکی جیاواز لەوەی لە نووسینی شیعری ستوونیدا بەکار دەهێنرێت.

٦– شیعری پەخشان رێگامان بۆ خۆشدەکات تا لە فاقو داوی ئایدیۆلۆجیا دەرباز بین، ئەو داوەی کە بە شیعری تەفعیلەوە پەیوەستە.

٧– وەرگێڕانی ئەو کەشفە شیعرییانەی کە لە رێگای شیعرەوە پێمان دەگەن، بۆ شیعری کێشدار دۆزراندنی شیعر دەگەیەنێت، بێگومان دەبێتە هۆی لەدایکبوونی بەرهەمێکی جیاواز، تاقیکردنەوەی جیا دەدات بەخوێنەران، واتە بەرهەمێکی جیاوازو جیا لەوەی کە شاعیر دەیەوێت ئاڕاستەی خوێنەرانی بکات.

٨- شیعری پەخشان خوێنەر هاندەدا وەك داهێنەرێك بۆ بەشدار بوون نەك تەنها لە پوختکردنەوەی مانادا بەڵکو لە تەفسیرکردنی دەقدا وەك شیعر.

٩- شیعری پەخشان بوژانەوە بۆ شیعر لە پەرتی بوندا دەرەخسێنێ.

١٠- شیعری پەخشان توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ رامکردنی شتە شاراوەکانی نوێگەری و نییەتەکانی پاش نوێگەری.

* * *

کارل پۆپەر لەوانەی ئەم سەدەیەدا

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٧ بەئینگلیزی چاپ کراوە، هەر لەهەمان ساڵدا کراوە بەفارسی و لە ئێران چاپکراوە، عەلی پایا کە وەرگێڕی کتێبەکەیە پێشەکییەکی درێژی بۆ نووسیوە و بەوردی بۆچوونەکانی کارل پۆپەری شیکردۆتەوە. کتێبەکە بریتییە لە دوو چاوپێکەوتنی جیانکار لو بوزتی لەگەڵ کارل پوپەرا، هەروەها دوو وتاری پۆپەری تیایە دەربارەی ئازادی و حکومەتی دیموکراتی.

پۆپەر رای وایە کە مەردانی دەوڵەت نابێت بەدوای دۆزینەوەو دروستکردنی کۆمەڵگای یوتوپیا بگەڕێن بەڵکو دەبێ بزانن رێنیشاندان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لە رووداو گۆڕانکاری بەردەوامدا خۆی دەبینێتەوە هەر رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤێت دەکات بەنموونە.. ئەو رژێمەی کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا خەمی پێکهێنانی یەك کۆمەڵگای ئایدەیالی نمونەیی دەخواردو لە کۆتایی ئەم سەدەیە خۆیدا گۆڕانکارییەکانی دەرەوە ئیعتیباری نەهێشت. لەم کتێبەدا بۆچوونەکانی خۆی روندەکاتەوەو جەخت لەسەر پێداویستی ئەخلاقی دەوڵەت دەکات، بەتایبەتی بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕو داکۆکی کردن لە مافی منداڵو بێنەواکان و چاودێری کردنی تەلەفزیۆن و نەهێشتنی فیلمی ترسناك و خراپو بڵاوکردنەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە ئازادی هاونیشتمانی و ڕێز گرتن لە مافی کەسانی دی.

پۆپەر کە لە ساڵی ١٩٠٢دا لەدایك بووەو لە ١٩٩٤دا کۆچی دوایی کردووە رووداوە سیاسیەکانی ئەم سەدەیەی بینیوە لە ١٧ ساڵیا خەریکی کار کردن بووە لە (سەرمایەی) مارکسدا، تەمەنی شازدە ساڵ بووە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپا بووەو چەند ساڵێك پاش شکستی سۆڤێت مردووە. لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دوو یاداشتی پۆپەر دەخوێنینەوە، لێرەدا هەندێك لە یاداشتی دووەمیان دەکەین بەکوردی:

یاداشت دەربارەی مارکسیزم، ١٩٩٢:

ناشیری کتێبەکانم داوای ئەوەی لێکردوم بۆ لە چاپدانەوی ئەم کتێبە یاداشتی دووەم بنوسم، چونکە یاداشتی یەکەم هی شەش ساڵ پێش ئێستایە، زاهیرەن دەمەوێ زیاد لە ئەندازە بژیم.

لە راستیدا وایشە: نزیکترین دوستانو خزمو هاوڕێیانم لە ژیاندا نەماون. هەروەها بەشێك لە قوتابیەکانم. بەڵام من هیچ هۆیەکم نییە بۆ شەکوا کردن. من شادمانم بەوەی کە تا ئێستا زیندوومو هێشتا هەر بەردەوامم لە کارکردندا ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت، کارو بەرهەمەکانم لەهەموو وەختەکانی تر زیاتر گرنگییان پەیدا کردووە، بەڵام نابێت دەربارەی خۆم هیچ بڵێم: لەماوەی چەند ساڵی رابووردوودا شتی زۆر گرنگ روی داوە بەبێ سەرهەڵدانی هیچ کارەساتێکی جەرگبڕ. ئەم رووداوە لەگەڵ ڕێگا خۆشکردنا بوو بۆ کۆتایی هێنان بەجەنگێ کە خەریك بوو شارستانی ئەوروپا لەناو ببات. ئەمانە زنجیرەیەك رووداوی مێژوویین بەدرێژایی ژیانی من

رویـان داوەو مایـەی ئومێـدن. کۆمۆنـیزمی شـورەوی کۆتـایی هـاتووە، لەگـەڵیا مەترسـی گـەورەترین جـەنگی ئـەتۆمی هەڕەشەی لە مرۆڤایەتی دەکرد نەما. ئیتر ئـەبێت شادمان بین‌و ئومێدمان هەبێت بەوەی کـە ئـەم مەترسیە هیچ کـاتێکی تـر لـە قاڵبێکی تازەدا نەگەڕێتەوە:

توانـای زۆر هەیـە. وەختـی ئەوەیە هـەنگاو بـۆ نەهێشـتنی چـەک‌و خـۆ پرچـەکردنی گشـتی بنێـین. رووبەڕووبوونـەوەو بەربەرەکانی چەپ‌و راسـت –کـە بەشێکە لـە میراتی مارکسیزم– نەهێڵین.

وەرن لـە سـازش‌و سـوڵحا بژین‌و لـەزەت لـە ئەرکـەکانمان ببینین.

۱۹۹۲


* * *

ئەتیل عەدنان

لەنێوان ڕەنگ وشەدا

مـانگی رابـوردوو خانـەی هونـەری دەزگـای شـومان کـۆڕو پیشانگایەکی تایبەتی بۆ شاعیرو هونەرمـەند ئـەتیل عـەدنان سازکرد.

ئـەتیل ئافرەتێکـە بەفەرەنسـی‌و ئینگلـیزی دەنوسێت، تەمـەنی (۷۳) ساڵە



فەلسەفەو فەلسەفەی هونەری لـە زانکـۆی سـوربون‌و بـیرکلی‌و هارفارد خوێندووە. تائێستا ۲٤ پیشـانگای تایبـەتی کردۆتـەوە یەکەمیان ساڵی ۱۹٦٤ بـوو لـە مەڵبـەندی میندوسـینۆ لـە کالیفۆرنیا.

لـەدوا پیشـانگایدا – واتـە ئەمەی خانەی هونەر دەرگای بـۆ شیعرو نیگارکاری خستۆتە سـەر پشت، وێنـەی چـەند نەخشـێکی رۆحی کردبوو، کـە تیایدا پیت‌و ڕەنگ تێکـاڵو دەبـن وەک ئـەوەی هەردوکیان باڵی یەک باڵندە بن.

لـە تابلۆکانیـا بەشـێوەیەکی سـەرنج راکێـش رۆحـی منداڵـی دەردەکـەوێت، لـێرەدا دەڵێـین ئـەتیل عـەدان لـە چوار چێـوەی تـەنیایی خۆیـدا دادەنیشـێ‌و بەوێنە رابووردوو دەگێڕێتەوە.

دیسـانەوە تێبینـی حاڵـەتی (بیرکردن) دەکرێت بـیرکردنێکی چاک بـۆ خاڵێک لـەوێ، ئەمـەیش شتێکی نامۆ نییە بۆ ئەم چونکـە سـاڵانێکی دوورو درێـژ دور لـە وڵاتەکـەی، (زێـدی رۆحـی خـۆی) ژیاوە.

لەلایەکی ترەوە تابلۆی ئەتیل عەدنان دەڵێـی چـەند موروییـەکی سیحراوی ڕەنگاو ڕەنگـەو رۆحـی لـە خنکـاندن دەپـارێزێت‌و دوری دەخاتـەوە لـە ریتمـی ئـامێری رۆژئـاوایی. هـەر لـێرەوە لەبەرهەمـەکانی ئـەتیلا، بینـەر هەست بەهێزی ڕەنگو ساکاریی رۆژهەڵات دەکات.

ئەم پیشـانگایەی بریتییـە لـە سیازدە تـابلۆ تیایـاندا وێنـەی چەند شیعرێکی خـۆی‌و مـەحمود دەرویـش‌و بڵنـدی حـەیدەری‌و تاهیر بـن جلون‌و نـوری جـەراح‌و نـەزیر العەزمـەو مـەی ڕەیحـانی‌و مەی موزەفەرو الفقه الادلیی‌و ئان مـاری بیـاک‌و لـین هیجینیـانی کێشـاوە واتـە خـۆی داوە لـە تاقیکردنەوەی گۆڕینی شـیعر بـۆ هونەری شێوەکاری.

هەفتەیـەک پێـش ئـەم پێشانگابیە هەر لـە هـەمان خانەدا چەند شـیعرێکی بـە ئینگلیزی خوێندەوە، مـەی موزەفـەریش چـەند شـیعرێکی لـە دیوانـەکانی ئـەتیل هـەڵبژارد بـو، کردبوونی بەعەرەبی‌و هـەر لـەو کـۆڕەدا خوێندنێـوە، شاعیرو رۆمانووس ئیبراهیم نەسـروالله کۆڕەکـەی بەڕێوە دەبرد.

لە سەرەتای کۆڕەکـەدا ئـەتیل عـەدنان وتـی:

عەرەبیەکی ساکار دەزانم، دایکم یۆنانییە، لە کالیفۆرنیا دەژیم‌و ناتوانم بەعەرەبی بنوسم، بەمە نیگەرانم، بەڵام باوەڕتان بێت دڵم بەعەرەبی قسە دەکات. ئیبراهیم نصر اللە وتی: شیعری (رۆژی قیامەتی) ئەتیل لە ١٥٠٠ دێڕ پێکهاتووە. شاعیری عێراقی (می مظفر)یش وتی: ئێمە لەبەردەم شاعیرو رۆمانتوس‌و وێنەکێشێکی گەورەداین وەک ئاوێکی پاک وایە هیچ شتێک لیخنی ناکات، غەریبێتی زمان‌و شوێن‌و رێی چەشتووە، بەڵام لەناو جەرگەی رۆژئاوایشدا نوێنەرایەتی رۆژهەڵات دەکات.

دەریا دان بەخواگرتنێکی
پڕە لە
شکۆمەندی
خۆر بەئاوەوە گرێ دراوە
ئاسمانیش نەفرەتێکە لەناو
شەپۆلا.

—بەدەستکاریەوە—

* * *

ئەژدیهای موکری

لە ئەژدیهادا واقیعی‌و خەیاڵی (الواقعی والمتخیل)، سەردی‌و تەسجیلی، و هونەری وەسف تێکڵاو دەبن، موتەخەیلەکەیش زۆر جار بەزمانێکی واقیعی دەردەبڕێت. زمانی خەیاڵی‌و، سیاسی لەیەک دەئاڵێن بۆ پێکهێنانی شێوازێک نەک بۆ خولقاندنی جیهانێکی جیا جیا.

بونیادی هاومالّی ئەژدیها (بنیە التجاور) واتە هاومالّێتی روبەری واقیعی لە پاڵ خەیاڵیدا، بەهەردو، کەش‌و فەزایەکی جنسیمان بۆ دروست دەکەن، رەنگە دەلالەتی روونی ئەم فەزا جنسیە‌و سەراحەت‌و راستگۆیی پاڵەوانە شەقیەکانی بۆ رامالّینی رووی ناڕاست، و هەڵەی شاراوەی قۆناغ‌و جیهانە سیاسیەکەمان بێت، چەند ئەم پاڵەوانانە راستگۆیانە ناخی خۆیان دەخەنە سەر لەپی دەستیان دە ئەوەندە لێپرسراوان پەردەی ئەستوور بەسەر ناخیاندا دەدەن، واتە بەرەڵڵاکردنی شەهوەت‌و ئارەزووی سەرکوتکراوی ئەم پاڵەوانە راستگۆیانەی ناو شۆڕ تەنها لە پێنای رزگارکردنی سەرکوتکراو (المکبوت)دا نیەو بەس، بەڵکو دەلالەتی دژێک هەڵدەگرێت، دژێکی حەرامی رزگارکراو بەرامبەر بەناخێکی جەمعی پیرۆز کە پڕە لە هەڵەو کەوتن، نوێنەرانی شۆڕشی پیرۆز پەردە لەسەر لادانی بەحەرام دەژمێرن. بەڕستەیەکی روونتر دەڵێین زمانی کەسەکانی ئەژدیها ئیستیعاری نیە لەهەمان کاتیشدا هەر بۆ دەربڕینی ئارەزووە سەرکوتکاروەکانی دەرونیش نیەو بەس، وەکو وتمان هەواڵەی چەند دەلالەتێکی ترمان دەکات.

هەندێک لە وشتانەی کە ئەژدیها جیا دەکاتەوە لەزوربەی چیرۆک‌و رۆمانی ترمان ئەوەیە کە کەسەکانی بەئاشکرا مومارەسەی جنس دەکەن‌و بەئاشکرا ئارەزووەکانیان دەخەنەڕوو.

لە چیرۆک‌و رۆمانی کورددیدا کە دێینە سەر مەسەلەی جنس دەبینین: دیمەنە هونەرییەکان تەنها لەسەر جۆری پەیوەندی‌و بەیەک گەیشتنی رەسمی‌و ئاگری فیراق‌و ژن هێنانی ئاسایی باوی کۆمەڵایەتیا دەچەقن‌و لێی دەرناچن واتە کەم جار رێدەکەوێت نووسەر دیدی خۆی بۆ ئەم بابەتە هەبێت بەڵکو لە گۆشە نیگای داب‌و نەرێتی کۆمەڵەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە گرنگەدا دەکات.

محمد موکری کامیرای رۆمان دەگەیەنێتە سەر جێگای نوستن. وشەو رستەو شێوازی زمان دەکات بەزمانی ساتی تێکەڵ بوونی ئاشکرای نێرو مێ‌و تێربوونی لەش نەک قەناعەتی دڵو ویژدان. لە ئەژدیهادا کەسەکان نهێنیە جنسیەکانی خۆیان دەگێڕنەوە بۆیە دەکرێت لەلایەکییوە بڵێین ئەژدیها بریتیە لە کۆمەڵێک دیانپیانانی جنسی ناو بزووتنەوەیەکی سیاسی. ئەوەندەی زمان‌و تەکنیکەکە بەلایەنی زاتی کەسەکانەوە ئاووس‌و قورس دەبێت ئەوەندە

گـــوێ بەهمومـــە کۆمەڵیـــەکان نـــادات، شـــتە زاتیـــەکانیش جمووجووڵی جنسـی سـەرەتای رۆمانەکە دەچنـن زاتـەکان دەبـن بە بنکـەی دەرپـەڕینو شـێوازی دینامیکیـەتو باسـکردن لـــە کۆمـەڵو شـتە کۆمەڵیـەکان بۆیـە زۆربـەی زۆری تـەکنیکی جـۆری سـەردەکەیش زاتیـە، سروشـتی کەسەکان وایکردووە گێڕانەوەکـە بەشی زۆری گێڕانەوەی مەوزوعی نەبێت. ئەدەبی ئێمە بەکۆمەڵەوە خۆی خـەریك کـردووە، ستایشـی لایەنی کۆمـەڵی کـردووە، لـەرێو رەسمی کۆمەڵایـەتی لای نـەداوە بـەڵکو کـاری بـۆ چەسـپاندنی کردووە. لە ئەدەبی ئێمەدا دیدی کۆمەڵ لەسەرەوە بووە نەك تاك، لای ئێمـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی واقیعیـــەتی ئیشـــتراکیدا بانگێشـەمان بـــۆ چەسـپاندنی پاڵەوانی ئیجابی کـردووە: واتـە پاڵـــەوان دەبێـت دەرپـــەڕێت، مـــاندوو بـــوونو نووشســـتی نەزانێت. دەبێـت هـەموو کـات سـەرکەوتوو بێـت، پـاك بێـت، ئاشنای کەوتن نەبێت. راستگۆیی ئەو لەوەدا بووە کە لە ئـارەزووە کۆمەڵیەکان لانەدات. لە چـیرۆکی ئێمـــەدا کـــاتێك بەهونـــەر شۆڕشـەکانمان دەخوێنینـــەوە شەرم دەکەین دەست بۆ هـەندێك لایەنی زاتی پاڵەوانـەکانمان درێـژ بکـەین، وەکـو فریشـتە وێنـەی شۆڕشـگێڕ دەکێشـین نـەك وەك ئینسان. ئەم حاڵەتە لە ئەژدیهادا بەدی ناکرێت. کەسەکانی ئەژدیها پاڵەونی ئیجابی نیـین، بەئاشکرا باسـی کـــەوتنو جموجووڵـــی راستەقینەی خۆیـان دەکـەن، لـە بێزاری خۆیـان دەدوێـــن، لـــەناو جەرگەی شۆڕشدا جۆرە کـارێکی جنسیان دەگێڕنـەوە لـە نـەزەری خۆیاندا مافی رەوایەو لە نەزەری کۆمەڵیشـــدا بـــێ ئـــابڕوییو شەرمەزاریە.


بەسـەرهاتی پـورە ئەسمـــەرو کەسانێکی دی ئەژدیها موغامەرە جنسـیەکانی زۆر بـاو پیرەژنـــە کڵۆڵەکەی هاوڕێیم دێنێتەوە یـاد، قادر ئەفەندی مسـتەفا سـەعیدی (موسـم الهجـــرة الی الشـــمال)ی (الطیب صـالح)م وەبیرا دێنێـت، ئەمـە لەگـەڵ جیاوازیـەکی زۆری نێـوان ئـەژدهاو زۆربـاو رۆمـانی (موسم الهجرە)دا.

حەز دەکەم لـە وتارێکداو لـە دەرفـــەتێکی تـــرا لەســـەر بەکارهێنانو هـەڵبژاردنی رانـاوو جـۆری تـاك دەنگـی ئـەژدیهاو گرفتی دەسەڵاتی نووسەر بەسەر کەسەکانا بدوێم.

ئـەم کتێبـەی موکـــری لـــە بڵاوکراوەکـانی بنکـەی ئـەدەبیی گـــەلاوێژە، بـــەدوایدا نووســـەر رۆمـانی هـەرەسو تۆڵـەی لـــە چاپداوەتـــەوە، بـــەهیواین لـــە ژمارەی داهاتوودا ئم دوو رۆمانـە بخەینەڕوو.

* * *

مەرگی تاقانەی دووەم



دەستنووسـی ئـەم رۆمانـەی بـەختیار عـەلیم لـە کۆتـایی هەشـتاکندا خوێندۆتـەوە، لـە سـاڵی ١٩٩٧دا بـــەچاپکراوی بەخوێنەری کورد گەیشت رۆمانی مەرگی تاقانـە لـە بڵاوکراوەکـانی نێوەنـــدی رەهـــەندە بـــۆ لێکۆڵینەوەی کوردی.

(بـــۆ یەکـــەمجار دوای دوو سەدە لەوەی ئەمیر شـەرەفەدین لـەناو گێژەنێکـی چـڕ لـە گـەڵای زەرددا بەدەسـتی پیـــاوانی سـوڵتان کـــوژراو فاڵچیـــەکان گوتیـان خـودا هەڵیکێشـاوەتەوە بۆ ئاسمان).

ئەمە سەرەتای رۆمانەکەی بەختیارە، واتا رۆمانەکە بەم دوو سێ رستەیە دەستپێدەکات (استهلال) دەستپێکردنی سەرکەوتووی دەق ناوەڕاست و کۆتایی سەرکەوتوو بەرهەمدێنێت، چونکە دەستپێکردن دەقولکەیەکی (نصیص) بۆ خۆی، بەواتایەکی تر ناوکی بونیادی دەقە.

رۆمانی مەرگی تاقانەی رونکردنەوەو چارەنووسی ئەو سێ چوار رستەیەی سەرەتا، واتا لە دوای ئەمانەوە رۆمانتووس دەمانبات بۆ دۆزینەوەی چارەنووسێکی رەش، سەرتاسەری دەقەکە تەرخانە بۆ گەڕان و باسکردنی کوشتنی ئەشرەف و دۆزینەوەی دەزووی پەیوەندی ئەم کارەساتە بەبکوژانەوە، رستە پاش رستە، گێڕانەوە دوای گێڕانەوە پەردۆشیمان لادروست دەکات بۆ رونکردنەوەی چۆنێتی کارە رەشە ئەنجامدراوەکە. بەردەوامییەکی هونەری (تواصل فنی) بەدی دەکرێت لە رۆڵی قسەکەرو گوێگرتنی داپێرەدا، لەم بەردەوامبوونەدا هەست بەتوانایەکی چاک دەکەین بۆ رێک و پێک کردنی بونیادی هونەری رۆمانەکە بەبێ ئەوەی بۆشاییەك یاهیچ جۆرە بڕین و راوەستانێك ببینرێت.

هێزی ئەم رۆمانە خۆی لە فەزای تەماوی و چنینی رێک و سیحری زماندا دەبینێتەوە، سەرچاوەی دەرەکی دەقەکەو دەلالەتە بەرهەمهێنراوەکانی پاش دەقەکەیش زۆر روون و ئاشکران. لە دەیەها رۆمان و چیرۆکدا چاوت بەبونیادی کوشتن و چۆنێتی گەڕان بەدوای بکوژا دەکەوێت بەڵام ئەوەی هێزی هونەری بەم رۆمانە دەبەخشێت دەسەلاتی زمان و سروتی سیحر ئامێزە کە جەستەی رۆمانەکەیان داپۆشیوە.

* * *

نوسین و بەرپرسیاری



بەرهەمێکی بەپێزی بۆ ڕێبوار سیوەیلییە سالّی ١٩٩٧ لە دەرەوەی کوردستان چاپکراوە.

ڕێبوار سیوەیلی یەکێکە لەو نوسەرە کوردانەی کە چوونە ئەوروپاو لە نووسین نەکەوتن، ڕێبوار بەماندووبوون و کۆشش و شەونخونی پەڕەی چاکی بەنووسین و ئاستی ڕۆشنبیری خۆی داوە. دیارە کەمن ئەوانەی ئەمڕۆ لەوێ خەمی کتێب و سەنعاتی کتێبیان هەبێت.

بابەتەکانی کتێبەکە ئەمانەن: بەرپرسیاری لە ئاست ئەویتردا، ئیمانوێل لیڤیناس و چەمکی ئەویتر، هابرماس و بارو دۆخی گفتوگۆی ئایدیال، بەرپرسیاری لەئاست زماندا، سۆفیستەکان و زمان، چۆن زمان بەرپرسیارمان دەکات، تاراوگەو نوسین، دوو دژە گوتار، تاراوگەو ڕیوایەت، پۆڵ ریکۆرو پیتر کەمپ، بەشی چوارەمی کتێبەکە بۆ دوان لە پرۆژەی ڕۆشنبیرانی کورد تەرخان کراوە، ڕێبوار لەسەر گروپە ڕۆشنبیرییەکان دەوەستێت و بەوردی باسی ڕۆشنبیرە ئەکادیمیەکان و ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان دەکات، لە خیلالی ئەم پۆڵێنە باوەوە، کە زۆر لە روناکبیرانی جیهانیش کردوویانە بۆ ڕۆشنبیر، دێتە سەر ڕۆشنبیرانی کوردو تیشك دەخاتە سەر هەڵس و کەوتی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئەمڕۆ لە دەزگا حیزبییەکاندا کار دەکەن یانەوانەی سەربەخۆن، پاشان باسی ڕۆشنبیرانی هەندەران دەکات.

دوابەشی کتێبەکە چەند بابەتێکی وەرگێڕاوەو پاڵپشتێکی چاکە بۆ بابەتەکانی تر. یەکێك لەو بابەتە وەرگێڕاوانە (سەرهەڵدانی ڕۆشنبیران)ە کە تیایدا گرامشی ڕۆشنبیران پۆلێن دەکات سارتەریش لەسەر ڕۆکی ڕۆشنبیر دەدوێ.

کیشوەرێك لە خەون



کیشوەرێك لە خەون کۆمەڵە شیعرێکی هیوا قادرە ساڵی ١٩٩٨ نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی دەری کردووە.

بەپێی تێبینی شاعیر خۆی شیعرەکانی ئەم دیوانە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و ئەوروپا بڵاوکراونەتەوە، شیعرەکانی هیوا دوو تاقیکردنەوەن لەبواری شکڵی درێژو کورتدا.

لە شیعرە کورتەکاندا رەنگدانەوی سەرەتاکانی شیعری نوێی کوردی بەدی دەکرێت بە تایبەتی شێوە چڕکراوە کورتەکان، بەڵام ئەوی ئەمانەی هیوا جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەو لێدانە بەدی ناکرێت کە پاش بەرزبوونەوەو هەناسە بڕکێ خوێنەر پێی دەگات، وەك ئەو (ضربة) هونەرییانەی کە لای شێرکۆو لەتیف هەڵمەتو نەوزاد رەفعەت بەدی دەکرێت. شیعری کورتی هیوا قادر بریتییە لە ئاستێکی دوور لە گرژیو بەرزیو نزمی کە زیاتر شێوازێکەو لە هونەری چیرۆك خوازراوە، لەو ئاستەدا چرکەیەك تێڕامان لە شتە دەرەکیو ناوەکیەکان پێشکەش دەکرێت.

مانگ نینۆکێکە پەڕیو
ئاسمان چایەکی رەشە
ئەستێرەکان کڵۆی شەکر.

* * *

رۆحی جەنگەڵیو پەرستگای هیچ

١٩٩٧

ئەم کتێبەی بۆ شاعیر فاروق رەفیق دوو دیوانی لەخۆ گرتووە ساڵی ١٩٩٣و ساڵی ١٩٩٤ لە چاپی داون، واتە ئەمە چاپی دووەمیانە کە لە شێوەو بەرگێکی جوانا دەزگای رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی دەری کردووە، تابلۆی بەرگەکە هی (نەهرۆ شەوقی)یە.

ئەوروپا گوناهێکە گەورە
شەهوەتە، شەهوەت
کوێرێکی دانایە
پەلی جیهانی گرتووە بەرەو نادیار

ئەفریقا
دڵێکە میهرەبان
شاعیرێکی رەش پێست
بۆ نانێك
چامەیەکی بەفرمێسکی نیل نووسراوی خۆی
دەفرۆشێت
ئەفریقا ماری رەشی
ئەو دیو زەریایە
جەنگەڵێکی برسییە

ئاسیا
خەیاڵو خەونە یاراستی
ژیانە یامردن
راپەڕینە یا رازی بون
ئاسۆیە یالافاوی خوێن



لەو چەند رستەیەدا فاروق رەفیق دیمەن پێك دێنێت بەڕستەی وەسفی و ناوو بەدووبارە کردنەوەی ئەو دیمەنانە دەیەوێت ماهیەتی چەند شوێنێکی فراوان پیشان بدات. لەدەقەکەدا وەزیفەی شوێن هێزی بیر دەڕێخات. شاعیر دەربڕینی زۆر لاگرنگە کە رەنگە زۆرمان بۆچوونی جیاوازمان دەربارەی بیر هەبێت لە شیعرا. زمانیش ئەرکی زیاتری لەلای دەبێت بەگەیاندن، زۆر شێوازی رێزمانیش (نحو) لەلای دوبارە دەبنەوە وەك دەست پێکردنی رستە بەناو و ئامادەگی ئامرازی بانگردن (نداء) کە زۆر جار دەزوی بیرەکان بۆ خوێنەر کۆ دەکاتەوە، کاك فاروق لەپاڵ شیعردا بایەخ بەنوسینی فیکری دەدات و ئێستاش ئەندامی دەستەی گۆڤاری رەهەندە.

* * *

تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە

تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە هەڵبژاردەیەکە لە شیعری فارسی هاوچەرخ کاك مستەفا قەرەداغی کردوویەتی بەکوردی و ساڵی ١٩٩٤ لە ستۆکهۆڵم چاپکراوە.

هەڵبژاردەکە چەند هۆنراوەیەکی درێژی سوهراب و فروغ و ئەحمەدی شاملۆی لەخۆ گرتووە. لەپاڵ ئەمانەدا کورتەیەك لە ژیان و بەرهەم و رەوتی شاعیرەکان بەدی دەکرێ. ناڵێین ئەم شاعیرە فارسە ناوبراوانە بەتەواوی لای خوێنەری کورد ناسراون.



بەڵام دەڵێین شیعر گەلێکی زۆریان کراون بەکوردی. ئەمانە نوێنەری قۆناغی سەرەتایی و ریادەتی شیعری فارسین، و بەهەوڵی راستەقینەی خۆیان بنەماکانی سەرەتای نوێگەری شیعری فارسیان داڕشتووە. هەوڵی ئەو ناوانە وەك هەوڵی بەدر شاکر سیاب و نازك الملائکە و عبدالوهاب بەیاتی عێراقن. دوای ئەوان چەندەها قەڵەم و نەوەی تر هاتوون و بەخامە شیعریەکانیان و بەجۆرێکی دی خشتیان خستۆتە سەر هەوڵە سەرەتاییەکانی شیعری عەرەبی. لێرەدا دەڵێین پێویستە لەسەر وەرگێڕی کورد لەمەودوا قۆناغی پاش پێشەوایەتی و پێشڕەوایەتی نوێگەری فارسی بەخوێنەری کورد بناسێنێت.

دەیەها ناوو دەنگی پاش ئەوان هەنو خوێنەری کورد نایان ناسن، شیعری فارسی هەر فروغ و نیماو شاملو نییە، چیرۆکیشیان هەر صادق هیدایەت و سادق چوپك و بزرگی عەلەوی نییە. ئەو چیرۆك و رەوتە شیعرییەی کە ئەم ناوانە نوێنەرایەتی دەکەن بەخەستی دەق دەبەستنەوە بەمەرجەعیەتی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەق، رەنگە ئەوانەی دوربن لە سەرچاوەی دەرەکی دەقەوە لای زۆربەی وەرگێڕەکان نەناسراوبن کەسێکی وەك یداللە رویایی نوێنەری شکلانیەتی نوێگەری فارسییە، یەکێکی هەوڵی سەرەکی لای یەکێکی وەك ئەحمەد رەزا ئەحمەدی رۆشنکردنەوەی فەزای خەوالوو سریالییە.

* * *

خۆشەویستی لەنێوان دڵ و دەماغدا

خۆشەویستی لەنێوان دڵو دەماغدا چوارەم بەرهەمی مامۆستا سابیر بەکر مستەفایە، سالّی ١٩٩٨ لە سلێمانی لە چاپدراوە. بەرهەمەکە لەبنەڕەتدا کتێبێکی مامۆستای نەمر نوری جەعفەرە کاك سابیر وەك هەڵبژاردەیەکی نایاب لە عەرەبیەوە کردوویەتی بەکوردی، خۆشەویستی پەیوەستە بەدڵەوە یابەدەماغەوە. بەرهەمی کامیانە، لەکامیانەوە سەرچاوە وەرئەگرێت؟

دیارە هەر لەکۆنەوە خەڵك وای بۆچووە کە خۆشەویستی پەیوەندی سەرەکی بەدڵەوە هەیە.

د. نوری جەعفەر بەشێوەیەکی زانستی قەناعەتە نازانستیانەکان هەڵدەوەشێنێتو لە روانگەیەکی تردەوە بۆ سەرچاوەی خۆشەویستی دەچێت. لە بەرهەمەکانی تری مامۆستا سابیر ناوی: سایکۆلۆژیای خەوتنو خەوبینینو خەواندنی موگناتیسیو هیپنۆتیزم دەهێنین.

* * *

ئەم نغرۆ بوونی تەمەنە بەکوێ دەگا

ئەم نغرۆبوونی تەمەنە.. سێیەم دیوانی برای شاعیر سەلام سەعید مەولودە. لەچاپکراوەکانی سالّی ١٩٩٧ی چاپەمەنی زامایە.

شاعیر دیوانەکەی پێشکەش بەمێژووی دوای شەڕو پیاسە بێدەنگەکانی ئێوارانی ناو شارو چاوی ماتی کردووە، شیعرەکانیش بۆ خۆیان باس لە نغرۆ بوونو شکستو توانەوە دەکەن. سەلام سەعید لە دایکبووی سالّی ١٩٥٦و دەرچووی ئامادەیی کشتوکالّە.



دوو بەرهەمی چاپکراوی تری هەیە، بەناوی: دیدەنی مەرگ ب١ ١٩٨٦ (چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، دیدەنی مەرگ ب٢ ١٩٩٤.

* * *

بەناوی (ژیانەوە)

بەناوی ژیانەوە چوارەم کتێبی پرۆژەی چاپەمەنی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژەو سالّی ١٩٩٨ لە سلێمانی چاپکراوە. ئەم کتێبەی ئەریك فرۆم کە کاك ئازاد بەرزنجی کردوویەتی بەکوردی ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: خۆشگوزەرانیو بێزاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بنەماکانی شەڕەنگێزی، خەون: زمانی گشتیو هاوبەشی ئادەمیزاد، سایکۆلۆژیای پێشینو نوێ، بەناوی (ژیانەوە) گفتوگۆیەك لەگەڵ (فرۆم)دا، پەیوەندی (کتێبی پێغەمبەران) بەباری هەنووکەیی ئێمەوە، مرۆڤ کێیە؟. کاك ڕێبین ئەحمەد هەردی پێشەکی بۆ کتێبەکە نوسیوە.

* * *

بەرگو هێلکاری :

اسماعیل خەیات

کۆمپیوتەری بنکەی گەلاوێژ

جلیل حسین

ئۆفسێت:

چاپخانەی داناز

پەیوەندیکردن لەهەندەرانەوە بەم ژمارەی فاکسە دەبێ:

سلێمانی - نوسینگەی ئاسیا -

گۆڤاری گەلاوێژی نوێ

FAX: 00873 683 025930

00871 761 314196

نرخ

- بۆ ناو ولاّت: (١٥) پانزە دینار
- بۆ هەندەران: (٧) حەوت دۆلار

ئەدرەس

سلێمانی - بەرامبەر ساحەی ترایەکە

بارەگای بنکەی ئەدەبیی و

ڕووناکبیری گەلاوێژ